
KURDISTAN


پێشەوا قازی
قاسملوو
شەرەفکەندی
ئەحمەد توفیق
سەدیق ئەنجیری
فەتاحی
شەریفزادە
ئاوارە
یۆسفی
نەحۆ
سەرگورد عەبباسی
موعینی
قادر ویردی
دەباغی
سەرگورد عەلیار
فەروخییان
کاک هەژار
بەهرامی
ڕەزایی
عەبدولی
ورمێ
کاسفپوور
قادری ئازەر
سنە
شاپور فیروزی
سەلام عەزیزی
عوسمان ڕەحیمی
کرماشان
نەسرین حەدداد
ناسری
هەمزەیی
برایم زیوەیی
لۆرستان
سەید ڕەسووڵ
باباخانی
کەریم سەقزی
ئەردەڵان
ئیلام
فیروزی
نەبی قادری
چەکۆ
کوێستانی
عەتیقی
ڕەحمان پیرۆتی
سوهەیلا قادری
هاشم عەزیزی
حەسەنپوور
هێمن
حەدداد
حەق تەڵەب
حەسەنپوور
کاروانێک لە ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکڕات

## پێڕست:

* گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا ............................... شەهید دوکتور قاسملوو .......... ٦
* دیمەنە بە شکۆکانی کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان ...................................... قادر وریا ............ ٨

---

## ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی دامەزرانی حیزب تا ئێستا

لاپەڕەی.......... ١٥

١- پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان...
٢- محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم...
٣- سەدیق ئەنجیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەم...
٤- دڵشاد ڕەسوولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم...
٥- مەلارەحیم ویردی ناسراو بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەم...
٦- سمائل شەریف زادە ئەندامی ڕێبەری...
٧- سولەیمان موعینی ئەندامی ڕێبەری...
٨- باپیرشکاک(نحۆ) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرەی دووهەم...
٩- عەولا موعینی ئەندامانی کۆمیتەی چاودێریی بەرز کۆنگرەی دووهەم...
١٠- مەلا ئاوارە (ئەحمەد شەڵماشی) ئەندامی ڕێبەری...
١١- ئەحمەد توفیق(عەبدوڵلا ئیسحاقی) کەسایەتی یەکەمی کۆنگرەی دووهەم...
١٢- قادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی سێهەم...
١٣- تیرۆری سەرگورد عەبباسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حدکا...

١٤- سەروان ئەحمەد جاویدفەر ناسراو بە: کاک هەژار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا...

١٥- عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حدکا...

١٦- سەدیق فەرۆخیان ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حدکا...

١٧- سەرگورد کەریم عەلییار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حدکا...

١٨- لەسێدارە دانی شەهید تەها حەق تەڵەب ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حدکا...

١٩- لەسێدارە دانی بەندی سیاسی شەهید کەماڵ دەباغی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا...

٢٠- عەبدولحەکیم رەزایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمی حدکا...

٢١- تیرۆری سەید رەسووڵی بابی گەورە (سەید رەسووڵ دێهقان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا...

٢٢- سەدیق فیروزی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی هەشتەمی حدکا...

٢٣- تیرۆری دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حدکا...

٢٤- تیرۆری عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرە حەوتەمی حدکا...

٢٥- لەسێدارە دانی رەشاد حوسێنی ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەمی(رێبەرایەتی شۆڕشگێر)...

٢٦- تیرۆری عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەمی(رێبەرایەتی شۆڕشگێر)...

٢٧- تیرۆری شاپوور فیرۆزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی(رێبەرایەتی شۆڕشگێر)...

٢٨- تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکندی سکرتێری گشتیی حدکا...

٢٩- تیرۆری فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی حدکا...

٣٠- تیرۆری هومایوونی ئەردەلان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حدکا...

٣١- تیرۆری غەفوور هەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە نۆهەمی حدکا...

٣٢- تیرۆری سەعدون عەباسی: ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمی حدکا

٣٣- عەبدوڵڵا شەریفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهە گۆنگرە دەیەم حدکا ...

٣٤- تیرۆری مەنسوور فەتاحی ناسراو بە ڕەشە هەورامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەمی حدکا...

٣٥- تیرۆری سەید مەنسور ناسری جێگری کومیتەی ناوەندی لەکۆنگرەی دەیەمی حدکا...

٣٦- داود جەوانمەرد ناسراو بە "کاوە" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی پازدەی حدکا

٣٧- برایم برایمی ناسراو بە برایم زێوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدەی حدک...

٣٨- نەسرین حەدداد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدەی حدک...

٣٩- کەریم مەهدەوی ناسراو بە کەریم سەقزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدەی حدک...

٤٠- ڕەحمان پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدەی حدک...

٤١- سوهەیلا قادری ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدەی حدک...

٤٢- هاشم عەزیزی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدەی حدک...

٤٣- محەممەد حەسەن پوور ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەمی حدک...

٤٤- مووسا باباخانی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەڤدەی حدک...

٤٥- عوسمان فەتاحی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەمی(ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر)

٤٦- تیرۆری کردنی ئەبووبەکر هیدایەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم، بەرپرسی کۆمیتەی سویدی حدکا

---

## ماڵئاوایی بەشیک لە ئەندامی ڕێبەری حیزب

## کە هۆی نەخۆشی یان تەمەن درێژی

لاپەڕەی ........................................ ١٦٩

١- عەزیزی یوسفی؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەم...

٢- ئەمیر قادری؛ ئەندامــی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆیەم(ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر)......

٣- نەبی قادری؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دەهەم. (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر).....

٤- سەید سەلامی عەزیزی؛ ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی دەهەم حدکا...

٥- عوسمان رەحیمی؛ ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حدک...

٦- مەلاخدر دۆڵەگەرمی(خدرعومەرزادە)؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دەهەم(ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر)......

٧- جەعفەر زەمانی؛ ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چاردەهەم حدک...

٨- تەها عەتیقی؛ ئەندامی پێشووی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم حدکا...

٩- محەممەد ئەمین مۆعینی؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم...

١٠- عەبدولڕەحمان ڕەحیمی؛ ناسراو بە چەکۆ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١٥ی حدکا...

١١- حەمەرەسووڵ حەسەنپوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە سێهەم حدکا...

١٢- سەید ڕەزای دروودگەر؛ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەم حدکا ...

١٣- فەتاح کاویان؛ ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حدک...



سەرچاوە
Serchawe

١٤- عەبدولڕەزا کەریمی؛ ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حدکا...
١٥- سەعید کویستانی؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا...
١٦- کەریم حەدداد؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگری سێهەمی حدکا...
١٧- جەلیل گادانی؛ ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان حدک...
١٨- تەیفوور بەتحایی؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا...
١٩- لوقمان مێهفەر؛ ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی حدکا...
٢٠- عەبدوڵڵا عیزەتپوور؛ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمی حدکا...
٢١- کۆچی دوایی ڕەحیم بەغدادی ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حدکا
٢٢- کۆچی دوایی عەزیز لەحیمی ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا

---

## کۆچی دوایی ئەندامانی پیشووی حیزب

## هەریەک بە هۆیەک حیزبیان جێی هێشتبوو، یان دوور خراونەتەوە

لاپەڕەی ............................................... ٢٣١

١- عەبدولڕەحمان زەبیحی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە یەکەم...
٢- مامۆستا هێمن ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم...
٣- ڕەحیم سەیفی قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم...
٤- کەریم حیسامی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات...
٥- سەنار مامەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم...
٦- حەمەدەمین سیراجی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەم...
٧- غەنی بلوریان ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی چوارەمی حیزب...

* بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان ............................................ مستەفا شڵماشی .............. ٢٥٩



سەرچاوە Serchawe

## وتەکانی دوکتور قاسملوو، لە سەر شەهیدان




گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. هیچ میللەتێک بە بێ زەحمەت و تێکۆشان، بە بێ بەختکردنی رۆڵە بە نرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتوە.

گەلی کوردیش و حیزبی ئێمەش کە پێشڕەوی خەباتی گەلی کوردە لەمێژە ئەوەی دەزانن کە ئازادی، فیداکاریی دەوێ، خۆبەختکردنی دەوێ. کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتر بێ.

ئێمە لە رۆژی شەهید بوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیاو تەنیا کارێک کە دەتوانین بکەین و لەبەرچاو و لەبەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە رێگای ئەوان بەرنەدەین، وەک ئەوان تا سەر ئەو رێگایە بڕۆین، لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک نەترسێین، لە هیچ سەختی یەک نەکشێینەوە.

خەباتی ئێمە خەباتێکی رەوایە.خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەکانو نەسلەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ. هەروەها ئەگەر نەسلی رابردوو یا نەسلەکانی رابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا رەنگ بێ ئەو نەسلەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو.

بۆیە بیرەوەریی شەهیدەکانمان جارێکی دیکە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیروباوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە

شۆڕشو بە هیوایەکی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین. ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت:

هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکاو هەم میللەتەکەمان رزگار دەکا بۆ ئەوە لە دوارۆژدا شەهیدمان نەبێ.

ئەم وتانە لە رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی پێشمەرگەو ئەندامی لەمێژینەی حیزب کاک خالیدی عەلیپوور دا

(زستانی ١٣٦٧) پێشکەش کراون.



سەرچاوە
Serchawe

## دیمەنە بە شکۆکانی کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان

### (پێشکەشە بە شەهیدانی کوردستان)



**قادر وریا**

"گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتیو کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن. مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستیو ئازادژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەڵام لە مێژووی نوێ دا، کاروانی گیانبەخشینو سەردانان لە ڕێی سەربەستیی کوردستانو سەربەرزیی کورد دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت. هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆماردا، دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی نانەوازادە جێگری وەزیری بەرگریی کۆمار، یەک لەوان بوو. دواتر، کووژانەوەی مۆمی تەمەنی جمهووریی کوردستان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەرانو بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەو بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لە گەڵ دابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی، سێدارەی بێداد بۆ ١٢ شۆرەسواری کۆمارپارێز هەڵخرا. عەلی بەگی شێرزاد(فەرماندەری هێزی بۆکان، لە گەڵ ١١ ئەفسەرو پێشمەرگەی ئیفتیخاریی جمهووریی کوردستان(ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممەد خانی دانیشوەر، محەممەد خانی فەیزووڵلا بەگی، حەسەن خانی فەیزووڵلا بەگی، ئەحمەد خانی شەجیعی، عەلی خانی فاتیح، عەلی ئاغای جەوانمەردی، شێخ سەدیق ئەسعەدیی یازی بلاغی، شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانیو ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبن بە پێشەنگی کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان. دوو حەوتوو دواتر، قازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرکۆماری کوردستان، دەبێتە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمانی قازی محەممەددا، کە لە تاریکو ڕوونی١٠ی خاکەلێوەی١٣٢٦هەتاوی(٣٠ی مارسی١٩٤٧ی زایینی) دەست

پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازیو نوێنەر لە پارلمانی ئێرانو، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەواو وەزیری بەرگریی کۆمار، هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قازی محەممەد بە داکۆکیيە پڕشانازییەکەی لە مافەکانی نەتەوەکەی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆسەر داری بێداد، هەر وەها بە وتە مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانیدا، ناوێکی هەتاهەتایی و ڕێگایەکی بێکۆتایی بۆ خۆی ڕەنگرێژکرد:

"من زیندووم و دوژمن مردوون ئێوە من ئێعدامم کردوون
کەی لە پاش من بێخەم دەبن هەرکوردێک یەکێکە وەک من
مردن لە ڕێگەی نیشتمان سەربەرزییە بۆ گشتمان"(١)

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ هەتاوییەوە، کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان بە سەرقافڵەیی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، ڕێگای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئازادی.

"هەر کاروانێ،
بۆ پڕشنگی خۆر بڕوانێ،
کەم بن یا زۆر،
دەگەنە خۆر." (٢)

-----

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان، قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان، کوژایەوە. بەڵام خەباتو قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دا نەوەستاو ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنیو چوونە بەندیخانەو پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەداو دەستیان بەرنەدایەوە.

-----

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨) لە سەردەمێکدا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا سەپا، کە شای ئێران خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنیو سەقامگیری. بۆ ماوەی

نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووبەڕێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی نیگەرانیی ڕێژیمی شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدانو دڕدانی تاریکی، نرخی بە گڕاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتەو پەرداخەی ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادرو بەڕێوەبەرو پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پڕشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا رەحیم وردی، سلەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاحو کۆمەڵێک ناوی دیکە تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

-----

" ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان، ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ ڕێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایە و ناهێڵێ بمرێ."(٣)

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە مێژساڵە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین ڕۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن، بیری لە ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ناوی "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان" کردووەتەوە. بۆ ئەم ڕۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە ڕۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی فەرمی و سیاسی و نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم ڕۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیوسەدەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە گەڵ ئەم حیزبە دا خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدانو بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدانو وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانو ڕێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

-----

لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بە سەر خەباتوخۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیی گیانیو ماڵیی بۆوە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە ڕەوتی هێرشو پەلاماری هەوایی و زەوینیی ڕێژیمی ئێران دا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوە و ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە

دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەوی‌و ئاسمانەوە و، دانیشتوانیان ئاگرو ئاسنیان بە سەر دا بارا. دانیشتوانی دەیان گوند لە گەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەوڕوو بوون. قارنێ، ئیندرقاش، قەڵاتان،سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ، کەرێزە، گوندەوێڵە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار، خەڵیفەلیان،شێخ مارف، چەقەڵ مستەفاو چەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەساتو قەڵاچۆی گەورەو بچووکی دانیشتوانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترەو سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن.

-----

نزیک بە پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و تێکۆشەروئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

-----

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانە دا گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کوردو کوردستان دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردوون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگری‌و لەشکاننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی‌و کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاک و تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمنداڵ گیانیان لێ ئەستێندراوە.

-----

بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگو فرەلایەنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەیی‌و گشتی‌و سەرانسەرییە، چونکە زۆربەی چین‌و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی زۆرترین شارو ناوچەکانی کوردستان، تێی‌دا بەشدارن. شاری،

لادێیی، هونەرمەند، نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی، خوێندکار، وەرزێر، کرێکار، ئەفسەرو سەربازی نیشتمانپەروەر، بە شانازییەوە لەم خەباتەهدا بەشداربوون. شارو ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ،شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، رەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، کرماشانو ئیلام هەرهەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشانو قوربانیدان کردووەو رۆڵەی خۆیان ڕەگەڵ خستوە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانو پەیرەوانی ئایینو ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردووەو بە هی خۆیان زانیوە. دانیشتوانی ئازەری زمانی کوردستانو ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە هاتوونە ڕیزی تێکۆشەرانیو بە چەندین کەسیان لە ڕیزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

-----

بە سەدان مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەر، لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییو دیموکراتیکی کوردستان دا،گیانیان بەخشیوە وخەبات لە ڕێی نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیان دا، بە تەواوکەری ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زانیوە.

عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان دا، لە گەڵ پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵکوو بە مایەی سەربەرزی و شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، قوربانیان داوە و شەهیدیان هەیە.

قوربانیدان لە ڕێگای ئازادی، لە کوردستان شارو گوندی نەناسیوە. شارەکان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەواییو زەمینیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو دانیشتوانیان شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان بەرەوڕووی هێرشکەران دەوەستانەوەو بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەکانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە ببوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزی پۆشتەو پەرداخی کۆماری ئیسلامی. ئەوان هەر تەنیا پەشتو پەنای هێزی پێشمەرگەو دابینکەری نانو ئاویان نەبوون، بەڵکوو سەرچاوەی دابینکردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. ڕاستە هەر شارێک، هەر گەڕەکێک، هەر گوندێک، پشکێک لە شانازیو بەخشندەیی لە ڕێی ئازادییدا، بەر کەوتوە. بەڵام هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوندو تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێکی زیاتر لە قوربانیدانو خۆبەختکردنیان بەرکەوتوە. بزووتنەوەی کوردستان، قەرزدارو قەدرزانی ئەوشارو ناوچەو گوندو بنەماڵانەیە کە لە پێشبڕکێی تێکۆشانو

قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

-----

ژنانو کچان، هەموو کات بەشێکی جیانەکراوە بوون لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیان. ئەوان هەر بە پشتیوانیی پیاوانی خەباتکار لە شارو گوند نەوەستاون، بۆخۆشیان چوونەتە نیو چەقی مەیدانی بەرەنگاری. لە بەندیخانەکان، لە مەتەریزەکانی چیا، لەڕێکخستنە نهێنییەکانو لە هەموو سەنگەرەکانی تێکۆشاندا، بە پێی تواناو ئیمکان، دیار بوونو لە گیانبەخشین نەسڵەمیونەوە.

-----

لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکراو دوورەوڵاتو لە نیوخۆی شارو گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆر مرۆڤی نیشتمانپەروەرو خەباتکارو، زۆر ئەندامو دۆستی وەفاداری حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کوردستان هەبوون کە تا دواهەناسە بە ڕێگای پڕشانازیی شەهیدان دا ڕۆیشتوون. ئەوانە لە گەڵ ئەوەی بە مەرگی ئاسایی سەریان ناوەتەوە، لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ڕیزی نەمران دانو لە گەڵ شەهیدان دا، بە ڕێزەوە یادیان دەکرێتەوە.

ئەگەر چی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین پشکی لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا هەیە بەڵام گیانبەختکردوانی هەموو هێزە خەباتکارەکانو هەر کەسێک بە هەر بیروباوەڕێک، ژیان و گیانی خۆی لە خەبات لە پێناوی حەقخوازی وداواکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی دا بەخشیوە، وەک بەشێک لەو کاروانە سەیر دەکا ڕێزیان بۆ دادەنێ.

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەرانو بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەلو نیشتمان دا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگ و سەدان کادری بەوەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیدان دا زیاتر لە ٢٥ کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانە دا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزبو هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوەو شەهید کراون.

١٠ خاکە لێوە، هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جیی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان،ڕێبەرانو تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەدو هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیەکە بۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی. ١٠ خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە ڕوو دەکەینە شەهیدەکانمان و پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە رزگاریی کوردستانو نەتەوەی کورد لە داگیرکراوی‌و بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان،لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

پەراوێزەکان:

١- وەرگیراو لە شێعری: "شینی پێشەوا"ی مامۆستا هەژاری موکوریانی، دیوانی "بۆ کوردستان".

٢- ناوی خاوەنی ئەم شێعرە نازانم.

٣- پەخشانی "تاجی ژین"، دارا بیستوون، ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٦٠، ئاوریلی ١٩٩٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦

# شەهیدانی ڕێبەری حیزبی دێموکڕات

## پێشەوا قازی محەممەد: سەرۆک کۆماری کوردستان




قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی، کوڕی میرزا قاسم قازییە. ڕابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتییش، جێگەی ڕێزو تەقدیر بوون.

قازی عەلیی باوکی پێشەوا. لە ١٣٠٩هەتاوی (١٩٣٠ز) لە مەهاباد ڕێکخراوێکی کوردیی بە ناوی "بزووتنەوەی محمد" پێک هێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پێوەندییان هەبوو، تا ساڵی ١٣١٣ هەتاوی (١٩٣٤ز)یش کە فەوتی کردوە لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی، دوو کوڕی هەبووە، یەکیان ئەبولقاسم قازی ناسراو بە سەدری قازی بووە کە یەک دوو دەورە لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری مەجلیسو ئیعتیبارو نفووزێکی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی دەورەکەشی لەسەر ڕاسپاردەی پێشەوا، بۆ ڕاپەراندنی کارە سیاسییەکانو یاریدەدانی خەڵک هەر لە تاران مابۆوە.



سەرچاوە
Serchawe

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە بە فەرهەنگەدا لەدایک بووە, هەر لە سەرەتای لاوی‌یەوە هەستی نیشتمانپەروەریی تێدا بە هێز بووەو زۆری عەلاقە بە خوێندنی علوومی کۆن‌و تازە هەبووەو زۆر زوو لەم بارەیەوە پێگەیشتووەو زۆری هەوڵ داوە زمانی بێگانانیش فێر بێ. جگە لە عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی دەگەڵ زمانی فەرانسەیی‌و ئینگلیسی‌و تا رادەیەکیش رووسی ئاشنایەتیی هەبووە.

قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ ئەهلی فەزل‌و زانایانی زەمان‌و پیاو چاکان‌و کوردانی نیشتمانپەروەرو سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە.

بە دوای فەوتی باوکی‌دا بووە بە قازیی شار. لە بەر ئۆگریی زۆر بە کاری فەرهەنگی‌و بەرەو ژوور بردنی زانیاریی خەڵک، لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١ و دواتریش بۆ یەک دوو ساڵ بەرپرسایەتیی ئیدارەی فەرهەنگو ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتووە خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگیی کردووە لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا, یەکەم مەدرەسەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە.

هەر لەو پێوەندی‌یەش دا دەگەڵ زۆربەی خوێندکاران، رۆشنبیران‌و مامۆستاکان زۆر نزیک بووە.

قازی محەممەد حورمەتی تایبەتیی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژـ ک هەبووە. لە چەند ساڵ دەورەی بێ حکوومەتییش دا واتە ١٩٤١ تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتووە، لە بەڕێوەچوونی کاروبارەکان داو بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشە عەشیرەیی‌یەکاندا نەخشی بەرچاوی هەبووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژـ ک راوێژیان لەگەڵ کردووەو زۆریان خۆش ویستووەو گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ژ ـ ک. زۆر لە گرێوگۆڵی کاری رۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە "مەحکەمەیان" پێگوتوە, کراونەوە.

قازی لە روانگەی نوێنەرانی بیگانەشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو حورمەتی تایبەتیی هەبووە. هەر کەس چۆتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ناوبراو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پێوەندی‌یەدا بووە، کە دەگەڵ هەیئەتێکی گەورە چۆتە باکۆ.

قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی "کۆمەڵەی ژ ـ ک"و ناوی نهێنیی "بینایی" بۆ دانرا، ئومێدێکی زیاتری بە بەرپرسان‌و خەڵک دا. لە ئاکامی دەرکی بە وەختو شەهامەتی سیاسیی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە "ژ -

ک" بوو بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"و وەک حیزبێکی دێموکراتو پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان. قازی لەبەر حورمەتی تایبەتی کە بۆ "ژ - ک"ی هەبوو، ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی دامەزرانی ژ - ک داناو هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاکێشا. حیزب زۆر بە توندی پەلوپۆی هاویشتو تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستانی بە ئازەربایجانەوەی ڕەواندوەو ناچاری کردن کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن. بە دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەدا، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ڕێبەندانی ١٩٤٦ز) دا بە بەشداریی نوێنەری پارچەکانی دیکەی کوردستانو مەلا مستەفای بارزانیو سەرۆک عەشیرەتو نوێنەرانی هەموو چینو توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.

ئەگەر تا ئەودەم جارجار لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا، لە دوای دامەزرانی کۆمارەوە بە شێوەی ڕەسمی عینوانی پێشەوایی پێ بەخشراو ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆڕوکۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە. پێشەوا مرۆڤێکی گەلێک بە فەرهەنگ، دڵساف، خۆش بەیان، ئەدەبو هونەر دۆست، بە ڕاوێژو لە عەینی کات دا سیاسیو دێموکراتێکی نیشتمانپەروەرو گەل خۆشەویست بوو،

لەگەڵ هەموو چینو توێژێک جۆشی دەخواردو لە کاتی پێویست دا لە هەستو هێزیان کەڵکی وەردەگرت.

قازی محەممەد برایەتیو یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئەوکات دا چاپ کراون لەسەر مەسەلەی یەکیەتیو برایەتی دواوەو بە مەرجی سەرکەوتنو کۆڵەکەی ڕاگرتنی کۆمارو هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیدا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد ڕاست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیاند کورد حەز دەکا لە ڕێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگا، بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا.

ئەوەی پێویست بوو زۆر بە ڕاشکاوی بە شاو قەوامی ڕاگەیاندوە, قامکی لەسەر زەعفەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون، ئێوە لە قسەکانی خۆتان دا دوو دڵنو ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشەوا لەلایەن "قوام السلطنە" بۆ تاران دەعوەت دەکرێو لە ڕێکەوتی ٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لە لایەن

ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پارلمانو نوێنەری کوردەکانی تارانو نوێنەری حیزبەکانو یەکیەتیی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازیی لێ دەکرێ.

ڕۆژنامەی "ایران ما" هەر ئەوکات دەنووسێ: "ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانەو ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیروڕای ئەو بەرقەراریی ئازادیو دێموکراسی لە تەواوی ئێران دایەو، مافی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێکی بە سوودی دێموکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویییە کەڵک وەرگرێ."

ئەو لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەمو هیچ کات وەک پیشەوەریو سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەلاڵ بێو هەزاران کەس بە کوشت بچن."

پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیان دا، هەر ئەوەندەش لەو دادگا فەرمایشییانەی بۆ موحاکەمە کردنیان دانرا بوو، لە خۆبردوویی ئازایەتییان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو نارەحەتیی دەروونیو ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهاباددا بۆیان پێک هاتبوو، نە تەنیا بڕوایان بە کوردایەتیو ڕزگاری لاواز نەبوو بەڵکوو زۆر جیددیترو بە وەرەتر ببوون.

ئەوان لە مولاقاتێکی نهێنیدا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕ بوویانە، فەرموویانە: "ئێمەیان فریودا، با نەتەوەی کورد فریو نەخواو خەباتی خۆی بۆ ڕزگاریو سەربەستی درێژە بداو چەک دانەنێ". هەروەها گوتبوویان کە زۆریان زەخت خستووینە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمان وایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.

ئازایەتییان لە دادگاکان دا بە رادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە ڕاستیدا ئەو دادگایە ئەمریکاو ئینگلیسیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی غەریبەی لێ نەبووە، بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.

پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار سەعات قسەی کردووە بە قەولی سەروان

شەریفی کە وەکیلی بووە "ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی موحاکەمە کردووەو لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار".

ڕۆژنامەی "ئازادی" کە لەو سەردەم دا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو, لەمەڕ پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیس لەو موحاکەمەیە نوسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیسو ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد وهاوڕێکانیدا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێنن‌و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون دەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان رابکێشن، بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو, گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نیە.

"نەجەفقولیی پەسیان" وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند رستەدا خولاسە دەکاتەوەو دەنووسێ: "لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت‌و ئاکاری دەوڵەتی تاران‌و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران‌و سەرۆکەکانی‌و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین"

ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانیدا دەڵێ، قازی گوتی: "تەواوی ئەم بەسەرهاتو ڕووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ, ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست."

لە بەڵگەو ڕۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون‌و لە زمان ئەفسەرە ئێرانیەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتویە: "ئەو ڕووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم پەرەپێدەری دێمۆکراسی لە کوردستانم‌و هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە."

کاتێک سەرۆکی دادگا یا دادستان بە خەیانەت تاوانباری دەکا لە وەڵام دا دەڵێ: "ئێرە ماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."

ئەگەر موحاکەمەی یەکەم لە ١٩ی مانگی ژانویە دەستی پێکردو چەند ڕۆژی خایاندو حوکمی ئیعدامی قازیەکانی دا، موحاکەمەی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ واتە ٧ی خاکەلێوە دەستی پێکردو ڕۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی پێهات.

گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە ٣٧ لەم دوایانەدا لە زمان سەروان کیومەرس سالحی هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەش کە لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی ڕاپۆرتێک لەو پێوەندی‌یەدا دەگیرێ‌و ساڵێک دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە، هێندێک رستە لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردەوە.

پێشەوا فەرموویە: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە, بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەم دا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیم‌و بۆ ئەوانیش بمرم، تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم."

سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی‌و سەربازی وەک هەواڵنێر بەشداریم کردوە بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە رادەی قازی محەممەد بە جەرگو بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگایی‌کردن دا نەیدەزانی ترس چیە. زۆر بە بێ‌باکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە."

هەر ئەو بە جەرگی‌و لەخۆبردوویی‌یەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی ببەستن‌و فەرمووی: "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزی‌و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم." هەروەها فەرموویەتی:

"ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی کوردستان دا یەک نەخا, باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان".

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ - ٣ - ١٩٤٧ زایینی) دا پێشەوا قازی. حەمەحوسێن خان سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی( برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لەدوو دادگای ناعادلانەو فەرمایشی‌دا بەدەستی چەپەڵی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد.

واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی (٢٢ - ١ - ١٩٤٦ زایینی) دا کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیەندرابوو, لە سێدارە دران و شەهید کران‌و هەر ئەو ڕۆژە لەسەر شان‌و پیلی خەڵکی بە شەڕەفی مەهاباد لە گۆرستانی مەلا جامی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.



سەرچاوە Serchawe

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨هەتاوی ( ٣٠ - ٣ - ١٩٧٩ زایینی) ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەگەر پێش ئەو دەم، لەبەر زەختو زۆری بەکرێگیراوانی شای دیکتاتۆر مەجالی بەڕێوەبردنی ڕێورەسم بەو بۆنەیەوە نەبوو، بەڵام بە دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتیدا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە حیزب ئەم ڕۆژەی بەو ناوە ناودێر کرد، هەموو ساڵێ لە وەها ڕۆژێک دا ڕێز لە شەهیدانو سەرقافلەیان پێشەوا قازی دەگیرێ.

ڕاستە پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستانو بەدیمەنترین کەسایەتیی موکریان بوو و لە هەموو ناوچەکان نێو بەدەرەوەو ناسراو بوو،

بەڵام تا چەند ساڵ دوای شەهید کرانیشی بۆ گەلی کورد بە تێکڕا بەو شێوەیە کە دەبێ بناسرێ نەناسرابوو، یا ئەگەر ناسرابووش ئەو ڕێزەی لەو سەردەمەدا لێی دەگیرێ لێی نەدەگیرا. پێویستە زۆر لەوە زیاتر لێ کۆڵینەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا بکرێ تا بەو جۆرەی شیاوی ئەوە، بناسرێ.

## شەهید محەممەد حوسێن خان سەیفی قازی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە یەکەم

### سەیفی قازی لە بازرگانییەوە بۆ وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان




**پەیسەرپریس**

کەسایەتی قازی محەممەد ئەوەندە گەورەیە کە زۆرجار کەسە گەورەکانی دیکەی شاردووەتەوە، سەیفی قازیی گەرچی دەوڵەمەندێکی بەناوبانگی مەهاباد بوو، بەڵام لەسەر داوای قازی محەممەد تێکەڵ بە دنیای سیاسەت بووە و تا بوو بەوەزیری جەنگی کۆماری کوردستان، لەگەڵ روخانی کۆمارەکەدا هاوسەرە تورکەکەی داوای لێدەکات بچێتە روسیا، بەڵام ئەو رازی نابێت و دەڵێت سوێندم خواردووە خیانەت لە قازی محەممەد و کوردستان و خەڵکی مەهاباد ناکەم، سەر ئەنجام لە سێدارە دەدرێت.

محەممەد حوسێن سەیفی قازی ناسراو بە حەمەحوسێن خان ساڵی ١٩١١ لە شاری مەهاباد لە دایکبووە. میرزا حوسێن سەیف و لقوزات، باوکی حەمەحوسێن خان، یەکێک لە پیاوە زانا و ناسراوەکانی کوردستان. لە هۆنراوە و نوسیندا دەستێکی زۆر باڵای هەبووە، هۆنراوەکانی بە کوردی و فارسی لە کاتی خۆیدا دەستاودەست دەگەڕان و جێی بایەخی خەڵکبوون. لە تەورێز لە قوتابخانەی فیردەوسی خوێندوویەتی تا قۆناغی دبلۆم، حەمەحوسێن خان لە ژێر دەستی باوکێکی زانا و نیشتمانپەروەردا پێگەیشتبوو. ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد و یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

لە سەر دەمی کۆماری کوردستاندا کرایە وەزیری جەنگ (بەرگریی) بووەو تا گیران و شەهیدبوونی هەر لە سەر کارەکەی بەردەوام بووە. دووجار هاوسەرگیریی کردووەو هەردوو هاوسەرەکەشی تورکبوون. هاوسەری یەکەمی کۆچی دوایی کردووەو کە کچی گەورە بەرپرسێکی مەرراغە بووە، بە دوای ئەودا خێزانی دووەمی پێکهێناوە، باوکی لەگەڵ تورکە قاجارییەکان پەیوەندی زۆری هەبووە، لەبەر ئەوەی ئازاربایجان زۆر پێشکەوتوو بووە، زۆری ژیانی لە تەورێز بووە، ئەو پەیوەندییە بۆ سەیفی قازیش ماوەتەوە، بەدەر لە نەتەوەی جیاواز کە تا ئەو کاتانە تۆخ نەبووبویەوە تێکەڵاویی ئەوان بۆ پەیوەندی بازرگانی و ژن و ژنخوازیش بووە. هاوسەری دووەمی فەروغ لیقا مەلیک قاسمی کچی ئیمام قولی خانی ئامۆزای نەسرەدین پاشای قاجارە.

بنەماڵەی سەیفی قازی مەلازادە بوون و زۆرینەیان ڕێچکەی مەلایەتییان گرتووەو بە بنەماڵەیەکی ئاینی بەناوبانگن، تا دەگاتە حەمە حسین سەیفی قازیی ئیتر مەلایەتیان نامێنێت، سەیفی قازی سەرەتا بە بازرگانی و دواتربە کاری سیاسی و سەربازیی لەوانی دیکە جیادەکرێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕدارێکی بەهێزیش بووە بە خودا، لە بنەماڵەی باوکیدا چەندین هونەرمەند و شاعیر و خۆشنووس بوون و تائێستاش لەناو نەوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. وەک دەگوترێت موریدی شێخەکانی بورهان بوون، بنەماڵەکەیان باوەڕیان بە شێخی بورهان بووە، وەک دەگێڕنەوە کاتێک دەچووە ناوچەکە نەیدەهێشت پشت بکاتە خانەقای بورهان، چوون ئەو پێی وابوو پشتکردنە ئەو خانەقایە بێڕێزییە.

سەیفولقوزات، باوکی سەیفی قازیی، کەسێکی دەوڵەمەند بووە، بەڕادەیەک زۆرینەی بازرگانی ناوچەی مەهابادو دەوروبەری لە لایەن ئەوەوە ئەنجامدراوە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی دەست واڵاو خێرخوازبووە هاوکاریی زۆری وانەخوێن و فەقێکان کردووە، نامەی پەهلەوی بۆ هاتووە و دەعوەتی کردووە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی کوڕەکەی و ئەو نازناوەی لە لایەن شاوە پێی دراوە.

نەک هەر هاوکاریی لایەنی زانستی بەڵکو چاوی لە نوسەرو شاعیرەکان بووە هاوکاریی کردوون، لەوانەش محەممەدی قازی نوسەرو وەرگێڕی بەناوبانگ و هێمن و هەژار و ئەیوبییان. دواتر سەیفی قازیی، هەمان ڕێچکەی باوکی گرتووە و بە وشتر لە مەراغەوە بۆ مەهاباد کاری بازرگانی کردووە، بەمەبەستی پاراستنی بازرگانیەکەی لە دەستی تاڵانچی و ڕێگرەکان سەیفی قازی چەکداریی هەبووە، وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن دابینکردنی چەک و چۆڵ لە لایەن دەوڵەتەوە دابینکراوە. خێزانەکەی فەروغ لیقا کە کچی ئیمام قولی بووە لە نەتەوەی تورک، نەیویستووە دەست بۆ کاروباری سیاسی ببات و بەردەوام داوای لێکردووە کە سەرقاڵی کاروباری بازرگانی بێت، هەر بۆیە چەند جارێک داوای لێکراوە کە پەیوەندی بە جوڵانەوە کوردیەکانەوە بکات، بەڵام ڕازیی نەبووە، بۆ ئەو مەبەستە پێشەوا قازی محەممەد دوو جار چووەتە لای و داوای

کردووە کە ببێتە هاوکاری لە بواری سیاسیدا و دواجار ڕازی بووە.

سەیفی قازی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە پیاوێکی قەدرگران و قورس بەناوبانگ بووەو زمانەکانی روسی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی بە باشی زانیوەو هەندێک لە نوسینەکانی کە لێی بەجێ ماون هەریەکەیان بە زمانێک نوسراوە. لە تەورێز نوێنەری کورد بووە لای ئازەربایجانیەکان و لە سەروو بالێوزەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لای زۆرینەی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆماری ئازەربایجان قسەی لەبەر ڕۆشتووە، پیشەوەری قسەی نەشکاندووەو تەنانەت چەند جارێک فەرمانی لە سێدارەدانی هەڵوەشاندووەتەوە.

### قازی محمد ڕێکەوتبوو لەگەڵ پیشەوەری کە خوێندن لە هەردوولا هەبیت بە تورکی و کوردیش

ماوەیەکیش نوێنەری مەهاباد بووە لە تاران، چەند جارێک لەگەڵ قازی محەمەد و هاوڕێکانی دیداری شای بۆ ڕێکخستوون، لەناو دانوستاندنەکانیاندا چەندین خاڵیان چەسپاندووە، یەکێک لەوانە دەوامکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتە لەناوچە کوردییەکان جل و بەرگی کوردییەوە و تا ئێستەش بەردەوامەو ئەو یادگارییە ماوەتەوە.

شای ئێران لە دەربەندی تاران خانووی بۆ دابینکردوە، ئەیوبیان دەگێڕێتەوە کە سەیفی قازیی و قازی محەمەد ڕێکەوتوون لەگەڵ پیشەوەری کە خوێندن لە هەردوولا هەبیت بە تورکی و کوردی، لە ڕوویی سەربازیشەوە کۆمەک بەیەکتری بکەن، ئەیوبیان دەڵێت: کاتێک ڕێکەوتبوون لەگەڵ تورکەکان کە پێکەوە چالاکی سەربازیی ئەنجام بدەن و ئەو ناوچانەی لە سنووری ئەواندایەو بە دەستی دەوڵەتەوە وەری بگرنەوە، بەڵام چەکدارە کوردەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە تورکەکان خۆیان بێدەنگ دەکەن، تا چەکدارەکانی حەمەسدیق خان شوێنەکە دەگرن، بەڵام دواتر ئەوانی تێدەچن، بۆیە سەیفی قازیی گوتوویەتی کەواتە ئەوان ئێوەیان کردووەتە پێشمەرگەی خۆیان، بۆیە لەمەودوا من پێتان دەڵێم پێشمەرگە، مەحمودی کوڕی سەیفی قازیی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی - پەنجەمۆری ڕووداو- دا، گومان لەسەر ئەوە دروست دەکات کە چاپچییەکەی قازی محەمەد پێشنیاری دەستەواژەی پێشمەرگەی کردبێت و بۆ ئەو مەبەستەش چەند بەڵگە دەهێنێتەوە، کە یەکێک لەو بەڵگانە ئەوەیە کە ئەیوبییان بۆی گێڕاوەتەوە. ئەو هۆکاری ئەوەی کە باس لەوە دەکرێت ئەو پێشنیارە دەخرێتە پاڵ چاپچییەکە بە دوژمن ناویان دەبات و دەڵێت ئامانجیان لێدانی باوکمە لەڕووی سیاسییەوەو نایانەوێت ناوی باوکم بەگەورەیی بمێنێتەوە.

کاتێکیش باس لەوە دەکرێت کە سەیفی قازیی نەیتوانیوە چەکدارو پێشمەرگەکانی کۆمار یەکبخات و سەرجەم تفەنگ

بەدەستەکانی کورد لە ناو سیستەمێکی سەربازیی و نبشتیمانیدا یەک بخات دەبێت باس لەوەش بکرێت کەمتەرخەمی مالیک و خاوەن گوندو خاوەن دەسەڵاتەکان هۆکاریی سەرەکی بوون، بەشێک لەوان دووسەرە لەگەڵ حکومەتی پەهلەوی و کۆماریشد کاریان کردووە، لەو سەردەمەدا کۆمار متمانەی گەورەی پێیان هەبووە بەڵام لەبەر ئەوەی پشتگیرییان نەکردووە لە کۆمار بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەم نەبێت چەکداریان لەگەڵ نەمێنێتەوە. لەکاتی گرتنی مەهابادیش لە لایەن ڕژێمی شاوە خەڵک و قازی محمد و هاوڕێکانیشی خواخوای ئەوەیان بوو عەشیرەتە کوردەکانی چواردەور پەلاماری مەهاباد نەدەن بەمەبەستی تاڵانکردنی خەڵک و بردنی شت و مەکی خەڵک.

لە سەروبەندی گەمارۆی مەهابادا و خیانەتی دۆستەکانیی کۆمار گەشتە لووتکەو هەموویان پشتیان تێکردو شای ئێران و روسیاش پەیمانەکەیان نەبردە سەر، کاتێکیش کار لەکار ترازا و هەمووان بێئومێد بوون لە ڕزگاربوون خێزانەکەی سەیفی قازی پێیی دەڵێت وەرە با بچینە روسیاو لەگەڵ جەماعەتی بارزانی بڕۆین، من دڵنیام ئەمانە وازت لێناهێنن و دەتکوژن. بەڵام سەیفی قازی دەڵێت من سوێندم خواردووە قازی جێناهێڵم و خیانەت لە میللەتی خۆم ناکەم، بۆیە جێیی نەهێشتووەو لەسەر بەڵێنی خۆی سوور بووە.

### لە سەروبەندی گەمارۆی مەهابادا و خیانەتی دۆستەکانیی کۆمار گەشتە لووتکەو هەموویان پشتیان تێکرد

دوای دەستگیرکردن و لە دادگای سەربازیی دادگایی دەکرێن، سەیفی قازی لە بەردەم دادگادا کە بە مست داویەتی بە سەر مێزەکەدا و گوتویەتی ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون تا دادگایی ئێمە بکەن، ئەوانیش چەند تاوانێکیان بۆ خوێندوونەتەوە کە تیایدا هاتووە ئەوان خەڵکی بێگانەیان هێناوەتە وڵاتە و پلەوپۆستیان پێداون، پاشان داوای جیابوبوونەوەیان لە ئێران کردووە، یەکێکی تر لە تاوانەکانی پێدانی چەکەکان بووە بە بارزانی کە دژایەتی کردوون و وەک بێگانەیەک حسابیان کردووە، سەیفی قازی دانی پێدا دەنێت و دەڵێت بەڵێ من چەکەکانم داوە بە برای خۆم، خۆ ئەو بێگانەیەک نیە، کە مەبەستی بارزانی بووە و گوتوویەتی ئەو فەرماندە بووە لای من. مەحموودی کوڕی سەیفی قازی لەبەرنامەی پەنجەمۆردا گوتوویەتی: باوکم وەسیەتی کردووە بۆ دایکم و پێی گوتووەوەکوڕەکانم بەرە ئەورووپا، با بخوێنن، من نەمتوانی بیانبەمە ئەورووپا، بەڵام تۆ بیانبە، سەبارەت بە بەشە سیاسیەکەی وەسیەت نامەکەی ئەو کوڕەی سەیفی قازی هیچی نەدرکاندووەو گوتویەتی (نەمخوێندوەتەوە). گەرچی پاشماوەو یاداوەرییەکانی سەیفی قازیی زۆربوون بەڵام بە پێی قسەی مەحموودی کوڕی لە لایەن دزێکەوە براوە، کە پێدەچێت دەستێکی نادیار بوو بێت و ئەوان بۆیان یەکلایی نەبوەتەوە کە ئەو دزە دزێکی ئاسایی بووە یان بابەتێکی سیاسی لەپشتەوە بووەو بۆ فەوتان و لەناودان یان دەستخستنی پاشماوەکانی سەیفی قازی بووبێت.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێکیش سەیفی قازی دەچێتە سەر پەتی سێدارە دەڵێت یەک داواکارییم هەیە ئەویش ئەوەیە چاوم مەبەستن، کاتێکیش لێی دەپرسن بۆچی؟ ئەویش گوتویەتی پێمخۆشە ببینم کە سەری ئێوە لە ژێرپێی مندایەو چاوم لە چاوتان بێت و ببینم چۆن دەترسن، مەحموودە کوڕی دەڵێت: دەگوترێت پەتی سێدارەکەی پساوەو کە هەستاوەتەوە گوتویەت دەسەڵاتی شاکەتان و دەوڵەتەکەتان وەک ئەو پەتە ڕزیوە هاکا بچڕا.

کێشەی نێوان ڕەزم ئاراو سەیفی قازی لەبەردەم وەزیری بەرگری ئێراندا کە دەنگی بەرزکردووەتەوە بەسەر رەزم ئارادا، بووەتە هۆی ئەوەی کە جەخت بکاتەوە لەسەر لە سێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی و سەرپەرشتی ئەو هێرشە بکات کە کراوەتە سەر مەهاباد

حەمەحوسێن خانی سەیفی قازیی لە دادگادا زۆر پیاوانە لە بیرو باوەڕی خۆی، لە کۆماری کوردستان، لە پێشەوای کورد قازی محەممەد بەرگری کرد و شانازی پێوەدەکردن، کە ئەو لە سەر ئازادی نەتەوەکەی دادگایی دەکرێت و لە سێدارە دەرێت. شەوی ٣٠ی ٣ی ١٩٤٧ پێشەوا قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێن خان لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران و دواتر لە تەنیشتی یەکەوە هەرسێک (قازی محمد - سەیفی قازی - سەدری قازی) نێژران و تا ئێستەش خەڵک گۆڕەکەشیان بە پیرۆز سەیردەکەن و لە هەمان کاتیشدا سمبولی بەرخۆدان و پاکی و نیشتیمان پەروەرییە.

**تێبینی**:

بۆ بەشێک لە زانیاریەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە پشت بە بەرنامەی -پەنجەمۆر-ی کەناڵی ڕوداو بەستراوە. کە چاوپێکەوتنە لەگەڵ مەحموودی کوڕی سەیفی قازی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەرپریس - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢١

## شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەم




سەدیقی ئەنجیری ئازەر، لەدایک بووی ساڵی ١٩٢٤ی شاری مەهابادە و کوڕی کاک حەمە رەسوڵ و ئایشە خاتونەو خاوەنی دوو برا بوو کە یەکێکیان لە ساڵانی پەنجاکاندا مردو بۆ خۆشی زەماوەندی نەکردوە و بە ڕەبەنی مابۆوە.

خوێندنی سەرەتایی لەشاری مەهاباد تەواو کردووە و قۆناغی ناوەندیشی لەدانیشەرای مقدماتی(پەیمانگای پەروەردە کردنی مامۆستایان) کە ماوەی خوێندن تێیدا دوو ساڵ بوو بروانامەی دیپلۆمی وەرگرتۆوە. ناوبراو لەساڵی ١٩٤٤دا بۆتە مامۆستای قوتابخانە و لەئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دامەزراوە و خەریکی وانەگوتنەوە بووە.

ئەندامی کۆمەڵەی(ژ - ک) بووە و ناوی نهێنی(ئاگریان) بوو و دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەورانی جەمهوریەتی کوردستاندا،

سەدیق ئەنجیری ئازەر ساڵی ١٩٤٦ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بووە لێپرسراوی تەبلیغاتی خوێندکاران لە ئەستوو گرتووە و ئەندامی(یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان) بووە. دەوترێت لەچاپکردن و لەو دەرچوونی گۆڤاری (کوردستان)ی زمانحاڵی حیزبی و کۆمار دا رۆڵی هەبووە و جاروبار وتاریشی تێدا نووسیوە.

بە رووخاندنی هەر دوو دەسەڵاتەکەی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ مەهاباد، سەدیق ئەنجیری دەچێتە گوندی (گلندوک)ی نزیک تاران کە ئێستا کراوەتە گەڕەکێکی شارۆکەی لوسان لە باکووری تاران و



سەرچاوە
Serchawe

لەوی بەکاری مامۆستایەتییەوە خەریک دەبێت.

ناوبراو وەک گەنجێکی خوێنگەرم و خوێندوار هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی(ژ - ک)وە و دواتر کار کردن لە یەکێتی جەوانانی دیموکراتدا لە ژێر کاریگەریی بیری چەپ و سۆسیالیستیدا بووە کاریگەری دەوانی جەنگی دووەمی جیهانیی و سەرکەتنەکانی شورەوی دژی نازیزم و چالاکیی و پرۆپاگەندی شورەویخوازەکانی لە ئێران لەو قوناغەدا بە سەرەوە بووە. هەر بۆیە دوای چوون بۆ نێو تاران پایتەخت لەساڵی ١٩٤٨ دا کە ناوەندی چالاکیی و هەڵسۆرانی لایەنگران و بەرێوبەرانی حیزبی توودەی ئێران بوو لەساڵی ١٩٤٩دا بەڕەسمی دەبێتە ئەئەندامی حیزبی تودەی ئێران و کارەکەشی دەگوازێتەوە بۆ تاران و دایک و باوک و دوو براکەشی دەباتە ئەوێ، دەبێتە کارمەندی پلەی نۆی ئیدارەی باڵای فەرهەنگ، بەشی نیگارش. هەر لە تارانیش لە گەڕەکی تەجریش نێشتەجی دەبێت و ماڵەکەی تەنیا وەتاغێکی روو بە هەتاوە، وەک بنکەیەکی نهێنیی حیزبی توودەی لێ دێت.

شایەنی باسە لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا، جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی بەسەرکردایەتی جەبهەی میللی و دوکتۆر موسەددیق تا دەهات زیاتر پەرەی دەگرت و پاشەکشەی بەشاپەرستەکان دەکرد.

پاش ئەوەی جەبهەی میللی حکومەتی گرتە دەست فەزایەکی ئاوەڵە لەتاران و هەرێمەکانی دیکەی ئێران هاتەدی، حیزبی توودە لەو دەمەدا لەدوای جەبهەی میللی مەزنترین هێزی سیاسی و جەماوەری سەر گۆڕەپانەکە بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە لەلایەن چەند لاوێکی خوێن گەرمی وەک: عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، غەنی بلوریان، رەحیمی سوڵتانیان، عەزیز یوسفی، عوبەیدوڵای ئەیوبیان) سەر لەنوێ دامەزرابۆوە و کەتبۆ گەشەکردن، بەهۆی سەدیقی هەنجیری و (سارمەددینی سادق وەزیری) وەکیلی پایەی یەکی دادوەری لەتاران، لەگەڵ حیزبی تودە، لەهاوینی ساڵی ١٩٥١دا رێکە وتن، کەحیزبی دیموکراتی کوردستان هەر بەو ناوە لەکوردستان وەک شاخەیەکی حیزبی تودە کاربکات و لەژێر رێنماییە سیاسیی و رێکخراوەییەکانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا بێت کە (رێبەرایەتییەکەی ئەکات لەتاران دادەمەنیشتن. بەوەش حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەخۆیی بڕیاردانی لەدەستدا و خەباتی نەتەوایەتی لەبیرکرد و لەهەموو روویەکی ئیدۆلۆژی و سیاسیی و حیزبییەوە بووە وابەستەی حیزبی تودەی ئێران لەتاران).

دووای رووخاندنی حکومەتی د. موسەدیق لە ١٩ی ئاب(ئاگۆست)ی ١٩٥٣ و دەسپێکردنی شاڵاوی، قۆڵبەستکردنی نەیارانی رژێم لە لایەن حکومەتی کودەتا و فەرماندەی نیزامی و پیاوەکانی(تەیموری بەختیار)وە بەشێکی زۆری کادێر و ئەندامانی حیزبی توودە بۆ دەزگای ئەمنیەتی رژێمی شاهەنشاهی ئاشکرا بوون. سەدیق ئەنجیریش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە

ڕۆژی پێنج شەممەی ٢ی ڕەزبەری ١٣٣٢ی هەتاوی بەرامبەر ٢٣ی سێپتەمبەری ١٩٥٣ دەسبەسەر کرا و پاشتر بە قەیدی کەفیل لە لایەن دادستانی ئەرتەشەوە ئازاد کرا.

بەڵام لێرە بەدواوە سەدیق ئەنجیری بە وردیی لە لایەن دەزگای سیخوریی و ئەمنییەکانی رژێمەوە چاوەدێری خۆی ماڵەکەی دەکرێ.

دوای کودەتای ژێنراڵ زاهیدی، ڕێبەرایەتی لاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئەو دەم ببنە شاخەی حیزبی توودە لە کوردستان، بە سوود وەرگرتن لە فەزای ئاوڵەی گوندەکانی کوردستان و دوور لە ڕێنماییەکانی ڕێبەرایەتی حیزبی توودە کە ئەو دەم کەوتبوونە بەر فشار پەلاماری فەرماندەی نیزامی لە تاران بەسەرکردایەتی سوپەهبود(تەیمور بەختیار)، کەوتنە کار کردن و لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٤، لەشاری تەورێز بە هاوکاری( فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) توانیان پێنج ژمارە لە (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات چاپ و بڵاو بکەنەوە. شایانی باسە سەدیق ئەنجیری یەک لەوانە بوو کە بۆ چاپکردنی کوردستان لە تارانەوە خۆی گەیاندە تەورێز و لەگەڵ (عەبدولڕەحمان قاسملوو) دا پێکەوە وتارە فارسییەکانی ڕۆژنامەکەیان دەنووسی. ئەم ڕۆژنامەی کە بە ئاشکرا بوونی چاپخانەکە و دەستبەسەراگرتنی لە لایەن پیاوانی رژێمەوە وەستا و لە بڵاو کردنەوە کەوت.

ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥، لە شاری تاران و لە ماڵی سەدیق ئەنجیری کۆبوونەوە و بە مەبەستی خۆپارێزیی و هەڵوێست وەرگرتن لە ڕۆڵی مەنفی و ئاکاری نا شۆڕشگێڕانەی حیزبی توودە لە شکستی جووڵانەوەی دیموکراتی ئێرانیی و سەرکەوتنی کودەتاکەی زاهیدی، بڕیاریاندا بە پەیوەندی تەشکیلاتی لە گەڵ حیزبی توودە دا بپچڕێنن و نامەیەکی ڕەخنە ئامێزیش سەبارەت بەو بێ هەڵوێستییەی حیزبی توودە لەسەر کودەتاکەی ١٩ی ئاب(ئاگۆست) بنوسن و حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی لێ ئاگادار بکەنەوە.

شکستی ڕەوتی دیموکراتی و چاکسازی و باڵادەستبوونەوەی دەربار و گەڕانەوەی دۆخێکی داخراو لە ئێراندا و پاشەکشەی ئازادی و سەرکوتی ئۆپۆزسیۆنی دۆخێکی دەروونیی دژواری بەگشتیی و بۆ بەشێک لە نووسەرانیش بە تایبەت پێکهێنا بوو، ئەوەش دۆخێکی لە نامۆ بوونی و بەسەرخۆدا داخران و نقوم بوون لە نێو دێڕی شیعر و تێکستە ئەدەبییەکاندا بە دوای شێوازێکی دیکەی بەرگری و خۆڕاگریی لێکەوتەوە، ئەم دۆخە بە شێوەیەک کاریگەریی لەسەر ژیانی سەدیق ئەنجیری ئازەریش هەبوو، ئەو پاش واز هێنان و بڕوانەمان بە سەرکردایەتیی حزبی توودە زیاتر خۆی بە خوێندوە و وەرگێڕانەوە سەرقاڵ کرد و ڕووی لە ڕێبازی ئەدەبی(تیکرایستانسیالیوم - Existentialsim) کردووە.

* سەدیقی ئەنجیری ئازەر بە جەستە کەسێکی باریکەلەی باڵای مامناوەندی ڕەنگپەڕیو، بە ئاکاریش کەسایەتییەکی بە دیمەن زۆر سادە و ساکار و خاکی بوو، هیچ کات هەڵپەی ناوبانگ و لێپرسراوێتی حیزبی نەدەکرد، ئۆگرێکی بەردەوامی خوێندنەوە و کتێب و قەڵەم بوو، شارەزایی زمانی فەرەنسی هەبوو، دوو شانۆنامەی(مگسها - میشەکان) (مردەهای بی کفن و دفن)ی ژان پۆل سارتەری(Jean Paul Sartre) لە فەرەنسییەوە وەرگیرایە سەر زمانی فارسیی و لە ساڵی ١٩٦٠ دا چاپیکرد و لە تاران بڵاو بۆوە، کە ئەو کاتە لە پیوەندی ئەدەبی ئێرانییدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بە پێی بەڵگەنامەی ساواک هەر لەم ماوەیەشدا واتە ساڵانی ١٩٥٧ - ١٩٥٩ زایینی ڕۆڵی هاوکاریکردنی چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان را گێڕاوە.

* سەدیق ئەنجیری ئازەر لەساڵی ١٩٦٤ زایینی و لەسەر داوای خۆی لەکارەکەی خانەنشین کراو و کاتێک لەپاییزی ئەو ساڵە هاتە باشووری کوردستان تەقریبەن ململانێی و دەستەبەندییەکانی نێو حیزبی دیموکرات و ئەوانەی بەناوی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان) و (کۆمیتەی ساخ کەرەوە) جیاببونەوە، بێ هیچ خوێن ڕێژییەک کۆتایی هاتبوو. دیارە ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی لەپشتگیریکردنی ئەحمەد تۆفیق لەبەرامبەر نەیارە شەخسی و فیکری و حیزبییەکانیدا و سەرکەوتنی لەو ململانێیەدا یەکلاکەرەوە بوو، لەبەرامبەردا (مەکتەبی سیاسی) پارتی کەدوژمنی ئەحمەد تۆفیق بوون و پشتگیری نەیارانیش دەکرد، نەیانتوانی بەهۆی شکستییان لەبەرامبەر بارزانیدا تاسەر بیانپارێزێن و لەناوچەکانی خۆیاندا رایانگرن.

لە ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤زایینی، لەگوندی (سۆن)ی داوێنی چیای (مامەندە)، کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، سەدیق ئەنجیری ئازەر وەک ڕێکخەری دانیشتنەکان و بەسەر ڕاگەیشتنی وەرگرتنی دەنگەکان و کۆکردنەوەیان لەکۆنگرە هەڵدەسوڕا، پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤، هە ڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی چاودێری بەرز، سەدیق ئەنجیری ئازەر بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

ویرای ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش کۆنگرەی دووهەمی چالاکییەنی زیاتر پەرەیان سەند و دەردانی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایەخیان پێدرایەوە خودی ئەحمەد توفیق چەند جەولەیەکی بە نێو گوندە سنوورییەکاندا کرد. بەڵام ناتەبایی و ناکۆکییەکانی نێو ڕێبەرایەتی کۆتایی نەهات و سەرکردایەتی حیزبی لە حاڵەتێکی شل و شێواویدا هێشتبۆوە. سەدیق ئەنجیری کە دوای کۆنگرەی دووهەم ببو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بە هاوکاریی چەند کادرێکی ڕێبەرایەتی وەک سولەیمان موعینی و حەمەدمین سیراجی هەر لە سەرتاوە لە هەوڵی یەکخستنەوەی تواناکان و گێڕانەوە و ئاشتکردنەوەی پێشمەرگە و کادرە بە تۆراو و ناڕازییەکان بوو لە ڕێبەری ئەحمەد توفیق، لەم ڕووەشەوە تا



سەرچاوە
Serchawe

ڕادەیەکی باش سەرکەوتنی بە دەستهێنا و ئەندامە دەرکراوەکانی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی وەک سەعید کاوە، حەسەن ڕەستگار و مەلا ئاوارە گێڕرانەوە و کرانە مشاویری کۆمیتەی ناوەندی.

* دروست لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٦٦ (بانەمەڕی ١٣٤٥) و چەند ڕۆژێکی کەم پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن)، سەدیق ئەنجیری ئازەر و سەعید کاوە کەئەوکات پێکەوە لەگوندی (دەربەند)ی باڵەکایەتی لەدۆڵێکدا خانوویەکیان گرتبوو تێیدا دەژیان، سەردانی گوندی (لێوژە) دەکەن و پاشان دەچنە ماڵی خالیدی حیسامی (هێدی شاعیر) لەمامە ڕووت. سەدیق ئەنجیری ئازەر بەمەبەستی مانەوە و دیتنی مەلا مستەفا بارزانی سەعید کاوە دەنێرێتەوە دەربەند و خۆی لەماڵی حیسامی دەمێنێتەوە. لێرەوە ئیدی کەس سەدیق ئەنجیری نەدیتەوە و شوێنەون کرا.

سەرچاوە: گێڕانەوەی بەسەرهاتی بێسەرو شوێنکراوێکی بێ گڵکۆ و مەزار سەدیقی ئەنجیری ئازەر.

نووسینی: دوکتور یاسین سەردەشتی

---



سەرچاوە
Serchawe

## دڵشاد ڕەسووڵی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم




⁎ ساڵی ١٣٠٢ (١٩٢٣ز) لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان لە دایک بووە.

⁎ دڵشادی ڕەسوولی لە ئەندامە بەراییەکانی کۆمەڵەی ژیانی کورد (کوردستان) و یەک لە کادرە هەرە هەڵسووڕاوەکانی حیزبی بووە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا.

⁎ دڵشاد ڕەسوولی لە گۆنگرە یەکەمی حیزب کە لە ٢ی خەزڵوەری ١٣٢٤(٢٣ی ئوکتۆبری ١٩٤٥) لە شاری مەهاباد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدبژێدری.

⁎ لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار ئەو و هاوالانی عەبدولرەحمانی زەبیحی و قاسمی قازی لە مهاباد نە بوون. ئەوان کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی سیاسی کۆمەڵە چووبوونە ناوچەی ورمێ لە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٤ی ئووتی ١٩٤٥) لە لایەن ژاندارمەکانی ئێرانەوە قۆڵبەست دەکرێن و دەبردرێن بۆ تاران. نزیکەی ٧ مانگ لە تاران لە بەندیخانەدا دەیانهێڵنەوە و ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری مهاباد لە پارڵمانی ئێران زۆر تێدەکۆشێ بۆ بەردانیان و دواجار لە کۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندان دا دەگەنەوە مهاباد و دەست بە چالاکی دەکەن،

⁎ دڵشاد ڕەسوولی لەگەڵ زەبیحی و لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کە بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و حکوومەتی کوردستان بووە نووسینیان زۆرە،

دڵشادی ڕەسووڵی لەبەر توانای ڕووناکبیرانەی کە لە نووسینەکانی را دەردەکەوێ، گەرچی زیاتر نێوەرۆکی ئەخلاقیانە و چاکە خوازییان هەیە دەکرێ وەکوو تێئۆریسیەنێکی ئەو سەردەمە چاولێبکرێ.


دڵشادی ڕەسووڵی لە گەڵ درێژەدان بە نووسین و چالاکی تەشکیلاتی بوو بە "معاونی رەئیسی (وەزیر) ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان". کۆماری کوردستان. جێی سەرنجە کە لە ژمارەی ٦١ی ڕۆژنامەی کوردستان ١ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی (٢٣ی ژوەنی ١٩٤٦ی زایینی) دا دڵشاد وەکوو "مدیری مسئول و خاوەن امتیازی گوواری زانست" ئاگادارییەکی بڵاو کردووەتەوە. بە داخەوە تائێستا لێمان ڕوون نییە گەلۆ ئەو گۆڤارە قەت چاوی بە ژیان هەڵهێناوە یان نا؟ تا ئێستا هیچکام لەو سەرچاوە نووسراوانەی ئەمن دیتوومن لەو بارەیەوە چ زانیارییەکیان تێدا نییە.

دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆنگرە یەکەم و جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان. لە ساڵی ١٩٦٨ بەهۆی تیرۆر لە باشووری کوردستان شەهید دەکری.



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید مەلا ڕەحیم وێردی: ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی



ئێوە بە ڕۆیشتنتان ڕێگایەکتان دیاری کرد و ئێستاش کاروانی هەزاران ڕۆڵەتان پێیدا دەڕوا. خوێن و تەمەنی لاوەتی و ئاوازی غەریبی بەرەو پشووگەی ئازادی دە ئاژوێن و ئازادییان وەک مەرگی خۆیان لێ دیارە و ئازادیشیان ڕۆحی ئێوەی پێ شاد دەبێ. سروودی ئێستا سروودی ژیانەوە و ویردی هەستەکانی ئێمەیە کە چریکەی پڕ لە مانا و ژیان و هیوا بە دواڕۆژێکی ڕوونتر لە لانە بەجێماوەکەتاندا دەچرێ.

لەساڵی ١٢٨٦ی هەتاوی لە گوندی نجنێی خوارووی ناوچەی مەیدانانی بانە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر منداڵێک پێی نایە ژیانەوە و چاوی بۆ ژیان کردەوە. ناویان نا ڕەحیم، ڕەحیم کوڕی کاک مەلا نەسروڵڵای ویردی، ناسراو بە میرزا ئەحمەد.

ڕەحیم لەبەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایک ببوو، هەر بەمنداڵی پەرتووکە سەرەتاییەکانی ئەو دەمی فەقێیەتیی پێ خوێندرا و دوای تەمەنی ٨ - ٩ ساڵی بەفەرمی نرایە بەر خوێندن و چووە حوجرەی فەقێیانەوە و وەک هەموو فەقێ و مامۆستایانی ئەو کات پەرەوازەی شار و گوندەکانی کوردستان بوو بە دوای فێربوونی زانستدا، حوجرە و مزگەوتەکانی ئەو دەم تەنیا قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی زانستی خواناسی و ئەدەبیاتی عەرەبی نەبوون، بەڵکوو مەکۆی شۆڕش و نیشتمانپەروەری و لانەی ڕێبەرە سەربەرزەکانی گەلی کورد بوون؛ هەر لەبەر ئەوەش بوو کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە مامۆستایانی ئایینیان بە گیان و دڵ خۆش دەویست و لە خزمەتیاندا بوون.

فەقێ ڕەحیمیش یەکێک بوو لە قوتابییانی ئەو قوتابخانەیە و هەر لە سەرەتای چوونی بۆ ئەو قوتابخانەیە، بە هەستی

نیشتمانپەروەری گۆش کرا و هاوکات لەگەڵ بڕینی پلە زانستییەکاندا بیری نەتەوەییشی گەشەی دەکرد و دەپشکووت.

مەلا ڕەحیم کاتێ کە چاوی کردەوە لە چوار دەوری خۆی گەلێکی هەژار و چەوساوەی بە چاو ئەنگاوت کە لە لایەکەوە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی ڕێژیمی پاشایەتیدا دە چەوسێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لە ژێر باری زوڵم و زۆریی چەوسانەوەی ئاغا و دەرەبەگەکاندا چەمیوە و پرزەی لێ براوە. ئەوەشی لێ ڕوون بوو کە ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە بە بێ خەبات و خۆڕاگری و قوربانی دان سەر ناگرێ بەڵام خەبات بە چ شێوەیەک و لە کام ڕێگەوە و بە چ بوارێکدا؟ ئەوە و زۆر مەبەستی دی، ڕیزە پرسیارێک بوون کە مێشکی مەلا ڕەحیمیان بە خۆوە سەرقاڵ کردبوو.

سەرئەنجام سەرچاوەی وڵامی ئەو هەموو پرسیارانەی بۆ خەباتێکی یەکگرتوو بە دژی چەوسێنەران لە بەرنامە و ڕێبازی حیزبی دیموکراتدا بەدی کرد و لە ساڵی ١٣٢٧ هەتاویدا بە ڕەسمی پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ ئەو حیزبەدا دامەزراند و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێ کرد.

مامۆستا مەلا ڕەحیم کاتێک پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، ئاڵوگۆڕێکی سەرەکی و بەرچاوی فکری بەسەر ژیانیدا هات. لە لایەکەوە خەمی غەدرلێکراویی گەلەکەی و ئەو ستەم و ناهەقیانەی لەلایەن دەرەبەگەکانی ناوچە و ساواکی شاوە دەرهەقی ئەنجام دەدران و لەولاشەوە نەداری و هەژاریی ئەندامانی بنەماڵەکەی، بوونە هۆی ئەوەی کە لەوە زیاتر نەتوانێ درێژە بە فێربوونی زانست بدا و واز لە خوێندن بهێنێ، کە بە درێژایی مێژووی داگیرکەرانی کوردستان سیاسەتی نەخوێنەوارکردنی کۆمەڵگەی کوردەوارییان بەم شێوەیە داوە و دەدەن.

مەلا ڕەحیم پێش ئەوەی کە ئیجازە و بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرێ واز لە خوێندن دێنێ و ئەرکی مامۆستایی بەجێ دەگەیێنێ لە چەند گوندێکدا، بۆ نموونە نجنێی سەروو، مەریجەلان، دۆڵەرزن و سیوچ. مامۆستا هاوکات لەگەڵ ئەرکە مەلایەتییەکەی ئەرکی خۆیشی ڕادەپەڕاند و وەکوو کادێرێکی شارەزا و تێگەییشتوو و پێگەییشتووی حیزبی دیموکرات سیاسەتەکانی حیزبی بە زمانێکی سادە و ساکار بۆ گەلە ستەملێکراوەکەی شی دەکردەوە و جینایەت و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی شای لە قاو دەدان و ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی بۆ دەستنیشان دەکردن.

مامۆستا هەتا ئەوکاتەی کە لەساڵی ١٣٣٨ ساواک شوێنپێی تێکۆشەرانی دێموکراتی هەڵگرت و زۆری لێ دەستگیر و ڕەوانەی بەندیخانەکانی کردن، وەکو کادێرێکی بە توانا لە نێو گەلەکەیدا ژیا و ئەرکەکانی بە ئەوپەڕی لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە بەجێ گەیاندن. لەو سەردەمدا مامۆستاش وەکوو تێکۆشەرێکی بەرچاو کەوتە ژێر چاوەدێرییەوە و بواری حەوانەوەی لێ

بەرتەسک کرایەوە و دواتر بەناچاری زێدەکەی خۆیی بەجێهێشت و پەڕیوەی باشووری کوردستان بوو، بەڵام ئاوارەیی و دەربەدەریش لە تێکۆشان بۆ ئامانجە بەرزەکانی سارد نەکردەوە و وورەی دانەبەزاند، بەڵکوو ئەم تەنگوچەڵەمانە مامۆستایان مکووڕتر کرد لەسەر کاری زیاتر و چالاکتر بوونی.

مامۆستا مەلا ڕەحیم، لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستایەکی تێگەیشتوو لە باری ئایینییەوە بوو، شارەزایەکی کەموێنەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسیش بوو، هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لەو سەردەمەدا یەکێک لە ئاگاترین ڕووناکبیرانی کورد بوو لە باری بابەتە نەتەوەییەکانەوە. هەروەها لە هۆنینی شێعری نەتەواتیشدا خاوەن هەستێکی ناسک بوو، بەڵام بەداخەوە هۆنراوەکانی یان بە گشتی تێدا چوون یان لەلای هەر کەسێک بن دەستیان بەسەردا گیراوە و بێ سەروشوێن کراون.

مامۆستا یەکێک لەو کادێرە زانا و بەوەجانەی حیزب بوو کە بە هۆی لێوەشاوەیی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە ئەرکە پێسپێردراوەکاندا، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە لە سەرماوەزی ١٣٤٣ هەتاوی (نۆڤەمبەری ١٩٦٤)زایینی لە گوندی سونی لە باشووری کوردستان بەسترا متمانەی بەشدارانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و ئەرکی قورستری پێ سپێردرا.

مامۆستا گەورەترین ئاواتی سەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیکی گەلەکەی و ڕزگار بوونی ستەم و چەوسانەوە بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژەی بەچاوی خۆی نەدی و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ز) بە دەستی خەیانەت لە گوندی تەوێڵە شەهید کرا و چووە ریزی کاروانی شەهیدانی حیزب و گەلەوە.

ڕۆحی شاد.

عادڵ مەحموودی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## شەهید سمایل شەریفزادە: ئەندامی ڕێبەری حیزب، ٤٦ - ٤٧




سمایل شەریفزادە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری مەهاباد لە خیزانێکی بازرگان لە دایک بوو. لەم کاتەدا مەهاباد ناوەندی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوو. گەلی کورد ئەو بەشەی نیشتمانکەی لە چەنگ حکوومەتی دیکتاتۆرو بەستراوەی شایەتی رزگار کردبوو.

پاش چەندین ساڵ زوڵم لێکرانو بێبەشی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی، چارەنووسی خۆی گرتبوە دەستو تیشکی ئازادی و سەربەستی ئەم ناوچەیەی رووناک کردبووە.

شەریفزادە خوێندنی سەرەتاییو پۆلی پێنجی مەدرەسەی ناوەندی لە مەهاباد خوێندبوو. ساڵی شەشی ناوەندی لە تاران لە کولیژی "ئەلبرز "تەواو کردبوە.

پاشان لە رشتەی "ئەلێکترومکانیک دا"، لە خوێندنگەی فەننی زانستگەی تاران خوێندنی درێژە پێدا. سمایل کە پوولی چواری ناوەندی بە دواوە، سەبارەت بە موتالعە کردنی کتێبی سیاسی و کۆمەڵایەتی،و هەست کردن بە بێبەشی نەتەوەی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و نەبوونی ئازادیو دێموکراسی لە ئێران، تووشی ئاڵۆگۆرێکی فکری هات.

سمایل شەریفزادە بۆ ئازادی نیشتمانو وەدەسهێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بۆ پێک هێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی دێموکرات رێگای خەباتی سیاسی گرتە پێش.

هەر لە هەوەڵی خوێندنی زانستگایی‌دا سمایل بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەگەڵ دەستەی خوێندکارە شۆڕشگێرەکانی زانستگەی تاران کەوت.

ساڵی ١٩٦١ لە کاتی پەلاماردانی زانستگەدا، لە لایەن پۆلیس و کوماندۆکانی حکوومەتەوە، سمایل گیراو بۆ ماوەیەک دەسبەسەر کرا. سمایل شەریفزادە، لە گەڵ هاواڵە هاوفکرەکانی خۆی، لە نێو خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاراندا، قۆڵی چەپی و شۆڕشگێری کۆمەڵی خوێندکار بوون و لە دژی بیروباوەڕی چەوتو نالەبار خەباتیان دەکرد. پەلاماری سازمانی ئەمنییەت بۆ سەر کوردستان و کوردەکانی زانستگەی تارانیش ساڵی ١٩٦٤ و گرتنو دورخستنەوەی زۆر لە خوێندکارانو مامۆستایانی کورد سمایل شەریفزادەی ناچار کرد خۆی بشارێتەوەو بچێتە نیو کۆڕی تێکۆشانی نهێنی‌یەوە. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هێندێک لە لاوە تێکۆشەرەکان رووی کردە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراقو تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو،کە لە کوردستانی عێراق گیرسابوونەوە. لەو ماوەیەدا بیجگە لە کاری سیاسی کتێبی "دیفاعیاتی خوسرەوی روزبەی" وەرگیرایە سەر زمانی کوردی. ساڵی ١٩٦٧ سمایل و هاواڵەکانی لە کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر هەڵو مەرجی نالەباری تێکۆشانیان لە کوردستانی عێراق ، گەڕانەوە نیوخۆی کوردستانی ئێرانو لە نێو خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستاندا دەستیان بە تێکۆشانی سیاسی کرد. بەڵام ڕێژیمی حەمەرەزا کە وای دەنواند کە ئێران دورگەی هێمنو سەقامگرتووی رۆژهەلاتی نێوەراستە، لە حوزووری رێبەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان، تووشی وەحشیەت بوو و قۆڵی لە سەر کوتو لە نیو بردنی خەباتگێڕشانی حیزبی دێموکرات هەڵماڵی. بەم جۆرە خەباتێکی چەکدارانە بە سەر شۆڕشگێڕانی ئەم حیزبەدا سەپاکە لە مێژووی حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کورددا بە خەباتی چەکدارانەی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ (١٩٦٧ و ١٩٦٨ ) ناوبانگی دەرکرد. راونانو تەنگ پێهەڵچنینی ژاندارمو سازمانی ئەمنییەتی ئێران، سمایل شەریفزادە و هاواڵە شۆڕشگێرەکانی لە خەبات و تێکۆشان نەسڵەماندەوە و لە دێهات و چیاو کەژەکانی نیشتمان و لە ئامێزی زەحمەتکێشانی کوردستان دا خەباتیان درێژە پێدەدا.

ژاندارمەکانی حکوومەتی شا کە، لە هەموو شوێنێک بە دوای شەریفزادە و هاواڵەکانی‌دا دەگەڕان. تا رۆژی ٢ - ٥ - ١٩٦٨ بە هۆی کەسێکی خۆفرۆشەوە بە ناوی (کوێخا شەریف) شوێنی ئەویان هەڵگرت دوای ئەوە کە دەست بە جێی پتر لە (٣٥٠) ژاندارم و عەسکەرو جاش، بۆ سەر سمایل شەریفزادەو چوار هاوڕێی دەنگ دران. ٣٥٠ کەس، بە چەکو قۆرخانانەی زۆرو مودێرنەوە، پینج تێکۆشەری کوردیان گەمارۆ دابوو، کە لە شەرەف و ژیانی نەتەوەی خۆیان دیفاعیان دەکرد. سمایل شەریفزادە کە بڕیاری دابوو تا دوا هەناسە، لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بێ و سەر بۆ دوژمن دانەنوێنێ، لە وڵامی فەرماندەی سەربازو ژاندارم و جاشەکاندا، کە داوای تەسلیم بوون و چەک فڕێدانیان لێ دەکرد بە دەنگێکی بوێرانە گوتی:

" ئەی خۆفرۆشە ناپیاو و خوێڕییەکان! بڕۆن خەجاڵەت بن لە ئێمەی پێشمەرگەی گیانفیدا کە بۆ ئازادیی ئێران و

ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی گەلەکەمان خەبات دەکەین داوای تەسلیم بوون دەکەن؟!

سەرەنجام پاش شەش سەعات شەڕی قارەمانانە پێنج کەس، لەگەڵ ٣٥٠ کەس لە چەکدارەکانی ڕێژیمی شایەتی، گوللەی بازوکا سینگی ئەم لاوە تێکۆشەرو قارەمانەی قەلاشتەوە و چرای تەمەنی کورت بەلام پڕ لە شانازی سمایل کوژایەوە و وێڕا ٣ کەس لە هاوڕێیانی لە پێناوی ڕزگاری کوردستان دا بەخت کرد...

١٢ی بانەمەر، ساڵرۆژی شەهید بوونی یەکێک لە ڕێبەرانی ڕاپەرینی چەکدارانەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە ١٢ی بانەمەری ١٩٦٨دا سمایل شەریفزادە ڕووناکبیری شۆڕشگێر و یەکێک لە سیما ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی چلی هەتاویدا کە لە گەڵ چوار هاوڕێی دیکەی، لە نزیک گوندی"دارینە"ی ناوچەی بانە لە لایەن هێزێکی ٣٥٠ کەسی ژاندارمو جاشەوە گەمارۆ دران. شەریفزادەو سێ کەس لە هاوڕێیانی پاش ٥ سەعات خۆڕاگری، بەداخەوە لەو شەڕە نابەرامبەرەدا بە گوللەی بازوکا سینگی ئەم لاوە تێکۆشەرو قارەمانەی قەلاشتەوە و چرای تەمەنی کورت بەلام پڕ لە شانازی سمایل کوژایەوە و وێڕا ٣ کەس لە هاوڕێیانی لە پێناوی ڕزگاری کوردستان دا بەخت کرد...

ناوی ئەو تێکوشەرانەی کە وێرای شەریف زادە شەهید بوون بریتیە لە:

* میرزا محەممەد شادمانی.
* حوسێن ڕەحمان رابی.
* عەلی عەولا کۆلی.

هەر ئەو کات یەکێک لە نووسەرەکانی کورد بەم بۆنەیەوە، لە نووسراوەیەکی خۆیدا بەم دوو دێرە شێعرە تەعبیری لە شەهید بوونی ئەو پۆلە تێکۆشەرە کردبوو:

ئەو نەمامانەی، ئەمرۆ دەنێژرێن
بە خوێنی پاکی خۆیان ئاو دەدرێن
دەڕازێننەوە باغی کوردستان
دێنە بەر بۆمان، ڕۆژێ لە ڕۆژان

**بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهیدانی ڕاپەڕینی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد.**





سەرچاوە
Serchawe

## شەهید سولەیمان موعینی، ناسراو بە: کاک فایق:

## ئەندامی ڕێبەری حیزب، ٤٦ - ٤٧




ڕۆژی هەینی ١٧ - ٢ - ١٩٣٣، (٢٨ - ١١ - ١٣١١ هەتاوی) لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە دایکبووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان، سولەیمان بۆ خویندن دەنێردرێتە شاری تەورێز. دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری کورد و گیرانی باوکی، دەگەڕێتەوە مەهاباد و دەست بە خوێندن دەکاتەوە. کاتێک کە باوکی بۆ تاران دوور دەخرێتەوە، سولەیمانیش دەچێتە تاران و لە وێ دەخوێنێ. دەگەڵ گەڕانەوەی باوکی بۆ مەهاباد، ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە و لە فێرگەی محمدرەزاشا پەهلەوی، دەست بە خوێندن دەکاتەوە.

سولەیمان هەر لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا، دەگەڵ هاوڕێیانی وەک سەید عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)،خەریکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەبێت. هاوکات دەگەڵ کاری سیاسی، لە خزمەتکردن بە هەژار و بێدەرەتانان نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ بەشی هەرە مەزنی ڕۆژگارانی ژیانی سەردەمی لاوێتیی سولەیمان بەم بوارانە دا تێپەڕ بووە. سولەیمان شان بە شانی بیری شۆڕشگێرانەیەوە، کەسایەتییەکی چالاکی بواری وەرزشی و مەیدانداریکی کارامەی گۆڕەپانی چالاکیی وەرزکاریش بووە و ئۆگرایەتییەکی پتەوی دەگەڵ کەژ و کێو داوێنی سروشتی جوانی کوردستان هەبووە.

ساڵی ١٩٥٣ (١٣٣٢ی هەتاوی)، لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محمد موسەدیق دا، سولەیمان دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپێشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباد. هەروەها ماوەیەکیش بەرپرسایەتیی ڕاهێنانی سرودی نەتەوەیی کوڕ و کچانی شارەکەی بە ئەستۆیەوە بووە.

ڕۆژی ١٥ - ٦ - ١٩٥٣ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمان و سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی و چەند لاوی تێکۆشەری دیکە کۆبونەوەیەکی بەرین لە باغی میکائیل سازدەدەن. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە دەبێت کە لاوانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە چوارەمین ڤیستیڤاڵی جیهانیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی هەڵبژێرن. بەڵام لەگەرمەی گوتوبێژی ئەو لاوانەدا ژاندارمە دڕندەکانی حکومەتی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن و مێرمندالێک بەناوی «حسن ڕەمەزانی» شەهید و چەند کەس بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە، دەکەونە شەقامەکانی شار و بە گێڕانی تەرمی ئەو لاوە شەهیدە، ڕێپێوان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بەڕێدەخەن.

هەر لەو سەردەمەدا پێداگری و خەباتی نەپساوەی بەرهەڵستکارانی سەراسەری بوو بە هۆی هەڵاتنی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی حکومەتی دوکتور موسەدیق، کە هیوای چاکسازی و بوژانەوەی لێدەکرا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی پشتیوانیی ڕۆژئاوا لە شای ئێران و لە ئاکامی کۆدیتایەکی نیزامی، شای ئێران گەڕاندرایەوە و حکومەتی دیموکراتیکی موسەدیق تێک ڕووخا. دوای ڕووخانی حکومەتی دوکتور موسەدیق، لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٤، هێزەکانی سەرکوتکەری ئێرانی هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان و، گرتن و کوشتن و بێ سەروشوێن کردن دەستی پێکرد.

لە شاری مەهاباد دا، یەکێک لە گیراوەکان محمدئەمین معینی، باوکی سولەیمان بوو کە بە ماوەی ٢٠ ڕۆژان لە گرتوخانەی سەربازیدا ڕایان گرت. هەر ئەودەم لەلایەن فەرماندەی نیزامیی شاری مەهاباد، کە سەرلەشکەر کەریم وەرئەهرام ی ناو بوو، بە باوکی سولەیمانیان ڕاگەیاند کە بە شوێن سولەیمان دا بنێرێت و پێی بڵێ کە حکومەت لێی دەبوورێت و دەتوانێ بەبێ هیچ ترسێک بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. بەڵام سولەیمان بەهۆی ناسینی کارنامەی کرداری ڕژێمی ئێران، ئەم داوایەی بەرپەرچ دایەوە و وەڵامی نای دانەوە. پاش ماوەیەک، سولەیمان بەنیازی چوونی تاران و بەردەوامبوونی ژیانی سیاسی و نهێنی، لە ساڵی ١٩٥٦دا بەرەو ناوندی ئێران وەڕێ کەوت. بەڵام لە نێوان ڕێگای تاران تەورێز دا بە هۆی سیخوڕە نهێنییەکانی ڕژێم دەناسرێتەوە و دەگیرێت. لە گیرانی سولەیمان هیچ کەس خەبەردار نەبوو. دوای تێپەڕینی چەندێک، عەبدوڵلای حەکیمزادە عەکسی سولەیمان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی ڕژێم دا دەبینێت و خەبەر بە بنەماڵەکەیان دەگەیەنێت. سولەیمان لەژێر ئازار و شکەنجەی زیندانەوانانـدا دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی ١ - ٣ - ١٩٥٧ کە لە بری ئەسپاردنی بارمتەیەکی دەهەزار تمەنی ئەو سەردەمە، ئازاد دەکرێت.

سولەیمان ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و دەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی (بەحری) دەست بە چالاکی دەکەنەوە، بەڵام بۆ داپۆشینی هەڵسوڕانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و خەریکی کار دەبن. بەڵام سولەیمان ناتوانێ خەڵکی خۆی

لەبیربکات و لە هەندەران بمێنێتەوە، هەربۆیە دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە ساڵی ١٩٥٩، دەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقۆڵ، بەناوی خانمی «مریەمی عومەری»، زەماوەند دەکات و ساڵی ١٩٦٠ دەبنە خاوەنی کوڕێک کە «سیامەند»ی ناو لێدەنێن.

پێکەوەنانی خێزان و باوەشی گەرمی بنەماڵەش ناتوانێ ئەو هیوا گەرمەی کە دە مێشکی سولەیماندا دەبێ، تووشی خەو و بێهەستیی بکات.

لە میانەی ساڵی ١٩٦٠ دا ڕژێمێ پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو دەکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ئاکامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە ١٥٠٠ گەنج و لاو دەکەونە بەردەستی هێزەکانی پۆلیس و ژاندارم. ئەم ڕەشبگیری و گرتن و بێ سەر و شوێن کردنە بە هۆی عەبدوڵلای موعینی، براچکۆڵەی سولەیمان بەو ڕادەگاتەوە و ئەویش هەواڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە و بە پێی بەرنامەیەکی زۆر نهێنی، دەگەڵ چەند هاوڕێیەک، بەهیوای گەیشتن بە باوەشی شۆڕشی باشووری کوردستان ، بەرەو باشور دەکەونە ڕێ.

سولەیمان و هاوڕێیانی هەرکە دەگەنە باشووری کوردستان، بە ئاگاداریی و لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکایەتی ئەوسەردەمەی باشووری کوردستان، لە هەوڵی سازمانکاری و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەی پرژ و بڵاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەون.

دەزگای ساواک و ژاندارمی ئێرانی لە ساڵی ١٩٦٥ دا، دیسان هێرش دەبەنە سەر ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە خەباتکارانی دەگرن. بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب، کە یەکێک لەوان عەبدوڵلای موعینی دەبێ، لە زەختی پۆلیس ڕزگاریان دەبێ و پەنا دەبەنە بەر سایەی شۆڕشی کوردستان لە باشووری وڵات.

کۆمبوون و تێکەڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی شۆڕشی باشووری کوردستاندا و ڕێکخستنەوە و سازماندەهیی ئەوان لە لایەن سولەیمان (فایق) و عەبدوڵلای ئیساقی (ئەحمەدتۆفیق)ەوە، ڕژێمی ئێرانی تۆقاند.

ساواک لە مەهاباد بۆ ڕاگرتن و تێکدانی ڕێکخراوەی تازە دامەزراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سێبەری شۆڕشی کورد دا کەوتەوە خۆ. لە یەکەمین هەنگاودا مۆرە چالاک و کاراکانی ڕێکخراوەی ناوبراو دەخەنە بەر هێرشی تیژی تێکدەرانە؛ بۆ ئەنجامی بەڕێوەچوونی پیلانە گلاوەکەیشیان، پێشەکی بنەماڵەی کەسانی بەناوبانگی وەک سولەیمان دەخەنە

لیستەی هەرە باڵای میکانیزمی کار و خەباتە دزێوەکانی خۆیان. هەربۆیە لەلایەن ساواکەوە بە محەمەدئەمینی موعینی، باوکی سولەیمان، ڕادەگەیەندرێت کە شای ئێران لە کار و کردەوەکانی سولەیمان و هاوکارانی ئەو خۆش دەبێت بە مەرجێک دەست لە چالاکی هەڵبگرن و بگەڕێنەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان. تەنانەت ساواک بەڵێنیی هەمە چەشنە کارئاسانی و، پێدانی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ سولەیمان دەستنیشان دەکات. باوکی سولەیمان سەری بۆ ئەم فەرمانە نەرم نەکرد و هیچ وەرامێکی پێنەدانەوە. هەربۆیە، ساواک کەسێکی بەناوی کەریم خوسرەوی، کە لە کەسانی ناسراوی مەهابادی و لەباری خزمایەتیشدا دەگەڵ خانەدانی موعینییەکان خزمەیەتییەکی هەبوو، بەهەمان مەبەست و بە هەمان بەڵێنەکانەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکات.

هاوکات ساواکی ئێران بە ڕێگای عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد کە بە میرمنداڵی بە هۆی پەیوەندی بنەماڵەی موعینی و قازیەوە لە گەڵ کاک سولەیمان ڕەفیق بوون، و پاش ڕوخاندنی کۆمار کەوتبووە خزمەت بکووژانی باوکی و تێکدەرانی کۆماری کوردوستان نامەیەک بۆ کاک سولەیمان دەنێریت و لەو نامەیەدا هاتوە:... سولەیمان تو بۆت نیە و بۆت ناکریت لە بەرامبەر حکومەتی مەزنی شاهەنشاهی ئێراندا دژایەتی بکەی وا باشترە بی یەوەو ژیانی ئاسایی خۆت بکەی و هەر ئیمکانیاتیکیش پیویستت بێت بۆت ساز دەکرێت، من وەک هەواڵیک ئەم نەسیحەتەت دەکەم بۆ خۆت و مالباتەکەشت وا باشترە دژایەتی حکومەتی شاهەنشاهی ئیران نەکەیت هێندێک لە فکری خۆت دابە باشترە... لە وەڵام دا کاک سولەیمان دەنوسیتەوە،... کوڕی ڕەش شتێک بزانە کە پێشەوا لە ڕیگای گەل سەری چووە سەر سێدارە ئێمە ڕیگای ئەو بۆ رزگاری وولات بەر نادەین تۆ کوڕی قازی محەمەد نی، من و هەواڵانم کە ڕێڕەو و درێژەدەری کۆمارین، کووڕی قازی محەمەدین، تۆ بویت بە کاسەلێسی دوژمنان و بکوژانی کۆمار، من ژیانی سەربەستی و ئازادیم هەڵ بژاردوە، ئەو ژیانەی تۆش هەڵت بژاردوە پێشکەشی خۆت...

سولەیمان، کە دوژمنی کورد و پیلانە گلاوە مێژووییەکانی باش دەزانی، وەڵامی بۆ ناردنەوە کە من ڕۆڵەی کوردم و خۆم بە ئالاهەڵگر و درێژەدەری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان دەزانم. من پێشەکی و هەر لەسەرتای کار و هەڵوێستگرتنەکانمدا شێوە ژیان و شیوە مەرگی خۆم دیاری کردووە و هەرگیز ئەم گرانبارە زەنگین و ڕەنگینەم بە هەموو ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ناگۆڕمەوە.

سولەیمان بەدڵ و گیان هەموو پتانسیەلی خۆی دەخاتە خزمەت شۆڕشەوە و لە نزیکەوە لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی کاردەکات و بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژنامەی «دیسان بارزانی» بە قەڵەمی ئەو دەنوسرێت. لە کار و چالاکی سیاسی و نیزامیش دا مۆرەیەکی بەکار و گیانبەختکەر دەبێت و لە هیچ خەتەرومەترسییەک خۆی کل ناکات.

بەڵام سولەیمان و ژمارەیەک لە هاوخەباتانی ئەوهەتا زیاتر لە دەقی شۆڕشی باشووری کوردستان خوردتر دەبنەوە و وردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکان و پلە و پایەی کادرەکان دەکەن، زۆر زوو تێدەگەن کە دەزگای شۆڕش بە سەرۆکایەتیی بارزانی، لە ڕێگای خزمەت بە گەلەکەی لای داوە. هەمیسان سولەیمان بە چاو دەبینێ کە دەرەبەگە مەزنەکانی ئەو سە ردەمە، لە ناو پارتی دیموکرات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەتی خۆیان و دەرە بەگەکانی تر کەڵکی ناسیاسی لە ئیمکانیاتی شۆڕش وەردەگرن. هەر ئەم شێوە کارەی مەلامستەفا و دار و دەستەکەی دەبێتە هۆی دابڕان و دوور کەوتنەوەی ڕوناکبیر و زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا. هەر درێژەدان بەم سیاسەتە و لایەنگیری لە دەربەگانیش بوو کە دەتوانێ بوو بێتە هۆی شیواندن و تاریک کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفا، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و سەرەنجام شەڕی لێ کەوتەوە. لە درێژەی شەڕی نابەرامبەری هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان دا، مەلامستەفا دەستی یارمەتیی بەرەو شای ئێران درێژ کرد و شۆڕشی کوردی خستە باوەشی ڕژێمی دژبەکوردی ئێرانی.

بارزانی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران، سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئێران داڕشتەوە و لە وتەکانی خۆیدا دەڵێ کە ئێمە دەبێ پێشەکی گەلی کورد لە عێراق ئازاد بکەین، جا دوایە دە فکری بەشەکانی تر دا بین؛ بە مانایەکی تر، خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێتە قوربانی لە ڕێی سیاسەتی پێوەندییەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕش دەگەڵ شای ئێراندا.

بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی مل بۆ ئەم سیاسەتە نادەن و لە ژێر تیشکی بیر و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی دا ئەم شێوە خۆ بەدەستەوەدانە بەرپەرچ دەدەنەوە و پێوەندییەکانی مەلامستەفا و شای ئێران بە قومارێکی پڕ لە مەترسی دیپلۆماسی دەزانن.

بارزانی کە لە هوشیاری و زانایی سولەیمان ئاگادار بوو، پێی وابوو ئەگەر پلە و پایەی ئەو لە شۆڕش دا بەرێتە سەر، ئەوا لایەنگریی ئەو بۆ خۆی دەکرێتەوە و ئەوانی تریش بەشوین ئەودا دێن.بەڵام سولەیمان، کە ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلی خۆی بوو و بە کردەوە هەموو ژیانی خۆی و ئاسایشی بنەماڵەکەی خۆی لە پێناو هەست و شعوری بەرزی نیشتمان پەروەری دا فیدا کردبوو، هەرگیز لە بەرامبەر پلە و پایەی حیزبی و سیاسی دا ئامادە نەبوو مل بۆ سیاسەتی ناڕاست کەچ بکات و لە ڕێی خزمەت لابدات.

بەهۆی قووڵ بوونەوەی پەیوەندییەکانی مەلامستەفا و ڕژێمی ئێران، بەرەبەرە دەزگای پاراستنی ئێران (ساواک)، شوێن پێی

زیاتر و قوڵتری لە جەرگەی شۆڕشی کوردستان دا دەست کەوت و دەستەڵاتی قایمتری تێدا وەدەست هێنا.

لە دایک بوونی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەو سەردەمە دا، جوڵانەوەیەکی دە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان خست، کە دەزگای پاراستنی ئێرانی بە مەترسییەکی مەزنی لێکدایەوە. کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی وەک هەڵوێست، لە هەنگاوی یەکەمدا خەباتی سیاسیی گرتبوویە پێش، بەڵام ساواک و دەزگای سیخوڕیی ئێرانی لە دایک بوونی ئەو سیستیمە نوێیەیان بە مەترسییەکی گەلێک مەزن زانی، هەربۆیە بە هەموو تواناوە، لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هێزی نیزامی و جاش و سیخوڕیان بۆ وەگەڕ خست و لە بەشی باشووری کوردستانیش دا ئاستەنگی توند و تۆڵیان خستە سەر ڕێ.

دەزگای بە ڕێوە بەری کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوون : سولەیمان موعینی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، خەلیل شەوباش، عەولای موعینی، مەلامەحمود زەنگەنە و چەند خەباتکارانێکی دیکە، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی جاش و جەیش لە هەر دووک بەری سنووران و بزوتنەوە ساواکەیان لە خوێن دا نوقوم کرد.

لە ڕاستیدا ئامانجی بەرنامەی کۆمیتەی ئینقلابی، پەیوەندی گرتن دەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە شار و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان دا بوو، کە هەر لە دەسپێک و سەرەتای کاردا، لە سای سەر ڕاستی و دڵ و دەروون خاوێنیی ئەندامانی بەرێوەبەر و کادر و هەوادارانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب دا، ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێشیان پێوە لکا. سازماندانی هێزی زەحمەتکێش و ڕاکێشانی ڕۆناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی ئینقلابی ئەوەندە ناودار کرد، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.

دەزگای ساواکی ئێران کە لە باشوور دا حوکمی دەڕۆییشت و لەوێوە دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاودا، بۆ بەرگیری کردن و لە ڕیشە دەرهێنانی کۆمیتەی ئینقلابی، بە فەرمانی شای ئێران، یەکێک لە خوێنخۆرترینی مۆرەکانی خۆی تەرخانی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی گەلی کوردی ڕۆژهەلات کرد، کە ئەویش ژەنەڕاڵ ئەرتەشبود ئوەیسی بێت کە لە ئاست شای ئێران دا بە گەورە نۆکەر و، لە لایەن گەلی کوردەوە خوێنمژترین دوژمن ناسراو بوو. ئەو ژەنەڕاڵە چەکمەڕەقە فەرمانی خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی نوێی گەلی کوردی لە شای ئێران وەرگرت و دەستی پێکرد. ژەنەرال ئوەیسی دوای ئەوەی کە لەو دیوی سنوور دڵنیا بوو، لەم دیوەش دا هێزێکی لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ساز کرد و ئینجا بە هەموو هێزێ سیخوڕی و جاش و جەیشەوە قۆڵی فەوتاندنی لێ هەڵماڵین.

زۆری نەخایاند لە ئاکامی پیلانێکی لە ڕێدا چاندراو، کە کەسێک بەناوی قادر تەگەرانی بگێڕی پیلانەکە بوو،

سولەیمان و خەلیل شەوباش لە ڕێگای سلێمانی ـ سیتەکەوە، دەکەونە داوی پیاوانی سەدیق ئەفەندی و ڕەوانەی بارەگای بارزانی دەکرێن.

شایانی باسە بگوترێ کە شێخ لەتیفی حەفید، دۆستایەتی و نزیکایەتی و هاوائبەندییەکی زۆر گەورە و گرانی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. گەلێک جاران کارئاسانیەکانی ئەو دەبوو بە هۆی پێشوەچوونی بەرنامەکانیان. لەم بوارەدا ناوی بەرزی ئەو کەسایەتییە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

شایانی ئاماژەپێکردنە، شەوێک کە سولەیمان و سیامەندی کوڕی و خەلیل شەوباش سەردانی شێخ لەتیف دەکەن، شێخ لەتیف بەئاشکرا پێیان دەڵێت کە خۆیان لە داوی قادر تەگەرانی بپارێزن، چونکە ناوبراو گرێدراوی چەند سیاسەتێکی دژ بەیەکە و پێدەچێت لەم بوارە دا خەریکی سات و سەودای سیاسیش بێت. سولەیمان لە وەرامدا دەڵێت: «من لەمێژە قادر تەگەرانی دەناسم و باوەڕ ناکەم ئەو بیری پیس و چەوتی بۆ ئێمە ببێت». بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کە قادر تەگەرانی هاوکات پیاوی ئێران و عێراق و بارزانییە و سێ سەرە خەریکی سات و سەوداکردنە.

هەر ئەو ڕۆژەی کە قادر تەگەرانی بە پێی پیلانێکی لەپێش دارێژراودا، سولەیمان و خەلیل شەوباش بە جێپ لاندرۆڤەرەکەی لە ڕێگەی سیتەکەوە بۆ سولەیمانی دەبات، دەیانباتە جێداوی کەسێک بەناوی سەدیق ئەفەندی و دەسبەجێ دەیانگرن. سەدیق ئەفەندی لە ڕێگادا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان بۆ بارەگای بارزانی ڕادەگوێزێت.

دەگێڕنەوە کە مەلامستەفا لەبری بەخێرهێنانەوەی سولەیمان و لە جیاتی دڵدانەوەی، بە ئەوپەڕی بێحورمەتی و بەدەم جوێن و قسەی ناشایستە، کە لە سەرۆکی بزوتنەوەی میللەتێک بەدوورە، سولەیمان دادەگرێت و تەنانەت پێی دەڵێت: باشترین کار ئەوەیە خۆی ڕادەستی ئێران بکاتەوە و دەگەڵیان پێکبێت، بەڵام سولەیمان ڕابوردوی دەخاتەوە بیر و دەڵێت: «ئەو سەردەمەی کە وا شۆڕشی کوردستان لە ئەوپەڕی هەژاریدا بوو، من و کەسانی وەک من بۆی تێکۆشاوین و هەرگیز چاومان لە حەسانەوە و سازان دەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکان نەبووە کە ئێستا من هەم بێت. من وەک کوردێک کە هەڵگری بیر و باوەڕێکی خاوێنی کوردانەم، بۆم هەیە سەر بە شوێن ئاواتەکانمدا بڕۆم و گیانمی بۆ بەخت بکەم. من هەرگیز ئامادە نیم سەرشۆڕ بکەم و مل بۆ ڕژێمێک دابنەوێنم کە دەستی بە خوێنی کۆمار سوورە».

ئەوەی کە ئاشکرایە، لەو دەمەدا جگە لە مەلا مستەفا، ئیدریس و مەسعودی کوڕی و دوو کارگێڕی ساواکی ئێرانیش ئامادە بوون و گوێگری ئەم قسە و باسەی بارزانی و سولەیمان بوون.

مەسعود بارزانی لە کتیبی *البارزاني و الحركة التحررية الكردية * لە لاپە رە ی ٣٦٢ دا دە نوسیت:

"لە ١٩٦٧ دا شۆرش ناچار بوو کاریکی ناخۆش ئەنجام بدات، کە نەدەتوانرا خۆی لی ببویردریت. ئەویش کاتیک سلیمانی موعینی کە دژی ئەحمەد توفیق بوو، دەستگیر کرا، کە چوو بووە پال جاشەکانی ٦٦ و هاوکاری رژیمی عیراقی لە دژی شۆرش کردبوو، ئیدی کوژراو لاشەکەی بۆ ئیران نیردرایەوە. نەدەکرا وا چاو لە مەسەلەی چارەنوسی سولەیمانی موعینی بکریت کە مەسەلەیەکی حیزبی ناو خۆییە. ئەو هاوکاری جاشەکانی ٦٦ی کردووە و دوژمنی شورشە و ناکریت کیشەکەی جیابکریتەوە بە بیانووی ئەوەی کە پەیوەندی بە کاروباری حیزبەکەیەوە هەبووە. هەرچەند ئێمە ئەو کۆتاییە ناخۆشەشمان بـو ئـەو پیاوە نەدەخواست." وەرگێردراو لە کتێبی البارزاني و الحركة التحررية. مەسعود بارزانی بەبێ بەڵگە کاک سولەیمان تاوانبار دەکات و کوشتن و تەحویل دانەوەی ڕۆلەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ئێران بە کارێکی ئاسایی دادەنێت و فرۆشتنی شۆرشی ڕۆژهەڵاتی کۆردستان بە ئێران لە ژێر سیبەری شۆرشی باشوور حەقانیەت پی دەدات...

مەلا مستەفا ئەمر دەردەکات سولەیمان بخەنە بەندیخانەی شۆڕش. پاشان بە هەژار، شاعیری دەربار دەستوور دەدات کە سەردانی سولەیمان بکات و بە هەر زمانێک بێت، ئەو ناچار بە چونەوە و خۆ بەدەستەوەدان بکات. هەژار، هەر ئەو جۆرەی کە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا نووسیویەتی، لەجیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوونی خەباتی کوڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست دەکات بە مەحاکەمەکردنی سولەیمان. تەنانەت لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا کە دوای مردنی لە چاپدراوە، گەلێک ناو و ناتوورەی بەدوور لە ڕاستیی داوەتە پاڵ سولەیمان و تاوانەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ شاردۆتەوە. ئەگەرچی نوسراوەکانی هەژار لە ئاست سولەیمان سەر بە سەری سووکایەتین و بێحورمەتی، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە هیچیان ڕاست نین و هەر هەمووی ئەوەندە ساختەچییانە سازکراون، کە ڕواڵەتی شاعیرانەی هەژاریان هێناوەتە ژێر پرسیارەوە. دەبێ بڵێین جێی گەلێک داخ و کەسەرە بۆ پیاوێکی ئەدیب و شاعیری وەک هەژار، کە سەر و سەردەمێک دەگەڵ مامۆستا «هێمن» دوو شاعیری میلیی کوردستان بوون و لە ڕیزەی یارانی بەوەفای پێشەوا قازی محەمەد دەناسران، لەو سەردەمە ناسکەدا کە بزوتنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دنەدەر و چاوسوری زانا و لێهاتووی پێویست بوو، هەژار لە جیاتی یارمەتی و پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شان بە شانی کاربەدەستانی ساواک، تێکۆشەرێکی کورد مەحاکمە دەکات و دوای تێرۆرکردنیشی، بە ئەوپەڕی هەژاری و کەسادی و دۆڕاوییەوە لە چێشتە، مجێورە نەخۆرەکەیدا بە خراپە باسی ئەو کەسە دەکات، کە هەر لە سەردەمی کوڕ و کاڵی و لە

هەڕەتی لاوەتیی خۆیدا دەستی لە هەرچی خێر و خۆشی ناو بنەماڵەکەی هەڵگرتبوو و فیداکارانە خۆی بە فیدای کورد و کوردستان کردبوو.

لە کتیبی؛ چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک؛ لە لاپەرەی ٣٠٦ سەبارەت بە هەژار ئاوا دەنوسیت: عبدالرەحمان شەرەفکەندی کوری مەلا محەممەد ناسراو بە هەژار لە سالی ١٣٢٥ لە گەل یاخیەکان هاوکاری کردووە و پاش تیکشکانی سەرهەلدانی ئازەربایجان و لە بەین چونی قازی محەممەد، هەژار هەڵدێتە عیراق و لەو ناوچەیەی مەلا مستەفای لیدەبێت جێگیر دەکریت، ناوبراو لەو ماوەیە کە لە عیراق دەبیت لە گەل حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوکاری دەکات و هاوکاریەکەش بەو چەشنە دەبیت کە، شیعر و هەلبەستیان بە زمانی کوردی بو ساز دەکات و هاوکات کاری تەبلیغیان بو ئەنجام دەدات.

بە پیی راپورتی ساواک لە ١٤ - ٨ - ١٣٥٤ ناو براو وە بەر عەفوی شا دەکەویت و لەگەل مەلا مستەفا دێتەوە ئیران و دەنێردریتە کەرەج و ماڵیکی کە نرخی زیاتر لە یەک میلیون بوەدە دریتی، و مانگانەش موچەی چوار هەزار تمەنی بو دەبردریتەوە، ناوبراو لەوەزعی خوی زور رازی بووە. بە پیی راپورتی ساواک لە سالی ١٣٥٤ لە گەڵ محمود جعفریان، جیگری سازمانی رادیو تلویزیونی میللی ئیران قسە دەکات و زوری پی خوش دەبیت لە گەڵ بەرنامەکانی کوردی رادیو ئیران هاوکاری بکات، و لە سالی ١٣٥٥ ئەو کارەی پی دەسپیردریت.

بە پیی راپورتی ساواک لە ٧ - ٨ - ١٣٥٦ هەژار باس دەکات کە: تەمەنیکم تیپەرکردوە و تیگەیشتوم کە ژیانم دوراندووە ئیستاش دەمهەوێ بۆ خۆم بژیم...

دوای ناهومێد بوونی دەزگای بارزانی بۆ ڕووخاندنی کەسایەتیی سولەیمان، مەلا مستەفا دەستور دەدات ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ساواک لە وەرگرتنی سولەیمان بە زیندوویی خۆ دەپارێزن و داوای تەرمی بێ گیانی ئەو لە بارزانی دەکەن.

سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی باشووریش بەبێ ئەوەیکە مەبەستی ساواک لێکبداتەوە، ئەم کارەش دەکات و سولەیمان دەست بەستە شەهید دەکات.

ساواک لەم کارەدا دوو ئامانجان دەپێکێت؛ یەکەم ـ تێکدان و لێک بڵاوکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی تازە پێگرتوو. دووەم ـ

ڕەش و دزێو کردنی ڕوالّەتی شۆڕشی کوردستانی باشوور بەلای خەڵکی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو؛ کە هەر دووک مەبەستیشی لە لایەن هەڵویستی نادروست و دوژمن پەسەندانەی بارزانیەوە بۆ پێکهات. بزوتنەوەی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوقمی خوێن کرد و شەپۆلی نارەزایەتی و قین و تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان بزواند.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ - ٥ - ١٩٦٨ (٢٥ - ٢ - ١٣٤٧ هەتاوی)، بە ئەمری سەرۆکی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان شەهید دەکرێت. هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلی کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانێ پێرانشار دادەندرێت و بۆ وره بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی ، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە خەبەری شەهیدکرنی سولەیمان لە نێو خەڵکی مەهاباد و دەور و بەر دا دەنگدەداتەوە، خەڵک دەڕژێنە نێو شەقام و کۆڵانەکان. دوکان و بازاڕ و دایرەکان دادەخرێن و بە عام بەرەو گۆڕستانی بداغ سوڵتان دەکەونە ڕێ. ڕۆژی هەینی ١٧ - ٥ - ١٩٦٨ (٢٧ - ٢ - ١٣٤٧ هەتاوی)، شەهیدی سەربەرزی کورد، لە سەر دەست و باوەشی گەرمی خەڵکی کورد بە خاکی نیشتمانەکەی دەسپێردرێت. شایانی باسە ئاماژە بەمەش بکەین کە هەتا ئەو ڕۆژە، مەلا مستەفا وەک ڕەمزی شۆڕش و بەوێنەی کاریسمایەکی بەتوانای کوردایەتی ناوی لەسەر زمانی کوردی ڕۆژهەڵات بە خۆشی و ڕەوانی دەگەڕا، بەڵام بەم هەڵوێستە ناشایستەیە و بەم سور کردنی ئەنگوچکی شۆڕش بە خوێنی ڕۆڵەی شۆڕش، نەخوازا بە ئەمری خوێنخوارترین قاتڵی قازی محەمەد و یارانی ئەو، ئیتر ڕەمز و کاریسماکە شکا و هەتا لە ژیان دا بوو، نەکەوەتەوە نێو دڵی گەلی کوردستان بە تێکڕایی.

کاتێک محەمەد ئەمینی موعینی هەواڵی شەهیدکردنی سولەیمانی کوڕی دەبیستێت، دەڵێت: «پێم وانییە مەلامستەفا ئەم کارەی کردبێت، چونکە من گەلێکم خزمەتی مەلامستەفا کردووە و قەت بڕوا ناکەم ئەو خەیانەتە مەزنە بە دەستی ئەو لە کورد کرابێ!». بەڵام دواتر دەرکەوت کە کارەساتەکە بە فیتی ساواک و بە دەستی بارەگای بارزانی کراوە.

هەواڵی شەهیدبوونی سولەیمان موکریان دەهەژێنێت و لە شاری مەهاباد دا خەڵک دەڕژێنە سەر شەقامان، کە لە ئاکامی خۆ ڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵک و داخستنی دوکان و بازاڕی شار، ساواک ناچار دەکەن تەرمی سولەیمان بدرێتەوە کەس و کارەکەی لە شاری مەهاباد. خەڵکی مەهاباد بە ئەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە تەرمی سولەیمان لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان بە خاک دەسپێرن.

بەم جۆرە و لە ئاکامی هێرشی وەحشییانەی هێزەکانی ئێرانی و بە هۆی بەرژەوەندیی کاتی و پڕ لە هەڵەی شۆڕشی باشوور دا،

حوکمی فەوتانی کۆمیتەی ئینقلابی بە دەست و باسکی دوو لایەنان بەڕێوە بردرا.

ئەگەرچی سولەیمان و بەشێکی هەرە زۆری هاوڕێیانی کۆمێتەی ئینقلابی لە شەڕی داسەپێندراوی ڕژێمی شای ئێران دا شەهید کران، بەڵام ڕێگای پیرۆز و ئامانجی بەرزی کۆمیتەی ئینقلابی، کە ڕزگاریی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە دڵ و مێشکی گەلی کورد دا لە جاران نەمرتر ڕاگیرا و بوو بە سەرمەشقی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و بزوتنەوەکانی دوواییش.

شەش مانگ بەر لە کارەساتی دڵتەزێنی شەهیدبوونی سولەیمان، لە گوندی قەمتەرە ـ ی نزیک بە شاری مەهاباد، سولەیمان و عەبدوڵلا و مینەشەم و چەند پێشمەرگەی تر، دیداریک دەگەڵ پەریزاد و فاتم و جەعفەر، واتە خوشک و براکانی سولەیمان و عەبدوڵلا ساز دەکەن کە هەر لەو چاوپێکەوتنەدا سولەیمان بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت کە ئەو دەگەڵ بارزانی نەماوە و ئامادەش نییە بچێتە ژێر فەرمانی ئەووەوە. خوشک و براکانی هۆیەکە پرسیاردەکەن، سولەیمان لە وڵامیاندا دەڵێت: " هەتا ئەوکاتەی کە شۆڕشی گەلی کورد بە پشتیوانی و یاریکاریی زەحمەتکێشانی گە لی کورد و، بۆ وەدیهاتنی مافی ئەوان بەڕێوەدەچوو، ئێمە لە خزمەتی دابووین، بەڵام هەرکە ڕێبەرایەتیی شۆڕش کەوتە داوی پیلانی دوژمنانی گەل و لە گەل جیا بۆوە، ئێمەیش لێی جیابووینەوە و خەتی خەباتێکی ڕاستەقینەمان گرتۆتەوە بەر" .

هەر لەو چاوپێکەتنەدا سولەیمان ئەمەش دەڵێ کە دوای ماڵاویی لێکردنیان و لێک هەڵبڕانیان، بە ماوەی شەش مانگان لەو مەڵبەندە دوور دەکەوێتەوە و دوای گەڕانەوەی، ڕەوشێکی تری شۆڕشگێرانە دەگرنە بەر.

مریەم خانمی خێزانی سولەیمان و سیامەندی کوڕیان کە لە گوندی دێرێ دەبن، بە یارمەتیی محمد مەلا عەلی بێژۆێی ڕادەگوێزرێنە سونێ، بەڵام ساڵی ١٩٦٧، لە ئاکامی هێرشێکی پێشمەرگەکانی پارتی بۆ سەر سونێ، خێزان و کوڕی سولەیمان دەکەونە بەردەستی کەسێک بەناوی حەسۆ میرخان و لە سەنگەسەر دەسبەسەر دەکرێن. هەر لە گوندی سەنگەسەر دا دووەمین منداڵی سولەیمان، کە سامرەندی ناوە، لە دایکدەبێ. لە ماوەی لەدایکبوونی سامرەنددا، هاوڕێی دێرینی سولەیمان، واتە سەید ڕەسوڵی دێهقان ئەو پەڕی فیداکاری و لە خۆ بوردوویی نیشاندەدات.

پاش ماوەیەک، سولەیمان نامەیەک بۆ حەسۆمیرخان دەنووسێ و داوا دەکات ژن و منداڵەکەی ئازاد بکرێن و ڕەوانەی

سلێمانی بکرێنەوە، بەڵام حەسۆمیرخان هیچ وەڵامێکی پێناداتەوە. هەر بۆیە سولەیمان چەند پێشمەرگە دەنێرێت و ژن و منداڵەکەی لە دیلی و ژێردەستی ڕزگار دەکات. لە ڕاگواستن و جێگیرکردنی ژن و منداڵەکانیدا، شێخ لەتیفی حەفید ئەوپەڕی هاوکاری نیشان دەدات و لە نزیک ماڵەکەی خۆی خانویەکیان بۆ بەکرێدەگرێت.

کارنامەی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی لە ژێر تەم و مژێکی لێڵ دا شاراوە ماوەتەوە و هەرچەند کە ڕێبەران و ئەندامانی بەوەفای ئەو هێزە ساوایە غەرقی خوێن کران، بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی بە سەربڵندی ژیان و بە ڕووسووری کەوتنە ژێر خاک. ناویان و یادی ئاشکرایان بوو بە سوێند و بەڵێنی کوڕان و کیژانی کوردستان لە ژوانگەی دڵداری و خەبات دا و سوێندیان پێ خورا. دەنگی دەنگبێژان بە دەنگ یادی و یادگارەکانیان لاواندنەوە و هەڵبەستوانان سروديان بۆ هەڵبەستن. مامۆستا مەزن بە یادی یەکەم ژوانی یارانی شۆڕش لە زمزیرانی سەرکەش دا، ڕەمزی ڕازێکی بە گوێی خەڵک دا چرپاند، و هێمن ـ ێ زاناو شاعیری میللی کورد ڕایگەیاندکە ڕەوەز بە داردەست وردنابێت وسولەیمان بە گوللە ناکوژرێت و شێرکۆ بێکەس هەلبەستی بۆ دەنوسێت وبە سەدان کەس هەستی خۆیان لە یادی کاک سولەیمان بە شێعر و هەڵبەست بڵاو دەکەنەوە.

سیامەند موعینی - ماڵپەڕی: شەهید



سەرچاوە Serchawe

## شەهید نحۆ پاشای ناسراو بە باپیرشکاک:

### ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب




کاک نحۆ خەڵکی گوندی ساکان لەناوچەی شکاکان بوو. نوح ناوی ڕاستی کاک نحۆیە، کە لە ناوچەی شکاکان نوح بە نحۆ بانگ دەکەن،

وە لە ناو حیزبدا بە باپیر شکاک ناسرابوو. باپیر شکاک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپیاوێکی دڵسۆز و دوژمنی زوڵم و زۆری حکوومەت و دەرەبەگە خائینەکان ناسرا بوو.

ساڵی ١٩٥٩ کەوتە بەرپەلاماری سازمانی ئەمنیەت و گیرا و پاش پێنج ساڵ زیندان ئازادکرا. کاک باپیر بەگرتن و شکنجەو ئازاری چڵکاوخۆرانی شا چاوترسێن نەکرا و هاتەوە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات.

لە هاوینی ١٩٦٧ لە ناوچەی سەلماس لەخرەعەجەم لە لایەن ٨٠ ژاندارمەوە گەمارۆ دەدرێن و لەخەوێدا دەبن کە لە هەموو لایەکەوە دەستڕێژیان لێ دەکەن و لەهەوەلین دەستڕێژدا چوار کەس لە تێکۆشەرەکانی دێموکرات بە ناوەکانی:

١- مەلاسمایل فەقێ یسی.

٢- ناجی.

٣- فیروز برای نحۆ.



سەرچاوە
Serchawe

٤- مام ڕەزا مامی نحۆ شەهیدکران .

کاک باپیر کە هێندێک دوورتر دەبێ و هەر چوار هاوڕێ شەهید بوون و بە تەنیا لێان وەخۆ دەکەوێ و لە شەڕێکی قارەمانانەدا ١٦ کەسیان لێ دەکوژرێ و زیاتر لە ٣٠٠ ژاندارم و جاش لە ورمێ و پاسگاکان را بە هێلیکۆپتێر دەگەنە فریای بەکرێگیراوەکانی تر بۆ شەڕ دەگەڵ یەک پێشمەرگەی کوردستان کاک نحۆ. پاش چەند سەعات شەڕ بە گوللەی ژاندارمێکی کورد شەهیدکرا.

بەداخەوە باپیرشکاک(نحۆ) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات وچوار کەس لە تێکۆشەرەکانی دێموکرات ١٧ی مای ١٩٦٧ی زایینی = ٢٧ی بانەمەری ١٣٤٦ی هەتاوی؛ بەدەست هێزەکانی ئێران لە ناوچەی سەلماس لە خڕەعەجەم. شەهید بوون

## شەهید عەولا موعینی: ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز کۆنگرە دووهەمی




عەبدوڵڵای کوری میرزا حەمەدەمین موعینی، براچوکەی سولەیمانی موعێنی یە و شەهیدی دووهەمی بنە ماڵەی موعینی یە! عەبدوڵڵا لە دایکبووی (٢٤ - ١ - ١٣٢٤) (١٤ - ٤ - ١٩٤٣ی)زایینی شاری مەهابادە. عەبدوڵڵا لەقوتابخانەی سەعادەتی شاری مەهابادو سەعدی دەورەی سەرەتایی تەواو کردووە، ودەورەی ناوەندیشی لە قوتابخانەی - دبیرستان، محەمەدرەزاشا، لە مەهابادتەواو کردووە.

عەبدوڵلا بە پێڕەوی لە سوننەتی بنەماڵەکەیان لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستی کردووە بەخەباتی سیاسی نهێنی. لە بەر کاری سیاسی کوردایەتی، لەلایەکو ماوە پێ نەدانی ساواک لەلایەکیتر، نەیتوانی درێژە بەخویندنی زانکۆ بدات ، وەکوو برا گەورەکەی - سولەیمان، ناچارکرا شار بەجێ بێڵێو ڕوربکاتە چیا.

عەبدوڵلا لەسالی ١٣٤٣ (١٩٦٤ز) دا بەهۆی هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە رۆژهەلاتی کوردستان، دەگەڵ جەماعەتێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب، خۆیان بەدەستەوە نادەن و ڕوو دەکەنە ناو شۆڕشی باشووری کوردستان. عەبدوڵلا لە مانگی خاکەلێوەی ١٩٦٤ (١٣٤٣ز) هاتە سەنگەسەر. ئەو دەمە بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەنگەسەر بوو. عەبدوڵلا لەهاوینی ئەوساڵەدا، کاک ئەحمەد تۆفیق دەگەڵ دوو خوێندکاری تر ڕوانەی کردن بۆ بەغدا کە ئەگەر بۆی بکرێ بینێرێتە دەرەوە - ئوروپا بوخوێندن. دوای ماوەیەک مەحتەل بوون لەبەغدا، سەفەرەکەی بۆنەکراگەڕاوە سەنگەسەر. ئەوجارەدەگەڵ بەشی تایپ وچاپەمەنی دەستی کرد بەکار. عەبدوڵلا لاوێکی خاوەن ئینێرژی و بە حەوسەلە و پشتکاربوو.



سەرچاوە
Serchawe

عەبدوڵڵا موعینی لە کۆنگرە دووهەمی حیزب کە لە سەرماوەزی ١٣٤٣ (نۆڤەمبەری ١٩٦٤ز) لە گوندی سونی لە باشووری کوردستان پێکهات بە ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز هەڵبژێردرا.

لەهاوینی ١٩٦٥ز دا دەگەڵ کاک سولەیمان و کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بۆ کاری تەشکیلاتی، گەڕاوە ناوخۆی وڵات. ماوەی ٦ - ٧ مانگ لە ناوخۆی وڵات ماوە. عەبدوڵڵا دەگەڵ ئەوە کە لە شار مەزن ببوو، سەربازیی نەکرد بوو، کوردە گوتەنی هێشتا زۆری چەرمەسەری ژیان نەچێشتبوو، بەڵام هەتا خوا حەزدەکا ئازاو نەترس بوو! وای خۆپێشان دەدا کە قەت لە شار گەورەنەبووە. پارتیزانێکی بەتەواو مانابوو. دوای ئەوەی کەکاک سولەیمان گەڕاوە، دەگەڵ کاکی و کۆمەڵێک لە کادروپێشمەرگە دوور خرانەوە بۆ "دۆڵە ڕەقە". هەتا ئەو دەمەی کە کەوتنەبەر پەلاماری پاراستن و شۆڕشی کوردستان هەر لە "دۆڵە ڕەقە" و "دێرێ" مانەوە.

دوایی کە ناچاربوو دەگەڵ کاکی ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە، کوردستانی باشوور بەجێ بێڵن، روویان کردەوە وڵاتی خۆیان.

عەبدوڵڵا لە یەکەم دەرگیری دا، لە چیای سپی سەنگ برینداربوو. لەو دەرگیرییەدا عەبدوڵڵا ئازایی و بوێری خۆی نیشاندا. دوای دەرگیری بۆ دەرمان کردنی برینەکەی گەڕاوە بۆ ناوچەی سولەیمانی چووە ماڵی شیخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر. بەهۆی شیخ لەتیفەوە، دوکتوران تەداوییان کرد، پاش چاکبوونەوەی برینەکەی خێرا گەڕاوە لای هاوڕێکانی، لە ناوچەکانی مەهابادو بۆکان وسەردەشت، لە جەولە دابوون. عەبدوڵڵا دوای شەهید بوونی کاک سولەیمانیش بێ وچان خەریکی کاری سیاسی و بەرگری کردن و دارشتنەوەی ڕێبەرایەتییەکی بەهێز بوو. دەگەڵ هەموو بێ ئیمکاناتی و هێرشی بەربڵاوی لەشکری شاهەنشایی، سەنگەری غیرەتی چۆل نەکردو کوردستانی بەجێ نەهێشت. مردنی لە پێناو ڕزگاری گەلە چەوساوەکەیدا، بەلاوە خۆشتر و بە چێژتر بوو لەتەسلیم و مەتەرێز چۆل کردن!

هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەگەڵ هاوڕێی بە جەرگ و ئازای، مینەشەم، بوێرانە درێژە بەخەباتی سیاسی نیزامی خۆیان دەدن. مخابن شەوی (٣٠ - ٣ - ١٣٤٧) ٢٠ - ٦ - ١٩٦٨زایینی لە نزیک گوندی قالوێ ناوچەی گەورکی موکریان، لەشکرێکی لەڕادەبەدەری ژاندارم وجاش و دلاوەرو هەوانیروز، ئابلوقەیان دەدن. لەو شەڕە نابەرانبەرەدا عەبدوڵڵا و مینە شەم، شەهید دەکرێن. ئیتر عەبدوڵڵا لە ٣٠ی جۆزردانی ١٣٤٧دا. لە سەنگەری شەڕفدا لە پێناوی بەرگری لە گەلە بێ مافەکەیدا، دەگەڵ مینەشەم، دڵە پڕلە ئاواتەکەیان بە گوللەی داگیرکەرانی کوردستان، لە لێدان دەکەوێ و چاوەکانیان لێکدەنێنو لاپەڕەیەکی ترلە مێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەیان،



سەرچاوە
Serchawe

ئازایانە و سەربەرزانە، بەخوێنی خۆیان دەرەنگێنن و تۆماردەکەن، بەروحێکی شادەوە ماڵئاوایی لەگەل ونیشتیمان دەکەن.

ئەوجارە لەشکری ژاندارمەری ئیران، تەرمی عەبدوڵلاو مینەشەم نادەنەوە بنەماڵەکانیان، شەو بەدزی ڕەوانەی پادگانی جەڵدیان یان پیرانشاریان دەکەن، تەرمەکانیان دەشارنەوە! هەتا ئێستاش بە تەواوی نەزانراوە کە گڵکۆکەیان لە کوێیە؟ لەو شەڕەدا، پێشمەرگەیەکیش بەناوی حەسەن خورخورەیی بە بریندراری دەسگیردەکرێ، دواتر ئەویش شەهید دەکرێ. ئا بەو جۆرە ئەوانیش بەسەری بەرزەوە، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستانی داگیرکراو بوون. روحیان شاد!

بۆیە هێمنی نەمر لەبارەیانەدا دەڵێ: بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن - شەهیدی بێ سەرو بێ شوێن دەنێژن.

محەمەدی خزری - ماڵپەڕی: شەهید

## شەهید مەلا ئاوارە (ئەحمەد شڵماشی): ئەندامی ڕێبەری حیزب، ٤٦ - ٤٧




**ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

* مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شڵماشی) لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٣١٣ هەتاوی (١٩٣٤ ی ز) لە گوندی " شڵماش " سەر بە شارستانی سەردەشت، لە دایک بوو. بنەماڵەی مەلا"محەممەد ئەمین" بوون بە خاوەنی کوڕێکی چاوشین و خنجیلانە.

باوکی ئەحمەد لە لە ئەسڵ دا خەڵکی دێهاتی دەورو بەری سنە و لە هۆزی هەمەوەند بوو و پاش تەواو کردنی خوێندنی مەلایەتی ڕێگای کەوتبوو ئەم گوندە و دڵی لێی گیر ببوو هەر لەوێ ژنی هێنا بوو و بنەماڵەی پێکەوە نابوو. گۆیا مەلا محەممەد ئەمین لە سلێمانی باشووری کوردستان ڕا بە ناوچەی شاربازێڕ و ئالانی باشووردا بەرەو ئالانی سەردەشت هاتووە تا لەوێوە بڕوا بۆ سەردەشت و مەهاباد. لە گوندی بێژوێ لا دەدا و دەچێتە خزمەت شێخ محەممەد ئەمینی بێژوەیی. ئەویش کە دەمێک دەبێ بۆ مەلایەکی باش دەگەڕێ بۆ گوندی شڵماش، وەڵام دەداتە شڵماشیان کە مەلایەکی ئاوا چاک بەوێ دا دێ، مەیەڵ بڕوا و بیکەنە مەلای خۆتان. کاتێک بە گوندی شڵماش دا ڕۆیشتووە و خەڵکەکەی داوایان لێ کردوە ببێتە مەلایان، ئەویش کە گوندەکەی زۆرپێ خۆش بوە، ویستویەتی بۆ ماوەیەکی کاتی لە وێ بێ، بەڵام دوایە نەیتوانیوە دەستی لێ هەڵگرێ و هەر لە وێ ماوەتەوە.

مەلا حەمەدەمینی باوکی ئاوارە مرۆڤێکی لە خواترس و زانا و عالم بوو لە شەرعی ئیسلامیدا و لە سەرف و نەحوی

عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبوو زۆر مەسائیلی شەرعی لە لا دەکرانەوە. بێجگە لەوەش خۆشەویستی نیشتیمانی وەلا نەنا بوو ئۆگری نەتەوە و نیشتیمانەکەی بوو.

شەهید مەلا ئاوارە لە منداڵیەوە لای باوکی خوێندبووی، پاشان لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستاندا،گەڕا بوو وخوێندبووی. مەلا ئاوارە لە سەردەمی خوێندن و گەڕان بە کوردستاندا،بێ بەشی و هەژاری گەلی کوردی دی بوو،

دەست تەنگی و نەداری جێشتبوو، هەربۆیە بۆ رزگاری گەلەکەی ڕێگای خەباتی سیاسی گرتەبەر و بو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و کادرێکی تێکۆشەر و زانای حیزب بوو.

ئاوارە لە ماڵ و ژیانی خۆی دوور کەوتبۆوە بەڵام هەموو جێگەیەکی ئەم کوردستانەی بە ماڵ و زێدی خۆی دەزانی و لەو کاتەیەوە لە ماڵ دوور کەوتبووە هەستی بە غەریبی نەکرد بوو. چوونکە ئەو تەنیا خۆی بە رۆڵەی دایک و بابی نەدەزانی و خۆی بە رۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانی، هەر بۆیە بوو ئەو دەم و ئێستاش ئەوانەی ناو و ناوبانگی ئاوارەیان بیستبوو رێزی تایبەتی یان بۆی هەیە.

* ئاوارە لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ی ز) بە هۆی حیزبایەتی و ئیش و کاری سیاسی یەوە لە بەر چاوی سیخورەکانی پاشایەتی بۆگەن ئاشکرا بوو بەرەو کوردستانی گەرمێن رێی داگرت کە ئەو دەم تازە شۆرشێکی گەرم و گوڕی تێدا بەرپابوو بوو. ئەو چالاکانە لەو شۆرشە دا بەشداری کرد و هێندەی نەخایاند لەبەر ئەمینداری و ئۆگری لە رادە بە دەری بە خاک و وڵات بوو بە جێی متمانەی رێبەرایەتی شۆرش.

* مەلا ئاوارە لە پاش ساڵەکانی ١٣٤٤ و ١٣٤٣ی هەتاوی (١٩٦٥ - ١٩٦٤) زایینی لە باشووری کوردستان گەڕایەوە رۆژهەڵاتی کوردستان و گۆچانێکی بە دەستەوە گرت و لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت لە نێو جوتیاران و زەحمەتکێشاندا ئەرکی نیشتیمانی و حیزبی خۆی بە جێ دەگەیاند. ڕژیم بە هیچ شیوەیەک زەفەری پی نەدەدی و هیندە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا خۆشەویست بو کە پەنایان دەدا و دەیان شاردەوە.

* ئاوارە لە دەورانی فەقێ یەتی لە حوجرەی فەقێیان و پاشانیش بە خویندنەوەی شێعری شاعیرانی نیشتیمان پەروەری کورد ئۆگری یەکی زۆری بە شێعری پاراو و رەسەنی کوردی پەیدا کرد بوو و لە کاتی پێشمەرگایەتی دا زۆر جار بە زمانی خەڵک شێعری دەگوتن و زۆر زوو شێعرەکانی دەما و دەم لە نێو خەڵکی دا بڵاو دەبونەوە و خەڵک شێعرەکانی ئەویان بۆ یەکتری لە بەر دەگووتەوە.

ئەگەر بمانەوێ بە ناخی شێعرەکانی ئاوارە دا بچینە خوارەوە و دابەش کردنێکیان لێ بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو جۆرە هەڵبەستی هۆنیوەتەوە.

هەڵبەستی نیشتیمان پەروەری وەک هەڵبەستی "کوردم کوردستانم دەوێ " و "توتنەوان"، ڕەش بگیری و لای لایە، هەڵبەستی توتنەوان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەچێتە سەر دیاردەی سیاسی. دیارە ئاوارە هۆی بەش مەینەتیەکانی گەلەکەی بە هۆی سیاسی دادەنێ. هەروەها لە هەڵبەستی لای لایە دا کە لاوانەوەیە دوبارە ئامانجی دەربرینی نیشتیمان پەروەرییە. هەڵبەستی وەسفی وەک "ئالان".

* لە بەهاری ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧)ی زایینی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ئیمکانی حاوانەوەیان لە باشووری کوردستان نەما و بە قەولی خەڵکی لێرەواری لای خۆمان کە بن دەوەن شین بوون تێکۆشەرانی حیزب بەرەبەرە داوەرینەوە وڵاتی و ئەوانی تا ئێستا لە پەنا و پەسیوان و ئەشکەوتی تەنگ و تاریک و تنوک و سارد و کادێن و وچخانەی تەنگەبەر دا خۆیان حەشاردا بوو خۆیان وەبەر هەتاوێ دا. لە نێو ئەوان دا کادری ڕێبەری حیزب وەک: سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف... کە لە گەڵ مەلا ئاوارە جوڵانەوەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨) یان ڕیبەری دەکرد.

ژاندارم و جاشە خۆفرۆشەکان و چڵکاو خۆرە بوو دەڵەکانی حەمە ڕەزا کە توانای بەر بەرەکانی ڕوو بەروویان لە گەڵ ئەم تێکۆشەرە لە خۆ بوردوانە دانەبوو بە شێوەی کۆن و هەمیشەیی ئاغاکانیان دەستیان بە فیڵ و داو نانەوە بۆ ئەم تێکۆشەرانە کرد.

* حەسەن سەکر کویخای گوندی دیواڵان بە دنەدانی حاجی برایمی بەریاجی کێشەی زەوی و زاری لە نێو جوتیارانی گوندەکە سازکرد بوو لە لایەکی دیکە داوای لە ئاوارە کرد بوو بۆ خۆی بێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئاوارەش بە پێی واجبی خۆی و بە هەست کردن بە مسئولیەتی خۆی بەم کارە هەستا بوو و شەوێک لە شەوانی مانگی بانەمەری ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨)ی زایینی بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە بۆ چارەسەری کێشەکە دەچێتە گوندی دیواڵان و لە پاش ڕاگەیشتن بە کێشەکە و چارەسەر کردنی لە لایەن خۆفرۆش حەسەن سەکری دیواڵان مەلا ئاوارە دەرمان داو دەکرێ و هەر ئەو شەوە حەسەن سەکر پیاو دەنێری بۆ دام و دەزگای حکوومەتی و بەیانی زوو شەوەکی لە لایەن ئەرتەش و ژاندارمەری و جاشەکانەوە دەوری گوندی دیواڵان دەگیرێ و مەلا ئاوارە بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دەبەن بۆ شاری سەردەشت و لە پاشان لەوێوە بەرێ دەکرێن بۆ دادگای سەحرایی جەڵدیان کە ئەو دەم بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن ژنیراڵ (اویسی) جەللادی شا پێک هاتبوو. کاتێک مەلا ئاوارەیان گرت تا ئەو کاتەی شەهیدیان کرد

زیاتر لە چوار مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا زۆرتر لە قەسابخانەکەی جەڵدیان رادەگێراو لە ژێر درندانەترین و سامناک ترین ئەشکەنجە و ئازار دا بوو. بەڵام بە شەهامەت و ئەمینداریەکی زۆرەوە خۆی راگرت و ئەو ئەمانەتەی دایکی نیشتیمان کە بە لایەوە بوو نەی درکاند و نهێنیەکانی لەگەڵ خوێنی گەشی دا نەمامی ئازادی کوردستانی رەنگین و دەلالیان پاراو کرد.

ئاخرەکەی کاتێک دوژمنەکان بۆیان روون بۆوە کە مەلا ئەحمەد شلماشی خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی دەگەڵ چۆر چۆر شیری مەمکی دایکی دا بە گەرووی داکراوە و دەگەڵ هەموو دەمارەکانی لەشی و لە نێو دلۆپ دلۆپی خوێنی نێو لەشیدایە تا کاتێک گیان لە جەستەی دا بێ خەیانەت بە گەل و نەتەوە و وڵات ناکا، جەلادانی رژیمی پاشایەتی ئێران زۆر بێ بەزەیی یانە ئازار ئەشکەنجەیان دان تا ئاخرەکەی  شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ دوو خەباتگێری دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە " محەممەد ئەحمەدی" کە هەردووکیان خەڵکی گوندی دیواڵان ی ناوچەی سەردەشت بوون. کە لە  مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ (مای ١٩٦٨)زایینی لە گوندی دیواڵان لە گەڵ شەهید ئاوارە گیرابوون، و دوای چوار مانگ زیندان و ئەشکەنجە لەبەرە بەیانی رۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی بەرانبەر( ٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٨)ی زایینی لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئیعدامیان کردن.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە تەرمی شەهیدەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨) یان بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک بە شار و گوندی کوردستان دا دەگێرا، بە کرێگیراوانی رژیم هەر بەو بەیانیە زووە تەرتیبی ناشتنی تەرمی ئەو سێ شەهیدەیان دابوو لە قبرستانی گردە سووری شاری سەردەشت و تا چەند مانگ دواتر شوینی ناشتنەکەیان ئاشکرا نەبوو، بەڵام لە پاشان گلکوی پیرۆزیان بوو بە جێ نەزرگەی پیر و لاوی کورد.

کاتێک جەلاددەکانی شا مەلا ئاوارەیان بۆ گۆرەپانی تیرە باران دە برد، بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێڕانە گوتی:
(بە کوشتنی من خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانپەروەرانی کورد دووایی نایە).

بژی کوردستان ).

سەرچاوە: ١- یادی یاران، نووسینی حەمە رەسووڵ حەسەن پوور. ٢- رۆژنامەی کوردستان.

پێداچوونە: مستەفا شلماشی

## شەهید عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) کەسایەتی یەکەمی کۆنگرەی دووهەمی




ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ئەحمەد تۆفیق، ناوە ڕاستەقینەکەی عەبدوڵڵا یە، کوڕی سەید حەمەدمینی ئیسحاقی یە. لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣١ی زایینی لە گەڕەکی هەرمەنیانی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئەو سێ برا و دوو خوشکی هەبوو، کە بەپێی تەمەنیان بریتی بوون لە: محەممەد، حوسێن، خودی عەبدوڵڵا، مستەفا، سەیزادە خونچە و سەیزادە کەلسوم. دایکی لە مەنگوڕەکانی مەهاباد بوو. باوکی ماوەیەک لە مەهاباد کاری قەسابی دەکرد و پاشتر بە کاری چێوداریەوە خەریک و لەو ڕێگەیەوە بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد.

ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٨دا لە خوێندنگەی سەرەتایی پەهلەوی لە مەهاباد خرایەبەر خوێندن. پتر لە ساڵێکی نەبرد کە هەلومەرجی جیهان و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی توند ڕۆیی. هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان و بەهێزبوونی خێرای پێوەندییەکانی ئێرانی شاهەنشاهی و ئەڵمانیای نازیی و زیادبوونی فشاری ڕێژیمی ڕەزاشا لە نێوخۆی وڵات، تا دەهات دۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکەی ئاڵۆزتر دەکرد. بەتایبەت پەلامار و داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی شورەوی و بریتانیاوە لە ٢٥ی ئابی (ئاگوستی) ١٩٤١دا، کە ئاکامەکانی بە ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاشا و لەبەریەک هەڵوەشاندنی لەشکری شاهەنشاهی کۆتایی هات. بەوەش ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە هەلومەرجی گشتیی ئێران و تایبەتی کوردستان و هەرێمی موکریان دەستیپێکرد.

ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤١ - ١٩٤٦ی زایینی شاری مەهاباد، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لاوانی ئەو شارە بەگشتی و

لەسەر ڕۆحییەت و کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق بەتایبەتی هەبوو. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نیزامی لەو شارە، دەست پێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی، بووژاندنەوەی هۆشی نەتەوایەتی، دامەزراندن و تێکۆشانی چەند ڕێکخراوی ئازادیخوازانە و ناسیۆنالیستی کوردیی، وەک "حیزبی ئازادیی کوردستان" و "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژ. ک.) و پاشتر "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و پەرەسەندنی شەپۆلی خەباتی نەتەوایەتی کورد لەپێناوی وەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکاندا، هەلومەرجێکی تایبەتی لە مەهاباد هێنابووە ئارا. ئەو هەلومەرجە بەخێرایی لاوانی خوێنگەرمی مەهابادی بۆ کۆڕی بەشداری و تێکۆشان ڕادەکێشا.

ئەحمەد کە ئەو کات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو، بەزوویی تێکەڵاوی چالاکییە خوێندکارییەکانی لاوانی مەهاباد بوو. بەتایبەتی لەدوای دامەزراندنی "سازمانی جەوانانی کورد"، لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی "دەبیرستانی پەهلەوی"وەک: غەنی بلوریان، عەلی مەولەوی، سەدیقی سیاسەری... هتد، لە نێوەڕاستی شوباتی (فیۆرییەی) ساڵی ١٩٤٢دا. ئەو ڕێکخراوە یانەیەکیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو، خەریکی چالاکیی ڕۆشنبیریی و کۆڕی شیعرخوێندنەوە بوون و لە پاش دامەزراندنی کۆمەڵی ژ. ک. لە ١٦ی ئابی (ئاگۆستی) زایینی ١٩٤٢دا، بوونە بەشێک لە "ڕێکخراوی لاوانی ژ. ک. و پاشتریش "ێکخراوی لاوانی دێموکرات" .

پاش ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک) بە مەبەستی فێرکردنی منداڵانی کورد بە نووسین و خوێندنەوەی زمانی زگماکیان و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی، هەستا بە دامەزراندنی دوو خوێندنگەی شەوانە لە شاری مەهاباد، یەکێکیان بە ناوی "گەلاوێژ" و ئەوی دیکەیان بە ناوی "ئازادی". ئەحمەد خۆی لە خوێندنگەی گەلاوێژ ناونووس کرد و شەوانە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی ڕووی لەو خوێندنگەیە دەکرد کە لە گەڕەکی "قولە قەبران"ی شاری مەهاباد و سەرەتا لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی و پاشتریش بۆ ماڵی سەید عەبدوڵڵای تەهازادە گوێزرایەوە. ئەو خوێندنگەیە لەلایەن مەلا عەبدوڵڵای داودی کە ناسراوە بە "مەلای حەجۆکی" و بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵەی ژ. ک. ی شاری مەهاباد بوو دەبرایەڕێوە. لەڕاستیدا ئەو خوێندنگەیە جگە لە فێربوونی زمانی کوردی، شوێنی خوێندنەوەی شیعر و وتاری حەماسی نەتەوەیی بوو و لەڕووی پەروەردەییەوە نەخشی لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی خوێندکارانیدا هەبوو.

پێویستە بگوترێت وێڕای ئەو نائارامییەی کە لەدوای داگیرکردنی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا سەربازییەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی سەراسەری وڵاتی تێوەگلابوو، شاری مەهاباد بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی نموونەیەکی ئاساییش و ئارامی بوو. بەشێکی ئەو ئارامییە بەهۆی هەڵوێستی دڵسۆزی گەورەپیاوانی شارەوە بوو. ئەوانەی لە ترسی پەلاماری تاڵانخوازی عەشیرەتە چەکدارەکانی دەوروبەری شار، وەک بەشێک لە پاشماوەکانی ڕۆژانی کێشەی "کۆچەر و نیشتەجێکان" هەڵسان بە پێکهێنانی دەستەی چەکداری کێشکچی کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شەو و ڕۆژی شاریان

گرتەئەستۆ و ئامادە بوون بەرپەرچی هەر پێشهاتێکی لەناکاو بدەنەوە، هێمنی شارەکە تێکبدات. ئەم هەوڵانەش لەژێر چاودێریی و ڕێنیشاندەری کەسایەتیی ڕێزدار و دڵسۆزی شار، محەممەدی قازی، کە دواتر بە پێشەوا قازی محەممەد، ناوبانگی دەرکرد، دەچوو بەرێوە.

شایەنی باسە، ئەحمەد وەک لاوێکی خوێنگەرم و ئەندامێکی سازمانی جەوانان بەپەرۆشەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەو و ڕۆژ بەنێو کۆڵان و شەقامەکانی نێو شاردا دەسووڕان و وەک پاسەوانێکی هەمیشەئامادە ڕۆڵیان لە ئارامی شاردا دەبینی. بۆ ئەو مەبەستەش سازمانی جەوانان تفەنگێکیان بە ئەحمەد بەخشیبوو کە دەگونجێت ئەوە یەکەمین دەرفەت و ئەزموون بێت بۆ ئەحمەد لەگەڵ چەک و کاری چەکداریيدا.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوەدی و پێی خستە قۆناغێکی گرنگ و نوێی مێژوویيەوە، بە چەشنێک زەمینەی گونجاوی بۆ ڕەخسا کە دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتەدەست. ئەویش بە دامەزراندنی 'جەمهوریەتی کوردستان' بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد، کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو، لە ٢٢ی کانونی دووەمی (جانێوێری)ی ١٩٤٦دا. لەڕاستیدا ئەو ئەزموونە نەک هەر مۆرێکی قووڵی لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر ڕۆحییەتی لاوانی ئەودەمی کوردستان بەگشتی و شاری مەهاباد بەتایبەتی هەبوو. ئەو ڕۆحییەتەی کە بە داگیرکردنەوەی مەهاباد لەلایەن لەشکری شاهەنشاهی و لەسێدارە دانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهابادا و ڕووخاندنی کۆمارە ساواکە تووشی شۆک و هوروژانێکی توند هات.

دانا ئادەمز شمدت، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی، لەو بارەیەوە سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق نووسیویە "ئەحمەد لاو بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٤٧دا هەڵواسینی تەرمی قازی محەممەد و خزمەکانی لە مەیدانی شارەکەدا دیتبوو، ئەو دیمەنە بە شێوەیەکی وا تەزاندبووی کە بەدرێژایی تەمەنی لەبەرچاوی ون نەدەبوو. قازی محەممەد پاڵەوانی ئەو بوو، کاری ئەو لەو کاتەدا گەیاندنی نامە بوو بۆ سەرۆککۆمار، زۆر شانازیشی بەوەوە دەکرد کە دوو جار لەلایەن سەرۆککۆمارەوە ستایش کراوە. جارێکیان بەهۆی ئەوەی کە نەیهێشتووە کابرایەکی نەناسراوی بێ پێناس بچێتە نێو بارەگای حیزب و ئەوی دیکەشی بەهۆی هاوکاریکردنی لە دانان و دیزاینی ئارمی نیشتمانی کوردی دا".

هەر لێرەدا ڕاستییەک هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بنەماڵەی ئیسحاقی بۆ کوردایەتی قوربانیدەر بوون، سەید محەممەدی ئیسحاقی، برا گەورەی ئەحمەد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. و دۆست و هاوڕێی حوسێنی فروهەر، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵە، بوو. سەید محەممەد لە دەورانی جەمهوری کوردستاندا ئەفسەری سوپای دێموکراتی کوردستان

و سەرکردەیی ستادیمیاندواوی لە ئەستۆدا بوو. پاش ڕووخاندنی حکومەتی کوردستان و شاڵاوی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی شاهەنشاهی، سەید محەممەدیش وەبەر ئەو پەلامارە کەوت و پێنج ساڵ زیندانی و دوو ساڵ دوورخستنەوەی پێبڕا. پاش ئازادبوونی دووبارە کەوتەوە بەر ڕاوەدوونانی هێزە ڕێژیم، هەربۆیە چەند ساڵ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی خۆی شاردبووەوە تا دواتر لە پەلامارەکانی ساڵی ١٩٥٩زایینی دا لەگەڵ سەید حوسێنی برای و سەید ڕەحمانی برازای ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی ساواک کران. سەید محەممەد حەوت ساڵی دیکە لە زیندان ڕاگیرا و بەهۆی ئەشکەنجە و لێدانەوە پێیەکانی فەلەج بوون، پاش دەرکردنی لە زیندان شەش ساڵی دیکە دوورخرایەوە تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٧٨ زایینی دا بەدەم ئازار و نەخۆشییەوە گیانی سپارد.

هەروەها سەید مستەفا ئیسحاقی، برابچوکی ئەحمەد، لەژێر کاریگەری و بە ڕێنمایی ئەحمەدی برای لەگەڵ چەند خوێندکاری دیکەی زانکۆی تاراندا وەک: عەزیز ژیان، حەسەن باباتاهیری، ئەمیر قازی، حەمەدمینی سیراجی، فاتیحی شێخولئیسلامی و سەلاحودینی موهتەدی 'کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد'یان دامەزراند؛ ئەو کۆمەڵەیەی ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە کۆکردنەوەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە دەوری خۆی و پەروەردەکردنیان بە گیان و شێوەیەکی کوردانە جگە لەو هاوکاری و پشتگیرییەی کە کۆمەڵەی ناوبراو بە قازانجی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان پێشکەشی دەکرد، مەسەلەیەکی وا کە پاشتر لە بارەیەوە دەدوێین. هەربۆیە سەید مستەفا و هاوڕێیانی کەوتنەبەر پەلاماری دەزگای سازمانی ئەمنیەت و لە ساڵی ١٩٦١دا ڕاپێچی زیندانی قزل قلعه لە تاران کران.

* پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی (سپتامبری) ساڵی ١٩٦١ بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و پەیوەستبوونی ئەحمەد تۆفیق بەو شۆڕشە، نابراو داوای لە خزمانی کرد بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش خۆ بگەیێننە باشووری کوردستان. ئەوە بوو سەید حەسەنی کوڕی سەید حوسێنی برای و دوو خوشکەزای دیکەی بە ناوەکانی مەلاغەفور و حەسەن ئیبراهیمی بۆ پێشمەرگایەتی ڕوویان لە باشووری کوردستان کرد.

* لێرەدا دەتوانرێت ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی کە کۆمیتەی مەهابادی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتدا لە ١ی ئایاری (مای) ١٩٥١دا و لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئەنجامیاندا، بە یەکەمین خۆپیشاندانی سیاسیی و جەماوەریی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لەقەڵەم بدرێت لەدوای ڕووخاندنی کۆمارەوە. شایەنی باسە، ئەحمەد تۆفیق چ لە ئامادەکردن و چ لە ڕێبەرایەتیکردنی خۆپیشاندانەکە کە زیاتر لە سێ هەزار لاوی شاری مەهاباد بوون، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. ناوبراو بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندانەکە سەرەتا لەگەڵ غەنی بلوریان چوونە لای سەرگورد پەنبە بەگوش، سەرۆکی شارەوانی، و دواتریش لەگەڵ عەزیزی حیسامی چووبوونە لای فەرماندەی تیپی مەهاباد، سرهنگ وەفا و توانیبوویان چاوپۆشی لێپرسراوان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە مسۆگەر بکەن. پاش ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

خۆپیشاندان دەستپێکرد، ئەحمەد تۆفیق لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوو؛ ئەو خۆپیشاندانەی کە بەبێ گیروگرفت کۆتایی هات.

* کاتێکیش مەسەلەی ریفراندۆم سەبارەت بە هێشتنەوە یاخود هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شازدە لە سەرەتای ئابی (ئاگوستی) ١٩٥٣دا لە ئێراندا هاتەگۆڕێ، حیزبی تودە و شاخەکەی لە کوردستان بڕیاریاندا هانی خەڵک بدەن بە قازانجی موسەدیق بە (بەڵێ) بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس دەنگ بدەن. شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق یەکێک لەو کەسانە بوو کە حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد دا دەستنیشانی کردبوون تا کۆبوونەوە بە خەڵکی شار بکەن و دەربارەی ریفراندۆم پێویستی دەنگدان بە بەڵێ لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس بۆ خەڵک قسان بکەن. ئەحمەد لە ڕۆژی ریفراندۆم دا و لە نێزیک سندوقی دەنگدان و لەبەر مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد خەڵکێکی زۆری کۆکردبۆوە و هانی دەدان لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شاپەرستەکان دەنگ بدەن. دیارە زۆرینەی دەنگەکانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس و بە قازانجی موسەدیق کۆتایی هات.

* هەروەها بە لێپرسراوێتی ئەحمەد تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە مەبەستی بەشداریکردنی لاوانی سەرتاسەری ئێران و پێشوازیکردن لە فێستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان، لاوان و خوێنکارانی شاری مەهاباد لە ٦ی حوزەیرانی (جوونی) ١٩٥٣دا لە باخی میکایل دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد. سەرتیپ زەنگەنە، فەرماندەی تیپی مەهاباد، بە بیستنی ئەو هەواڵە هێزێک بە ڕابەری سەرگورد رادپور دەنێرێتەسەر ئاهەنگگێڕەکان. هێزەکە بە گەیشتنی بۆنێو باخی میکایل پەلاماری لاوان دەدات و ڕەهێڵەی گوللە بە ناویاندا دەکات. سەرئەنجام لاوێک بە ناوی حەسەنی ڕەمەزانی دەکوژرێت و ژمارەیەکی دیکەشیان لێ بریندار دەکرێن و هێندێکیشیان لێ دەگیرێن.

* سەبارەت بە بڕیاری سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتیش، ڕێبەرایەتیی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا لە تاران کۆبوونەوە و بەگشتی بڕیاریاندا پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنن و نامەیەکی ڕەخنەئامێزیش سەبارەت بە بێهەڵوێستی حیزبی تودە لەمەڕ کودەتای ١٩ی ئاب (ئاگوست)ی بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شووەروی لێ ئاگادار بکەنەوە؛ ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە ناوچەی لاجان و لە مایسی ١٩٥٥دا جەختی لەسەر کرایەوە و هەنگاوی بۆ نرا.

ئەحمەد تۆفیق کە ئەوکات بە نهێنی لە شاری سنە و لە ماڵی عوبێدی خالقی کاری حیزبی دەکرد، پاش مەترسیی ئاشکرابوونی، بە بڕیاری حیزبی گەڕایەوە مەهاباد و ئەرکی بەڕێوە بردنی کۆمیتەی مەهابادی پێسپێردرا. ناوبراو وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزب بەتوندی پشتگیریی لە سەربەخۆیی حیزب و گەڕانەوە بۆسەر خەتی ڕەسەنی

نەتەوایەتیی دەکرد لە بەرامبەر ئەندامە تودەکرات و کۆسمۆپۆلیتییەکاندا.

* لەڕاستیدا، دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم و ژیانێکی پڕ هەوراز و نشێودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسایەی ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق، دووەمین کۆنگرەی خۆی لە ١٩ی تشرینی دووەمی (نۆڤەمبەری) ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی سونێی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق، لە کەشوهەوایەکی سارد و لەژێر سێ دەواری گەورە کە بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوا قازی محەممەد و ڕابەرانی دیکەی ڕێگای کوردایەتی ڕازێنرابۆوە، دەستپێکرد.لەم کۆنگرەیەدا ئەحمەد توفیق وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا.

* ئەحمەد تۆفیق کە لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢دا لەلایەن پیاوانی ئەمنی عێراقەوە گیرا، نزیکەی هەشت مانگ لە زیندانی "ئەبو غرێب" لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا هێشتیانەوە. ئەو جگە لە تاهیری گاردی، کەسی دیکەی لەگەڵدا نەبوو. تاهیر درێژەی ئەو لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانەی لە وتووێژێکدا باسکردووە و دەڵێت: "لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢ میتر لە ٢ میتردا بوون... لە دیوەکەی چاویان کە کردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شین و ڕەش ببۆوە. ئەحمەد زۆر لە من خراپتر بوو. پرسیم کە بۆ وا نارەحەتی و نەفەست نایە؟ گوتی یەک نەفەر لەسەر سینگم دانیشتووە، قورسایی ئەو کە نازانم ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێک کەمتر کاک ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بوو و خێرا خێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی دەهات... لێم پرسی چییان لێکردی، گوتی: کوشتیانم! هەرچی ئەمن لەگەڵ خۆم لە بەغدا کردوومە ئەویان لێ پرسیوم! گوتیان تۆ هاوکاری مەلا مستەفات کردووە. گوتم: نەمکردووە، پێشتر کردوومە و دەبێ بیکەم و من پەناهەندەی سیاسییم و وەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەک دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتار و هیتلەریش نەیکردووە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە".

تاهیر لە وتووێژە کەیدا بەدرێژی باس لە ئەشکەنجەدانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات کە چۆن نینۆکەکانی قاچیان دەرهێناون، دواتر دێتەسەر چوونی سەعدون غێدان و عبدالخاق سامەڕایی بۆلای ئەحمەد تۆفیق، چۆن داوای ئەوەیان لە ئەحمەد کردووە گەر وتار دژی مەلا مستەفا بنووسێت ئازادی دەکەن. تاهیر دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئێستاش بڵێن لەسەر شای بنووسە. هیچیشم نەدەنێ دەینووسم، بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلا مستەفا ئەوەی داوای لێدەکەم ناینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە! ئەوانەی ئەهلی کەیفن، ئەوانەی دەتوانن،

ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردووە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کە لەسەر ئەوان بمرم خیانەتیان پێ ناکەم... ئەمن چەندەی لەو زیندانەیدا بم ئیحترامم دەمێنی بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەکی بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ئێوە بنووسم دەبم بە پووشی بەر ڕۆژی. ئەوەندەو کار بە منە تا مەقالەکەی دەنووسم و ئیمزای دەکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەرێ و لە دنیاش ئابڕووم نامێنێ. لێرەدا دەبم و ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بە قسەتان دەکەم، بەڵام بە دژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سوریە و ئێرانیش نە بە عەمەل و قسە هیچ شتێک ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەک ژینی خوێڕیانە و سەرشۆڕی. بۆ ماڵی دنیا و تەمەن و نان، شەرەف و عیزەتی ئینسانی و کوردی لەژێر پێ نانێم".

سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، تاهیر دەڵێت: "سێ، چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێک پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاک ئەحمەد، چۆنی؟ چییان لێ پرسی؟ گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم ئیمزا کردووە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ سەفحەیە. بۆخۆم خوێندوومەتەوە. بەو پەروەندەیەی کە لە دادگایە بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییکەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: موتەهەم بە چی کراوی؟ گوتی: کۆمەک بە مەلا مستەفا بارزانی و هێنانی خەبەرنیگاری خەبەرگوزاری ڕۆیتێرز، دانا ئادام ئیشمیت، و خیانەت بە عێراق و گوتی هەرچی کردوومە و گوتوومە بە بەعسییەکان گەیشتۆتەوە... دواتر کاک ئەحمەد هیچی نەدەخوارد، ئەوە هەشتەم مانگە و کاک ئەحمەد سەروبەندی گیانەدەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیر وەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاک چاک بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ. جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست، دەستم لە لاقی دا سارد و عاددی بوو، گوتی: ماڵتە، ئەو دەرکەیەی لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژوورێ!! گوتم کاکە، ئەوە تۆ قسان دەپڕوکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەرێ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەر وایە لاقت وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە. لاقم بۆ درێژ کرد و گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پێ نەچوو، چاوەکانی وێک نان و هەناسەی نەما و شەهید بوو. هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێنا و لەسەر پەتووەکەم دانا و ملم نا لە گریان، یەک بە خۆم بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ١٩٧٣ی زایینی بوو... تەرمی کاک ئەحمەدیان برد و نازانم چی بەسەر هات و چیان لێکرد".


ئەحمەد تۆفیق چون بە ڕەبەنی مابۆوە و ژنی نەهێنابوو، پاش مەرگی کەسی لەپاش بەجێ نەما، لە ژیانیدا زۆر کەس پێیان خۆش بوو خزمایەتی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەحمەد بڕیاری هاوسەرگیری هەمیشەیی لەگەڵ وڵاتەکەی دابوو، وەک شمیدت دەڵێت: "ئەو باسی ئەو کچانەی دەکرد لە پراگ چاوی پێیان کەوتبوو و گوتی:

* لەڕاستیدا من یەک خۆشەویستم هەیە، ئەویش خۆشەویستی وڵاتەکەمە".

ئەم کورتە ژیننامەیە لە: ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق (١٩٣١ - ١٩٧٣)

لە نووسینی د. یاسین سەردەشتی وەرگێراوە

## مەلا قادر ویردی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنفڕانسی سێیەم



ڕۆژی سێی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٢٤ (٢٣ی مای ١٩٤٦ز) لە ئاوایی مەریجەلانی ناوچەی بانە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمان پەروەردا، کۆرپەیەڵەیەک چاوی بۆ ژیان کردەوە و لەسەر نەریتی کوردەواری کۆڕێکیان بۆ گرت و ناویان نا قادر.

قادر، کوڕی مامۆستا مەلا ڕەحیمی ویردی بوو کە لە کۆڕی خەبات و تێکۆشان لە ڕیزی حیزبی دیمۆکڕاتدا بە «میرزا ئەحمەد» ناسرابوو، تا ئێستاش فیداکارییەکانی هەر لەسەر زاری شۆڕشگێڕانی حیزب و نیشتمانە.

قادری ویردی لەو بنەماڵەیەدا هەڵی دا و بەخۆداهات و «شیلەی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی لەگەڵ شیری دایکیدا مژیبوو». قادر دوای بڕینی قۆناغی ساوایی لە خزمەتی باوکیدا پەرتووکە سەرەتاییەکانی خوێندن و دواتر وەک هەموو فەقێ و مامۆستایانی کوردەواری ڕووی کردە حوجرە و بە ڕەسمی بوو بە فەقێ و لە ناوچەی بانە هەتا قۆناغی سووختەیی بڕی و دواتر، بەدوای فێربوونی زانستدا شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان گەڕا و هەتاکوو خەرمانی زانستی خۆیی دەوڵەمەندتر کرد و پێگەیشت. ئەو گەڕان و ئاشنابوونەی بە ژیانی پڕ لە کوێرەوەریی زەحمەتکێشانی نەتەوەکەی و، زوڵم و زۆریی ڕێژیمی دژ بە کوردی پاشایەتی، بوو بەهۆی ئەوە کە ڕۆژانە بیر لەو زامە بەسۆیەی گەلە بەشمەینەتەکەی بکاتەوە و وەک برینێکی بێ هەتوان بەدەستیەوە بناڵێنێ. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەیکە پێش وەرگرتنی بڕوانامەکەی واز لە خوێندن بێنێ و بڕواتە ڕیزی ئەو خەباتکارانەی کە لە قوتابخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوونەتە خەمخۆری ڕاستەقینەی گەل و نیشتمانەکەیان و بێ منەتانە گیان لەسەر دەستن.

مەلا قادر ویردی، لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی (١٩٦٣ز) بە ڕەسمی بوو بە ئەندامی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و لە شانە

نهێنییەکانی حیزبدا سازمان درا، ئیتر لەوەدەمەوە دەستی لە ژیانی ئاسایی خۆی هەڵگرت و، هەموو کات و ساتی ژیانی سەربەرزانەی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی و، وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی تەرخان کرد. ئەوینی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی بە ڕادەیەک ئاوێتەی ژیانی ببوو، کە هەموو ئاوات و خۆزگەکانی لە سەرکەوتنی حیزب و بە ئاوات گەیشتنی گەلە بەشمەینەتەکەیدا کۆ کردبوونەوە.

مەلا قادر ویردی لە پێناوی گەشەپێدانی تەشکیلاتی حیزبەکەیدا شەویشی بە دەم ڕۆژەوە دابوو. بێ‌پشوودان و حەسانەوە هەوڵی دەدا و ببوو بە چەقڵی چاوی بەرماوخۆرانی ڕێژیم و هەر بۆیەش جاش و ساواکییەکان شوێن پێیان هەڵگرت و، ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی (١٩٦٦ز) لەلایەن ئەو سازمانەوە لە شاری بانە گیرا و ڕاپێچی چاڵەڕەشەکان درا و خرایە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە.

جەللادەکانی ڕێژیمی شا بە دڕندانەترین شێوە هەوڵیان دەدا کە ئەو ڕۆڵەیەی دێموکرات بەچۆک دابێنن و نەهێنییەکانی پێ ئاشکرا بکەن، بەڵام قادری خاوەن باوەڕ و ئیرادە، زۆر لەوە بە جەرگتر و بە ئەمەگتر بوو کە لە بەرانبەر ئازار و ئەشکەنجەدا بەچۆکدا بێ و مل بۆ ویستە چەپەڵەکانی ساواک کەچ بکا و هاوکارییان بکا، لە ژێر ئەشکەنجەدا برینداربوو، ڕەنج و ئازار و لێدانی قەبووڵ کرد، بەڵام لێوی لە ئاست درکاندنی نەهێنییەکان هەڵ نەپچڕی و هیچی بۆ نەدرکاندن. قادری ویردی بەخۆڕاگری و ئیرادەی پۆڵایینی، توانی چۆک بە دوژمنانی ئازادیدا بدا و، پاش ئەوەی نەیانتوانی بەڵگەیەکی لێ وەدەست بێنن، بە ناچار دوای چەند مانگ ڕاگرتن و ئازار و ئەشکەنجە ئازادیان کرد. دوای ئازادبوونیشی کە مەیدانی حەوانەوەیان لێ بەرتەسک کردبوویەوە و بێپسانەوە لە ژێر چاوەدێریدا بوو، بەناچاری ڕۆژهەڵاتی بەجێهێشت و ڕووی کردە باشووری کوردستان و لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتیی کردە شان و تێکۆشانی ئاشکرای دەست پێکرد.

گرتن و لێدان، ئازار و ئەشکەنجە، دەربەدەری و ئاوارەیی و دووری لە زێد و نیشتمان و خاووخێزان، نەک هەر نەیانتوانی کار بکەنە سەر ئیرادەی پۆڵایین و ئیمانی بەهێزی قادر ویردی، بەڵکوو کردەوەی دڕندانەی جەللادە خوێنڕێژەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا، ئەویان لەسەر درێژەدان بە خەبات لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی و، ڕزگارکردنی نەتەوەکەی لە زوڵم و چەوسانەوە، شێلگیرتر و پێداگرتر کرد. ئەو مکووڕی و کۆڵنەدانەی مامۆستا، بوو بە یەکێک لەو ئیمتیازانەی کە لە کۆنفرانسی سێیەمدا کە لە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٥٠ (٢١ی جوونی ١٩٧١ز) لە شاری کۆیە باشووری کوردستان گیرا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرێ و ئەرکی قورستر بکەوێتە سەر شانی.

ماموستا مەلا قادر وردی لەو پۆستە گرینگەشدا بە کردەوە لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا و، وەک تێکۆشەرێکی نموونە و ماندوویی نەناس، بێ پشوودان و حەسانەوە، لە ڕێی بەختەوەریی گەلە بەشخوراوەکەی و، وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات و ئازادی و دێموکراسیدا تێ کۆشا و خەباتی درێژە پێ دا.

نەمر قادر ویردی لە خەباتی نەهێنیی پاش سەرکوتکرانی بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی، ئازایەتییەکی کەموێنەی لەخۆی نیشان دا. لەحاڵێکدا ڕێژیمی پاشایەتی کە لە سەرکەوتنی سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینە شایی لە دڵی پڕ لە کینەیدا دەگەڕا و، لە تێهەڵچوونەوەی خەباتگێرانی دێموکرات زراوی چووبوو و، هەموو سنوورەکانی بە جاش و ئەرتەشی دژی گەلی تەنیبوو، قادر ویردی کە ئەوکات لە کوردستانی باشوور دەژیا، بە خۆی و دەمانچەیەکەوە هەمیشە بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ گوند نشینەکانی نێوخۆی وڵات لە پێوەندی و هاتوچۆدا بوو. سەرەڕای ئەوەی کە باشترین پێوەندیی تەشکیلاتیی لە ناوچەی بانە پێک هێنابوو، بۆ ناوچەکانی دیکەش پەری هەڵاویشتبوو. ڕێژیمی پاشایەتی لەو پێوەندیگرتنە توندوتۆڵە بە تەواوی ترسی لێ نیشتبوو، هەر بۆیە هەنگاو بە هەنگاو لە دووی دەگەڕا هەتا لە ئاکامدا لە بەهاری ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٣ز) کە بۆ کارێکی تەشکیلاتی سەردانی شاری بانەی کردبوو و لە ماڵی یەکێک لە ئەندامە نهێنییەکانی حیزبدا بە ناوی عەزیز مابوویەوە، بە هۆی ڕاپۆرتی خۆفرۆشێکی ئەو شارە لەکاتی دەرچوون درانە بەر دەستڕێژی گولە و دەستبەجێ ماموستا گیانی لە دەست دا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی گەلەوە.

یادی بەرز و سەنگەری ئاوەدان.

عادڵ مەحموودی - سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید سەرگورد حەبیب الله عەبباسی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم




سەرگورد حەبیب الله عەبباسی یەکێک لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی کوردی خەڵکی مەهاباد بوو. ئەو لە کاتی راپەرینی گەلانی ئێران دا لە خزمەتی دەکرد. هەر لەوێ لە گەڵ حیزبی دێموکرات پێوەندیی گرت و وەک لایەنگرێکی چالاک دەستی کرد بە تێکۆشان. پاش سەرکەوتنی شۆڕش گەرایەوە مەهاباد و لە بەرنامە دانان بۆ گرتنی پادگانی مەهاباد دا نەخشێکی بەرچاوی یاری کرد.

لە شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٩ز) دا خزمەتی گەورەی بە پێگەیاندنی پێشمەرگە کرد و لە بەرەکانی شەڕیش دا لە هەر جێ یەک پێویست با، ئامادەی خزمەت و فیداکاری بوو. بۆیە بوو بە خۆشەویستی ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب کە لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ (١٩ی فێوریەی ١٩٨٠) لە شاری مەهاباد بەڕێوەچوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا.

دوای کۆنگرە سەرگورد عەبباسی بوو بە بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد. دوژمن زۆری لێ دەخەفتا و هەمیشە لە پیلانگێران دا بوو بۆ ئەوەی بتوانی لە نێوی بەرێ.

سەرەنجام کۆماری ئیسلامی زەفەری پێ برد. ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ (٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ز) پاسدارێکی خەڵکی ورمێ کە گۆیا دۆستی سەرگورد و عامیلی نفووزیی ئەو لە نێو ڕێژیم دابوو لە گەڵ پاسدارێکی دیکە دەچنە شوورای نیزامی و داوای چاوپێکەوتنی سەرگورد دەکەن. سەرگورد ئیجازەی چاوپێکەوتن بە بەناو "هاوکار"ەکەی خۆی دەدا و کابرا بە چەکێکی

ئوتوماتیکەوە ڕێگای دەدرێ بچێتە ژووری دەرگورد. پاش چەند دەقیقە ناوبراو دەسرێژ لە سەرگورد و هاوکارەکانی دەکا و دەسبەجێ سەرگورد و هاوکارێکی بە ناوی سەروان ئەحمەد چەلەبی دەکوژێ و دەردەپەڕێ.(١)

پاش ئەنجامی ئەو عەمەلیاتە هەر دوو پاسدار بەرەو پادگانی مەهاباد ڕا دەکەن و پێشمەرگەکانیش وەدوایان دەکەون. لە ئاکامی تەقەی پێشمەرگەکان دا پاسدارێک دوکوژرێ. بەڵام تاوانباری ئەسڵی خۆی دەگەیەنێتە پادگانی مەهاباد. مەرگی سەرگورد عەبباسی داخێکی گرانی لەسەر دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دانا و سەنەدێکی دیکەی خستە سەر پەروەندەی پڕ لە غەدر و خەیانەتی دەسەڵاتدارانی ئێران و بەتایبەتی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئاخوندی.

------------------------

بۆ حەقیقەت مێژوو دەبێ بگوترێ ساڵی ١٣٦١ موجاهیدینی گەلی ئێران لە نێو شاری ورمێ ئەو تاوانبارەیان بە سزای کردەوەی خەیانەتکارانەی خۆی گەیاند.

سەرچاوە نیو سەدە تێکۆشان - مامۆستا حەسەنزادە



سەرچاوە
Serchawe

## سەروان ئەحمەد جاویدفەر ناسراو بە( کاک هەژار): ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی پێنجەم




ئەحمەد جاویدفەر کوڕی محەممەد، ساڵی ١٩٥١ لە ئاوایی قونقەڵای ناوچەی شاروێرانی مەهاباد دا لە دایک بووە. تا وەرگرتنی دیپڵۆمی ئامادەیی لە مەهاباد دەرسی خوێندووە، و پاشان لە زانکۆی ئەفسەریی تاران وەرگیرا. پاش تەواو کردنی دەورەی زانکۆی ئەفسەری وەک ئەفسەرێکی لێهاتوو لە ڕیزی ئەرتەش دا جێگیر بوو.

ساڵی ١٩٧٩ پاش هەڵگیرسانی شەڕی داسەپاو بە سەر گەلی کورددا وەک ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئەم گەلە هاتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەفتەری سیاسی حیزب بۆ بە تواناتر کردنی هێزی پێشەوا کاک هەژاری بە جێگری فەرماندەری ئەو هێزە دیاری کرد. چەند ڕۆژ دواتر واتە ٢١ - ١٠ - ١٩٨٠ لە کۆبونەوەیەک دا لە ئاوایی دەرمان سەر بە شارستانی مەهاباد کە بە بەشداریی فەرماندەرانی پێشمەرگەی هێزی پێشەواو کۆمیتەی شارستانی مەهابادو نوێنەرانی دەفتەری سیاسی پێک هات،کاک هەژار بە فەرماندەری هێزی پێشەوا دیاری کراکە پێشوازی گەرمی لێ کرا.

هەرچەند بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا زیاتر لە ساڵێک و چەند مانگ وەک فەرماندەری هێزی پێشەوا و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد درێژە بە خزمەتەکانی بدا،بەڵام هەر لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی گرینگ وکاریگەری لە ڕێکخستن و بەرزکردنەوەی پلەی کارلێهاتوویی پێشمەرگەکانی ناوچەی مەهابادا گێڕا.

کاک هەژار لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) لە گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت پێکهات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا.

کاک هەژار دوو ڕۆژ دوای هەڵبژێرانی بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و مانەوە لە پۆستی فەرماندەریی هێزی شەهید پێشەوادا مەئمووریەتی پێ درا کە لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بۆ یارمەتیدان بە کۆمیتەی شارستانی بانەو هێزی شەهیدانی وردیی ئەوکاتی بانە کە ناوچەکەیان بە توندی کەوتبووە بەر هێرش و پەلاماری بەربڵاوی هێزەکانی ڕێژیم بچێتە ناوچەی بانە.کاک هەژار بە مەبەستی خۆئامادە کردن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەئمووریيەتە لە شوێنی کۆنگرە را بەرەو ناوچەی مەهاباد گەڕایەوە. ڕۆژی ١٢ - ١٢ - ١٩٨١ بۆ ماڵ ئاوایی لەکاک یۆسف سازواری و هاوڕێیانی کە حەوت ڕۆژ بوو شەهید کرابوون، لە سەر بەرنامەی لە پێش دا داڕێژراو،جەماوەرێکی زۆر لە زۆربەی گوندەکانی شارویرانەوە لە گورستانی شەبەک کۆبونەوە، کاک هەژار بۆ یەکەمجار لە کۆبونەوەیەکی ئەوتۆدا بریاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دروشمی ڕوخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران ڕاگەیاند. ئەو بریارە لەو سەردەمەدا دەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوڕوو بوو.

بە گەیشتنی کاک هەژار بۆ ناوچەی بانەو شوێنی تێکهەڵچوونی هێزەکانی ڕێژیم و پێشمەرگە، لە عەمەلیاتێکی قارەمانانەی هاوبەش لەگەڵ هێزی شەهیدانی وردی دا، هێزەکانی ڕێژیمیان تێک شکاندو ناچار بە پاشەکشەیان کردن. بەڵام لە کاتی پاشەکشەی بەکرێگیراوانی تاران دا ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ ( ١٢ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) کاک هەژار کەوتە بەر گوللەی دوژمنانی ئازادی و دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و ماڵ ئاوایی لە هاوسەنگەران و حیزبەکەی خواست.

ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (١٥ - ١٢ - ١٩٨١ز) لە نێو خەم و پەژارەی خۆشەویستەکانی دا لە گۆڕستانی ئاوایی لاچین بە خاکی پاکی کوردستان ئەسپێردرا. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی و ڕێگای گەیشتن بە ئاواتەکانی پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شەهید



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید عەبدوڵڵا بەهرامی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەم




عەبدوڵڵا بەهرامی خەباتگێری ماندوویی نەناسی ناوچەی هەورامان بوو. شەهید عەبدوڵڵا بەهرامی کە ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩ز) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا لە ناوچەی پاوە لە دایک ببوو، خوێندنی لە شارەکانی پاوە و کرماشان تەواو کردبوو و پاش وەرگرتنی دیپلۆمی کشت و کاڵی، ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) لە یانەی کەشاوەرزیی شاری پاوە دامەزرا. لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دا چالاکانە بەشدار بوو و لە یەکەمین میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد دا کە بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب بەرپا کرا، بەشدار بوو. لەو کاتەوە چارە نووسی لە گەڵ چارە نووسی حیزبی دێموکرات گرێ درا.

بەهرامی لە ماوەی پێنج ساڵ تێکۆشانی سەخت و دژوار دا بە شارەزا بوون لە کەند و کۆسپەکانی ڕێگا خەبات و بە هەوڵ دان بۆ تەخت کردنی ڕێگای تێکۆشان لە ئەندامێکی ساکارەوە بوو بە ڕێبەرێکی لێوەشاوە.

شەهید بەهرامی؛ لە کۆنگرەی پێنجەم دا کە لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) لە گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت پێکهات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێژدرا.

لە کۆنگرەی شەشەمیش دا سەرلە نۆێ کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانێوێری ١٩٨٤ز) کە لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان بەرێوە چوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر بە ئەندامی ناوەندی ئاژوان کە بۆ سەرپەرستیی کاروباری حیزبی لە جنووبی کوردستان دامەزرا بوو، هەڵبژێردرا.



سەرچاوە
Serchawe

عەبدوڵڵا بەهرامی لە قبووڵ کردنی بەرپرسایەتی و بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی سەرشانی دا ئازایەتی و فیداکاری یەکی کەم وێنەی لە خۆی نیشان دەدا. ڕێبەرێکی خەڵکی بوو کە لە گەڵ پێشمەرگە کان و وەک پێشمەرگەکان دەژیاو نموونەیەکی بەنرخی ئەخلاق بوو. ئەو ئاشقی حیزبەکەی و ڕۆڵەی بە ئەمەگی گەلەکەی بوو. شانازیی بە ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتەوە دەکرد و لەوە کە پێشمەرگەی گیانفیدای ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەیەتی هەستی بە سەربەرزی و شانازی دەکرد.

بەداخەوە ئەو تێکۆشەرە و ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی ناوەندی کە لە نێوان کۆنگرەکانی شەشەم و حەوتەم و ڕاست لە ڕۆژی ٢٨ی بانەمەری ١٣٦٣ (١٨ی مای ١٩٨٤ز) دا واتە کەمتر لە چوار مانگ دوای هەڵبژێرانەوەی دوو بارەی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شەهید بوو.

## شەهید سەدیق فەرۆخییان: ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەم




هاوڕێی سەدیق فەرۆخییان، رۆڵەی بە نرخی زەحمەتکێشانی ناوچەی سەقز، ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) هێشتا تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕانەگەیەندرا بوو، کە پێوەندیی بە حیزبەوە گرت و شانازیی ئەندامەتیی پێ درا.

پاش ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩ز) بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەقز و پاییزی ئەو ساڵە لە شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکان لە سەر ڕێگای سەقز - مەریوان دا بە توندی بریندار بوو. ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠ز) بوو بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستانی سەقز و لەو پۆستە تازەیە دا نەخشێکی گرنگی لە دیفاع لە سیاسەتەکانی حیزب و ئامانجەکانی گەلی کورد دا یاری کرد.

ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣ز) کرا بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار و لە کۆنگرە شەشەم ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانێویری ١٩٨٤ز) کە لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان بەرێوە چوو بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

بەداخەوە هاورێ سەدیق فەرۆخییان لە شەری ناوخۆیی بەرەبەیانی رۆژی جەژنی نەورۆزی ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ (٢٠ی مارچی ١٩٨٥) لە هێرشی ئەفرادی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی ناوەندی ئاژوان لە جنووبی کوردستان شەهید بوو.

هاورێی سەدیق فەرۆخییان کادرێکی تێکۆشەر و قارەمان و دڵسۆز بوو کە بەرێوەبردنی ئەرکی حیزبی هەر چەندی

قورستریش بایە ماندووی نەدەکرد. و ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر ئەنجامی ئەرکەکانی شێلگیرتر دەبوو. شەهید بوونی سەدیق فەرۆخییان وەک لە دەست چوونی هەموو تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات غەم و پەژارەی خستە نێو دڵی هاوسەنگەرانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە. ئەو کارەساتە لەو بارەشەوە دڵتەزێن بوو کە کاک سەدیق نە لە بەنگار بوونەوە لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی دا، بەڵکوو لە پەلاماری کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی حیزب دا و بە دەستی ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیونی کورد شەهید بوو.

## شەهید سەرگورد کەریم عەلییار: ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەم




**پشتت چەماندم**

لە دڵی بەردی چیای کوێستانا پەرییەک هاتو هەواڵی هێنا
وتی لەرزی هەرچی دەشتو کێوە کە جیهان گوردی لە ئامێز دانا
ڕەبی بشکێ دەسی زوڵمت دونیا بۆ شکاندت دەستی هانای هانا
بۆ بە بێ روحمی چەماندت پشتم باری قورسی خەمی تاڵت لێ نا

بێبەش

کەریم عەلیار ناسراو بە سەرگورد عەلیار لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاوایی عەمبار سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان چاوی بە دنیای روون کردەوە، ئەو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند گەورە بوو، لە خوێندنیش زۆر زیرەک بوو پۆلەکانی خوێندنی یەک بەدوای‌یەکدا بڕی. پاشان رەوانە سەربازی کراو پلە نیزامییەکانی تا پلەی سەرگوردی بڕی.

سەرگورد کەریمی عەلیار، بەر لەوەی بێتە ڕێزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ئەرتەشی ئێراندا خزمەتی دەکرد. ئەو کۆلیژی ئەفسەریی تەواو کردبووو لیسانسی حوقووقی سیاسیشی وەرگرتبوو. شارەزایی تەواوی لە زمانەکانی فارسی، تورکی‌و ئینگلیسی‌دا هەبووو لە کۆلیژی زمانی ئینگلیزی لە ئەرتەشدا نەفەری دووهەم هاتبۆوە. ئەگەرچی بنەماڵەکەی لە کۆنەوە تێکەڵاوی سیاسەت بوونو تەنانەت مامو برایەکی لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتی‌دا، پێوەندییان بە

حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبوو، بەڵام سەرگورد عەلیار تا ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی نەچووە نێو تێکۆشانی سیاسییەوە. بە دوای دەرچوونی فەرمانی جیهاد لەلایەن خومەینییەوە لە دژی گەلی کوردو دەستپێکردنی بەرەنگاریی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی خومەینی، سەرگورد کەریمی عەلیار، ئەرتەشی بەجێ هێشتو هاتە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوەو تا ڕۆژی شەهیدبوونی، لە ریزی حیزبی دێموکراتو لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورددا خەباتی کرد.

سەرگورد عەلیار, لەبەر پسپۆڕیو لێوەشاوەیی لە کاری نیزامیو فەرماندەریداو هەروەها بەبۆنەی بڕوای قووڵی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتەکەی، پاش ماوەیەکی کورت بە فەرماندەری هێزی پێشمەرگە دیاری کراو لە چەندین ناوچەی کوردستان ئەم بەرپرسایەتییەی بەڕێوە برد. لە ماوەی ٦ ساڵ بەرپرسایەتی لە کاروباری نیزامیدا، چ وەک فەرماندەی هێزو ئەندامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەو چ وەک ڕاوێژکاری نیزامیی دەفتەری سیاسی، سەرگورد عەلیار نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی خاوەن بیروباوەڕو بەرپرسێکی پسپۆرو شارەزایە.

سەرگورد عەلیار، ئەو کاتەی لە ئەرتەش دابوو، هیچ کات نەیدەشاردەوە کە ئەفسەرێکی کوردەو شانازیی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکرد. ئەم هەستە لەلایەکو ئاگاداربوون لە نێوەرۆکی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووو نیازە چەپەڵو دژی گەلییەکانی ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە، هانی دا ببێ بە پێشمەرگەی گەلو نیشتمانەکەی، ئەگەرچی پلەی سەرگوردیی هەبوو، لە پێشمەرگایەتیو تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتیشدا سادەو ساکار دەژیا, ئەندامێکی بە دیسیپلینی حیزب بوو، هەر ئەرکێکی پێ سپێردرابا، بە شانازییەوە بەجێی دەگەیاند، مرۆڤێکی لەسەرەخۆ، بە ئەخلاقو ئەرکناس بووو زانستو ئەزموونو پسپۆریی خۆی بە سەخاوەتەوە نابووە خزمەت تێکۆشانی حیزبی دێموکراتو خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەی. ئەم تایبەتمەندییانە سەرگورد کەریمی عەلیاریان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خۆشەویست کردبوو، هەربۆیە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤ز) لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

سەرگورد عەلیار، هەروا کە لە مەیدانی کردەوەو لە بەرەکانی شەڕدا فەرماندەرو ڕێنوێنی پێشمەرگەکان بوو، بە بیرو قەڵەمی خۆشی لە بەرەوژووربردنی ئاستی زانستو زانیاریی فەرماندەرانو پێشمەرگەکانی حیزب، غافڵ نەبوو. جگە لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی مەسەلە نیزامییەکان لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکاندا، زنجیرە باسێکیشی لەژێر ناوی "ئوسووڵی شەڕ" لە گۆڤاری "٢٦ی سەرماوەز" (ئۆرگانی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە) دا دەست پێکرد کە بەداخەوە بەهۆی شەهیدبوونی تەنیا ٢ بەشی لێ بڵاو کرایەوە. نامیلکەیەکیشی بەناوی "جنگهای ویژە" ئامادە کرد کە دوای شەهیدبوونییەوە،

چاپو بڵاو بۆوە.

سەرگورد کەریمی عەلیار ئەگەر لە ئەرتەشی ئێراندا مابایەوەو سەری بۆ ویستو داواکانی ڕێژیمی تازە دانوندباو خزمەتی نیازە دژی گەلیو کۆنەپەرستانەکانی ئەو ڕێژیمەی کردبا, بێگومان بەرپرسایەتیو پلەو پایەی زۆر لەو کەسانە بەرزتر دەبۆوە کە زۆر لە خوارەوەی ئەودا بوونو لە ئاکامی خزمەت بەو ڕێژیمەو خەیانەت بە ئامانجەکانی خەڵکی وڵاتەکەیان, بە مەقامو پۆستی بەرز گەیشتن. بەڵام ئەوە "پێشمەرگایەتیی گەلو نیشتمان"ی لە بەرپرسایەتیو پۆستو مەقامی بەرز لە ئەرتەشێکی سەرکوتکەرو دژی خەڵکدا، زۆر بەلاوە گەورەترو گرنگتر بوو. ژینی پێشمەرگایەتیی سەرگورد عەلیارو ماوەی خزمەتە بەنرخەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی هەقخوازانەی نەتەوەکەی بە داخەوە زۆر کورت بوو, چونکە لە شەشەمین ساڵی ئەم ژیانە نوێیەدا بوو کە شەهید بوو. بەڵام هەر ئەم ڕێبازو ژیانە نوێیە کە سەرگورد هەڵیبژاردو هەر ئەم ماوە کورتەی خزمەتی گەلو نیشتمان، جێگایەکی ئەبەدیو بەرزی بۆ ناوو یادی ئەم مرۆڤە لە دڵی مێژووی نەتەوەکەیدا دابین کرد.

لە ١٠ی مانگی پووشپەڕی ١٣٦٤، (٣٠ی جوونی ١٩٨٥) سەرگورد کەریمی عەلیار، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و جێگری کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شەڕێکی قارەمانانەدا بە دژی لەشکری جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی بانە، لەگەڵ ٣ پێشمەرگەی دیکەدا، بە ناوەکانی ئەبووبەکر کاکەبرا (ئەبوو سەقزی)، سلێمان مام پیرۆتیو هەمزە شێخەیی، شەهید بوون.

شەهید بوونی ئەم ڕۆڵە هەڵکەوتەی حیزب و گەلەکەمان و ئەم فەرماندە پایەبەرزەی پێشمەرگەکانی کوردستاندا، بە ڕێزەوە یادی ئەو سێ پێشمەرگە شەهیدەکەی هاوڕێی، ئەبووبەکر کاکەبرا، سلێمان مام پیرۆت و هەمزە شێخەیی دەکەینەوەو چەپکە گوڵی ئەمەگناسیو وەفاداری لەسەر گڵکۆکەیان دادەنێین.

قادر وریا - ماڵپەڕی شەهید

## شەهید تەها حەق تەڵەب: راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەم




شەهید تەها حەق تەڵەب ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١ز) لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری شاری مەهاباد دا لە دایک ببوو، براکەی هاشم اقل الطلاب ناسراو بە "قادر شەریف" یەکێک لە بەرپرسانی بە ناوبانگی حیزب بوو کە ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠ز) لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان تیرۆر کرا. تەها حەق تەڵەب پاس وەرگرتنی لیسانسی فیزیک لە دەبیرستانەکانی مەهاباد دا دەستی بە دەرس گوتنەوە کرد. بەڵام چۆنکە بە ئازادیخواز دەناسرا، ساواک تێی هەڵ پێچا و نەی هێشت لەو شارە بمێنێتەوە. بۆیە چووە تاران و ماوەیەک لە دەبیرستانەکانی تاران کاری ئازادی کرد.دوایە لە وەزارەتی پۆست و تەلگراف دامەزرا.

کاک تەها حەق تەڵەب هەر لە منداڵی یەوە لە گەڵ کاری سیاسی تێکەڵ و لە گەڵ حیزبی دێموکرات ئاشنا بوو. لە سەرەتای راپەرینی گەلانی ئێرانەوە بە ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و بە چالاکی لە کاروباری جەمعیەتی کوردەکانی مەرکەز دا بەشدار بوو. دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە وەگەڕ خستنی تەشکیلاتی حیزب لە تاران دا نەخشی بەرچاوی یاری کرد و لە کاتی شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩ز) دا ئەو و هاوڕێ یەکانی، لەو تەشکیلاتە کەڵکی باشیان بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان وەرگرت.

لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠ز)وە بوو بە بەرپرسی تەشکیلاتی تاران و تا ئەو کاتەی گیرا خزمەتێکی زۆری بەو نەخۆش و بریندارانە کرد کە لە رێگای نهێنی یەوە بۆ دەرمان کردن دەچوونە تاران.

کاک تەها لە کۆنگرەی چوارەم لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩ی فێبریوێری ١٩٨٠) لە شاری مەهاباد دا بەڕێوە چوو بە ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. بەداخەوە دوژمن هەستی بە تێکۆشانی ناوبراو کرد و ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) لە تاران گیرا.

سەرەنجام ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٤ (٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٥) لە بەندیخانەی "ئەوین"ی تاران بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیعدام کرا.

شەهید تەها حەق تەڵەب نموونەی ئەندامیکی بە دیسیپلین و بەشەخسیەتی حیزبی بوو. ڕووناکبیرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و ئازا و خەباتگێر بوو. بە دەڵەوە حیزبی خۆش دەویست و خۆشەویستی حیزب و هاوڕێ حیزبی یەکانیشی بوو. زیندان و ئەشکەنجە ورەی پێ بەر نەدا و تا سەر بە ئامانجەکانی وەفادار مایەوە. ئەو مردنی بە سەربەرزیی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ژیانی بە سەربەرزی بۆ گەلەکەی وەدەست بێ.

## شەهید کەماڵ دەباغی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم




شەهید کەماڵ دەباغی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥ز) لە شاری مەهاباد لە دایک ببوو. ئەو کە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا هاتبووە دنیا بە رەنج و کوێرەوەری توانی تا وەرگرتنی (فوق دیپلۆم) دەرس بخوێنێ و ببێ بە مامۆستای مەدرەسەی راهنمایی لە مەهاباد. لە ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧ز) هەتاوی بەم لاوە وەک لایەنگرێکی چالاکی حیزب بیروڕای ئازادیخوازیی لە نێو مامۆستایان و قوتابی یان دا بڵاو دەکردەوە لە ماوەی ڕاپەرینی گەلانی ئێران دا تێکۆشانێکی بەرچاوی لە پێک هێنان و بەڕێوە بردنی خۆپێشاندان و بزووتنەوەی نارەزای یەکان دا هەبوو. لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش دا بە رەسمی بوو بە ئەندامی حیزب.

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩ای فێبریویری ١٩٨٠) لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی ڕێک و پێک کردنی کۆمیتەکانی حیزب لە کرماشان و ئیلامی پێ سپێردرا، کە بە ڕێوەبردنی ئەم ئەرکە دا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدست هێنا. لە کۆنگرەی پێنجەمیش ١٥ای سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ دا بۆ جارێکتر دووهەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرایەوە و ئەمجارە کرا بە بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی ناوەندی ئاژوان و بەرپرسی راستە و خۆی شارستانی کرماشان.

بەداخەوە مانگی بانەمەری ١٣٦١ (١٩٨٢ز) هاوری کەماڵ دەباغی لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی دا لە نێو شاری کرماشان گیرا و دوای چوار ساڵ ئازار و ئەشکەنجە لە زێندانەکانی رێژێمی کۆماری ئیسلامیی لە کرماشان و سنە و تاران و ورمێ و دوای ئەوەی بە رواڵەت بە پازدە ساڵ زیندانی مەحکووم ببوو. لە ٣ی سەرماوزی ١٣٦٤ (٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٨٥ز) دا

لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە ئیعدام کرا. بەشەهید بوونی کەماڵ دەباغی حیزبی دێموکرات یەکێک لە باشترین و فیداکارترین ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست دا.

بشکێنە داری جەزرە بە هەموو ئێسکی لەشم
تێکێ کە وە بە جارێ، شەویلکە و ددانی من
بمکووژێ حەستە مە بدرکێ، قسەم لە لێو
مەرجی دە گەڵ ژیانمە، دە می بێ زمانی من
ئە و لێوە ماچی کردووە، بە یداغی قینی خەڵک
قە مچی جەفا، نەهێنی، چلۆن پێ دەخاتە روو!!

سەبارەت بە خۆراگری و نەترسی لە کاتی ئەسارەت و گیرانی دا بەدەستی خوێنخۆران و دوژمنانی گەلی کورد، بۆ هاوسەنگەران و هاورێیانی خۆشەویست لە چوار ساڵ شکەنجە و ئازاری لە زیندانەکانی کرماشان، تاران، ورمێ ....

گەلی کورد و هاوسەنگەرانی پێویستە ئاگادار بن و بزانن کە گیران و لە داو کەوتنی ئەو گەورە پیاوەش وەکی زۆربەی بەندکراوەکانی دیکە بە هاوکاری و یارمەتی جاش و زۆڵە کورد بوو کە کاری دوژمنیان سەهل و هاسان کردۆ و پشتی کورد بە خەیانەتی خائینان چەمیوە. کاک کەماڵ دوای گیرانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەخرێتە ژێر جەزرەبەو ئازار و شکەنجەی دوژمن، تا لە زمانی خۆی ببیسن نێو و سمەت و کەسایەتی ئەو زاتە بەرزە، بەڵام وشەیەکی لێ نابیسن و بە شکەنجەو ئازارناتوانن زە فەری پێ ببەن.... دوژمن کە دەبینێ حەولی بۆ ئیقرار و ئیعتراف وەرگرتن بێ سوودە، لە حاست ئەو هەمۆ نەترسی و خۆراگری وشەهامەتەدا، عاجز وهەراسان، دیسان بە یارمەتی وەرگرتن لە چڵکاو خۆرانی و رووبەروو کردنەوەی خۆفرۆشان و خائینانی گەلی کورد لە گەڵ کاک کەمال هۆویەتی بۆ دوژمن ئاشکرا دەبێ..

لە ژێر ئازار و شکەنجەی زۆر لە زیندان دا تووشی نەخۆشێکی حەستەم دێت کە هەر چەند مانگ جارێک بۆ تەبابەت و دەرمان لە بیمارستانی کرماشان بەستەری دەبی، هەر وەکی خۆی فەرمووی ئەگەر ئازادیش بۆایە بە هۆی ئەو نەخۆشێ هێندە نەدژیا...

پێش ئیعدام و شەهید بوونی لە ئاخرین چاوپێکەوتن و ملاقات دا، چۆنیەتی گیران و ئازار و ئەشکەنجە و جەزرەبەی زیندانی بۆ مەرحوومی بابم مەلا غەفووری دەبباغی باس کردبوو...

کاک کەمالیش وەک پێشەوا و هاوڕێیانی، وەک هەموو ڕێبوارانی ڕێی ئازادی سەری دانا لەڕێی ڕزگاری نیشتمانی، تەسلیمی داوا وویستی دوژمن نەبوو تا دواپشوو... تەرمی پیرۆزی بە بەرگی جوانی پێشمەرگایەتی هاتەو باوەشی کەس وکارو شاری شەهید پەروەری مەهاباد.

تەنیا داوای بەر لە شەهید بوونی لە دوژمن ئەوە بوو، کە بە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی، هەربەو بەرگە کە کاتی گیرانی لەبەری دابوو پچێتە پای سێ دارە و بەشانازی سەری دانا لەڕێ گەل و نیشتمانی. مەرگ ونەمان بۆ جاش و خائینانی گەل فرۆش کە وەک سەگ بۆسەو لە هەمیشە لە بەرپێی دوژمنانی میللەتی کورد کلکە سووتەیان کردۆ و بە نۆکەری و چڵکاو خۆری بوونەتە هۆی تێک شکان و لاوز کردنی ڕیزەکانی خەبات و مانعێکی گەورە بوون لەسەر ڕێ شۆڕشی ئازادی خۆازانەی گەلی کورد.....

برایم قەزاق - کەژاڵ دەبباغی

## شەهید عەبدولحەکیم رەزایی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حەوتەم




شەهید حەکیم رەزایی لەو سەروبەندە کە رێژیمی پاشایەتی سێبەری شومی خۆی بەسەر وڵاتدا کێشا لەشاری پاوە لە بنەماڵەیەکی کەم دەرامەتو زەحمەتکێش لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی (١٩٥٥ز) چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری هەڵێنا. لە باوەشێ دایکی خۆشەویستیدا گەورە بوو دوای تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی، لە حەوت ساڵاندا لە ساڵی ١٣٤١(١٩٦٢ز) رەوانەی قوتابخانە کرا. حەکیم رەزایی لە وانەکانیدا زۆر زیرەک بوو بۆیە هەموو ساڵێ بە پلەیەکی باش لە قوتابخانەدا پۆلەکانی خوێندنی تێدەپەڕاند. بەمجۆرە تا چواری دەبیرستان لە شاری پاوە دەرسی خوێند. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ئەگەرچی بۆ ئەو کارێکی دژوار بوو بەڵام رووی لە شاری کرماشان کردو لەو شارە بە ناچاری بۆ بژێوی خۆی تا بتوانێ خوێندن تەواو بکا رۆژانە دوای تەواو بوونی وانەکانی دەستی بەکار کردن دەکرد، هەربۆیە زۆر ئازایانە هەم دەرسی دەخوێندو هەم ژیانی نەمر نەژی خۆی دابین دەکرد. حەکیم رەزایی لەساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧ز) توانی بڕوانامەی فەوقی دەیپلۆم لەرشتەی زانستی ئینسانیدا وەرگرێو پاش چەند مانگ رەوانەی سەربازی بکرێ.

حەکیم رەزایی لە قۆناغەکانی خوێندندا لەگەڵ باوەڕ پێ کراوەکانی باسی چەوسانەوەی گەلەکەی و زوڵم و زۆری رێژیمی پاشایەتی دەکرد و رێگای رزگار بوون لەم ژیانە پڕ لە ئازارەی لە گەڵ دێنانە گۆڕێو بێ پسانەوە بیری لەو قۆناخە پڕ لە تەنگو چەڵەمەیە دەکردەوەو رێگای رزگاریو خۆدەرباز کردنی بەدی نەدەکرد. خەبات بۆ رزگاری لە چنگ زوڵمو زۆرو چەوسانەوە بۆ حەکیمی لاو ببوو بە ئاواتو ئارەزوو. بەڵام نەیدەزانی لە چ رێگایەکەوە بۆی بچێو لە کوێوە دەست پێ بکاو چۆنو لە گەڵ کێ وەرێ کەوێ بە چ شێوەیەک لە پێناویدا ئەرکی سەر شانی بە ئەنجام بگەیەنێ. سەرئەنجام جموجۆڵ بە دژی رێژیمی پاشایەتی لە شارە گەورەکانی ئێران دەستی پێکردو بۆ شارەکانی کوردستانیش پەرەی ستاند. تەنیا چەند

مانگێک لە سەربازی بوو کە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٧٧ز) بەرەبەرە خۆپێشاندان بە دژی ڕێژیم دەستی پێکرد. حەکیم ڕەزایی وەک سەربازێکی شۆڕشگێڕو لاوێکی کورد هەستکردن بەزۆڵمو زۆر لەنەتەوەکەی ڕیزی ئەرتەشی شاهنشاهی بەجێهێشتو وێڕای خەڵک تێکەڵ بەدەریای خروشانی شۆڕش بوو، هەر لەبەر ئەوە بوو کە لە لایەن ساواکەوە گیراو ڕەوانەی زیندانی پادگانی بێستوونی کرماشان کراو لە زینداندا زۆریان ئازارو ئەشکەنجەدا. بەمجۆرە حەکیم ڕەزایی تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە زینداندا مایەوە.

کاتێک لە ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ (٢ی مارچی ١٩٧٩ز) تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەگەیەندرێ‌و بنکەکانی لە ناوچەی پاوە دەکرێتەوە، حەکیم ڕەزایی یەکێک لەو لاوە ڕووناکبیرانە بوو کە هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتو زۆر ئازایانە قۆڵی بۆ خەباتو تێکۆشان لێ هەڵماڵی. سەرەتا بە هۆی ئەوەی شارەزایی لە نووسین‌و ئەدەبییاتی شۆڕشدا ئاشنایەتی هەبوو وەک بەرپرسی بەشی ئینتشاراتی حیزب لە پاوە دیاری کرا. پاشان بە هۆی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لەشەڕی سێ مانگەدا کاری تداروکاتی هێزی پێشمەرگەی کەوتە سەرشان‌و وەک قارەمانێکی مەیدانی خەبات لەوسەنگەردا بەرگری لە ئاوو خاکو نیشتمانەکەی دەکرد. دوای ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٨٠ز) دا سەر لە نوێ شارەکانی کوردستانی لە چنگ داگیرکەران دەرهێنا، حەکیم ڕەزایی کاری تەبلیغی‌و ئینتشاراتی دەست پێکردەوەو هاوکات لەگەڵ کاری خۆی بەرپرسایەتی یەکیتی لاوانی وەستۆ گرتوو بۆ کار لە نێو لاواندا لە شارەکانی پاوە، نەوسودو نۆدشە ئەرکی قورسی لەسەر شان بوو، بە هەموو شێوەیەکی گونجاو بۆ کاری لاوان تێدەکۆشا.

حەکیم ڕەزایی بە هۆی ماندوو بوونی بێ‌وچان توانی دەنگی متمانە لە ناوچەی پاوە بێنیتەوەو لە کۆنگری ٤ی حیزبی دێموکرات کە لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩ی فێبریوێری ١٩٨٠) بەڕێوەچوو بەشدار بێت. دوایی گەرانەوەی لە کۆنگرە بە ئۆگری یەکی زیاترەوە پەرەی بە کار و تێکۆشانی خۆی دا. لە مانگی ڕێبەنداندا بەشدار بێ‌و دوای تەواو بوونی کۆنگرە بە ئامادەگی‌و عەلاقەیەکی دیکەوە بۆ میدانی خەبات گەڕایەوە.

ناوبراو ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨٠ز) لەکاتێکدا کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پاوەو بەرپرسی یەکیتی لاوان بوو بەهۆی لیهاتوویی بە مشاویری کومیتەی ناوەندی دیاری کراو پاشان وەک بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە هەورامان دیاری کرا. ئەو توانی ئەو مەسئوولییەتە بەوپەڕی لێهاتووییەوە بەڕێوە بەرێ‌و، بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەو، کادرو پێشمەرگانی ئەو مەڵبەندە. ناوبراو بەراستی بوو بە کادرێک کە سەداقەتو دڵسۆزی ڕاستی‌و پاکیی خۆی نیشان داو، دەریخست کە رۆڵەی وەفاداری حیزبەکەیەتی. پێشمەرگەیەکی ئازاو کادرێکی قاڵبووی کوورەی خەبات بوو. هەر لەگەڵ

ئەوەشدا رەوشت پاکو زمان شیرین وخاوەنی کەسایەتی یەکی بەرزی شۆڕشگێڕی بوو، هاوسەنگەرانی بەگشتی خۆشیان دەویستو ڕێزیان لێ دەگرت. ژیانی پێشمەرگایەتی لە هەموو شتێک خۆشتر دەویستو ئامادە بوو هەموو بەرژەوەندییەکی شەخسی خۆی لە پێناویدا دابنێ. ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە لە کۆنگری ٥ی حیزبدا کە لە١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ ز) بەسترا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوندی هەڵبژێردریٚو کارو ئەرکو تێکۆشانی سادەقانەی بەڕیوە دەبرد، هەر بۆیەش لە کۆنگرەکانی شەش (٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانیۆیری ١٩٨٤ز) و حەوت (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ز) سەر لەنوێ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرایەوە. دوای کۆنگرەی ٧ی حیزب وەک بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی جنووبی کوردستان دیاری کراو تا کاتی شەهید بوونی زۆر شێلگیرانەو لێبراوانە ئەو ئەرکەی بەجێ گەیاند.


حەکیم رەزایی لاوێک بوو نەتەوەکەی خۆش دەویست، خوینگەرم، بەتوانا، ئازاو شوجاع، ورەی هەمیشە بەرز دیار بوو، هیچکات لە کاری حیزبی ماندوو نەدەبوو لەکارو تێکۆشانی‌دا، لە خەبات کردن بۆ ئازادی قەت ناهۆمێد نەبوو، لە بەرامبەر ئەو کەسانەی دژی حیزب دەجووڵانەوە زۆر بەتوندی هەڵویستی دەگرت، پێشی بەهەموو جۆرە تەمبەڵی‌یەک دەگرتو رێگای بەکەسانی تەمبەڵو تەوەزل نەدەدا، ئەو بۆیەش حیزبەکەی خۆشی دەویست چونکی هەموو ژیانی بۆ حیزب وخەڵکی کوردستان بوو. ناوبراو گیان لەسەر لەپو، چرا بەدەستو، رابەری کاروانی نەپساوەی رێگای تێکۆشانی ئازادیخوازان بوو. بێباک لەمەرگ، بێ ترس لەمردن، سەرما و گەرما، برسییەتی‌و رووتی‌و هەر هەموویان لە ئاستی ئەودا بەشیان بەزین بوو. ئەگەرچی وەک پسپۆڕێکی کاری تەشکیلاتی لەئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو، لە ئازایەتی‌و نەترسی‌و شەڕکەری‌دا، لە هیچ قارەمانێکی مەڵبەندەکەی خۆی نەدەمایەوە.

بە داخەوە رۆژی ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی (٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦ز) هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر ناوچەی سەرشیوی سەقز لە شاخی ڕوش لە پشتی ئاوایی خورمتا، کە لەگەڵ بەرەنگاری رۆڵەکانی ئەو مەڵبەندە رووبەروو بۆوە، پاش چەندین سەعات شەڕو بەربەرەکانی پاشەکشەیان بە هێزی کۆنەپەرستی کرد. لەو شەرە قارەمانانەیەدا بوو کە حەکیمی رەزایی کادری لەخۆبووردوو، فیداکار، نەسرەوتووی حیزبەکەمان کەوتە بەر گوللەی دوژمن و گیانی پێشکەش بە نەتەوە بەشخوراوەکەی کرد.

برایم چۆکەلی - فەرماندەرانی شەهید

## شەهید سەید ڕەسووڵ دێهقان ناسراو بە (سەید ڕەسووڵی بابی گەورە):

## ئەندامی ڕێبەری کۆنگرەی پێنجەم




کاک سەیدڕەسووڵ ـ هەروەک بۆخۆی لە یادداشتەکانی دا نووسیویەتی ـ بەهاری ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی، بەرامبەری ١٩٣٦ی زایینی، لە حاڵێک دا ماڵی بابی لە حاڵی کۆچکردن دا بوون، لە ئەشکەوتی "چینچینۆکان" دا، کە لە چیایەکی ڕژد و هەڵەمووتی پشت گوندی "کانی زەرد"ی ناوچەی "سەرشاخان" دا هەڵکەوتوە، لە دایک بووە.

بنەماڵەی "بابی گەورە" کە سەیدڕەسووی تێدا لە دایک بووە، بنەماڵەیەکی بە نێوبانگی ناوچەکەن. ئەو بنەماڵەیە، کە لە سەردەمی ژیانی کاک سەیدڕەسووڵیش دا هەر لە ناوچەی سەرشاخان و لە گوندی "سەیداوا" کە بۆخۆیان ئاوەدانیان کردۆتەوە، ژیاون، بە هۆی ئەوەوە کە بابی گەورە، واتە باپیری کاک سەیدڕەسووڵ پیاوێکی دڵسۆز و خەڵکی بووە و وەک شێخ چاوی لێکراوە و زیاتر لەوەش بە هۆی هەستی نیشتمانویستی و کوردایەتی‌یەوە، هەمیشە بۆ خەڵکی ناوچەی خۆیان و ناوچەکانی دەوروبەریشیان خۆشەویست بوون و ڕێزیان لێگیراوە. ڕەنگە لێرە دا ئیشارەکردن بەو ڕاستی‌یەش بەجێ بێ کە هەڵکەوتنی کاک سەیدڕەسوو لەو بنەماڵەیەش قەدر و ڕێزی ئەوانی لە نێو خەڵک دا دووقات کردوە.

دەوری منداڵیی سەیدڕسووش وەک هەموو منداڵانی ئەو سەردەمەی کوردستان بە شوانی و کاری نێو مووچە و مەزرا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەو کە منداڵێکی زیرەک بوو، چوارچێوەی بیری لە دنیای بچووکی دەوروبەری ئەوکاتی خۆی بەرینتر دەبۆوە و هەستی دەکرد پێویستیی بە خوێندن و وەدەستهێنانی زانیاری هەیە و بنەماڵەکەشیان دەسڕۆیشتوو بوون و خەرجی

خوێندنی ئەویان بۆ دابین دەکرا، توانی بابی ڕازی بکا و دەورەی سەرەتایی لە شاری مەهاباد بە سەرکەوتنەوە تەواو بکا.

وەگەڕکەوتنی هەستی خەبات لە دڵ و زەینی سەید ڕەسووی لاو دا ئەو کاتە ڕوو دەدا کە قۆناخێکی دژوار لە مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەستی پێکردوە: کات سەرەتای دەیەی سیی هەتاوییە. زیاتر لە حەوت ـ هەشت ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارە درانی پێشەوا قازی محەممەد دا تێنەپەڕیوە.

برینەکان هێشتاش سارێژ نەبوونەوە و سینگەکان هێشتاش تژی لە هەناسەی ساردن. ڕۆڵە دڵسۆزەکان، ئەوانەی چاویان بەرایی نادا دیلی و زەلیلی نەتەوەکەیان ببینن و بۆیان قبووڵ ناکرێ مل بۆ نیری ژێردەستی ڕاکێشن، مشتوماڵی مێشک دەدەن، هێزی هەنگاو تاقی دەکەنەوە، دەیانەوێ ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زیندوو کەنەوە و دەرەتانێک بۆ تێکۆشان بە نێو دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیم دا بدۆزنەوە. هەر ئەو بەینە کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژیش ڕووی داوە و بارودۆخەکە شێواوتر و دژوارترە. ماڵی بابی گەورە لە گوندی "کەڵەکۆکەی سەرێ" و "سەیداوێ" کە لە شوێنێکی هەرە کێوپارە و ئاستەمی هەرێمەکە هەڵکەوتوون و بە هاسانی دەستی ژاندرمەکانی ڕێژیمیان ناگاتێ، مەکۆی حاوانەوە و کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی ناسراوی وەک: کاک عەزیزی یۆسفی، دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق)، خەلیلی سەدیقی، ئەسعەدی خودایاری، هاشمی ئەقەللوتتوللاب و زۆر خەباتکاری دیکەیە. ئەو کەسانە و زیاتر لە هەمووانیش نەمر عەزیز یۆسفی شوێن لە سەر سەید ڕەسووڵی لاو دادنێن و وردە وردە ناوبراو دەست بە کاری سیاسی دەکا و هەروەک بۆخۆی نووسیویەتی یەکەم چالاکیی سیاسیشی بردنی نامەی کاک عەزیز یۆسفی لە ماڵی خۆیانەوە بۆ عیسمەت خانمی کچی پێشەوا قازی لە مەهاباد بووە.

زۆری پێناچێ کاک سەید ڕەسووڵ لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی دا کە لە گوندی "کەڵەکۆکەی سەرێ" دەگیرێ، هەر لە لایەن کاک عەزیزەوە پێی ڕادەگەیەنرێ کە وەک ئەندامی ڕەسمیی حیزب وەرگیراوە و وێڕای تێکۆشەرانی دیرین، کاپیتان حەمەدی قادری، مەلا ڕەحمانی لاهیجانی، سەید حاجی کەڵەویە و کاک حوسێن لاسوور، بە ئەندامی کۆمیتەی لاجان دیاریکراوە. ئەویش ئەو ئەرکە قبووڵ دەکا ولەو کاتەوە دەبێتە ئەندامێکی بە ڕاپەڕی کۆمیتەی لاجان کە یەکێک لە کۆمیتە هەرە هەڵسووڕەکان و ئاڵقەی پێوەندی لە گەڵ زۆربەی کۆمیتەکانی دیکەی حیزب بووە.

١١ی گەلاوێژی ١٣٣٨ی هەتاوی،(٣ی ئاگۆستی ١٩٥٩ز) ئەو کاتەی شەپۆلی هێرشی ساواکی شا بۆ سەر ئەندامانی حیزب دەست پێدەکا، کاک سەیدڕەسووڵیش وەک زۆربەی تێکۆشەرانی دیکەی حیزب دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆری ڕووحی و جیسمی لە بەندیخانەکانی مەهاباد و تەورێز، بەڕێدەکرێتە زیندانی قزڵقەڵا و حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بە سەر دا دەبڕێ.

کاک سەیدڕەسوول دوای کێشانی سێ ساڵ و شەش مانگ لە ماوەی بەندیبوونەکەی، ئازاد دەبێ و دێتەوە گوندی سەیداوای مەوتەنی کە خۆی گوتەنی بە دڵ و گیان ئاشقی بوو و زەحمەتێکی زۆری بۆ ئاوەدانکردنەوە و ڕێکوپێک کردنی کێشابوو. بەڵام حەسانەوەی لەو مەڵبەندە دڵبەندەی زۆر ناخایەنێ و هێشتا کابووسەکانی شەووڕۆژە تاڵەکانی زیندانی لە سەر لاناچن، کە تێیهەڵدەپێچنەوە و ساواک و سیخورەکانی وەدووی پێوشوێنی دەکەونەوە.

چەندین جار بانگی دەکەنەوە و لێکۆڵینەوەی لە گەڵ دەکەن. ئەویش کە دەزانێ ئەوانە وازی لێناهێنن و دەیگرنەوە، ناچار ماڵ و کەسوکاری بە جێدێڵێ، بەرەو کوردستانی ئازادی باشوور دەڕوا و تێکەڵی هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەبێتەوە. لەوێ لە لایەن هاوڕێیانی حیزبییەوە وەک "ئەندامی کۆمیتەی چاوەدیریی بەرز" ی حیزب دیاری دەکرێ.

لەو کاتەوە کاک سەید ڕەسووڵ لە گەڵ هاوڕێیانی حیزبی لە باشووری کوردستان دەمێنێتەوە و گەلێک قۆناخی ئاستەم و پڕ کەند و لەندی خەبات تێدەپەڕێنێ. ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧١ز) لە کۆنفرانسیک دا کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆیە دەیگرێ، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

لە بەهاری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٨ز) دا، ئەوکاتەی دەرووبەک بۆ کاری حیزبی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی دەکرێ، کاک سەید ڕەسووڵی دیهقان یەکەم کادری حیزبی دێموکراتە کە دەگەڕێتەوە نێوخۆی کوردستان، ٢ مانگان دەمێنێتەوە، پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی حیزب دەگرێتەوە و بواری هەڵسووران خۆش دەکاتەوە.

بە قەولی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان" دا باس دەکا: "ئەو تەنیا کەس بوو کە ئامادە بوو{لەو بارودۆخە دا} بێ قەید و شەرت بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و کاری حیزبی بکا". پاشانیش بۆتە ئەندامی "کۆمیتەی زاگرۆس"ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کە هەر لە پاییزی ئەو ساڵە دا بۆ کار و ڕێبەریی ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات پێکهاتوە و ئەندامانی گەڕاونەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کاک سەید ڕەسووڵ لەو کۆمیتەیە دا بەرپرسایەتیی کاری حیزبیی ناوچەکانی نەغەدە، پیرانشار و شنۆی بە ئەستۆوە بووە.

دوای ئەوەی حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەستپێکردەوە، کاک سەید ڕەسووڵ وەک یەکێک لە بەرپرسە پڕکار و ماندوویی نەناسەکانی حیزب لە نێو حیزب و کۆمەڵانی خەڵک دا کاری کرد و ناوی دەرکرد. ئەو هەم لە کۆنگرەی ٤ و هەم لە کۆنگرەی پێنجی حیزب دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێررایەوە. لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە قۆناخێکی

ئاستەمی دیکە و لە کاتێک دا دوژمن هێرشی توند و دڕندانەی خۆی بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەست پێکردبوو، ئەو فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارەی ناوچەی پیرانشار بوو و ئەو هێزە بە تایبەت لە کاتی فەرماندەرایەتیی ئەو دا یەکێک لە کارامەترین هێزەکانی حیزب بوو.

کاک سەید ڕەسووڵ تا ئەو کاتەی بەرپرسایەتیی حیزبیی بە ئەستۆوە بوو، ساتێک لە ئەرک و سپاردەی نیشتمانیی خۆی خافڵ نەبوو و ئەوەندەی لە توانای دا بوو ماندوو بوو و کاری کرد. دوایین لێپرسراویشی لە بەشی کۆمەلایەتیی حیزب دا و پێراگەیشتن بە کاروباری کەمئەندامانی حیزب بوو و ئەوەش لەو کاتە دا بوو کە بنکەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە دۆڵی جافەتیی باشووری کوردستان دا جێگیر ببوون.

کاک سەید ڕەسووڵ دوای بڕینی ئەو قۆناخانە و زیاتر لە سێ دەیە خزمەت بە نەتەوەکەی لە ڕیزەکانی حیزب دا، لە مانگی حەوتی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ز) دا وازی لە کاری حیزبی هێنا و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بوو. بە داخێکی گرانەوە نێزیک بە دووساڵ و سێمانگ دواتر و لە بەیانیی ڕۆژی ٦ - ٧ - ٦٦ (٢٨ - ٩ - ١٩٨٧) لە ماڵەکەی خۆی دا کەوتە بەر دەسڕێژی چەند چەکداری نەناسراو و بە شێوەیەکی مەزلوومانە شەهید کرا.

شەهیدبوونی کاک سەید ڕەسووڵ بۆ بزووتنەوەی کوردستان، حیزبی دێمۆکرات و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی خەسارێکی گەورە بوو و بەڕاستی دڵی هەموو ئەو کەسانەی بە سەختی خەفەتبار کرد، کە ئەویان دەناسی و بایەخ و شوێنی تێکۆشانی ئەویان لەخەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان دا دەزانی.

ئەگەر بمانەوێ لە چەند وشە دا پەسنی ئەو تێکۆشەرە شەهیدە بکەین، دەبێ بڵێین کە ئەو پیاوێکی ڕوح سووک، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی ئازا، فەرماندەرێکی کارزان، کادرێکی بە وەج و ڕێبەرێکی بە توانا بوو. کاک سەید ڕەسوول یەکێک لەو ڕێبەرانە بوو کە بە هۆی خزمەتی بێدریغ و خەڵکی بوونی خۆشەویستی ئەندامانی حیزب و کۆمەلانی خەڵک بوو.

یادی شەهیدی نەمر سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە دڵمان دا زیندوو رادەگرین.

**حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان - کۆمیتەی سوئێد**



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید سەدیق فیروزی: جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی هەشتەم




نەمر کاک سەدیق فیروزی لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی،(١٩٥٤ز) لە گوندی "کیسەڵان"ی سەرشیوی سەقز لە دایک بوو. خوێندنی خۆی هەتا وەرگرتنی دیپلۆم لە شارەکانی مەریوان و سنە درێژە پێدا. هەر لە منداڵی وە لەگەڵ ڕەنج و کوێرەوەری دەستەو یەخە بوو لە سەرانسەری دەورەی خوێندنی دا ناچار بۆ کاتی پشوودان و تەعتیلیەکەی بۆ کارکردن تەرخان بکا، تا خەرجی خوێندنی خۆی پەیدا بکا و ئەگەر بتوانێ یارمەتێک بە بنەماڵە هەژارەکەی بدا. ژیانی سیاسی کاک سەدیق لە ساڵەکانی ٧٩ - ١٩٧٨ وە دەستی پێ کرد.

لە سەرەتادا وەک ئەندامی، جەمعیەتی قوتابیانی سنە، بۆ ڕێک و پێککردنی خەباتی قوتابیان هەوڵیدا. پاشان پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت. بە بەرپرسی یەکیەتی لاوانی ئاوایەکانی نسڵ و گۆشخانی دیاری کرا. هەر لەو کاتەدا سەرەڕای تەمەن کەمی بە هۆی لێهاتوویی لە لایەن خەڵکی ئاواییەکەیانەوە وەک شووڕای دێ هەڵبژێردرا. کاک سەدیقی لاو هێشتا لـــە سەرەتای کاری شۆڕشگێری خۆی دا بوو کە باوکی هەژاری کۆچی دوایی کرد و سەدیقی لەگەڵ کۆمەڵێک تەنگ و چەڵەمە بەجێ هێشت. کاک سەدیق ناچار بوو لە دوو ڕێگە یەکێک هەڵ بژێرێ. یا دەست لە کاری شۆڕشگێری ئاشکرا هەڵگرێ و بنەماڵە هەژارەکەی بەخێوبکا. یا ڕێگای سەختو دژواری خەباتی شۆڕشگێڕانە درێژە پێبدا.

کاک سەدیق کە وەک هەموو شۆڕشگێڕیکی ڕاستەقینە قازانجی بنەماڵەکی بەستراوە بە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی دەزانی، ڕێگای دووهەمی هەڵبژاردو ژیانی خۆی تەرخانی خەبات لە ڕێگای ڕزگاری هەموو ئەو کەسانە دا کرد کە وەک بنەماڵەکەی بەش خوراو و زوڵم لێکراو بوون. هاوڕێ سەدیق کوڕی ڕۆژی تەنگانە و هاوسەنگەرێکی وەفاداری شۆڕشگێڕان بوو. سەختیو

دژواری خەبات و گیروگرفتی ژیانی رۆژانەی تێکەڵ لەگەڵ زەخت و زۆری رێژیمی دژی گەلی بۆ سەر بنەماڵەکەی نەک هەر نەیان توانی ئەو شۆڕشگێڕە لە خەبات سارد بکەنەوە بەڵکوو هەر ئەندازە زەخت زۆرتر دەبوو هەر بەو رادەیە بڕوا و ئیمانی کاک سەدیق بۆ بەربەرەکانی دەچۆە سەرتر. ئەو لە پێشمەرگایەتێ وە دەستی پێکرد، کادری لک، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەریوان، بەرپرسی کۆمیتە لە ناوچەکانی شامیانو سەرشیو. بەرپرسایەتی لک، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی مەریوان، ئەندامی مەڵبەندی یەکی جنووب و بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی مەریوان بەشێک لەو بەرپرسایەتیانە بوون کە پێش کۆنگرەی ٨ لە ئەستۆی بوون.

سەرنجام بە هۆی شارەزایی و لێوەشاوەیی یەوە لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب دا ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ی جانێوێری ١٩٨٨ وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و کرا بە ئەندامی مەڵبەندی یەک و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی کرماشان.

کاک سەدیق زۆر دڵسۆزانە و شیلگیرانە ئەرکەکانی خەباتی بە جێ دەگەیاند و لەو مەیدانە دا ماندوویی نەدەناسی. بە داخەوە ئەو هاوڕێ بەوەجە زۆرتر نەژیا تا زۆرتر خزمەت بە ئامانجەکانی گەل بکا.

رۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ (٢٨ی جوونی ١٩٨٨ز) پاش شەڕێکی قارەمانانە لە گەڵ بەکرێگیرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەی کامیاران شەهید بوو و درێژە دانی رێگاکەی بە هاوسەنگەرەکانی سپارد.

١٢ی ژانویەی ٢٠٠٨

## شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو: سکرتێری گشتیی حیزب



عەبدولرەحمان قاسملوو لە شەو زستان (شەوی یەلدا)ی ١ی بەفرانباری ١٣٠٩ی هەتاوی ڕێکەوتی ٢٢ی دێسەمبەری ساڵی ١٩٣٠ زایینیدا لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن ملکی دەست ڕۆیشتوودا لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی، پێشان لە ورمێ‌و دوایە لە تاران تەواوکرد. هێشتا زۆر منداڵ بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسی‌یەکان ئاشنا بووو بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکیدا جوولا.

بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا پاش باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شوورەوی، دەنووسێ :"هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی راکێشا بووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا ڕڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆویتی‌یەکان قەندو تفەنگو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەقو ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە راستو رەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟"

(چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی دووهەم، ١٣٦٧ لاپەری ٦٢ ـ ٦١).

عەبدولرەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥ز) تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پی کرد. ساڵی ١٣٢٥(١٩٤٦ز) کۆماری کوردستان لە مەهاباد رووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران. ساڵی ١٣٢٧ (١٩٤٨ز) بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانستگەی تاران ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ (١٣ی فێبریوێری ١٩٤٩ز) کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانییەکان لە پاریس پێک هات کە لەوێ دا عەبدولرەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو ڕێژیمەکەی قسەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازییان بۆ حەمە رەزا شا نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر قاسملوو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵێو وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پراگ پێتەختی چیکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا"یان دامەزراند.

لەو ماوەیەدا کە لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانیشدا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ (١٩٥٢ز) بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووهەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پڕاگ گیرا، بەشدار بوو. هەر لەو ماوەیەدا وەک نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوەو کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان‌دا لە شاری بووداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٣ز) لە سەردەمی حکوومەتی میللیی دوکتور موسەدیق‌دا عەبدولرەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لە زانستگەی پڕاگدا لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی توودەی ئێران دا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو. قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لەتاران هاتەوە مەهابادو لەوێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی بەئەستۆ گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢(٢٠ی ئاگۆستی ١٩٥١ز) ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیەدا عەبدولرەحمان قاسملوو سەرپەرستیی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتیی ئەو پێک هات.

عەبدولرەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، ساڵی ١٣٣٦ (١٩٥٧ز)

جارێکی دیکە چۆوە چیکوسلۆواکی، ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨ز) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی مەسئوولی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا لە ڕێگای عێراقەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هۆی کارشکێنیی هێندێک لە بەڕێوەبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەو کارەدا سەرنەکەوتن. ساڵی ١٣٣٩ (١٩٦٠ز) عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو ولاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پراگ.

ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢ز) قاسملوو لەزانستگەی پراگ دوکتورای زانستی ئابووریی وەرگرتو هەتا ساڵی ١٣٤٩(١٩٧٠ز) لە زانستگەی پراگ دەرسی ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیئۆریی هەڵدانی ئابووری"ی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەندین کتێب و نامێلکەی لە سەر گیرو گرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان نووسی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی "کوردستانو کورد"ە. ئەم کتێبە لە جێدا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبیو کوردیو فارسیو هێندیوچەند بەشیشی بە فەرانسەیی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسە، ئینگلیسی، چێکیو ڕووسی بە باشی دەزانیو بە زۆر زمانی دیکەش وەک ئەلمانی و زمانەکانی سلاو تا ڕادەیەک ئاشنا بوو. ساڵی ١٣٤٩(١٩٧٠ز) پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس و ڕێککەوتنی نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەکوردستانی عێراقو دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لەکوردستانی ئێران زیاتر بوو. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوەو بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی بەئەستۆ گرت. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١ز) گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا وەک سکرتێری گشتی هەڵ بژێرایەوە. بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەک ڕێبەرێکی کارزانو شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئوولییەتدا کاروباری جیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکێک لە سەختترین قۆناخەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەڕێوەبرد.

مامۆستای ڕێبەر دوکتور قاسملوو ڕۆژی ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ (١٣ی جوولای ١٩٨٩ز) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عبدالله قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتە یناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا. لەو تیرورە ناجوانمێرانەیەدا دوکتور فازل ڕەسووڵ کوردی عێراقیی مامۆستای زانستگە لەوییەنیش هەر بە دەستی ئەو تیرورستانە شەهید بوو.

وەرگێڕاو لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٦٣، پووشپەری ١٣٦٩(ژوئیەی ١٩٩٠)

## شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە هەشتەم




شەهید عەبدووڵڵا قادری ئازەر ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢ز) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری نەغەدە لە دایک بووە، پاشان ڕەوانەی قوتابخانە کراو خوێندنی سەرەتایی لە شاری نەغەدە تەواو کردوو دوای ئەوەی سێهەمی ناوەندی تەواو کرد پاشان بۆ دەورەی هونەرستانی سەنعەتی دەچێتە شاری ورمێ و بۆ ماوی ٣ ساڵ ئەم دەورەیەی تەواو کرد، پاشان ساڵی ١٣٤٨ دیپلۆمی فەننی هونەرستانی سەنعەتی وەرگرت. ساڵی ١٣٤٩ ڕەوانەی سەربازی کراو دوای تەواو کردنی دەورەی ئاموزشی چوە قەزوێن و وەک سپای دانشی لەگوندی" ئەڵەمووتی "سەر بەو شارەستانە مایەوە، پاش تەواو کردنی دەورەی سپای دانش گەڕایەوە بۆ شاری نەغەدە.

عەبدوڵڵای قادری ئازەر پاشان بۆ ماوی دوو ساڵ وەک مامۆستا دەرسی بە منداڵان دەگوتەوە، دواتر ئۆکر و خولیایەکی تایبەتی بە کاری هونەری بوو هەر بۆیە چوە ئەنیستیتۆی کاروباری هونەری جوانەکان لە شاری تاران بۆ ماوی دووساڵ مایەوە لەو ماوەیەدا فەوقی دیپلۆمی هونەری وەرگرت. دوای وەرگرتنی فەقی دیپلۆم گەڕایەوە شاری نەغەدە و لە دبیرستانەکانی ئەو شارە خزمەتی بەمنداڵانی هەر دوو نەتەوەی ئازەری کورد دەکرد. ئەوە تەنیا وەک کەرەسەیەکی خۆژیاندن نەبوو بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەی ئەو کارەی هەڵبژاردبوو کە خزمەتی زیاتر بەنەتەوە بەشخوراوەکەی بکا. ئەو لە ڕێگای قوتابخەنە و قوتابییەکانیەوە لەگەڵ ژیانی پڕ لە کوێرەوەری هاونیشتمانیان ئاشنا دەبوو.

عەبدوڵڵای قادری ئازەر تا ساڵی ١٣٥٧ مامۆستای قوتابخانەکان بوو پاشان هەر ئەو ساڵە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت و وەک ئەندامی حیزب تا ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، بە نەهێنی لەشاری نەغەدە کاری دەکرد.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە نەغەدە دەستی پێکرد کۆمیتەی حیزبی لەو شارە دامەزرا ناوبراو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەو بە ئیمانێکی بەهێزترو بیروباوەڕێکی قوولتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادیو هەموو ئەو کەسانەی خەونی نابوودیی گەلی کوردیان دیبوو هەڵمالی. لەنێو ریزەکانی حیزبدا بەهۆی لێهاتوویی‌و تێگەیشتوویی ئەرکەکانی لەنێو خەڵکدا بەرێوە دەبرد. سیاسەتەکانی حیزبی لە نێو خەڵکدا بەباشی شیی دەکردەوە. بۆ هەموو مەئمووریەتێک سەر لە پێناو بوو. وێڕای ئەوانەش ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو دڵسۆزی و پرکاری و لە خۆ بووردەیی لەلایەک و زیرەکی و خوێندەواری و وشیاریی سیاسی لە لایەکی دیکە مەودایەکی بەرینیان بۆ پێگەیشتنی ئەو هاوڕێیە رەخساند. زۆری پێ نەچوو بۆ ماوەیەک بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و دواتر گوازرایەوە بۆ ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی. لە دەفتەری سیاسی ماوەیەک لە رادیۆ کاری کرد. لەو بەشە دا زۆر بەکەڵک بوو، چونکە جگە لە زمانی خۆی، دوو زمانی فارسی و تورکییشی زۆر باش دەزانین و بە هەر دووکیان دەی نووسی. ماوەیەک لە کۆمیسیۆنی ماڵی خزمەتی کرد، چونکە لە بەشی حیسابداری دا شارەزایی باشی هەبوو، هەر لەو کاتەش دا نموونەی دەستپاکی و ئەمانەتداری بوو. ماوەیەکیش لە نەخۆشخانە بە خەمی بریندار و نەخۆش و پێشمەرگە و خەڵکەوە بوو.

بەڵام ئەو کارەی عەبدوڵلا قادری ئازەر زیاتر گەشەی تێدا کردو بەرەوپێشی برد کار لە پێوەندییەکانی دەرەوە بوو کە لەو بەشەدا بوو بە هاوکاری راستەوخۆی دوکتور قاسملووی نەمر. لە ژێر دەستی دوکتوردا پێ گەیشت. ماوەیەک لە بەغدا بوو، زۆر زوو جێی خۆی کردەوە، زمان بە خێرایی فێر بوو، بەجۆرێک کە هەموو کارەکانی راستەو خۆو بێ پێویستیی وەرگێڕ جێبەجێ دەکردن. کاتێک لێوەشاوەیی خۆی لەو بەشەدا بۆ هەمووان دەرخست بیر لەوە کرایەوە کە بنێردرێتە پاریس پێتەختی فەرانسە و بکرێتە بەرپرسی دەفتەری حیزب و نوێنەری حیزب لە ئورووپا یان باشتر بڵێین دەرەوەی کوردستان بەگشتی.

لە کۆنگرەی حەوتەم کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ی دیسامبری ١٩٨٥) لە گوندی کانیە مێو، باشووری کوردستان بەستراو ناوبراو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

ئەو پلە حیزبییەشی بەهەق بە لێوەشاوەیی و کارزانیی خۆی پێ سپێردرا. کاتێک بەدوای هەڵبژێرانی دا ناردرایە پاریس و ئەو پۆستە گرنگەی وەرگرت، لەگەڵ زەمان کەوتە پێشبرکێ. دەبوو زوو فێری زمانی فەڕانسەیی بێ و هەر لەو کاتەدا رێ و شوێنی کاری دیپلۆماسی و ژیان لە ئورووپا و لەگەڵ ئورووپاییەکان شارەزایی پەیدا بکا کە دیارە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام توانایی و لێوەشاوەیی عەبدوڵلا شتێکی دیکە بوو. زووتر لەوە کە چاوەڕوان دەکرا فێری زمان بوو، و زۆر زووش لەگەڵ ژیانی ئورووپا راهات و لەگەڵ فەرانسەییەکان پێوەندیی گەرمی دۆستایەتی و سیاسی و دیپلۆماسیی دامەزراند. بە

ڕاستی دۆستە فەڕانسەییەکان ئۆگری بوون، ستایشیان دەکردو لێی رازی بوون.

شەهید عەبدوڵڵا لە کۆنگرەی هەشتەم کە لە ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ی جانێوێری ١٩٨٨ز) لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان بەستراو بۆ جاری دووهەم وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

کار دەگەڵ قاسملووی رێبەرو لە بەردەستی دیپلۆماتێکی وا شارەزادا بۆ قوتابییەکی زیرەک و ئۆگرو لە خۆ بوردوو وەک عەبدوڵڵا قادری دەرفەتێکی زێرین بوو. بۆی رەخسا رۆژنامەنووسان، نووسەران، سیاسەتوانان، دیپلۆماتەکان و بەگشتی خەڵکی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک فەڕانسە بناسێ و دەگەڵیان ببێتە دۆست و هاورێ. لە کاتی بوونی دوکتور قاسملوو لە دەرەوە هاوڕێ و هاوسەفەر و لە نەبوونی وی دا نوێنەری بوو. بۆیە دەرگەی هەموو شوێنێکی بۆ لە سەرپشت بوو، و بە هەقیش کەڵکی لە دەرفەت وەرگرت و خۆی پێ گەیاند.

عەبدوڵڵا هاوڕێ و هاوکاری تا سەری قاسملووی رێبەر بوو. بۆ سەفەری هاتونەهاتیش هاوسەفەری بوو. نیشانەکان دەریان خست کە زۆر بە قووڵی هەستی بەو مەترسییە کردوە کە بۆ خۆی و رێبەرە خۆشەویستەکەی لە کەمین دا بووە. بەڵام ئامادە نەبوو لێی هەڵ ببڕێ، لە تەنگانەدا پشتی تێ کاو بە تەنیا رەوانەی بۆسەی دوژمنانی ئازادیی بکا. ئەو ڕازی نەبوو پاش قاسملوو بژی و پێی باش بوو لە باوەشی قاسملوودا بمرێ و لە پایینی کێلەکەی قاسملوودا بنێژرێ.

بەداخەوە لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ ١٣ی جوولای ١٩٨٩ لە کاتی وتوویژ لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بۆ چارەسەری ئاشتی خوازانەی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناجوانمیرانە لە گەڵ دکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب و فازل رەسووڵ بەدەست پیاو کوژانی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی لە ڤییە پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تیرۆر کران.

هەزاران سڵاو لە گیانی و شانازی بۆ وی کە هەتا سەر بە رێبازی حیزبەکەی و ئامانجی گەلەکەی و هاو چارەنووسی دەگەڵ رێبەرەکەی وەفادار ما. روحی شاد و رێگەی خەباتی پر رێبوار.

رۆژنامەی کوردستان

برایم چوکەڵی - فەرماندەرانی شەهید

## شەهید ڕەشاد حوسەینی: ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی(ڕێبەرایەتی)




ڕەشاد لە ساڵی ١٣٤٣ هەتاوی (١٩٦٤ز) لە گوندی کاشتەر سەر بە ناوچەی بێڵەوار لە دایک بووە. ئەو تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی کاشتەر خوێندوە. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ناردویانە بۆ شاری کرماشان و تا ساڵی ئاخەری مامناوەندی لە ڕشتەی ریازی و فیزیک لە دەبیرستانی رازی ئەو شارە درێژەی بە خوێندن داوە. لەو کاتەدا ئەو کە درێژەی بە خوێندن ئەدەدا شۆڕشی گەلانی ئێران هەڵگرسا. ئەویش وەکوو زۆربەی قوتابیانی ڕووناکبیر لە چالاکی سیاسی و کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوە چریکەکانی فیدای خەڵک لەو ماوەدا چالاک بوو. لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩ز) لە لایەن ڕێکخراوی موجاهیدین و چریکەکانی فیدایی خەڵک ڕێپێوانێکیان دژی سیاسەتی ئەو سەردەمی ڕژیم بە ناوی هەڵبژاردنی ریاسەتی جمهوری ساز کرد. ڕەشاد یەکێک لەو خۆپیشاندەرانە بوو کە لە لایەن هێزی سپا و ئیتلاعەت گیرا و بۆ ماوەی دوو هەفتە زیندان کرا.

ڕەشاد لە ماوەی خوێندنیدا یەکێک لە شاگردە بلیمەتەکان بوو لە نێو دەبیرستانی رازیدا. ئەو هەروەها زۆر ئۆگر بوو بۆ خوێندن و بردنەسەری زانیاری گشتی و ئەمش بوو بە هۆی ئەوە کە زوو دەرک بکا بە ستەمی نەتەوایەتی دژی گەلی کورد. لە هاوینی ١٣٥٩ (١٩٨٠ز) کاتیک پشوودانی قوتابخانەکان دەستیان پێکرد ئەویش گەڕایەوە بۆ گوندی کاشتەر. هەر لەو هاوینەدا ڕژیم هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان کە ئەو کاتە لە دەست ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بوو. کاتێک کە ڕەشاد گەڕاوە بۆ کاشتەر ناوچە لە دەست هێزی پێشمەرگە بوو. ئەو مەبەستی هاتنی وەک هاوینەکانی پێش بۆ یارمەتی بنەماڵکەی بۆ کاری جوتیاری نەبوو بەڵکوو بڕیاری ئەوەی دابوو کە بێتە نێو یەکێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان.

مەقەڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاشتەر و دەوروبەری بوو و بەو بۆنەوە ڕەشاد پەیوەندی بە بەرپرسی ئەو کاتەی یەکێتی لاوانی حیزب کاک حیسامی ئەسعەدی کرد. سەرەڕای ئەوە کە ڕەشاد بیر و بۆچوونێکی چەپی هەبوو بەڵام بە هۆی ئەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی میلی و دیموکراتی بوو و ئەوان زۆرتر بۆ خاک و نەتەوە خەباتیان ئەکرد، ڕەشاد هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و دەستی کرد بە تێکۆشانی سیاسی و تەبلیغی خۆی. هەر لە ماوەیەکی کورتدا ڕەشاد تووانی لە گوندەکانی ناوچەی بێڵەواردا وەکوو کادرێکی یەکێتی لاوان دروشمی ڕۆژانەی ئەو سەردەمە سیاسەتی جیزبی دیموکراتی کوردستان، لقاودانی سیاسەتەکانی ڕژیم دژ بە خەلکی کورد بەتایبەت بۆ لاوان رابگەیەنێت.

لە پایزی هەر ئەو ساڵە لە ناوچەی سنە، لە گوندی شیان کلاسێکی یەک مانگەی کادریی پێکهێنرا و ڕەشادیش بەشدار بوو لەو کلاسە. بۆ سافکردنەوەی کومیتەی شارستانی کامیارنی ئەو کاتە سەرەڕای ئەوە کە ڕەشاد تەنیا تەمەنی هەڤدە ساڵە بوو بەڵام بە هۆی لێوەشاوەیی و تێکوشانی لەو ماوە کورتەدا ڕەشاد نیشانی دا کە ئەو کادرێکی دڵسۆز و تێکۆشەرە هەر بۆیە لە لایەنی زۆربەی کادر و پێشمەرگە و بەرپرسانی حیزب لە ناوچ هەلبژێردرا بۆ ئەندامی کومیتەی شارستانی کامیاران و بەرپرسی یەکێتی لاوان.

لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١ز) لە لایەن پلۆنۆمی کۆنگرەی حیزنی دیموکراتی کوردستان بریار درا هێزیک بە ناوی بێستوون و کومیتەی شارستان کرماشان پێک بهێنرێت. بۆ دانانی کومیتەی شارستانی کرماشان چەند کادرێکیان دیاری کرد و ڕەشاد یەکێک لەو کادرانە بوو کە هەڵبژێردرا وەکوو ئەندامی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی بەرپرسی بەشی تەشکیلات. هەر ئەو ساڵەش کۆنفرانس گیرا بۆ کۆنگرەی ٦ و ئەندامانی کومیتەی شارستانی کامیاران و روانسەر. لە کۆنفرانسەدا ڕەشاد هەڵبژێردرا وەک نوێنەری حیزب بۆ کونگرە و وەک ئەندامی کومیتەی شارستانی کرماشان و بەرپرسی کومیتەی شاری کامیاران.

لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣ز) وەکوو بەرپرسی بەشی تەبلیغات و چاپەمەنی لە ناوەندی ئاژوان کاری کردووە.

لە ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤ز) دووبارە گەرایەوە کومیتەی شارستانی کرماشان وەک بەرپرسی تەشکیلات و ئاموزش. ڕەشاد هەروەها بۆ ماوەی ٦ مانگ بەشداری کرد لە کلاسی عالی حیزبدا کە حیزب بۆ کادرەکانی دانابوو.لە کۆنگرەی ٧ دا نوێنەر بوو و کاتێک دەفتەری سیاسی حیزب مەڵبەندی یەکی جنوبیان پێک هێنا ڕەشاد بوو بە ئەندامی مەڵبەند و بەرپرسی بەشی ئاموزش.



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر پێشنیاری دەفتەری سیاسی ئەو کاتە کە داوایان لە مەڵبەند کرد بوو کە گوایە پێویستیان بە ڕەشادە وەکوو کادری رادیو ناوچەی بەجێهێشت بۆ دەفتەری سیاسی. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە ڕەشاد خۆی پێیخۆش نەبوو بڕوات بۆ دەفتەری سیاسی و لەوێ کار بکا چونکە ئەو پێی وا بوو مەبەستێکی تر لە پشت ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی دایە. بۆ خۆی هەستی دەکرد کە قەت ڕێگای نادەن لە بەشی رادیو کار بکا و هەروەهاش وا دەرچوو. ئەویان برد لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی وەکوو دەستبەسەرکراو دایان نا. تەنیا کاری ئەو ئەوە بوو گۆڤاری ،جەنگ لە کوردستان، کە گۆڤارێکی مانگانە بوو بەستەبەندی بکا و ڕەوانەی کومیتەکانی حیزبی بکات. ئەمانە هەمووی سەرەڕای ئەوە ڕەشاد پێویست بوو لە ناوچە و لەوێ کادرێکی چالاک و دڵسۆز بوو و پەیوەندیکی نەپچڕاوی لەگەڵ خەڵکی ناوچەدا هەبوو و چەندین ساڵ لەوێ تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی هەبوو. بەڵام ڕێبەرانی ئەو دەمەی حێزب پێویستیان بە خەڵکانێک هەبوو کە بەڵی قوربانیان بۆ بکات و ڕەشاد یەکێک لەو کادرانە بوو کە ڕووڕاست و دایم هەڵویستی خۆی هەبوو و لەبەر ئەمەش ڕەشادیان لە ناوچە دوور خستەوە و هەروەهاش هۆیەکی تریش ئەوە بوو کە کۆنگەرەی ٨ لە پێشدا بوو. بەو جۆرە ڕەشادیان هەم لە کۆنگەرە و هەم لە ناوچە دوور خستەوە.

پاش کۆنگرەی ٨ ناکۆکی لەنێوان بەشێک لە سەرکردایەتی و بەدەنی حیزبدا هەبوو کە بوون بە هۆی ئەوە لە حیزبدا ئینشیعاب روو بدا. ئەو باڵەی سەرکردایەتی و بەدەنە حیزب بە ناو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوونی خۆیان راگەیاند و ڕەشادیش یەکیک لە بەرهەڵستکارانیی کۆنگەرەی ٨ بوو. ڕەشاد و بەشێک لە کادر و ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی کرماشان و مەڵبەندی ١ هاتنە نێو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر.

ڕەشاد لە کۆنفرانسی ٤ حیزبی دیموکراتی کوردستان ریبەرایەتی شۆڕشگێر کە لە ٨ی پووشپەری ١٣٦٧ (٢٩ی جوونی ١٩٨٨ز) لە شاری رانیە بەسترا وەک مشاوەری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەو وەکوو بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی مەڵبەندی ١ ئەرکی بەرپرسایەتی بە ئەستۆ گرت و درێژەی بە تێکۆشانی کاری تەشکیلاتی و سیاسی خۆی دا تا ئەو کاتە بە پێشنیاری خۆی و ڕەزامەندی ڕێبەرایەتی گەڕاوە بۆ ناوچە و تێکۆشانی سیاسی بە شێوەیەکی تر واتە لە ڕێگەی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵک.

بەداخەوە بە شێوەیەکی نادیار لە لایەن هێزی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە لە شاری سنە گیرا و پاش چەند مانگ زیندان و ئەنشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە لایەن حکوومەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٨ی مانگی ١٠ی ١٣٦٨ (١٨ی جانێوێری ١٩٩٠ز) ئیعدام کرا.

یادداشتەکای ڕەشاد حوسەینی



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید عەلی کاشف پوور: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەمی (ڕێبەرایەتی)




عەلی کاشفپوور ساڵی ١٣٥٤ (١٩٥٧)زایینی لە گوندی پیرانجیک لە ناوچەی ورمێ لە دایک بوو، پاش لە دایک بوونی عەلی، بنەماڵەکەیان چوونە گوندی هۆوەسنێ سەر بە شاری ورمێ. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کرد و بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ ورمێ، ناوبراو هەتا وەرگرتنی دیپلۆم هەر لە شاری ورمێ درێژەی بە خوێندن دا. پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە کۆنکووری سەرتاسەری بەشداری کرد و لە زانستگای تەورێز لە بەشی کۆمەڵناسی قبووڵ بوو. دوای ساڵێک ناوبراو دیسان بەشداری کۆنکووری سەرتاسەری کرد و لە زانستگای تاران لە بەشی حقووقی سیاسی وەرگیرا و پاش چووار ساڵ خوێندن لە زانستگای تاران، ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) کە سەر هەڵدانی خەڵک لە ئێران دژی رژیم دەستی پێکرد، وەک هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەر کە تێکەلاوی ئێش و ئازاری کۆمەلانی خەڵک بوو و هەستی بە چەوسانەوە دەکرد، زۆر چالاکانە بەشداری خۆپێشاندانەکانی دەکرد و خەڵکی دژی رژیم هاندەدا. کاک عەلی کاشفپور چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی ساواک بە تاوانی بوونی هەستی کوردایەتی و رووناکبیریەوە خرایە نێو سیاچاڵەکانی رژیمی گەندەڵی پاشایەتی، و ئەویش یەکێک لەو کەسانە بوو کە نە تەنیا زەبر و زەنگ و ئازار و ئەشکەنجە بە چۆکی دا نەهێنا، بەڵکوو ئەو ئازار و ئەشکەنجانە بوونە هەوێنی خۆراگری و بەربەرەکانی لە بەرامبەر ساواکی دڵ رەش و بێ بەزە و کورد کوژی رژیمی پەهلەوی. دوژمن کە زانی چی لێ هەڵناوەرێ ئازادی کرد، بەڵام بە نهێنی هەر لە ژێر جاوەدێری ساواک و دەست و پێوەندەکانی دا بوو.

بە دووای رووخانی رژیمی پاشایەتی و هاتنە کایەی ئازادی و تێکۆشانی بەر بلاوی تێکۆشەرانی خەڵک لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان و هاتنە کایەی حزب و رێکخراوەکانی سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا و خۆسازماندانی

تێکۆشەران لە نێو ئەحزابی سیاسی دا، کاک عەلی کاشفپور وەک هەموو تێکۆشەر و کوردێکی دڵسۆز و بە لە بەرچاو گرتنی ئەو هەموو زوڵم و زۆرێی کە لە زەمانی دەسەڵات داری شا ساواک بە سەر کوردیان هێنابوو ، بڕیاری دا کە بۆ درێژە دان بە خەبات و وەدەست هێنانی ماڤی رەوای گەلەکەی و رزگاری کورد لە چەوسانەوە ببێتە ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) وەک زۆربەی شۆڕشگێڕانی کورد لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر کرد و هەستی بە بەرپرسایەتێکی قورس دەکرد و بە تەواوی وجوودەوە هەوڵی بۆ دەدا و لەو رێگایەش دا بە شاهیدی هەموو کەس یەکێک لە باشترین و بە ئەمەگترین و دڵسۆزترین و سادقترین ئەندامی حیزب بوو لە ناوچەی ورمێ و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دا بە خۆش نێو و تێکۆشەرێکی کورد نێو بانگی دەرکردبوو و ببوو بە جێگای باوەر و متمانەی خەڵک و زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتی و ناوخۆیەکانی بە بیر و هزرێکی شۆڕشگێڕانەوە چارەسەر دەکرد. کاک عەلی لە ماوەیەکی کورت دا توانی کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچە بێنێتە نێو رێزی حیزبی دیمکراتی کوردستان و هەستێکی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەری لە نێو خەڵک دا پەرە پێ بدا.

کاک عەلی کاشفپور، سەرەڕای وەی کە لە باری سیاسێوە کادرێکی بە ئەزموون و لێهاتوو بوو، پێشمەرگەیەکی قارەمانی مەیدانەکانی شەڕ بە دژی دوژمنانی ئازادی و کۆنەپەرەستی بوو، هیچ کات ئیجازەی بە خۆی نەدەدا کە، مەسئولییەت بەرچاوی بگرێ و بە شێوەیەکی غەڵەت کەڵکی لێوەربگرێ ، هەمیشە خۆی بە چووکترین پێشمەرگە و خزمەتگوزاری خەڵک و پێشمەرگە دادەنا، هەر ئەو ئاکار و کردەوەی بەرزی ناوبراو بوو کە زیاتر هیمایەکی پیاوانە و شۆڕشگێڕانەی بە کاک عەلی بەخشیبوو و هەموو کەس لە گەورە و چووکەوە رێز و ئیحترامی تایبەتیان بۆ دادەنا.

لە کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە شاری مەهاباد کە لە ٣٠ی رێبەندانی ١٣٥٨(١٩ی فێوریەی ١٩٨٠) لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو، کاک عەلی بە هۆی لێهاتوویی و لێزانی و هەست و بیری شۆرشگێڕانەی کە هەیبوو، وەک جێگری کومیتەی ناوەندی دیاری کراو، دوای گەڕانەوەی بۆ ناوچەی شوومالی کوردستان چالاکانەتر لە جاران کار و ئەرکەکانی پێئەسپێردراوی کۆنگرەی ٤ی بەو پەڕی ئیمان و لەخۆبوردوویەوە بەڕێوە دەبرد و رۆژ دەگەڵ رۆژ ئەندامانی حیزب لە ناوچەکە دا کار و تێکۆشانیان پەرەی دەستاند و، داگیرکەرانی کوردستان وەخۆکەوتن و بە فرۆکە بۆمب هاوێژەکانیان گوندی "ئاخچەقەلعە" ی سەر بە شاری ورمێ یان بۆمباران کرد، کە بوو بە هۆی بریندار بوونی کاک عەلی کاشفپور. بەڵام بە خۆشێوە زۆری نەخایاند کە برینەکەی چاک بۆوە و نەتەنیا ورەی دانەبەزی، بەڵکوو دڵخۆشکەر و هاندەری کادر و پێشمەرگەکانیش بوو کە لە سەر کارەکانی خۆیان سوور بن و ئەرکەکانی خۆیان بە باشی بەڕێوە بەرن.

عەلی کاشفپوور لە کۆنگرەی پێنجی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دیسامبری ١٩٨١ز) لە

گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت بەسترا بە کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و دواتر بەرپرسایەتی فێرگەی لە باری سیاسیەوە لە ناوچەی ورمێی پێ ئەسپێردرا، زۆر بە باشی و ڕێک و پێکی کارەکانی بەڕێوە دەبرد و زۆر کەس لە ژێر چاوەدێری ناوبراو دا پەروەردە بوون و لە نێو حیزب دا پێگەیشتن و هیندێکیشیان بە داخەوە شەهید بوون.

ساڵی ١٣٦٦ (١٩٨٧ز) کاک عەلی لە لایەن حیزبەوە ناردرا بۆ فەرانسە و بۆ ماوەی مانگێک لەوێ بوو و پاشان گەڕاوە بۆ کوردستان و دەیگووت: بستێک خاکی کوردستان، هەمووی ئوروپا دێنێ و ژیانی پێشمەرگایەتیش، گەورەترین شانازییە کە بە نسیبی هەموو کەس نابێ. ناوبراو کە قاڵبووی کورەی خەبات و بەربەرەکانی دەگەڵ زوڵم و زۆر و چەوسانەوە بوو لە فەرانسەش هانی نەداو لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی
بەشداری چالاکانەی هەبوو.

لەم کۆنگرانە بە ئەندامی ڕێبەری هەڵبژێردراوە:

* کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ ( ٢٢ی جانیوێری ١٩٨٤ز) لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان.
* کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ی دیسەمبەری ١٩٨٥ز) لە گوندی کانیە مێو، باشووری کوردستان.
* کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران(ڕێبەرایەتی شۆرشگێر) ٨ی پووشپەری ١٣٦٧ (٢٩ی جووی ١٩٨٨ز) لە شاری رانیە.

کاک عەلی کاشفپور هەتا کاتی شەهید بوونی شەرەفی ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، دوای هەڵوێستگرتنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەڵوێستی گرت و بە دوای دەست بە کار بوونەوەی دووبارەیان دیسان بۆوە بە بەرپرسی شوومالی کوردستان و هەر وەک جاران بە ئیمانەوە درێژەی بە کار و باری سیاسی و نیزامی لە ناوچە دا، ساڵی ١٩٩٠ بە هۆی گیر و گرفتی بنەماڵە کە لە تورکیە بۆیان هاتبوو پێش ڕێبەرایەتی حیزب داوای لێکرد کە بە هانای بنەماڵەکەیەوە بچێ و لەو گرفتە رزگاریان بکا، بەڵام رازی نەدەبوو کە حیزب بە جێ بێڵێ، بەڵام پاشان رازی بوو کە بچێ و رزگاریان بکا و بۆ خۆی بە زوویی بگەڕێتەوە نێو حیزب، دوای ماوەیەک کە دوژمنی بەدفەڕ هەمیشە لە هەلێک دەگەڕێ بۆ زەربە وەشاندن، بە هۆی جاش و سیخوڕەکانیوە ئاگادار دەکرێتەوە کە ئەوەی لێی دەگەڕێن لێرەیە،

بەداخەوە شەوی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٩ (١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ز) لە شاری قوونیە ی تورکیا ٣ کەس بە جل و بەرگی پۆلیسی تورکی دەچنە ماڵە کاک عەلی و بە زۆر لە ماڵی دێننە دەر و لە پێش چاوی ژن و منداڵی بە لێدان و ڕاکێشان دەگەڵ خۆیان دەیبەن و دوای ماوەیەک بە دەست و چاوی بەستراو کە هەموو لەشی لە ژێر شکەنجەو ئازار دا شێوا بوو شەهیدیان کردو لە سەر جادەی قوونیە و ئانکارا فڕێیان دابوو.ئەو کردەوە دڕندانەیە لە لایەن تیرۆریستانی ئێران و بێگومان بە هاوکاری میتی تورکی بەڕێوە چوو کە خەسارێکی گەورە لە جووڵانەو بە تایبەتی شوومالی کوردستان کەوت. بێگوومان کاک عەلی ئەوەڵین و ئاخرین کەس نابێ کە لە پێناو گەلەکەی دا گیانی خۆی فیدا دەکا، بەڵام هەتا کەسێکی دیکە ئاوا بەم شێوەیە پەروەردە دەبێ و جێگای ناو براو دەگرێتەوە مەودایەکی زۆری دەوێ، هەربۆیە دەبێ دیسان بڵێم حەیف و مخابن شەهید بوو و بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و هەڵکەوتووی لەدەست داو ناوچەی شوومالی کوردستانیش هەمیشە شانازی بە جێ پێی کاک عەلی کاشفپورەوە دەکەن. پیرۆز بێ یاد و بیرەوەری شەهیدانی کوردستان برووخێ ڕژیمی کۆنەپەرەست و تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران.

ماڵپەڕی شەهیدانی

## شەهید شاپوور فیروزی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە نۆهەم(ڕێبەرایەتی)




شاپوری فیروزی بە پێی نووسراوەکانی خۆی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥ز) لەسەردەمی گەشانەوەی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، لەبنەماڵەیەکی هەژارو بێدەرەتانی شاری کرماشان لە دایک بووە. بەڵام پڕلە کوێرەوەری کردەوە. گەورە بوونی شاپوور بە قۆناغێکی سەختی ژیاندا تێپەڕی. لەکاتێکدا کتێبی وەبن پیلی داو رووی لەقوتابخانە کرد کە باوکی لەهەموو کات زیاتر لە باری ئابورییەوە بێدەرەتان بوو. هەرچەند بنەماڵەیەکی خێزاندار بوون بەڵام باوکی خوێندنی منداڵەکانی بۆ گرینگ بوو.

شاپور لەپشووی هاویندا بە شاگرد نانەوایی و میکانیکی داهاتێکی کەمی وەدەست دێنا بۆ ئەوەی کەلێنێکی بچووک بۆ بنەماڵەکەی پڕ بکاتەوە، بە هۆی هەوڵو ماندوو بوونی لەرادە بەدەر قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بڕی و پێی نایە قۆناغی دواناوەندی. هەرچەند گەورەتر دەبوو تێپەڕاندنی ژیانی بنەماڵەکەی ناهەموارتر دەبوو، بۆیە نەیتوانی لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا بە یەکجاری ماڵئاوایی لەقوتابخانە کردو رووی لە کارو کاسبی کرد. لەڕێگای پیشەی شۆفیرییەوە هەوڵی دەدا بژێوو ژیانێکی سەربەرزانە بۆ خۆی و بنەماڵەکەی دەستەبەر بکا. پاش ماوەیەک بە هۆی شارەزابوون لە کارەکەی لەپارێزگای سنە لەئیدارەی ڕێگاوبان دامەزرا، بە دەست پێکردنی ئەو کارە بەرەبەرە لەباری ئابوورییەوە بووژانەوە.

تێکەڵ بوونی شاپور لەگەڵ دنیای سیاسەتو چاندنی بیری ئازادی لە دەروونیدا بۆ ساڵی ١٣٥٤ دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا سێبەری زەبرو زەنگی ڕژێمی پاشایەتی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو، بەڵام شاپور ترسی لە لەشدا نەبوو. کاتێک

هەستی کرد کە نەتەوەکەی بەشخوراوە ڕێگای ڕزگاریو دەرباز بوونی لەبەرنامەی حیزبی دێموکڕاتدا دیتەوەو پێوەندی تەشکیلاتیی لەگەڵ کادرەکانی ڕێکخستنی نەهێنیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دامەزراندو تێکۆشانی بەنهێنی تەشکیلاتی دەست پێکرد. هەر ئەرکێکی بۆیان دیاری کردبوایە بە باشی بەڕێوەی دەبردو بە هەموو وجوودییەوە تێدەکۆشا.

لەسەرەتای خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٨ز) بێ‌ڕاوەستان لە ڕێپێوانەکاندا بەشداری دەکردو لەهەموو دەرفەتێکی لەبار بۆ هاندانی خەڵک دژی ڕێژیمی شا کەڵکی وەردەگرت.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ز) و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب لەمەڵبەندی کرماشانو کامیاران، پێوەندیی خۆی لەگەل حیزب نوێ کردەوە. وەک بۆ خۆی لەیادداشتەکانیدا نووسیویەتی" لەکومیتەی ژاندارمەریدا ئەرکی وەئەستۆ گرتبوو، بەڵام لە کردەوەدا پێشمەرگەو کادرێکی دڵسۆزی حیزبەکەی بوو. هەر بۆیە ڕێژیم لێی وەگومان کەوتو، شەوی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی(١١ی ئاگۆستی ١٩٧٩ز) فەرماندەی ژاندارمەری بە هێزێکی زۆرەوە دەفتەری پاسگای گەمارۆداو چەکی کردن."

بە دوای ئەو ڕووداوەدا بە تەواوی بۆی ڕوون بۆوە کە سیاسەتی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو نەک هیچی بۆ کورد پێ نیە، بەڵکوو نکۆڵی لەشوناسو مافو ئازادییەکانیشی دەکا. بۆیە بڕیاری یەکلاکەرەوەی داو لە کومیتەی شارستانی کامیاراندا تێکۆشانی تەواو وەختی دەست پێکرد. ئەو وێڕای تێکۆشەرانی دێموکڕات لەناوچەی کامیاران شانی دایە بەر قورسایی کارەکانو بۆ بووژانەوەی ڕێکخراوی حیزبی هەرچی لەتوانای دابوو کردی.

دوای شەڕی سێ مانگە لەکونفرانسی ناوچەی کامیاران کە لە سەرەتای زستانی ١٣٥٨(١٩٨٠ز) بەڕێوە چوو دەنگی متمانەی کۆنفرانسی وەدەست هێناو، بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی کامیاران. وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی قورس شاپوری زیاتر لەرێبازی پیرۆزی سوورتر کرد. زۆر ماندوونەناسانە درێژەی بە تێکۆشانو ئەرکی حیزبیدا. ئەو بۆ هەموو کارو مەئمووریەتێکی حیزبی سەر لەپێناو بوو.

هەر لەو ساڵەدا بوو کە بە نوێنەری کۆنگرەی ٤ هەڵبژێردرا، بەڵام بە هۆی دۆخی نالەبارو ئاڵۆزی ناوچەکە لەسەر بڕیاری حیزب لەناوچە مایەوەو لەکۆنگرە بەشدار نەبوو. دوای تەواو بوونی کۆنگرەی چوارەم کە لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩ی فێبریوێری ١٩٨٠ز) لە شاری مەهاباد بەرێوەچوو، لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە بە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو، هەر لەم کاتەدا وەک فەرمانده‌ری هێزی بێستوون دیاری کرا.

ساڵی ١٣٦٠(١٩٨٢ز) دوابەدوای تێکەڵ کردنی دوو کومیتەی شارستانی کرماشانو کامیاران بوو بە ئەندامی ناوەندی ئاژوانو بەرپرسایەتیی هێزی بێستوونی پێ ئەسپێردرایەوە. هەر لەو ساڵەدا لە کۆنگرەی پێنجەم کە لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠(٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) لە گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت وەک جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو فەرماندەری هێزی بێستوونی وەستۆ گرتەوە.

شاپوری فیروزی لە فەرماندە بژاردەکانی حیزبی دێموکڕات بوو، ئەو ئەوەندە بە بیروباوەر بوو کە بە شەهید بوونی ئەردەشیری کوڕی، تاقە جگەرگۆشەکەی کە وەک خۆی لەریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا پێشمەرگە بوو، توسقاڵێک ورەی نەهاتە خواریّو هەنگاوی پێشل نەبوو. شایانی باسە ئەردەشیری کوڕی چەند رۆژێک پێش شەهید بوونی بە هۆی هاوسەنگەرێکی‌یەوە ئەم پەیامەی بۆ باوکی ناردوە.

"منو باوکم دوو هاوڕێی واقعی بووین کە بۆ یەکجاریش لە یەکتر نەڕەنجاین، رێزمان بۆ وەیستی یەکتر هەبوو.
زۆرم پێخۆش بوو ئەو راسپاردەیەی پێ بگەیەنمو ماڵئاوایی لێبکەم، بەڵام بەداخەوە درەنگ بوە. پێی بڵێ کە هاوڕێکەت داوای لێکردووی خۆڕاگر بی. وابیر بکەوە کە هیچکات منت نەبووەو تەماشای ئەردەشیرەکانی هاوڕێت بکە. ئەو رێگایەی ئاگاهانە هەڵت بژاردوە درێژە بدەو، بۆ بەرەو پێش بردنی تێبکۆشە.، هەرکات بیرت کردم ئەو شێعرەی بخوێنەوە کە پێکەوە دەمانخوێندەوە. بەڵام هەوڵ بدە لەو کاتەدا پەژارە بە سەرتدا زاڵ نەبێ".

فەرماندەی بە توانا شاپوری فیروزی بە هۆی سەرکەوتن لەراپەڕاندنی بەرێوەبردنی ئەرکە سیاسیو نیزامیی‌یەکانی‌دا لە کۆنگرەی شەشەمی کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانێوێری ١٩٨٤ز) لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. پاشان وەک ئەندامی ناوەندی ئاژوانیش دیاری کرا.

لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ز) لە گوندی کانیە مێو، باشووری کوردستان بەسترا بە جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی ئەرکی نوێی بۆ دیاری کرا. شاپوری فیروزی سەبارەت بەو ئەرکە تازەیە ئاوا دەڵێ: لەو کومیسیونەدا زۆر زانیاریم وەدەست هێنا، بە تایبەت ئاشنا بوونم بە کاری تەشکیلاتیو هەروەها تایبەتمەندیو بۆچوونی هاوڕێیانی حیزبیم. چونکە تا ئەو کاتە بە هۆی تێکۆشانم لەناوچەداو دوور بوونم لەرێبەرایەتی لێی بێبەش بووم. کار کردنی ئەو ماوەیەم لەو کومیسیونەدا چەندی بڵێی گرینگو بە سوود بوو هەرچەند بۆ منێک مانەوە لەو کومیسیونەدا کە لەسەرەتای خەباتی چەکدارانەوە تا ئێستا بەردەوام لەگەڵ پێشمەرگەکان لەناوچە نیزامیی کراوەکاندا لە تێکهەڵچوون لەگەڵ بەکرێگیراوانی رێژیمدا بوومو تەنانەت ماوەی

خوێندنەوەشم نەبووە، وەک زانستگەیەک وابوو، بەڵام بەو حاڵەش خۆگونجاندنم لەگەڵ ئەو قۆناغە کارێکی هاسان نەبوو".

شاپور لە دژوارترین قۆناغی خەباتدا لەگەل پێشمەرگە ژیا. سەرکەوتوویی ئەو لە فەرماندەیی هێزی بێستوندا ناوبانگی ئەو هێزەی گەیاندە لای خەلکی کوردستان‌و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان. هێزەکانی ڕێژیم زۆریان هەوڵدا بۆ تاقەجارێکیش ئەو هێزە لەداو بخەن‌و یا غافڵگیری بکەن، بەڵام هەموو هەوڵەکانی لەگەڵ شکست ڕووبەروو دەبۆوە.

لە زۆربەی شاخو دەشتو دۆڵو چیاکانی ناوچەی کرماشان، کامیاران، مەریوان‌و پاوە بە فەرماندەیی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەی دێموکرات عەمەلیاتی قارەمانانە ئەنجام دراوەو زەبری زۆر کاریگەری لە دوژمن وەشێندراوە. شەڕە بە ناوبانگەکانی نێو شاری کامیاران، دەرەویان، پشتە، بێڵەوار، شیرین‌سوار، شارێی کرماشان - سنە، ناڵەشکێنە، ماویان، شەریفاوا، بزوەش، چیای شاهۆ، ناوچەی تیلەکۆ، ژاوەرۆ، چرووسانە، گرگر، نێو شاری کرماشان، تەختی زەنگی، نەرگسلە، شانشین‌و بەردەسپی‌و چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی دیکە بە فەرمانەدیی شاپور فیروزی ئەنجام دران، ئێستاش لەبیری خەڵکی ئەو ناوچانەدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

کاتێک ٥٩ لاوی مەهاباد لەڕۆژی ١٢ی جۆزەردان ساڵی ١٣٦٢ (٢ی جوونی ١٩٨٣ز) لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئێعدام کران، بە تۆڵەی ئەو ٥٩ لاوە، ٥٩ عەمەلیاتی سەرکەوتوانە بە فەرماندەیی شاپور فیروزی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان ئەنجام دراو، بەم چەشنە لاپەڕەیەکی زێڕین لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەدا تۆمار کراوە. ئەو بە تەواوی خەڵکی‌و خاکی دیار دەکەوت، ڕێزی لەخەڵک دەگرتو زۆر جار دەیگوتەوە کە بەو بایە دەژیم کە لەلای خەڵکەوە دێ. شاپوری فیروزی سەرەرای ئەرکە سیاسی‌و نیزامییەکانی، لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی تەنەخی نەدەکرد. بەشێکی زۆر لەبیرەوەرییەکانی خۆی نووسیبەوەو بۆ لاوانی کوردی بە یادگار بەجێهێشت. هەرچەند بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە بۆخۆی بە چاپکراوی بیانبینێ، بەڵام لەم دواییانەدا بە هەوڵی هاوسەنگەرانی دوو بەرگی لێ چاپ کراوە.

بەداخەوە شەوی ١٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧١، (٣١ی مای ١٩٩٢ز) لە کاتێکدا لە شوێنی پشوودانی خۆی خەریکی دارشتنی بیرەوەرییەکانی بوو، لە لایەن کەسێکەوە تەقەی لێ دەکرێ‌و شەهید دەکرێ. بەم چەشنە ڕوحی مەزنی فڕیە ئاسمانی نەمریی شەهیدانی کوردو کوردستان.

سەرچاوە: فەرماندەرانی شەهید نووسینی: برایم چووکەڵی


--------

تێبێنی: لە ئاکامدا کێشەکانی ناو کۆنگرەی هەشتەم کە بۆ بەهۆی ڕاگەیاندنی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شورشگیر"، کاک شاپور فیروزی یەکێک لەو کەسانە بوو باڵی جیاوە بووی هەڵبژارد.

شاپوور فیروزی لە کۆنفرانسی چوارەمی حدکا(ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) کە لە ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٧ (٢٩ی جوونی ١٩٨٨ز) لە شاری ڕانیە بەڕێوەچوو بە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هەروەها لە کۆنگرەی نۆیەمی ئەم حیزبە لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٩ (١٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠ز) لە گوندی قەڵاسەیدەی دۆلی شاوری شاری ڕانیەی باشووری کوردستان بەسترا بۆ جار دووهەم وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) دیاری کرا.

ڕەحمان نەقشی

## شەهید د. سادق شەڕەفکەندی: سکرتێری گشتیی



سادقی شەرەفکەندی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١١ی جانێوێری ١٩٣٨ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایک بوو. لە تەمەنی منداڵی دا باوکی لەدەستداو سەرپەرستییەکەی، کەوتە سەرشانی براگەورەکەی، شاعیرو نیشتمانپەروەری گەورەی کوردستان خوالێخۆشبوو مامۆستا "هەژار"ی نەمر. سەردەمی منداڵیی محەممەد سادق، هاوکات بوو لەگەڵ پەرەئەستاندنی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانو دامەزراندنی کۆماری کوردستان. رێنۆینیو ئاموژگاریەکانی برا زاناو خەباتگێڕەکەیو زۆر دیمەن لە قۆناخی مێژوویی ئەوکات لەبیرو زەینیدا نەخشی بەست.

پۆلی یەکو دووی سەرەتایی لە بوکانو پاشان کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرساوە، خویندنی سەرەتاییو ناوەندی لەو شارەو ساڵی ئاخیری دەبیرستانی لە تەورێز تەواو کردو ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) لە "دانشسرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمیی وەرگرت. شایانی سەرنجە کە لە هەموو پلەکانی خویندندا یان خاوەنی پلەی یەکەم یان یەکێک لە باشترین قوتابیانو خوێندکاران بوو. هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای دەرسی شیمیو هەتا ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ی زایینی) لە شارەکانی ورمێو مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتییەوە خەریک بوو. لەوماوەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەرکردو بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی کوردستان زەحمەتێکی زۆرو بەرچاوی کێشا بە جۆرێک کە ئەو قوتابییانە کە ئەو دەرسی پێدەگوتنو لە زانستگاکان قبووڵ دەبوون، ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبوون. سەرەنجام "ساواک"، دەزگای جاسوسیی رێژیمی حەمە رەزا شا ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ رەوا نەدیو لە گەڵ ژمارەیەک ماموستای دیکەی هابیرو هاوکاری بۆ

شارەکانی "اراک"و "کرج"و چەند شاری دیکەی دوور خستنەوە. محەممەد سادق شەرەفکەندی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بۆ زانستگای"تربیت معلم" نەقڵ کراو وەک ئاسیستانی بەشی شیمی کاری پێ ئەسپێردرا. پاش نیشاندانی لێوەشاوەیی‌یەکی تەواو لەو ئەرکەدا، ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٢ی زایینی) بە کەڵک وەرگرتن لە بورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسەو پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانی دوکتورای شیمیی ئانالیز (شیمی تجزیە) لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێ. دوکتور سادق شەرفکەندی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦ی زایینی) گەڕایەوە تارانو وەک "استادیار"ی شیمی لە زانستگای "تربیت معلم" درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا کە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەشدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو. هەربۆیە بوو بە خۆشەویستی مامۆستایانو خوێندکارانی ئەو زانستگایەو وەک مامۆستایەکی دڵسوزو لە هەمان کاتیشدا خەباتگێڕ ناوی دەرکرد. دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٣ی زایینی) کاتێک لە پاریس دەورەی دوکتورای دەدیت، لە ڕێگای مامۆستای مەزن دوکتور "عبدالرحمان قاسملو"ی ڕێبەرمانەوە لەگەڵ بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووو داوای ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە رابیتی نێوان دوکتور قاسملووو ئەندامانی کۆنی ڕێبەرایەتیی حیزبو لەو پێوەندی‌یەدا زەحمەتێکی زۆری کێشاو زۆر جاریش گیانی خۆی خستە مەترسی‌یەوە. دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتیو دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) بوو بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ (فیوریەی ١٩٨٠ی زایینی) لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا کە ئەو بەرپرسایەتی‌یەشی بە لێوەشاوەییو کارزانی‌یەوە بە ئەنجام گەیاند.

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی) لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ کاری تەواووەخت بانگ کرایەوە کوردستانو هەموو توانای خۆی لە خزمەت حیزب نا. لە پلینومی کومیتەی ناوەندی لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی)دا بە ئەندامی دەفتەر سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەمو نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کومیتەی ناوەندییشدا هەموو جارێ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە.

دوکتور سادق شەرفکەندی ماوەی بوونی لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا زۆرتر بەرپرسایەتیی بەشی تەبلیغات (ڕادیوو چاپەمەنی)ی لە سەرشان بووو لە ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦ز)ەوە هەتا کاتی شەهید بوونی مامۆستای گەورەمان دوکتور "قاسملوو"ی نەمر ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستووە بوو.

دوکتور سادق شەرفکەندی لە یەکەم پلینومی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە تا کاتی شەهیدبوونی (٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٣٧١) ریکەوتی ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ز) ئەرکو بەرپرسایەتیی قورسی "سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ی بەرێوەدەبرد. خەباتگێڕی مەزنی گەلەکەمان دوکتور سادق شەرفکەندی لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی دوایی‌دا رۆڵێکی بنەڕەتی لە رێبەرایەتیی حیزبو جووڵانەوەی گەلەکەماندا هەبوو. یەکێک لە بەوەجترینو شارەزاترین رێبەرانی نێو ریزەکانی بزووتنەوەی میللی . دێموکراتیکی گەلەکەمان بووو بە هەق دەبێ بڵێین کە قوتابی‌یەکی لێوەشاوەو یارێکی وەفاداری دوکتور قاسملووی نەمر بووو پاش دوکتور قاسملوویش بوو بە مامۆستای ئیدامەکاریو درێژەدان بە رێبازو رێگای دوکتور قاسملووو بە لێهاتوویو لێوەشاوەیی خۆی نەیهێشت بێ قاسملوویش بەم جۆرە کە ئاواتی دوژمنانی بزووتنەوە بوو بە حیزبەوە دیار بێ. دوکتور سادق هەر لەو کاتەوە کە هاتە نێو رێبەرایەتیی حیزب یەکێک لە دارێژەرانی کاریگەری سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب بوو، لەسەر پاراستنی ئوسوولو پرنسیپەکانی حیزب شێلگیرو پێداگر بوو، ئەفرادی دوو دڵو راڕای دەدانە بەر هێرشو رێگای پێ نەدەدان شوێنی خراپ لەسەر رەوتی بزووتنەوەو کاروباری حیزبی دابنێن. ئەو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی خۆش دەویستن بەڵام ئەو خۆشەویستی‌یە هەرگیز شوێنی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی کادرو پێشمەرگەکانو کاروباری ئەوان دانەدەنا. دڵپاکیو بێغەرەزیی کاک دوکتور سەعید بۆ هەموو هاورێیانی حیزبی بە تەواوی دەرکەوتبوو هەر بۆیەش ئامۆژگاریەکانی وەردەگیران. نەخشی گرینگی تەشکیلاتی لە حیزبو بزووتنەوەدا زۆر بە باشی هەست پێکردبوو، بەڵام هەرگیز تەشکیلاتی بەجێ خەلک دانەدەناو لە دەمارگرژیو سکتاریستی بەدوور بوو، چونکە ئەو تەشکیلاتی حیزبو خودی حیزبیشی بۆ رێبەرایەتی‌کردنی خەباتی گەل دەویستن. تێکوشەر دوکتور سادق ئینسانێکی شوجاع، بەورە، بەئەخلاق، راستگۆو دروستکارو بەراستی سادق بوو. لە هەقو عەداڵەت پشتیوانی دەکردو لە هەموو ئەو تایبەتمەندی‌یانە لە سیاسەتو کردەوەدا کەڵکی وەردەگرت. ئینسانێکی پڕکار بووو ماندوویی نەدەناسی، هەموو کاتو وەختی خۆی بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەرکە حیزبی‌یەکان تەرخان کردبوو، شۆڕشگێڕێکی بە تەواو مانـاو دێموکرتێکی واقیعی بوو، کە لە هەر کارو کردەوەو هەڵوێستێکی‌دا ئەو تایبەتمەندی‌یانەی خۆیان دەنواند. بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسیو مافی گەلانی ئێران هەبوو، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێوانەی هەر حەرەکەتێکی خەباتگێڕانە لە ئێرانو کوردستاندا بریتی بوو لە تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی ئازادیو دێموکراسیو مافە رەواکانی گەلی کوردو گەلانی ئێران. سیاسەتو تاکتیک بۆ دوکتور سادق زاراوەو دەستەواژەی خەیاڵیو زەینی نەبوون، لە روانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێڕانە بوو، هەر بۆیەش بەهەقو کردەوە ببوو بە ئاوێنەی تایبەتمەندی‌یە مەزنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوکتور سادق شەرەفکەندی ئینسانێکی خاکیو خەڵکیو بە"تواچع" بوو، هەر ئەوەندە کە لە راست دۆستان و هاورێیانی دا رووخۆشو بەگوزەشت بوو، لە راست دوژمنانو نەیارانی حیزبو گەلدا توند و بێلێبوردن بوو، قورسو قایم لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستاو زەرڕەیەک "نرمش"و هەنگاوێک گەڕانەوەی بۆ نەبوو. ئەو خەڵکی کوردستانی بە رەگو پێستی‌یەوە خۆش دەویست،

هەر بۆیەش گیانو ژیانی بۆ خزمەت بەوان تەرخان کردبوو. ئەو لەو سیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەک ئامرازی بردنەپێشی مەبەستەکانی خۆیان دەویٚ، ئەو بۆ خۆی پێشڕەوی خەباتی خەڵکی کوردستان بووو جگە لە قازانجو بەرژەوندییەکانی گەل هیچ قازانجو بەرژەوندییەکی تایبەتیو شەخسی بەلاوە گرینگ نەبوو. ئەو بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب تەنیا هەر سکرتێری گشتی نەبوو، ئەو دۆستو هاواڵی هاوڕێیان بووو بە رادەیەک لەگەڵیان تێکەڵاوو لێیان نیزیک بوو کە هەر هاوڕێیەک بە ڕاشکاوی دەیتوانی پریسکەی دڵی خۆی لە لای هەڵڕێژێو لە ڕێنوێنییە بە کەڵکەکانی کەڵک وەبگرێ. کاک دوکتور سادق بڕوایەکی قووڵی بە هاوکاریی گەلانو هەموو ئازادیخوازانی ئێران هەبوو، لەو بڕوایەدا بوو کە رووخاندنی رێژیمی ئاخوندی بەبێ نیزیکیو هاوکاریو هاوپێوەندی هێزە نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕەکانی ئێران، کارێکی مومکین یان لانی کەم هاسان نیە، هەر بۆیە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی وەردەگرتو بە کردەوە هەوڵی بۆ دەداو سەرنجام لەو رێیەدا گیانی بەختی ئازادیی ئێرانو خودموختاری کوردستان کرد. یادو ناوی شەرەفکەندیی مەزن هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوەو خەباتو تێکۆشانی پڕشنگداری لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کوردو خەڵکی ئێرانداو تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەکانی دوای نەمانیشی رێنوێنو ئیلهامدەری تێکۆشەرانی وڵاتەکەمان دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید فەتاح عەبدولی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەم



کاک فەتاح ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی(١٩٦١ز) لە گوندی "وەزنێ"ی ناوچەی سندووسی نەغەدە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لەدایک بووو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە گوندەکەیان و شاری نەغەدە تەواو کرد و بە دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، وەک لاوێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کاک فەتاح لە کومیتەی نەغەدە دا کاروباری ئینتشاراتی و تەبلیغاتی و هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری "یەکیەتی" (ئۆرگانی کومیتە شارستانی نەغەدە کە ١١ ژمارەی لێ دەرچوو) لە ئەستۆ بوو،

و بەمجۆرە هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد. بەرپرسایەتی یەکانی بریتی بوون لە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتە شارستانی نەغەدە، بەرپرسی کومیتە شارستانی نەغەدە،

* ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانێوێری ١٩٨٤ز) لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو دواتر لە لایەن دەفتەری سیاسی یەوە بە بەرپرسی کومیتە شارستانی سنە دیاری کرا،

* ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ز) لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتی مەڵبەندی یەکی جنووبی کوردستانی کەوتە سەر شان و دواتر وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت درێژەی بە ئەرکەکانی خۆی داو.

* ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ی جانێوێری ١٩٨٨ز) لە لە کۆنگرەی هەشتەم بۆ جاری دوویەم بۆ ئەندامی کۆمیتەی

ناوەندی هەڵبژێرا.

* ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ (٢٢ی دیسەمبەری ١٩٩١ز) لە کۆنگرەی نۆهەمدا سەرلەنوێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

* دوای شەهید بوونی عەبدوڵڵا قادری ئازەر، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی جوولای ١٩٨٩ز) دا کە لە لایەن تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەڕێوە چوو.

ڕێبەرایەتیی حیزب هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستانی بە کاک فەتاح بسپێرێ.

* کاک حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: "پاش ئەوەی کە کاک عەبدوڵڵا قادری، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ کاک دوکتور قاسملوو لە ئوتریش تیرۆر کرا، دەبوو هاوڕێیەکی دیکەی کومیتەی ناوەندی بۆ جێی کاک عەبدوڵڵا وەکوو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات دیاری بکرێ. پاش باسێک لە دەفتەری سیاسی و هەڵسەنگاندنی ئەندامێکی موناسب بۆ ئەو کارە لە دەرەوەی وڵات بەو ئاکامە گەیشتین کە کاک فەتاح بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی دەتوانێ ئەو مەسئوولییەتە بەڕێوە ببات".

هەر لەو کۆبوونەوەدا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بڕیار دەدا کە کاک حەسەن شەرەفی بە پێی شناختێک کە لە کاروباری دەرەوەی وڵات هەیبوو، لەگەڵ کاک فەتاح عەبدولی بچێ بۆ فەڕانسە، بۆیە کاک حەسەن شەرەفی بۆ ماوەی مانگێک لەگەڵ کاک فەتاح عەبدولی لە فەرانسەدا دەبێ و ئەزموونەکانی خۆی وەکوو ئەرکێکی پێ ئەسپێردراو دەخاتە خزمەت بەرپرسی نوێی کاروباری تەشکیلاتیو ئەرکەکانی دیکەی کە نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات هەیەتی، بە جۆرێک رادەپەڕاند کە هەم ڕەزایەتی دەفتەری سیاسیی لێکەوتبووەوە هەم ئۆرگانەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێی خۆشحاڵ بوون".

* فەتاح عەبدولی لە ماوەیەکی کەم دا لە مەیدانی کاری سیاسی و دیپلۆماسی دا زۆر چووە پێش و سەرکەوتوو بوو. ئەوانەی فەتاح عەبدولی یان دەناسی شاهیدی دەدەن ئەگەر تێرۆریستانی دەست پەروەردەی کۆماری ئیسلامی گیانی پاکی ئەویان نەستاندبا بە دڵنیایی یەوە یەکێک لەو کەسایەتیانە دەبوو کە گەلی کورد و حیزبەکەی خزمەتی گەورەترو ڕۆڵی گەورەتریان لێ چاوەڕوان دەکرد.

* شەهید فەتتاح عەبدولی لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی،لە گەڵ هاوڕێیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب و، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و خەباتگێری ناسراوی ئێرانی و دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات، نووری دێهکوردی، لە کۆبوونەوە یەک دا کە لە سەر چۆنیەتیی هاوکاری و هاوخەباتیی هێزو لایەنەکانی ئوپوزیسیون لە دژی کۆماری ئیسلامیی، لە ریستۆرانی میکونووس لە شاری بێرلین لە وەڵاتی ئاڵمان خەریکی بیرورا گۆڕینەوە بوون. کەوتنە بەر دەسڕێژی تیرۆریستە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامیی کە بەداخەوە هەر چوار کەسیان شەهید بوون.

ڕۆژنامەی کوردستان

---



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید کاک هۆمایون ئەردەڵان ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەم




**یەدوللا سۆڵتان پەنا**

لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا بە دەیان هەزار مرۆڤی شۆڕشگێر گیانی خۆیان لە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان لە ژێر داگیرکاری بەخت کردوە، بە ملیۆنان لە خەڵکی وڵاتەکەمان دوای تێکۆشان و کوێرەوەری زۆر بۆ گەیشتن بە ئامانج، بێ ئەوەی بە ئاواتیان بگەن.

بە داخەوە سەریان ناوەتەوە و هەر ئێستاش ڕۆڵەکانی ئەوان گیرۆدەی بە کۆتایی گەیاندنی ئەم ئەرکەنە نەتەوەیە پیرۆزەی سەر شانیانن. بەو هیوایە بە یەکگرتوویی و هەنگاوی ژیرانەی سیاسەتوانان، پارتە کوردیەکان و خەڵکی کورد، کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ بەدی بێت.

لەم باسە دا بە بۆنەی هەژدە ساڵەی تیرۆری ریبەری زانای حدکا و بەشێکی وڵاتەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەس ڕژیمی دژی کورد و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران یادی پێشمەرگەی ماندوویی نەناس و بە ئەمەگی گەلەکەمان کاک هۆمایون ئەردەلان تازە دەکەینەوە کە لە ڕاستیدا یادکردنەوەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ئەرکێکی پیرۆزە کە لە ئاست لێبردوویی ئەوان لە ژیانیان ئەکرێتەوە.

بنەماڵەی کاک هۆمایون لە هۆزی گەورەی ئەردەلانەکان، پێش چەند سەد ساڵ لە سنەوە، ناوەندی ئەمارەتی ئەردەلان بەرەو سەقز کۆچیان کردوە و هەر لەو کاتەوە وەک حاکمی شاری سەقز لەم ناوچەیە ژیاون و دەسەڵاتدار بون و بەردەوام

پارێزگاریان لە شاری سەقز و دەوروبەری کردوە. پێش شەڕی یەکەمی جیهانی سەیفەدین خان حاکمی سەقز باپیری کاک هۆمایون لە گەڵ سەرداری بۆکان و حەمەخانی بانە لە ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی لە شاری مەراغە لە لایەن حکومەتی تورکیی عۆسمانیەوە بە پیلانیک لە سێدارە ئەدرێن، وا دەرکەوتووە کە لە سێدارە دانیان پێوەندی بە دۆزی نەتەوەییەوە هەبووە. بە داوی ئەم ڕووداوە دا سەیفوڵا خان ئەبیت بە حاکمی سەقز، سەیفوڵا خان کەسایەتیەکی سیاسی، تێگەیشتوو و پێشکەوتنخواز بووە، سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شاه، کاتیک دێت بۆ سەقز سەیفوڵاخان میوانداری ئەکات کە بە دوای گەڕانەوەیدا بۆ تاران لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاویدا (١٩٣٤ز) بە دەستوری ناوبراو سەیفوڵا خان بۆ تاران تەبعید ئەکرێت، تا لە شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١ز) دا بەرەو سەقز ئەگەڕێتەوە، لە ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣ز) بۆ جاری دووهەم لە لایەن ئینگلیسیەکان و حکومەتی ئێرانەوە دەگیرێت و بۆ ماوەی ٦ مانگ لە بەندیخانەی سوڵتان ئابادی ئەراک لە بەند دا ئەمێنێتەوە و هەروەها لە شۆڕشی دوکتور موسەدیق بە دژی حەمە ڕەزا شادا لایەنگری د . موسەدیق ئە ات هەر بۆیە سەیفوڵا خان تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٣ز) جێگای مۆتمانەی ڕژیمی پەهلەوی نەبوو.

کاک هۆمایون لە سالی ١٣٢٩ی هەتاوی (١٩٥٠ز) لە شاری سەقز لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەم شارە تەواو کردوە، دوو سال سپای دانش ئەبێت کە دواتر بۆ درێژەی خوێندن لە بواری نەوتدا ئەچێتە زانکۆی نەوت لە ئابادان بۆ ماوەی یەکساڵ و نیو، ساڵی دواتر لە زانکۆی سەنعەتی نەوتی تاران درێژە بە خوێندن ئەدات. لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا ئەگەڕێتەوە کوردستان و لە خوێندنگای ناوەندی کچان و هۆنەرستانی سەقز ئەبێتە مامۆستای زمانی ئینگلیسی کە جێگای بڕوا و خۆشەویستی هاوکاران و قوتابیانی ئەبێت، پاشان لە زانکۆی سنە درێژە بە خوێندنی ئینگلیسی ئەدات و هاوکات وانەش ئەڵێتەوە. لە لایەکیترەوە چالاکێکی وەرزشی بوو، بە تایبەت لە یانەی باسکێتباڵ دا بەشداری ئەکرد و وەرزشکارانی سەقزی بە گشتی بە باشی ئەیانناسی.

کاک هومایون حەولی ئەدا هەر کاریک دەیکات لە ڕوی شارەزاییەوە بێت بۆیە تێدەکۆشا زانیاریەکانی لە هەموو ئاستەکاندا بەرز بکاتەوە، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کورت لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئەگرێت و بە هەڵگیرساندنی شەر لە لایەن ڕژیمی خۆمەینیەوە دژی نەتەوەی کورد، لە نەورۆزی ١٣٥٩ی هەتاوی(١٩٨٠ز) چەکی شەرەف ئەکاتە شان و ئەبێتە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان. کاک هۆمایون بێ هیچ چاوەڕوانێک و بێ ماندووبون کاری حیزبی ئەکرد، سەرەتا زۆر کات لە گەڵ تاکە پێشمەرگەیەک ناوچەکانی بەینی سەقز، بانە و مەریوانی بە پێی پیادە ئەپێوا و سیاسەتی حیزبی بۆ کۆمەڵانی خەڵک شی ئەکردەوە، لە ماوەیەکی کورتدا باشتر ناسرا و بوو بە جێگای متمانەی خەڵک و بەرپرسانی حیزبی دیموکرات و دواتر ئەرکی پێویستی پێ ئەسپێدرا. لە کۆتایی سای ١٣٥٩ی هەتاوی(١٩٨٠ز) بۆ خۆلێکی سیاسی دەچیتە خدراویٚ لە نێوان پیرانشار و سەردەشت کە بە پلەی بەرز

و سەرکەوتووانە بە کۆتایی ئەگەیەنێت. دواتر ئەبێتە جێگری کۆمیتە شارستانی سەردەشت و پاشان بەرپرسی کۆمیتەی میراوێ بووە و بۆ ماوەیەک بەرپرسی تەشکیلاتی دەفتەری سیاسی ژمارە یەک بە ئەستۆ ئەگرێت کە بنکەکەی لە نێوان سەردەشت و مەهاباد هەڵکەوتبوو،

لە کونگرەی ٥ی حیزبدا لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) لە گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت بەسترا بە ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی دیاری ئەکرێت.

کاک هومایوون لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانێوێری ١٩٨٤ز) لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت کە بە دوای ئەمە دا ئەبێتە ئەندامی ناوەندی ئاژوان، ماوەیەکی کورت بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە ئەبێت، دوایی بە هۆی ناساخیەوە بۆ چارەسەری سەفەری دەفتەر ئەکات، دواتر ئەگەڕێتەوە و ئەبێت بە بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەقز، لە ناوەندی ئاژوان لە گەڵ هێزی پێشمەرگە دا جەولەی ئەکرد، کاتێک دوژمن لە ئاوایی سەردەرە گەمارۆی هێزی پێشمەرگە ئەدات، فەرماندەی پێشمەرگەکان زەخمار ئەبێت کاک هۆمایون وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەقز لەو شەڕە دا بەشداری ئەکات و لە ڕێنوێنی شەڕەکە دا دەوری بەرچاوی هەبووە. ئەم ئەرکەی لە ناوەندی ئاژوان سەرکەوتوانە ئەنجام ئەدات. دواتر و لە کۆتاییدا ئەبێتە بەرپرسی نەخۆشخانەی حیزب. لە کۆنگرەی ٧ دا خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا ناکات و دوای گرتنی کۆنگرەی ٨ی حیزب بە پێشنیاری سەرکردایەتی بە هۆی نەخۆشیەوە سەفەری ئۆروپا دەکات و لە کاتی مانئاوایی لە هاوڕێیانی چاوی بە دۆکتور قاسملوی نەمر ئەکەوێت و دواتر تا کۆتایی ژیانی لە وڵاتی ئاڵمان دەمێنێتەوە. لە ئاڵمان وەک بەرپرسی حیزب لەم وڵاتە دیاری ئەکریت، لەم ماوە دا سەفەری چەندین وڵاتی ئۆروپایی ئەکات و لە گەڵ ئەندامانی پێشووی حیزبدا وتوویژی ئەبێت بۆ ئەوەی سەر لە نوێ کار بکەنەوە و حیزب بتوانێت لە ئاستی ئۆروپادا زیاتر چالاک بێت. سێ ڕۆژ پێش شەهید بونی پێوەندی تەلەفونی لە گەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی پێشووی ئەگرێت و ئەڵێت بە زوویی لە گەڵ د. شەرفکەندی سەفەری دانمارک دەکەن حەز ئەکەن چاوپێکەوتنیان ببێت، بەڵام بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەم پێکگەیشتنە قەت ڕوو نادات و لە پیلانێکی دژی مرۆڤایەتیدا. بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی سکرتێری گشتی حیزب د. سادق شەرەفکەندی هاورێ لە گەڵ نوێنەری حیزب لە ئۆروپا فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان هۆمایون ئەردەلان و نوری دێهکردی چالاکی سیاسی ئێرانی لە لایەن دژبەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد، کە هەمان ڕێبەرانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێرانن لە رستۆرانی میکوونوس لە شاری بیرلین ی ئاڵمان شەهید ئەکرێن.

له ئاوڕدانەوەیەکدا بۆ هەڵس و کەوتەکانی کاک هۆمایون لە ماوەی ژیانیدا ئەوەی باس کراوە یان من خۆم لەم دوایانە دا لە هاوڕێیانیم بیستوە بە دەقی وتەکانی ئەوان، ناوبراو بە کورتی مرۆڤێکی شۆڕشگێر، خەڵکی، پاک، بە ڕەوشت، بە ورە، ئازا، خوێنەر، بە ئەزموون، هەڵسوور، هێمن، باوەڕبەخۆ و دژی کاری خراپ بووە. بە زانیاریەوە هاتبوە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە، هەستی چینایەتی نەبوو، لە گەڵ هاوڕێیانی لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری سیاسیدا ڕێدەکەوت و پەیرەوی بڕیارەکان دەبوو، نە بیستراوە ئەندامانی حیزبی دیموکرات یان پارتە سیاسیەکانیتر ڕەخنەی ئەوتۆیان لە هەڵوێستی سیاسی و شێوەی کارکردنی کاک هۆمایون گرتبێت و بە گشتی جێگای خۆشەویستیان بووە، بە تایبەت دۆکتۆر شەرەفکەندی زۆری خۆش ئەویست و جێگای باوەڕی بوو کە یارمەتیشیدا بۆ هاتنە دەرەوە، هەروەها ئەویش دۆکتوری زۆر خۆش ئەویست و ڕێزی بۆ دائەنا. کاک هۆمایون تا دوا ساتەکانی ژیانی لە پەیوەندی گرتن لە گەڵ تێکۆشەرانی کورد نەوەستا و هەر دەم بۆ بە دیهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد وڵاتە داگیرکراوەکەمان تێدەکۆشا.

یادیان بەرز و پیرۆز و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێت.

ماڵپەری گیارەنگ

## شەهید غەفوور هەمزەیی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەم




غەفوور هەمزەیی لە ساڵی ١٣٢٣ لە بناری ئاربابا، لە شاری بانەو لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بەدنیای پڕلە رەنجو کوێرەوەری هەلێنا. پاشان دوای تێپەرکردنی قۆناغی منداڵی، هەر لە شاری بانە خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی تەواو کرد، لەساڵی ١٣٣٨ چۆتە دانشسەرای موقەدەماتیو پاش دوو ساڵ لە گوندەکانی ناوچەی بانە بۆتە ماموستاو دەرسی بە منداڵانی هەژارو بێ دەرەتانی ئەو ناوچەیە دەگوتەوە.

غەفوور هەمزەیی پاش ٧ساڵ وانە وتنەوە لە کۆنکۆری زانستگەدا بەشداری کردو لە زانستگەی تەورێز وەرگیرا، پاش تێپەربوونی دەورانی زانستگە بە سەرکەوتوویو وەرگرتنی لیسانسی ئەدەبیاتی زمانی فارسی، گەڕاوە شاری بانەو لە یەکێک لە دەبیرستانەکانی ئەو شارە دەرسی دەگوتەوە.

ژیانی سیاسی غەفوور هەمزەیی لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی دەست پێ دەکاو لەو کاتەوە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەگرێو وەک ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەست بە کار بوو، لەخۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ وەک رووناکبیرێک لاوانی بۆ یەکگرتوویو خۆپێشاندان هان دەدا.

زۆری نەکێشا کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی تازە بە دەسەلات گەیشتوو ویستوداخوازییەکانی تەواوی چین وتووێژەکانی خەڵکی ئێران بەگشتیو کوردستان بە تایبەتی پێشێل بکاو ویستو داخوازی خەڵک بە ئاورو ئاسن وەلام دایەوە. هەر لەو کاتەدا حیزبی دیموکرات بە کردەوە لە مەیداندا دژی ئەم دیکتاتۆرییە راوەستاو لاوانی لەدەوری خۆی کۆ کردەوە، غەفوور

هەمزەیی وێرای زۆریەک لە لاوانی ئەو ئاو وخاکە نەیتوانی لە ئاست زوڵم و زۆری ڕێژیمی ئاخوندی دەرحەق بە گەلەکەی چاو هەڵنەبرێ. بۆیە لەریزەکانی حیزب بە ئاشکرا دەستی بە خەبات کردو بە ئیمانێکی بە هێزترو بیروباوەڕێکی قووڵتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادیو هەموو ئەو کەسانەی خەونی نابوودیی گەلی کوردیان دیبوو هەڵماڵی. ساڵی ١٣٥٧ هەموو پلەو پایەیەکی ئیداریو هەر جۆرە مەقامو بەرپرسایەتی‌یەکی لە کاری ماموستایەتی بە جێ‌هێڵێ‌و پاشماوەی ژیانی لەریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بۆ خەباتو تێکۆشان لەپێناوی رزگاری هاونیشتمانانی لە بێ‌مافی‌و ژێرچەپۆکی‌و دیکتاتۆری تەرخان بکا.

لەساڵی ١٣٥٨ لە کۆنفرانسی کۆمیتە شارسانی بانە بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژێردرا، لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) وەک ئەندامی راوێژکار کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا. وەک مشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا. پاشان بەرپرسایەتی کۆمیتە شارستانی بانەیان پێ سپارد. لە ساڵی ١٣٦١و ١٣٦٢ وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بۆکان دیاری کراو کە لەو ناوچەیەش خزمەتێکی بەرچاوی کردو سیاسەتەکانی حیزبی لە ناو خەڵکدا تەبلیغ دەکرد وەک کادرێکی هەڵسووڕ لە بەر چاو بوو. لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانێوێری ١٩٨٤ز) وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا.

کاک غەفوور وەک ئەندامێکی بە تواناو چالاکی ڕێبەری ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەڕیوە برد. لەژیانی حیزبایەتی‌دا بە هەموو هەستو تواناو فیداکارییەوە تێکۆشاو بە لێهاتوویی‌یەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبی‌یەکانی‌دا یەک لە دوای‌یەک بڕی.

* لە کۆنگرەی حەوتەم ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ای دێسەمبەری ١٩٨٥ز) وەک ئەندامی راوێژکار کۆمیتەی ناوەندی دیاری کراو بە بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە لە شاری سولێمانی دیاری کرا.

* لە کۆنگرەی هەشتەم لە ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ای جانێوێری ١٩٨٨ز) و لە کۆنگرەی نۆهەم لە ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ - ٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩١ز) وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا،و دواتر وەک نوێنەری حیزب لە بەغدا دیاری کرا.

* شەهید غەفوور لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی جۆراو جۆری لە حیزب دا وەئەستۆ گرتبوون کە بە لێوشاوەیی بە ئەنجامی گەیاندبوون.

* لە بەشی پێوەندی یەکانی دەرەوە دا کاری وەرگرت. لەو بەشەش دا کاک غەفوور توانا و لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان دا

و سەرکەوتنی باشی بە دەست هێنا.

ئەو کوڕی ڕۆژانی تەنگانەی حیزب بوو بەرامبەر بە حیزبو ڕێبازەکەی ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگو وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕیدا ناهومێدیو لەرزۆک بوون بەدی نەکرا. بەرپرسێکی مودیرو قاتع بوو، هەمیشە دەم بە پیکەنینو لەکاتی کاری حیزبی زۆر جیدی بوو.

غەفوور هەمزەیی ئینسانێکی خەڵکیو خاکی، دڵپاکو مەجلیس خۆشو کادرو بەرپرسێکی لێوەشاوەو خۆشەویست بوو، بەراستی کەسێکی جیدی، هەڵسوور، بەهۆشو وریاو لە کارو تێکۆشانی حیزبی ماندوویی نەدەناسی، هەوڵی دەدا پلەی زانیاری سیاسی خۆی بەرەو سەر بەرێ، بە ڕێکوپێکی ئەو ئەرکەی بۆیان دیاری کردبوو بەڕێوە دەبرد.

* ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٣ (٤ی ئاگۆستی ١٩٩٤ز) دەستی تاوان گەیشتە بەغدا پێتەختی وڵاتی عێراق و کاک غەفوور هەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە بەغدای بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەر دەرکی ماڵەکەی خۆی کەوتە بەر دەسرێژی تێرۆریستانەوە بە داخەوە دەستی تێرۆر گیانی لێ ئەستاندوو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزبەکەیو نەتەوەکەی کرد.


رووحی شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێت

فەرماندەرانی شەهید - برایم چوکەڵەی



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید سەعدون عەباسی: ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوت



سەعدون عەباسی خەڵکی گوندی بەفرەوان ی ناوچەی مەهابادە و هەر لەو گوندەش لەدایک بووە. سەعدوون هەر لە سەرەتاوە خەریکی کاری ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتی بوو. زۆر زوو توانی پلەکانی حزبی و تەشکیلاتی ببڕێ و وەک کادرێکی دڵسۆزو خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە جێگای لەناو دڵی خەڵک و هاوسەنگەرانی بکاتەوە٠ ئێمە وەکوو پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بە تایبەتی لکی ١ ی شەهید کاک شوان. بەهۆی کارەکانمان لەناوچەی شاروێران نزیکایەتی و هاوکاریمان زۆر بوو لەگەڵ کادرەکان و بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی شاروێران و شامات٠ سەعدوون یەکێک لەو کوڕانە بوو کە زۆر تێکەڵاو بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان. کاتێک ئێمە لە ناوچەی مەحاڵ بووین سەعدوون عەباسی لەبیرمە بەرپرسی بەشی ماڵی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو. هەروەها ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان بوو.

لە کۆنگرەی حەوت وەکوو ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لە دوای کۆنگرەی هەشت و هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر سەعدون هەڵوێستی خۆی گرت و پشتیوانی خۆی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەربڕی. هەرچەندە لەت بوونی حزبێک وەکوو حزبی دیموکرات ناخۆشەو جێگای داخە بۆ هەمووان بەڵام من پێموایە کارێکی سروشتی یەو لەدنیادا لەم هەڵوێستانە زۆرە. کە هیوادارم هەردوو باڵی دیموکرات ببێتەوە بە حزبێکی بەهێزتر لەجاران.

١٣ی مای ١٩٩٣ی زایینی = ٢٣ی بانەڕی ١٣٧٢ی هەتاوی؛ تیرۆری سەعدون عەباسی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوت لەشاری ڕانیە باشووری کوردستان.


شۆرش ئەسەدزادە

٢٧ - ٦ - ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید عەوڵا شەریفی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەم




شەهید عەوڵای شەریفی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ( ١٩٦٢ز) لە ئاوایی "شارەزوور"ی ناوچەی گەورگی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی وەرزێر چاوە گەشەکانی بە دونیا هەڵێنا. لەدایکبوونی ناوبراو بوو بەهۆی خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری بنەماڵەکەی و هیوا و هومێدێکی زۆری خستە ناویانەوە.

عەوڵای شەریفی بەرەبەرە کە گەورە بوو، ڕەوانەی قوتابخانە کرا و وەک قوتابییەکی زیرەک توانی تا ٥ی سەرەتایی لە گوندی شارەزوور بخوێنێ، پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری مەهاباد کرا. ناوبراو زۆر زیرەکانە وانەکانی دەخوێندو توانی تا ئاستی دیپلۆم لە شاری مەهاباد درێژە بە خوێندن بدا. لەو ماوەی کە دەرسی دەخوێند، لە هەموو قۆناغەکاندا زۆر زیرەک، پێداگر و جیددی و بە ئەخلاق و خاوەن دیسیپلین بوو، هەر بۆیەش بە قوتابییەکی نموونە دەناسرا.

عەوڵای شەریفی ساڵی خوێندنی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ (١٩٧٧ - ١٩٧٨ز) لە ڕشتەی ئەدەبیاتی فارسی لە زانستگەی تەورێز وەرگیرا و بەداخەوە پاش دوو ساڵان بەهۆی شۆڕشی بە ناو فەرهەنگی و داخرانی زانستگەکان، نەیتوانی زانکۆ تەواو بکا و ئەویش کەوتە بەر شاڵاوی دەرکران لە زانکۆ. شیاوی باسە لە کاتی ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨ز)یش وەک خوێندکارێکی ڕووناکبیر و بوێر، ئازایانە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی دەکرد.

کاتێک عەوڵا شەریفی کەوتە بەر غەزەبی بە ناو شۆڕشی فەرهەنگی، زانستگەی حیزبی دێموکڕاتی هەڵبژاردو تێکۆشانی

خۆی لە ناوچەی لەدایکبوونی واتە لە گەورکایەتی دەست پێکردو ئەوە سەرەتای ژیانی سیاسیی ناوبراو لە ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠ز) بوو، بەهۆی وشیاری سیاسی و کارلێهاتوویی لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی گەورک و پاشان بوو بە بەرپرسی ئەو ناوچەیە.

کاک عەوڵا لە کۆنگرەی حەوتەمدا بە ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ز) لە گوندی کانیە مێو، باشووری کوردستان هەڵبژێردرا.

هەڵسووڕان و کار کردن لەنێو خەڵک وای کرد کە زۆر زوو بناسرێ‌و هەموو تواناکانی بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی حیزب بەکار بێنێ، هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١ز) بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهابادو زۆر بە لێوەشاوەیی تا ساڵی ١٣٦٦ (١٩٨٧ز) بەرپرسایەتی سەرشانی بە باشی بەڕێوە دەبرد،

پاشان لە کۆنگرەی هەشتەم بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە لە ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ی جانێوێری ١٩٨٨ز) لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو هەڵبژێردرا و وەک کادری رێبەری کارو تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا.

عەوڵا شەریفی کاتێک بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، زیاتر قۆڵی بۆ خەبات هەڵماڵی و هەر بەو پێیەش بەرپرسایەتی جۆراوجۆری کەوتە سەر شان، وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، سەردەشت و بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی و خەدەمات. عەوڵای شەریفی بەوپەڕی لێهاتوویی و توانای خۆیەوە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد، ناوبراو لە کۆنگرەی ٩ی حیزبدا کە لە ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ (٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩١ لەگەڵ بەدران لای زارگەلی (ناوچیا) باشووری کوردستان، بەڕێوەچوو سەر لەنوێ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو پاشان وەک بەرپرسی کۆمیتەی مەهاباد دیاری کرایەوە کە، تا کاتی شەهیدبوونی لەم پۆستەدا مایەوە.

عەوڵای شەریفی لاوی رووناکبیرو بەئەمەگی حیزبی دیمۆکرات، باشی دەزانی مێژوو چ ئەرکێکی خستۆتە سەرشان. لەراستیدا کادرێکی سیاسی، بەتوانا، لێهاتوو، ئازا و ماندوویی‌نەناس بوو و بەردەوام بۆ خۆپێگەیاندن خەریکی خوێندنەوە بوو و لە کتێبخانە خنجیلانەکەی هەموو جۆرە کتێبێک دەست دەکەوت، ئەوە بۆ خۆی نیشانەی رووناکبیری‌و حەز و خولیا بۆ خوێندنەوەو فێربوون بوو. زۆر جار وەک کادرێکی تەشکیلاتی تەنانەت هاوکاری بەشی راگەیاندنی دەکردو زۆر وتاری بەنرخی بۆ رۆژنامەی کوردستان‌و رادیۆ کوردستان دەنووسی.



سەرچاوە
Serchawe

دڵسۆزیی‌و ڕاستگۆویی، ئازایەتی شەخسی‌و ئەخلاقی، ڕاشکاوی‌و دەستو داوێن پاکی لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی عەوڵای شەریفی بوون، بیرو باوەڕێکی قووڵی بە ڕێبازەکەی بوو، هیچکات کردەوەیەکی وای لە خۆی نیشان نەدا کە پرستیژی حیزب بێنێتە ژێر پرسیار، یان زەبر لە ئیعتباری حیزبەکەی بدا. لە دۆستایەتی دۆست و خاکی‌و خەڵکخۆشەویست بوو و لە هەر جێگایەک کاری کردبایە لە گەڵ هاوڕێکانی وەک برا کاری دەکرد. زمانی قەناعەت پێکردنی لەسەرێ بوو و بەهەق جێی متمانەی هاوسەنگەرانی و کۆمەڵانی خەڵکی بوو، بەو هەموو تایبەتمەندییەوە بەڕاستی یەکێک لە لێوەشاوەترین کادرەکانی ڕێبەریی حیزب بوو. بەکورتی شۆڕەسواری مەیدانی خەبات و دۆستو خەمخۆری خەڵکو کوڕی ڕۆژانی سەختی خەبات بوو.

پێش شەهیدبوونی کە بەرەبەرە خۆی بۆ ناو خەڵکو قووڵای ناوچەکانی کوردستان ئامادە دەکرد لە وەسییەت نامەیەک دا دەنووسێ:

"شەوێکی مات و بێدەنگە. زۆری نەماوە بۆ درێژەدانی ئەرکی پیرۆزم بگەڕێمەوە ناوچە جوانەکەی مەهابادو نێو خەڵکە دێموکرات و پێشمەرگە پەروەرەکەی. نازانم چۆن بە دڵم داهات شتێک وەک وەسیەتنامە بنووسم. هەر چەند ژیان خۆشە، بەڵام کاتێک پێویست بێ بمرین، بۆ ژیان خۆشیی گەل، دەبێ بەختی بکەین. زۆرم ئاوات بوو ڕۆژێک لە نیشتمانی خۆمان و لە نێو گەلی خۆمان و بە ئازادی و سەربەستی بژیابامایە و ڕزگاریی گەلەکەم بە چاوی خۆم دیتبایە.

دایکی خۆشەویستم! بابە ڕۆیشت و لەسەر دڵم داخە نەمتوانی بیبینمەوە. لەسەر منو بۆ من چیهای بەسەرهات! زۆر لەمێژە تۆشم نەدیتوە. ئێستا کە کاروانی مەرگم دەڕواتو گەڕانەوەی بۆ نیە، بە یەکجاری ماڵئاواییتان لێدەکەم. خۆزیا مەرگی من وەپێش بابەش بکەوتایە. گوتوویانە ئەولاد بۆ ئەوەیە کە باوکو دایکی بحەسێنێتەوە، هەر چەند ئاواتی منیش ئەوە بوو بتوانم خزمەتێکتان پێ بکەمو لە هەزاران هەزار ڕەنجو زەحمەتی ئێوە یەکیان قەرەبوو بکەمەوە، بەڵام بەو ئاواتەش نەگەیشتم.

خۆشەویستان! من تەنیا کوڕی ئێوە نەبووم، هی هەموو باوک و دایکێکی ئەو کوردستانە بووم. دایە گیان! چاوەکەم! بیناکانت ماچ دەکەم، نابێ بۆ من بگری. مناڵەکان گەورە بوون. دەبێ بە دیتنی وان غەمی منتان لەبیر بچێتەوە. باش دەزانی کە من لەسەر خۆم و بۆ خۆم نەبوومە پێشمەرگە، ئاهو ناڵەی ڕەشو ڕووتو ڕەجاڵەکانی کوردستان، ئیمان بە ئازادیی و ڕزگاریی، بۆ ئەو ڕێگایەی هان دام. ئازایانە، دڵسۆزانە و سادقانە، قایم و پتەو، ئەرکەکانی شۆڕشم بەجێگەیاند. بەو هیوایە حیزبە خۆشەویستەکەم و گەلە هەژارەکەم لێم ڕازی بنو وەک من بەوان وەفادار بووم، ئەوانیش من لەیاد نەکەن.

کاک حەمەدەمین! و عوسمان! و عومەر! و خوشکە فاتم! چاوەکانتان ماچ دەکەم. تازە ناتان بینمەوە، ئاوات زۆر بوون بە یەک بگەینەوە بەڵام نەگونجا. ئیمانێکی قووڵم بە ڕێگاو ڕێبازەکەم هەبوو کە بۆی کوژرام. ئەمن بۆم نەکرا، بەڵام ئێوە خزمەتی دایە پیرەتان لەبیر نەچێ. چاوتان بە منداڵەکانەوە بێ و مەهێڵن بێ ناز بن. منداڵەکان دەبێ بخوێنن و ڕێگای پیرۆزی باوکیان ون نەکەن.

خێزانی خۆشەویستم ئەسمەر گیان! هەر چەند پێت ناخۆش بوو بۆ ساتێکیش لێت دوور کەومەوە، ئەوجار دوور کەوتنەوەکەم بۆتە هەمیشەیی و تازە ناگەڕێمەوە، ماڵاوایت لێ دەکەم. داوام ئەوەیە بۆم غەمبار مەبە و خۆت نارەحەت مەکە. منداڵەکان چاک پەروردە کە، حەتمان پێیان بخوێنە و باشیان پێ تەڵقین بکە ڕێگای باوکیان قەت بەر نەدەن و هەمیشە بە سەربڵندی بژین و بۆ گەلەکەیان بژین.

خزم و دۆستان و هاوڕێیان! هەمووتانم خۆش دەویست و خۆشتان ویستم. ماڵئاوایتان لێ دەکەم. ئەوەندەی کە من بۆم کرا ئێوەم لەبیر نەکرد، بەو ئاواتە ئێوەش من لەبیر نەکەن. هەر کەس کە منی خۆش دەوێ داوام ئەوەیە حیزبەکەی من، حیزبی دێموکراتی کوردستانی خۆش بوێ و ڕێگای دێموکرات بگرێتە پێش.

پەروەردەی ئاوو هەوای کوردستان بووم و گیانم وەک دیاری بۆ گەل و کوردستانم بەخت کرد و بە پێی توانا دژی زاڵم و زۆردار خەباتم کرد و بە ڕێبازو گەلەکەم وەفادار مامەوە. بەو هیوایە حیزبەکەم و ئێوەش لێم ڕازی بن. دڵنیام درەنگ یا زوو ئاواتی ڕزگاریی گەلەکەم وەدی دێت و کوردیش بە مافی خۆی دەگا و کوردستانیش ڕزگار دەبێ."

شەوی ٧ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ (٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٩٤ز) شەوپەرەستان لە نێوان گوندەکانی کوورانو کاوڵان لە دەراوی شەکراوێ کەمینیان بۆ تێکۆشەرانی دیموکرات دانابۆوە کە بەداخەوە لەو کەمینەدا خەباتکاری ماندوویی نەناس، عەوڵای شەریفی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانو خوێنی تێکەڵ بە خوێنی قارەمانێکی دیکە بە ناوی قەرەنی مامەنەبی بوو و خوێنیان بوو بە چرای ڕووناکی ڕێگای تێکۆشانمان.

برایم چوکەڵی - فەرماندەرانی شەهید

## شەهید مەنسوور فەتاحی ناسراو بە ڕەشە هەورامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




مەنسور فەتاحی کوڕی ڕەشید ناسراو بە مەنسووری ڕەشە هەورامی لە ساڵی ١٣٣٥ لە گوندی "کەڕاوا"ی سەر بە شارستانی مەریوان لەدایک بوو.

مەنسوور لە مەریوان دەخرێتە بەر خوێندن و پاشان بە هۆی پیشەی باوکییەوە دەچنە پاوە و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا و دواتر لە مەریوان دیپلۆمی زانستی سروشتی وەردەگرێت.

مەنسوور لە بوارەکانی خۆشنووسی و نیگارکێشی دا بە توانا و بوو و هەر لەو بوارانەشدا لە ئاستی شارستانی مەریوان و پارێزگای سنە دا خەڵاتی وەرگرتووە. جگە لەمانەش لە بواری وەرزشی "زۆرانبازی"دا چەندین جار پلەی یەکەم و دووهەمی لە ئاست شارستان و پارێزگای سنە دا بەدەس هێناوە.

لە سەردەمی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران دا، مەنسوور فەتاحی و کۆمەڵێکی تر لە لاوانی سەر بە ڕەوتی چەپی شاری مەریوان لە جووڵەیەکی خۆرسک و سەربەخۆ لە ساڵی ١٣٥٦ دا، گرووپێک لە ژێر ناوی "گروه ضربت" لە نێو شار درووست دەکەن و شەوانە هێرش دەبەنە سەر دامودەزگا ئەمنیەتیەکانی ڕژێمی پاشایەتی. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران، لە شاری مەریوان "کانون فارغ التحصیلان" دادەمەزرێنن و لە ژێر کاریگەریی بەرپرسی ئەو کانوونە لە شاری مەریوان پەیوەندی بە "سازمان چریکهای فدایی خلق"ـەوە دەگرن. مەنسوور دەبێتە بەرپرسی نیزامیی سازمان لە ناوچەی مەریوان.

دواتر پاش ئینشعابی "سازمان" و تێکەڵاوی و هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە ناوچەکە و پاشان ئاشنا بوون لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بیری نەتەوەیی دەست لە "سازمانی فەدائیان" دەکێشێتەوە.

مەنسور فەتاحی ساڵی ١٣٦٠ بە شێوەیەکی فەرمی دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکرات ئەو پلە حیزبیەکانی لە بەشی چەکداریی حیزبی دێموکراتەوە دەست پێدەکات و لە ساڵی ١٣٦١ دەبێتە جێگری فەرماندەی هێزی زرێوار.

به گشتی هەموو بەرپرسیارەتیەکانی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم شێوەیە ڕیز دەکرێن:

١- لە ڕێکەوتی ٢٨ - ٩ - ١٣٦١ی هەتاوی دەبێتە جێگری فەرماندەری هێزی زرێواری مەریوان
٢- لە ڕێکەوتی ١٨ - ١١ - ١٣٦٢ی هەتاوی دەبێتە فەرماندەی هێزی زرێوار
٣- لە ڕێکەوتی ٩ - ٤ - ١٣٦٤ی هەتاوی دەبێتە فەرماندەی هێزی شەهید عەزیز یوسفی لە سەقز
٤- لە ڕێکەوتی ٢٩ - ١١ - ١٣٦٤ی هەتاوی دەبێتە فەرماندەی نیزامیی مەڵبەندی یەکی حدکا (هێزی زاگرۆس)
٥- لە ڕێکەوتی ٢٦ - ٢ - ١٣٦٧ی هەتاوی دەبێتە بە بەرپرسی مەڵبەندی یەکی حدکا
٦- لە ڕێکەوتی ١ - ٢ - ١٣٧١ی هەتاوی دەبێتە بەرپرسی جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامیی حدکا.
٧- لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی بۆ جارێکی تر بەرپرسیارەتیی مەڵبەندی یەکی حدکا بە ئەستۆ دەگرێت.

مەنسووری ڕەشە هەورامی، لە کۆنگرەی هەشتەمی حدکا، دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە و تا کاتی تێرۆر کرانی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو بەرپرسایەتیانەی سەرەوەی هەبووە.

٨ی دێسەمبەری ١٩٩٧ی زایینی = ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ تیرۆری مەنسوور فەتاحی ناسراو بە مەنسوری ڕەشە هەورامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی هەشتەم لە نیزیک شارۆچکەی "دوکان" و دەروازەی شاری "کۆیە"ی باشوری کوردستان دەکەونە بۆسەی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامییەوە و لە ئاکامی دەسرێژی گوللەی ئەو تێرۆریستانە دا شەهید دەبێت.

لەم جینایەتەدا کە لە نیزیک شارۆچکەی "دوکان" و دەروازەی شاری "کۆیە"ی کوردستانی باشور ڕوویدا، کۆماری ئاخوندی توانی چەند تێکۆشەری دیاری نێو بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان تێرۆر بکات کە بریتی بوون لە: شەهید مەنسوور فەتاحی ناسراو بە مەنسووری ڕەشە هەورامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید مەنسوور

ناسری کادری لێوەشاوەی حیزب و جێگری کۆمیتەی ناوەندی، شەهید ساماڵ ئیسماعیلی بەرپرسی کۆمیتەی بانە، شەهید ڕەفعەت حسەینی و شەهید یەدوڵا شیرینسۆخەن دوو پێشمەرگەی بەووەج و وەفاداری حیزب.

ئەم کاروانە لە تێکۆشەرانی دێموکرات لەو ڕۆژەدا لە شاری سلەیمانییەوە بەرەو کۆیە وەڕێکەوتبوون تاکوو لە دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێش لە کۆنگرەی ١١ هەمی حیزب بەشداری بکەن کە لە نیزیک شارۆچکەی دوکان کەوتنە بۆسەی چەکدارەکانی قەرارگای ڕەمەزانی سپای پاسداران و فەرماندە قارەمانەکەی دێموکرات لە نێو ماشینەوە لێیان دێتە دەست و هێرشەکەیان پووچەڵ دەکاتەوە. بازەکەی کۆساڵان بۆسەکەی تێک شکاند وتیرۆریستانی تارانی تاراند و دەستی بەسەر ماشینێکی سوپای پاسداراندا گرت کە بەڵگەیەکی زۆر و گرینگی لە خەیانەت و پیلانگێڕیی تێدا بوو.

بەداخەوە مەنسووری فەتاحی لەم نێوانەدا پێکرا و لە ڕێگای گەیشتن بە نەخۆشخانە شەهید بوو. کاتێک کە کۆماری ئیسلامی لەم پیلانگێرییەیدا شکستی خوارد، هاوڕێ مەنسووری ناسری بە ماشینێکی دیکەی حیزب بەرەو شاری کۆیە وەڕێکەوت و لە بەر بازگەی دەروازەی کۆیەدا وەک جاران بۆ لێپرسینەوە ڕاوەستان کە لەوێشدا تووشی تاوانکارییەکی دیکە بوون و لە نێو بازگەکەوە دەسڕێژی خەیانەت لە مەنسووری ناسری کرا و هاوڕێ لەگەڵ سێ کادر و پێشمەرگەی هاوڕێی شەهید کران.

٨ - ١٢ - ١٩٩٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا، تۆری کۆمەڵاتیی فەیسبووک



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید سەید مەنسور ناسری: جێگری کومیتەی ناوەندی کۆنگرەی دەیەم




سالی ١٣٣٤ی هەتاوی بەرانبەربە ١٩٥٥ی زایینی لەبنەماڵەیکی شۆڕشگێڕلەئاوایی حسێن ئاوای سەربەشاری سنە کۆرپەیک لەژێرناوی مەنسوور چاوی بە دنیای پڕلە مەینەت هەڵێنا.

مەنسوور زۆر منداڵ دەبێ کەباوکی جوانەمەرگی کە بەدرێژای چەندین سال لەزیندانی رەزاشا لەقەڵای سنە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا لەش ساغی لەدەست دابوو، کوچی دوایی دەکا.

دایکی مەنسووریش هەر زۆر زوو و سەرەڕای ئەوەێکە مەنسوور کۆرپەیکی شیرەخۆر دەبێ لە گەڵ کەسیکی تر ژیانی هاوسەری پێک دێنێ و مەنسوور کە هێشتا لە شیر نەبڕاوەتەوە دەدرێ بە مام و مامۆژنی. بە هەڵکەوت مامۆژنی کە تازە کچیکی کورپەی دەمرێ، بەشیری خۆی بەخێوی دەکات و بەم چەشنە دەکەوێتەژێرچەتری حیمایەتی مام و مامۆژنی و لەگەل ئامۆزاکانی وردە وردە گەورەدەبێ و دەست بە خوێندن دەکا. زۆر ناخاێنێ کە مامیشی لە نەورۆزی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی(١٩٦٣) وێڕای کومەلێ لە کوردە دڵسۆزەکان لە شارە جۆرواجۆرەکانی کوردستان بەتاوانی لاێەنگری لەحیزبی دیموکرات لە لاێەن ساواکەوە دەگێرێن و ڕەوانە زیندانی قزلحصار لە تاران دەکرێن وڕۆژ ڕەشی و ژیان تالی ڕوو دەکاتە مەنسوور و ئاموزاکانی. بەدوای رووخانی رژیمی پاشایەتی و گەشەکردنی کوردایەتی لەمانگی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی، (١٩٧٩) مەنسوور لەریزەکانی حیزبی دیموکرات لە سنە کە تازە لەو شارە دەستی بەتێکوشانی دووبارە کردبووە ناوی دەنووسێ و دەبێ بە پێشمەرگە.

لەشەڕی ٢٧ ڕۆژەی شاری سنە دەورێکی بەر چاوی گێڕا وبەهۆی لێوەشاوەیەوە دوای ماوەیەکی کورت بووبە سەرپەلی پەلێ لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە. لەباری سیاسیشەوە لەماوەیەکی کورتدا خۆی نیشان دا وبوو بە کادری کۆمیتە ناوچەی حسین ئاوا.

سەید مەنسوور بەهۆی لێوەشاوەیی زیاتر و خوشەویستی ناوخەلک وهاوڕیانیەوە زۆرزوو پلەکانی تەشکیلاتی وەک ئەندامەتی کۆمیتە شارستانی سنە و فەرماندەری هێزی شەریفزادە و کادری کومیسیۆنی کومەڵایەتی و بەرپرسی بەشی قەزای حیزبی تەی دەکا.

لەکۆنگرەی ١٠ی حیزبیشدا ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ (١٢ی ئەپریلی ١٩٩٥ز) لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان بەسترا وکوو ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردار و لە سالی ١٩٩٣ی زاینیەوە لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە وەکوو بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەشاری سلێمانی دیاری کرا و تاکاتی شەهیدبوونی ئەوئەرکەی بەئەستۆەبوو.

سەیدمەنسور کادرێکی سادق، بەئەمەک، دڵسۆز، دەم بەپێکنین، دەنگ خۆش،بە حۆجب وحەیا و خوش پێکەتوو و لێ هاتوو وخۆشەویستی خەلک و پێشمەرگە بوو. ئەو تایبەت مەندیانە و پایەگای کۆمەڵایەتی سەید مەنسوور لە نێو خەڵک دا، ترسی خستبووە دڵی دۆژمنانی کورد و کوردستانەوە، هە ربوێە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیان جار بۆلە نێو بردنی پیلانیان گێڕا.

تاسەرئەنجام لە ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٨ی دێسەمبەری ١٩٩٧ی زایینی بەرانبەر بە ١٧ی سەرماوزی ١٣٧٦ هەتاوی لە کاتێکدا و لەبەرە بەرەی گرتنی کۆنگرەی ١١ی حیزبدا لە گەڵ هاوڕێانی لە سلێمانیەوە بە دووماشین بەرەو دەفتەری سیاسی بۆ پلێنومی پێش کۆنگرە بە رەو کۆیە بەرێوەبوون، لە نزیکی دوکان دەکەونە بۆسەیکی تێروریستی کە لە لایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە بۆیان دانرابوو.

بەداخەوە لە یەکەم دەسرێژدا هاورێ و هاوسەنگەری خۆشەویستی، واتە کاک سەید مەنسوور فەتاحی ئەندامی کادری رێبەری حیزب شەهید دەبێ. شەهید سەید مەنسوور و هاورێانی زۆر قارەمانانە بەرنگاری دۆژمنانی کورد و کوردستان دەبنەوە و بۆێرانە تێروریستەکان ڕاو دەنێن و دەست بەسەر ماشێن و کەل و پەلەکانیادا دەگرن.

پاش تێکشکاندنی کەمینەکە بە رەو شوێنی مەبەست درێژە بە ڕیگاکەیان دەدەن و لە شاری دووکان بە هۆێکی نادیاریەوە دەبنە دوو دەستە وە! حەمەعەلی عەنایەتی ئەندامی ڕێبەرایەتی حدکا کە وێڕای پێشمەرگەکانی هێزی پارێزگاری لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی حیزب پاش ئاگاداربوون لە ماجرای کەمینەکە لە گەڵ دستەیَ پێشمەرگە هاتبونە هانایانەوە لەڕێگایکەوەو، و سەید مەنسوور ناسری ئەندامی ڕێبەرایەتی حدکا وێڕای سێ کەسی تر لە ڕێگایکی ترەوەوە بە بەرو کۆیە درێژە بە ڕێگاکەیان دەدەن.

تێروریستەکانی سەربە سۆپای قودس و قەرارگای ڕەمەزان کە لە ئەنجامی پروسەکەیان ناکام دەبن؛ بە مەبەستی جێ بە جێ کردن ئامانجە گڵاوەکە یان دەس بە دامێنی یەکیەتی نیشتمانی دەبن، یەکیەتیش وەکوو پیشەی هەمیشەگی بە هانای کۆماری ئیسلامیەوە دەچێت و لە وڵامی ئەو داخوزیەدا مەفرەزەیکی ١٧ کەسی لە چەکدارەکانی ئاسایش بە فەرماندەری "ملازم ئەرسەلان حمەسورحمەامین" دە نێرتە خالی پشکنینی دەروازە ی کۆیە.

کاتێ سەید مەنسوور و هاوڕیانی دەگەنە خالی پشکنینەکە لە لایەن ئەو چەکدارانەوە و لە ژێر چاوەدێری "حاجی مەسیفی" دا نامەردانە وەبەر دەسڕێژدەدرێن و هەرهەموویان شەهید دەبن و یەکیەتی نیشتمانی پلانی ناتەواوی کۆماری ئیسلامی بەئەنجام دەگەێنی.

بەم جورە سەید مەنسوور ناسری لە گەڵ هاورێانی ئەبووبەکر ئیسماعیلی (سامال) بەرپرسی کومیتە بانە، ڕەفعەت حوسینی ئەندامی کومیتە پاوە و یدوالله شیرین سوخەن پێشمەرگە ی هێزی پارێزگاری حدکا تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی حیزبی دیموکرات و کوردوکوردستان دەبن و یەکیەتی نێشتمانیش کە سەردەمانێ لە شەڕی جادەی خانە بۆ سەردەشت نازناوی هێزی پشتیوانی پێ درابوو و سێزدە شەهیدی سەربەرزی لە و ڕێگایدا پێشکەش بە پاراستنی ئەو ڕێگایە کردبوو؛ خالێکی ڕەش و شەرمو و شورەیی هەتا هە تایی لە کارنامەی خوێدا بە سەبت دەگەێنی.

شەهید سەیدمەنسوور دوو جار ژیانی هاوسەری هەڵبژارد کە یەکمیان بەهوی ئینشعابی کۆنگرە ٨ی حیزب هەلوەشاوێەوە و دووهەمیشی تاکاتی شەهیدبوونی بەردەوام دەبێت. بەرهەمی ژیانی هاو بەشی دو کچە بەناوەکانی شیلان و شایی.

یادی شەهید سەید مەنسوورو بەخێر بێت.

## شەهید "داود جەوانمەرد" ناسراو بە "کاوە" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی پازدەی حدکا

شەهید "داوود جەوانمەرد" ناسراو بە "کاوە" کوڕی شەهید "نەجمەدین جەوانمەرد" لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی(١٩٧٩ی زایینی) لە شاری سنە لە دایک بوو خوێندنی تا وەرگرتنی مەدرەکی دیپلم درێژە دا. تەمەنی ٥ ساڵان بوو کە باوکی وەک ئەندامی حیزب لە لایەن دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا و پاش بەسەردا سەپاندنی حوکمی ئیعدام شەهید کرا.

شەهید کاوە جگە لە کارکردن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵە ئۆگرێکی تەواوی بە کاری سیاسی و ڕێبازی پڕ سەروەری باوکی هەبوو ئەو هەستەی لە ڕێگای ڕۆژنامەوانییەوە چالاکانە پێڕە و کرد و لە هەمانکاتدا یەکێک لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە ئیعترازییەکانی ناوشار بوو.

سەرئەنجام ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی(٢٠٠١ی زایینی) لە ڕێگای هاوڕێیانی تەشکیلاتی ناوشاری سنەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و پاش وەرگرتنی شانازی ئەندامەتی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بە باشی و بە لێوەشاوەییەوە لە نێوخۆی کوردستان بە جێی گەیاند و هەر بە تاوانی ئەو چالاکییانە لە ساڵ ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥ی زایینی) دەستبەسەر و زیندانی کراو و حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بە تاوانی چالاکی سیاسی و مەدەنی بەسەردا سەپێندرا. پاش ئازادبوون لە زیندان ئەرکی کاری تەشکیلاتی و ڕێکخستنی لە ناو شاری سنەی وەئەستوو گرت و ئەو ئەرکەی بە باشترین شێوە بەڕێوە برد و دەورێکی چالاکی لەو ئەرکەدا گێڕا.

ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی( ٢٠٠٩ی زایینی بە هۆی ئاشکرابوون و ئەگەری زیندانی کردنی دووبارە خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب و پاش بەشداری لە دەورەی ١٩٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە بەهاری ١٣٨٩ی هەتاوی(٢٠١٠ی زایینی بە فەرمی بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی پۆشی.

شەهید کاوە لە درێژەی کار و چالاکیی حیزبدا گەلێک ئەرکی وەئەستۆ گرت وەک ئیدارە و سەرپەرەستیی ماڵپەڕەکانی حیزب و بە هۆی لێوەشاوەییەوە لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبدا کە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی = ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢ی زایینی بەڕێوەچوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. پاش بوونی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەرکی بەرپرسایەتی تیشک تی ڤی لە کوردستان وەستۆ گرت و خزمەتێکی شایانی لەو بوارەدا ئەنجام دا لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرپرسایەتی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی پێ ئەسپێردرا و لەو ئەرکەشدا شیاوی خۆی نیشاندا.

## چوونییەتی شەهید بوون

پاش دە ڕۆژ تێپەڕبوون لە تێکهەڵچوونەکانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی = ٥ی جوولای ٢٠١٦ی زایینی)، لە نێوان هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کێوی کۆساڵان لە ناوچەی سەوڵاوا کە کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی لێکەوتەوە، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیش بە دانی ٣ شەهید داستانێکی دیکەیان لە حەماسە و خۆڕاگری تۆمار کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی = ٥ی جوولای ٢٠١٦ی زایینی)، ٢ پێشمەرگەی هەڵبڕاو لە تیمی شەڕەکەی کۆساڵان و دوورکەوتنەوە لە شوێنی شەڕەکە و جێگیربوونیان لە نێزیک ئاوایی "بۆڕییەر" لە لایەن جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە پشتیوانی تۆپخانە و مۆشەکی کاتیوشا و چەکی جۆراوجۆر گەمارۆ دەدرێن و شەڕێکی دوو کاتژمێری خوێناوی لە نێوان ئەو ٢ فیداکار و تێکۆشەرە دێموکراتە لە لایەک و هێزەی زۆر و پۆشتە و پەرداخی ڕێژیم لە لایەکی دیکەوە ڕوو دەدا.

قارەمانەکانی دێموکرات پاش کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەک لە جاش و پاسدارەکان و تەواو بوونی کەرەسەی بەرگری لە خۆیان بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەونە دەست دوژمن و بە دیل نەگیرێن دوا نارنجۆکی دەستی بە خۆیاندا دەتەقێننەوە و بەداخەوە شەهید دەبن و دەچنە ڕیزی شەهیدانی حیزب و گەلەوە.

"داودی جەوانمەرد" ناسراو بە "کاوە" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەداخەوە لە ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی = ٥ی جوولای ٢٠١٦ی زایینی)، لەگەڵ هاوسەنگەرەکەی "سەرکەوت سەمەدی" کادری حیزب لە ئاوایی بۆڕییەر شەهید بوون.

بەدست کاریەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان: ٧ی جوولای ٢٠١٦ی زایینی = ١٧ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی



سەرچاوە Serchawe

## شەهید برایم برایمی ناسراو بە برایم زێوەیی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە




شەهید برایمی برایمی ناسراو بە برایم زێوەیی کوڕی کاک قادر، لە دایک بووی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی (١٩٦٢ز) لە بنەماڵەیەکی گوندی زێوە و دانیشتووی شاری سەردەشت. وەک هەموو منداڵە بێ بەشەکانی گوندەکانی کوردستان بە نازی دایک و بابی خۆی گرت و ڕەوانەی خوێندنگە کرا، ژیرانە دەرسی خوێند و زیرەکانە قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕین و بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی لە ئاستێکی بەرزدا بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا.

سەرەتای تەمەنی لاوەتیی برایمی دڵ پڕ لە ئاوات هاوکات بوو لەگەڵ ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران لە ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی و سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان کە شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە، ئەو ڕووداوە مێژووییە هەستی کوردایەتی لە ناخی برایمدا وە گڕوگاڵ خست و تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕازییانی کرد. وەک لاوێکی خوێندەوار لە هاندانی لاوە هاوتەمەنەکانی بە دژی ئەو ڕێژیمە و مانگرتن و ڕێپێوانەکاندا نەخشی بەرچاوی وەئەستۆ گرت بە تایبەت خۆپیشاندانی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٧ (٥ی دێسەمبەری ١٩٧٨ز ) کە چەندین شەهید و برینداری لێ کەوتەوە.

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کاک برایم کە ئەو کات ئەندامی شووڕای قوتابیان بوو، وەک هەستەی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕات بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی ئەو یەکیەتییەی وەئەستۆ گرت. هەر ئەو ساڵە بە شێوەی نیوەئاشکرا لە نەخۆشخانەی شار لە دەورەیەکی دەرمانیدا بەشداریی کرد و لەو بەشەدا شارەزایی باشی وەدەست هێنا و، هاوینان لە چەند دەستەی دەرمانیدا بە گوندەکانی دەوروبەری سەردەشتدا دەگەڕان.

کاک برایم لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە (١٩٧٩ز) پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا دامەزراندبوو، بە هۆی هەڵسووڕان و تێکۆشان و دەمەقاڵەی لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم و پاسدارموعەللیمەکان بەردەوام لە ژێر فشار و چاوەدێریدا بوو، هەر بۆیە بە تەواوی مەودای حەوانەوەی لێ بەرتەسک بۆوە و، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ز) تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو، بەرگی پڕ لە سەروەریی پێشمەرگەی پۆشی و، ئامادەیی خۆی بۆ ئەنجام دانی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی لە لایەن حیزبەکەیەوە بۆی دیاری کرابایە دەربڕی.

کاک برایم زێوەیی بە هۆی دیتنی دەورەی دەرمانی و شارەزابوونی لەو بوارەدا، بۆ شاری ڕەبەت بەڕێ کرا کە ئەو کات دەرمانگایەکی حیزبی لێ پێک هاتبوو، وەک سەرکادری دەرمانی ئەرکی وە ئەستۆ گرت و دڵسۆزانە درێژەی بە تێکۆشان دا. بە هۆی سەرکەوتنی بەرچاوی لە ئەنجام دانی ئەرکی پێسپێراوی و، ئەو بڕوا و متمانەی لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا وەدەستی هێنابوو، ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣ز) لە کۆنفرانسی کۆنگرەی شەشەمدا دەنگی بەشدارانی کۆنگرەی بۆخۆی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێرا.

هەر لەو کۆنفرانسەدا بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەدا وەک نوێنەری کادر و پێشمەرگەکان دەنگی پێ درا و چالاکانە بەشداری کۆنگرە بوو.

کاک برایم یەکێک لەو کادرە تێکۆشەر و ماندوویی نەناسانە بوو کە لە ناوچەی سەردەشت جێ پەنجەی دیار بوو. سەرەتا بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی باژاری وەئەستۆ گرت، دواتر بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی بۆڵفەت و پاشان بە بەرپرسی تەشکیلاتی شار دیاری کرا کە لە هەموویاندا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا.ئەو هەڵسووڕان و تێکۆشان و ورە و ئیمانە کاک برایمیان کردە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکە و جێ‌متمانەی زیاتری هاوڕێیانی و بۆ ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێرا.

کاک برایم قۆناغ بە قۆناغ پلەی تەشکیلاتی زیاتر دەچوە سەرێ و ئەرکی سەرشانی قورستر دەبوو. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩ز) لە سەر بڕیاری کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی نەقڵی ئەو کۆمیسیۆنە کرا و، لێ بڕاوانە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی. بەڵام ئەوە دوایین بەرپرسایەتیی برایم زێوەیی نەبوو. ساڵی ١٣٧٠ (١٩٩١ز) بۆ بنکەی پێوەندییەکان لە شاری سلێمانی نەقڵ کراو ئەرکی مودیرداخلە و پێڕاگەیشتن بە کار و باری ڕۆژانەی بنکەی وە ئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٧١ (١٩٩٢ز) بۆ کۆمیسیۆنی ئامووزش بەڕێ کرا و، وەک مامۆستایەکی شارەزا لە دەورەکاندا دەرسی مێژووی جووڵانەوەکانی کوردی بۆ کادرەکان شی کردەوە. دوای چەند ساڵ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە، ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦ز) نەقڵی سکرتاریای

حیزب کرا و بەرپرسایەتیی بایەگانیی حیزبی لەو ئۆرگانەدا وەئەستۆ گرت و کاری پێوەندییەکانیشی بەڕێوە دەبرد.

ساڵی ١٣٨٤ (٢٠٠٥ز) بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانیی لە کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ وە ئەستۆ گرت و هەر بەو ئیمان و باوەڕە بەهێزەوە لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا بوو.

کاک برایم زێوەیی ئەو کادرە دەراتە و پێگەیشتووە بوو، لە کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبدا کە ١٦ی رەشەمەی ١٣٨٦ (٦ی مارچی ٢٠٠٨) لە شاری کۆیە بەرێوە چوو دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی بۆخۆی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا. لە دابەش کردنی کاری حیزبیدا وەک جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی دیاری کرا و، چالاکانەتر لە پێشوو درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێراوی دا.

دوایین بەرپرسایەتیی برایم زێوەیی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی پێوەندییەکان لە شاری هەولێر بوو. ناوبراو لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆیدا هیچ کات لە تەنگ و چەڵەمە و کەندو و کۆسپەکانی سەرڕێی تێکۆشانی سڵی نەکرد و، بەردەوام پێداگر لەسەر ئەنجام دانی ئەرک و بڕیارەکانی حیزب بوو.

کاک برایم لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ٢ی جوزەردانی ١٣٨٠ (٢٣ ی مای ٢٠١١ز) لە شاری کویە بەرێوە چوو بۆ جاری دووهەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

کاک برایم لە کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ (٦ی فێبریوێری ٢٠١٦ز) لە شاری کویە بەرێوە چوو بۆ جاری سێهەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

شەهید برایم هەمیشە وەک کادرێکی خاوەن نەزەر بە بیر و باوەڕێکی پتەو و دڵێکی ئاوەڵاوە لەگەڵ هاوڕێیانی هەڵس و کەوتی دەکرد. لایەنگری یەکیەتی و هاودەنگیی لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بوو. بەڵام بەداخەوە ئەویش بە مراد نەگەیشت و دەستی تاوان لە گەلی کوردی ستاند. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا کە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز) شەهید کرا و خوێنی گەشی تێکەڵ بە خوێنی هاوسەنگەرە شەهیدەکانی بوو.

رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.

## شەهید نەسرین حەدداد: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە




شەهید نەسرین حەدداد ناسراو بە مامۆستا نەسرین کچی کاک کەریم. ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی (١٩٦٠ز) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانخۆشەویست و پێشمەرگەپەروەری شاری سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. بە نازی دایک و بابی تەمەنی هەڵکشا و گەشەی کرد و خڕەکە بوو. بە پێچەوانەی نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا، بواری خوێندنی بۆ ڕەخسا و، لە یەکێک لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا لەگەڵ دنیای فێربوونی زانست ئاشنا بوو. وەک قوتابییەکی ژیر و بە بیر دەرسی خوێند و، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیشی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە گەیاندنە کۆتایی.

کاک کەریم حەدداد باوکی نەسرین کە ساڵانێکی دوور و درێژ لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەرکی خزمەت بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەی وە ئەستۆ گرت و، لە ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی تێکۆشەرانی دێموکراتدا یەکێک لەو کادر و فەرماندانە بوو کە دوڕگەی ئارامی حەمەڕەزاشای شڵەقاند و، لە بڕینی پلە تەشکیلاتییەکاندا گەیشتە ئەندامی ڕێبەرایەتی، سەلمێنەری ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو بنەماڵە کورد پەروەرەیە.

نەسرین کە لە قوتابخانەی پێشکەوتنخوازانەی ئەو بنەماڵەدا تێگەیشت و پێگەیشت و باوخۆش بوو، زۆر زوو گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخیدا وە گڕوگاڵ کەوت و، لە مانگرتن و ڕێپێوانی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتیدا تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕازییان بوو. وەک کیژێکی دڵ پڕ لە ئاوات کە هەستی بە چەوسانەوەی ڕەگەزی و نەتەوایەتی کردبوو، لە هاندانی دەستەخوشکانی و قوتابیە هاوپۆلەکانی بە دژی ئەو ڕێژیمە بێزراوە نەخشی سەرەکی و بەرچاوی وە ئەستۆ گرت.

بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش هەڵوێستی لێ براوانەی گرت و، لە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتدا تێکۆشانی دەست پێ کرد. ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠ز) کە بنەماڵەکەی بە گشتی لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتدا بوون، دوای وەدەست هێنانی بڕوانامەی دیپلۆمەکەی، تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو. بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی پۆشی و ئامادەیی خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی بۆی دیاری کرابایە دەربڕی. خاتو نەسرین کە ئۆگرییەکی لە ڕادەبەدەری بە زانست و پێشکەوتن هەبوو، لە کۆڕی پەروەردەی حیزبدا ئەرکی مامۆستای شۆڕشی وە ئەستۆ گرت. بوو بە هاوڕێی دڵسۆزی منداڵە چاوگەش و لە خۆشی بێبەشەکانی گەلەکەی و، بۆ پێگەیاندیان لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەر گرت و، نازناوی مامۆستا نەسرینی بۆ دیاری کرا. دواتر هەر لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیدا بە ئەندامی کۆڕی پەروەردە دیاری کرا و، لەو پۆستەشدا وەک کادرێکی لێزان و تێگەیشتوو درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. بە ماوەیەکی دوور و درێژ لەو پۆستەیدا مایەوە و ئەوەی لە دەستی هات ئەنجامی دا. ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦ز) لەگەڵ کادری لە مێژینە و پێگەیشتووی حیزب کاک محەممەدی حەسەنپوور کە بە داخەوە ئەویش لە مووشەکبارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا دەستی تاوان لە گەلی کوردی ستاند، ژیانی هاوسەریی پێک هێنا و، بەرهەمی ئەو ژیانە سەربەرزانەیە کیژ و لاوێک بە ناوەکانی ژیلوان و ژیوارە کە ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە بە پەنابەری دەژین.

مامۆستا نەسرین کە لە سەرەتای دەست بە کاربوونەوەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتدا تێکۆشانی بەردەوامی لەو ڕێکخراوەیە دا هەبوو،

لە سێیەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەیاندا کە لە ڕێکەوتی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٠ هەتاوی (٤ی ئووتی ٢٠١١ لە شاری کۆیە، لە باشووری کوردستان پێکهات دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە سکرتێری گشتیی هەڵبژێرا.

بەو پەڕی لێهاتووییەوە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی و، بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی تەشکیلاتەکەی لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت و، ماندوویی نەناسانە تێکۆشا. مامۆستا نەسرین ئەو کادرە توانا و باوەڕ بە خۆبووە بوو کە بۆ ئەنجام دانی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی لە لایەن حیزبەکەیەوە بۆی دیاری کرابایە ئامادە و دەست لە سەر سنگ بوو. یەکێک لەو ئەرکە قورسانە وە ئەستۆ گرتنی بەرپرسی بونیادی ڕێکخراوە دێموکڕاتییەکانی حیزب بوو، لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییەی دا بۆ گەیاندنی دەنگی مەزڵوومانەی نەتەوە سەرکوتکراوەکەی بە دنیای مرۆڤایەتی و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ بەو پەڕی توانایەوە هەوڵی داو لە تێکۆشان ماندوو نەبوو.

مامۆستا نەسرین ساڵی ١٣٨٠ (٢٠٠١ز) دوای کۆنگرەی ١٢ی حیزب لەگەڵ کاک محەممەدی هاوسەری بۆ بنکەی پێوەندییەکانی دەرەوە لە شاری بەغدایە نەقڵ کرا و، بەو پەڕی دڵگەرمییەوە لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئەرکی پێسپێراویدا بوو. ساڵی ١٣٨٦ بۆ کۆمیسیۆنی ماڵی نەقڵ کرا و، بە هۆی زیرەکی و سەردەرچوویی لە بەشی حیسابداریدا ئەرکی بۆ دیاری کرا. بەو پەڕی وردبینی و لێزانییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی دا و سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا وەدەست هێنا.

مامۆستا نەسرین بە هۆی ڕابردووی تێکۆشانی سەربەرزانە و بێ وچانی و، ئەو کەسایەتییە بەرزەی لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا وەدەستی هێنا بوو.
لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبدا کە لە ٢ی جوزەردانی ١٣٨٠ (٢٣ ی مای ٢٠١١ز) لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا. دیارە لەو گۆڕەپانەشدا بە کردەوە سەلماندی کە هاوڕێیانی لەو هەڵبژاردنەدا بە هەڵە نەچوون و کاریان بە کارزان سپاردوە. دواتر بۆ کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی نەقڵ کرا و، بە هۆی ئەوە کە شارەزایی باشی لە بەشی ئیداریدا هەبوو، بەرپرسایەتیی بەشی ئیداری ئەو کۆمیسیۆنەی پێسپێرا و، بۆ ڕێکخستنی کارە ئیدارییەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت.

مامۆستا نەسرین لە کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ (٦ی فێبریوێری ٢٠١٦ز) لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو بۆ جاری دووهەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

دوایین بەرپرسایەتیی مامۆستا نەسرین کە هەر لە پلەی ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیدا بوو لە کۆمیسیۆنی ئامووزش بوو. لەو کۆمیسیۆنەشدا ماندوویی نەناسانە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی دا و، بە هەموو وجوودیەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و نەتەوە مافخوازەکەیدا بوو.

مامۆستا نەسرین لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆیدا بۆ کەمترین ماوە لە ئەنجامدانی ئەرکی حیزبی کەمتەرخەمیی نەکرد و لە کارکردن ماندوو نەبوو. ئەو حیزبەکەی و گەلەکەی تا ڕادەی پەرەستن خۆش دەویستن. پێداگر لە سەر ئەنجامدانی ئەرک و بڕیارەکانی حیزب و، لایەنگری تەبایی و یەکڕیزی و یەکدەنگی لە نێو کۆڕی هاوڕێیانیدا بوو. مەزنترین ئاواتی سەرکەوتنی حیزبەکەی و بە ئاوات گەیشتنی گەلەکەی بوو. بەڵام بە داخەوە ئەویش وەک هەزاران شەهیدی گەلەکەمان بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز) گیانی فیدای ئامانجی کرد.

ڕووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.

## شەهید کەریم مەهدەوی ناسراو بە کەریم سەقزی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە




شەهید کەریم مەهدەوی ناسراو بە کەریم سەقزی کوڕی کاک ڕەحیم ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی (١٩٦٣ز) لە بنەماڵەیەکی گوندی قشڵاخ سەر بەناوچەی شاری سەقز چاوی بۆ ژیان کردەوە. وەک زۆربەی منداڵانی دێهاتی کوردەواری لەوسەردەمەدا بەسەرەتاییترین پێداویستێکانی ژیان گەشەی کرت و بە خۆ داهات، تەنیا کۆتایی قۆناغی سەرەتایی توانیی دەرس بخوێنێ و هەرلە تەمەنی مێرمنداڵییەوە ناچار بوو شان بداتە بەرکارو کاسبی و لەسەر پێی خۆیی ڕاوەستێ.

سەرەتایی تەمەنی لاوێتی کەریم هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ز) بەسەر ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتیدا، و زەوتکردنی دەستەڵات لەلایەن ڕێژیمی کۆمارێ کاتێک ڕێژیم وەڵامی داواکارێکانی گەلی کوردی بە ئاگر و ئاسن دایەوە و کوردستانی لە خوێن وەردا و گەلی کوردی ناچار بە دیفاعی چەکدارانە کرت کەریمیش یەکێک لەو لاوە ئەرک وەخۆگرانە بوو کە بێلایەنی بە کەمتەرخەمی زانی و لە بەرامبەر هێزی هێرشکەری دوژمندا هەڵوێستی گرت. ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و چەک لە شان تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو.

کاک کەریم بۆ ماوەیەکی کورت لە ناوچەی سەقز درێژەی بە تێکۆشاندا، و دواتر بۆ ناوچەی سەردەشت نەقڵکرا، وەک پیشمەرگەیەکی نەترس و چالاک درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نێزامێیەکانیدا و لە سەنگەردا باکی لەرمەرگ نەبوو. لە شەڕە بە ناوبانگەکەی هەڵوێدا کە زەبرێکی بە ژان وەهێرشکەران کەوت و ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆفرۆش و هەڵخەڵەتاوان کوژران یان برێندرا بوون، کاک کەریم لەو شەڕەدا بە سەختی بریندار بوو. بەڵام ئەو بریندار بوونەش ورەی

پێشمەرگانەی لاواز نەکرد، و پاش سارێژ بوونەوەی زامەکانی دڵگەرمتر لە پێشوو گەڕایەوە سەنگەری دیفاع لە نیشتمانەکەی. کاک کەریم هەموو ناوچەکانی کوردستانی بە ماڵی خۆیی دەزانی، دواتر لەسەر داوای خۆی بۆ ناوچەی بانە نەقڵکرا و لە لەلکی هێزی شەهیدانی وردی دا سازمان درا، بە هۆی قارەمانەتی و بوێری و سەرکەوتنی لە بواری نیزامیدا، لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەفەرماندەی یەکێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و ئەرکی سەرشانی قورستر بوو، بەڵام هەر وەک چاوەڕوان دەکرا لە گۆڕەپانیشدا گۆی سەرکەوتنی لە مەیدان ڕەفاند و خۆی بۆ وەئەستۆگرتنی ئەرکی قورستر لە دەسکنا. ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢ز) بە هۆی شارەزا بوونی لە هونەری نیزامیدا گەیشتە پلەی بەرزتر بە جێگری فەرماندەی لک دیاری کرا. بەڵام کاک کەریم تەنیا فەرماندەیەکی پێگەیشتووی بواری نیزامی نەبوو، بەڵکوو لە بواری تەبلیغاتیشەوە کادرێکی بە توانا و لێزان بوو.

کاک کەریم ڕۆژ بە ڕۆژ لە میدانی کردەوەدا لێهاتوویی خۆی زیاتر دەسەلماند و سەرنجی هاوسەنگەرانی زۆرتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، و ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤ز) وەک جێگری فەرماندەی هێز دیاری کرا کە بە حەق شیاوی ئەو پۆستە گرینگە بوو، و هەر ئەو ساڵە متمانەی زیاتری پێکرا و بە ئەندامی کۆمیتەی شارەستانی بانە هەڵبژێردرا. ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦ز) ئەرکی سەرپەرەست هێزی ئاربابای بانەی وەئەستۆگرت و گەیشتە پلەی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارەستانی بانە. و کاک کەریم ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی(١٩٨٨ز) ڕاستەوخۆ ئەرکی فەرماندەری هێزی وەئەستۆ گرت.

کاک کەریم یەکێک لە کادر و خاوەن بیروباوەڕ بوو کە لە کاری سەخت و دژوار نەدەترسا، و بۆ هەر ناوچەیەکی کوردستان مەئموورییەتی پێسپێردرابایە بە گیان و دڵ قەبووڵی دەکرت و بەو پەڕی دڵ فراوانییەوە بەرەوپیری دەچوو. ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠ز) بۆ ناوچەی بۆکان نەقڵراو بەرپرسایەتی هێزی بەیانی وەئەستۆگرت، و هەر بەو ئیمان و باوەڕەپتەوەی شانیدایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامیکانی و لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتوانەدا فەرماندەریی پێشمەرگەکانی کرد و دوژمنی تاراند. ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی(١٩٩٣ز) بۆ مەڵبەندی خوارووی کوردستان نەقڵکرا، و وەک فەرماندەری هێز ئەرکی وەئەستۆگرت و بەو پەڕی دڵگەرمیەوە شانیدایە بەر ئەرکی وەئەستۆگرت، و بەو پەڕی دڵگەرمیەوە شانی دایە بەر ئەرکە نیزامییەکانی و لە کارکردندا ماندوویی نەدەناسی شەویشی بەدەم ڕۆژەوەدادەدا.

کاک کەریم لە بواری نیزامیدا وەک فەرماندەیەکی قاڵبووی کورەی دیفاعی چەکدارانەی گەلەکمان پێگەیشتبوو، و دواتر وەک سەرپەرەستی هێزی پارێزگاری دیاریی کرا و ئەرکی پاراستنی دەفتەری سیاسی و کۆمیسیۆنەکانی دەوروبەری وەئەستۆگرت. بەڵام ئەو تەنیا سەرپەرەستی هێز نەبوو بەڵکوو شان بە شانی ئەو ئەرکە قورسە، وەک ئەندامی کۆمیتەی ئەمنییەت ئەرکی وەئەستۆ گرت و لەوبوارەشدا لێهاتوویی و کارامەیی خۆیی لە مەیدانی کردەوەدا نیشاندا.و دواتر ئەرکی

فەرماندەی هێزی پارێزگاریی پێسپێردراو و بەوپەڕی دڵگەرمێیەوە دەرێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا.

کاک کەریم لە کۆنگری ١٠ی حیزبدا کە لە ساڵی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ (١٢ی ئەپریلی ١٩٩٥) لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، متمانەی وەدەست هێناو و بەئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دواتر لەدابەشکردنی ئەرکی حیزبیدا بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارەستانی بۆکانی پێسپێردرا و لەوێش کەمی پێچوو کە متمانەی هاوڕێیانی وەدەست هینا.

ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی (١٩٩٨ز) وەک فەرماندەری ناوەندی دووی کوردستان دیاریی کرا و بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی بانەشی وەئەسۆگرت. ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی (١٩٩٩ز) فەرماندەیی هێزی پارێزگاری وەئەستۆ گرتەوەو و دواتر بەرپرسی و بەشی پاراستنی و ئەندامی کۆمیتەی ئەمنییەت بوو.

کۆنگرە یازدەیەمی حیزبی دێموکرات ای بەفرانباری ١٣٧٦ (٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩٧ز) لە شاری کەرکوک و کۆنگرەی دوازدەیەمی حیزبدا ٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩ (٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ز) لە شاری کۆیە بەڕێوەچوون بە ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردار.

شەهید کەریم سەقز لە کۆنگرەی ١٤ حیزب ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ (٦ ی مارسی ٢٠٠٨ز)، کۆنگرەی ١٥ی حیزب ٢ی جوزەردانی ١٣٨٠ (٢٣ ی مای ٢٠١١ز) و کۆنگرەی ١٦، ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ (٦ی فێبریوێری ٢٠١٦ز) کە لە شاری کۆیە بەڕێوەچوون متمانەی زیاتری پێکراو و بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا.

و ساڵی ١٣٨٧ بەرپرسایەتی کۆمیسۆنی ماڵیی وەئەستۆگرت، و دواتر بەرپرسایەتی پیوەندێکانی لە شاری سولێمانی پێسپێردراو و بەڕاپەڕاندی ئەرک پێئەسپێردراوی دا. دواین بەرپرسایەتی کاک کەریم ئەندامی کۆمیتەی ئەمنییەت بوو.

کاک کەریم پێنج جار لەشەڕ لە گەڵ دوژمنانی ئازادی بریندار بوو، بەڵام هیچکام لەو برینەدرا بوونانەش ئێرادەیان لاواز نەکرد، و هەموو جارەکان پاش ساڕێژ بوونەوەی زامەکانی دەگەڕایەوە سەنگەری دیفاع لە ئازادی و گەیشتن بە مافی گەلەکەی. بەداخەوە دەستی تاوان ئەویشی لە گەلی کورد ستاندوو، و لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکرات ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز) گیانی بە نیشتمان بەخشی.

رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید ڕەحمان پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە




شەهید ڕەحمانی پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان کوڕی کاک فەقێ ڕەسووڵ. ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی (١٩٥٢ز) لە بنەماڵەیەکی نیشتماندۆستی ناوچەی لاجانی شاری پیرانشار چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە یەکێک لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا پیتەکانی ئەلف و بێی ناسین و لەگەڵ دنیای فێربوونی زانست ئاشنا بوو. ژیرانە دەرسی خوێند و وەک قوتابییەکی زیرەک قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕین و بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا.

کاک ڕەحمان هێشتا تەمەنی زۆر لە سەرێ نەبوو کە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٧٧ز) لە ڕێگای سەید ڕەسووڵی دێهقان ناسراو بە سەید ڕەسووڵی بابی گەورەوە لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا بوو. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتدا، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش چەکی شەڕەفی کردە شان و لە ڕیزی مەشخەڵدارانی هێزی شەهید ئاوارە سەر بە ناوچەی پیرانشاردا سازمان درا.

کاک ڕەحمان یەکێک لەو لاوە فیداکار و ئەرک وەخۆگرانە بوو کە زۆر زوو لە بواری نیزامیدا گەشەی کرد و گەیشتە پلەی بەرپرسایەتی. سەرەتا وەک فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و، پاش ماوەیەک فەرماندەیی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی وە ئەستۆ گرت. بەڵام کاک ڕەحمان تەنیا فەرماندەیەکی هەڵکەوتووی نیزامی نەبوو، بەڵکوو لە بوارەکانی سیاسی و تەشکیلاتیشدا بە حەق لێوەشاوە بوو. لە خۆڕا نەبوو کە زۆر زوو متمانەی هاوسەنگەرەکانی وەدەست هێنا و بە

ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هەڵبژێردرا و ئەرکی سەر شانی قورستر بوو. کاک ڕەحمان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا لێهاتوویی خۆی زیاتر نیشان دەدا، پاش ماوەیەک ئەرکی فەرماندەریی لکی پێ سپێردرا و هەر بەو ئیمان و باوەڕەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. بەڵام ئەوە دوایین بەرپرسایەتیی ناوبراو نەبوو. زۆری پێ نەچوو کە بە هۆی شارەزابوونی لە هونەری نیزامیدا بە جێگری فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارە دیاریی کرا.

کاک ڕەحمان یەکێک لەو کادرە خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە لە هەر مەڵبەندێکی کوردستان ئەرکی بۆ دیاری کرابا، بێ دوودڵی و ڕاڕایی قەبووڵی دەکرد و هەموو ناوچەکانی بەماڵی خۆی دەزانی. ساڵی ١٣٥٩ بۆ ناوچەی شنۆ نەقڵ کرا، بووە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و بەرپرسایەتیی هێزی شەهید سمکۆی پێ سپێردرا و زۆر زوو لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێی خۆی کردەوە و بەو پەڕی دڵگەرمییەوە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامییەکانی و، لە زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتووانەدا، لەوانە زنجیرە عەمەلیاتەکانی دەڕەی قاسملوو فەرماندەیی پێشمەرگەکانی کرد. بەڵام ئەوەش دوایین بەرپرسایەتیی کاک ڕەحمان نەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا زیاتر هێز و توانای خۆی دەسەلماند و، خۆی بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی قورستر ئامادە دەکرد. پاش ماوەیەک بۆ ناوچەی بۆکان نەقڵ کرا و بە فەرماندەریی هێزی ١١٠ی بەیان دیاریی کرا و هەر بەو دڵگەرمییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراوی دا.

کاک ڕەحمان کە وێڕای ئەنجام دانی ئەرکە نیزامییەکانی ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بۆکانیش بوو، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ز) بە هێندێک هۆی تایبەت لە ئەرکی حیزبی دوور کەوتەوە و گەڕایەوە نێو ماڵ و خێزانی و ژیانی ئاسایی دەست پێ کردەوە. کاک ڕەحمان بۆ ماوەی چوار ساڵان لە ئەرکی حیزبی دابڕا، بەڵام ئەو دابڕانە هەمیشەیی نەبوو، دوای ئەو چوار ساڵە لە سەردانێکی دەفتەری سیاسیدا پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزبەکەی نوێ کردەوە و، وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزب و ئەندامانی نێوخۆ ئەرکی پێ سپێراوی بەڕێوە برد. لەو ماوەدا ڕۆڵی بەرچاوی لە پێوەندیی حیزب بە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حیزب لە ناوخۆ هەبووە و وەک کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەک تەنیا لە پیرانشار و دەوروبەری بەڵکوو لە هاندانی خەڵک بەتایبەت خوێندکار و کەسایەتییەکان و نوێنەرانی پەرلەمان بۆ داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەیی هەڵسوڕاوە. ئەو هەڵسووڕان و تێکۆشانە سیخوڕەکانی ڕێژیمی وە گومان خست و بەردەوام لە ژێر چاوەدێریدا بوو، هەر بۆیە مەودای حەوانەوەی لێ بەرتەسک بۆوە و، ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی (٢٠٠٧ز) بە ناچار زێد و ژینگەی خۆی بەجێهێشت و بە بنەماڵەوە پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون و، وەک ئەندامێکی چالاک ئەرکی وە ئەستۆ گرتەوە.

لەڕێکەوتی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ (٦ی مارچی ٢٠٠٨ ز) لە شاری کۆیە کاک ڕەحمان کە لەلایەن حیزبەوە وەک میوان بۆ

بەشداری کردن لە کۆنگرەی ١٤ دەعوەت کرابوو، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، و لەدابەشکردنی ئەرک وبەرپرسایەتی‌یەکانی کۆنگرەدا بە ئەندامی کۆمیسیونی تەشکیلات دیاریکرا، و بەرپرسایەتی هەرێمی ئاگری پێسپێردرا و چالاکانە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە تەشکیلاتی‌یەکان، و ماندوویی نەناسانە لە خزمەت بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکانی حیزب لە ناوخۆی وڵات لە پیوەندیی تەشکیلاتی‌دا بوو. کاک ڕەحمان یەکێک لەو کادرە خاوەن ئیرادە و بیرو باوەڕانە بوو کە لە کارکردندا ماندوویی نەدەناسی، و لە دژواری سەر ڕێگای تێکۆشانی سڵی نەدەکرد، چ لەبواری سیاسی و چ لە بواری نیزامی‌دا بە حەق کادر بوو، ئەو تایبەتمەندی‌یانەو زۆر تایبەتمەندیی پەسندی دیکە ئەویان کردبووە خۆشەویست و جێی بڕوا و متمانەی هاوڕێیانی. لە خۆڕا نەبوو لە لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ٢ی جوزەردانی ١٣٩٠ (٢٣ی مای ٢٠١١ز) لە شاری کویە پێک هات، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا کە بە حەق شیاوی ئەو پلەوپایە بوو.

لە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبدا کە ١٧ی ڕێبەندان ١٣٩٤ (٧ی فێبریوێری ٢٠١٦ز) لە شاری کویە پێکهات بۆ جارێکی دیکە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و درێژەی بە تێکۆشانی دا. دوایین بەرپرسایەتی کاک ڕەحمان لە کۆمیسیۆنی ئامووزش بوو کە بە هۆی شارەزابوون لەو بوارەدا بە ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە دیاری کرا و هەر بەو ئیمان و ئیرادەیەوە و بە هێزەوە شانی دایە بەر بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی و چ لەبواری وانەووتنەوە لە دەورە سیاسی‌یەکاندا و چ لە بواری نووسینی وتار و توێژینەوەی سیاسی و مێژوویەکاندا یەکێک لەو کادرە بە توانایانە بوو کە بە حەق جێ‌پەنجەی دیار بوو. بەڵام سەد داخ و مخابن ئەویش وەک ١٣ هاوڕێ شەهیدەکەی چێژی لە میوەی بەری داری ڕەنج و خەباتی وەرنەگرت، و لە مووشەک بارانەکەی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز) قەڵای دێموکراتدا خوێنی پاکی تێکەڵ بە خاک و خۆڵی کوردستان بوو.

ڕووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهید سوهەیلا قادری: ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە**




شەهید سوهەیلا قادری کچی کاک محەممەد ناسراو بە ئەحمەد سیمبان، ساڵی ۱۳۵۱ی هەتاوی (۱۹۷۲)زایینی، لە بنەماڵەیەکی خۆش ناو و پێشمەرگەپەروەر و نیشتمان خۆشەویست چاوی بۆ ژیان کردەوە. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا وێڕای خوشکەکانی ڕێگای خوێندنگەی گرتە بەر و لەگەڵ پیتەکانی ئەلف و بێ ئاشنا بوو.

بەڵام لە کۆتایی پۆلی دووی سەرەتاییدا بوو کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد و، بە دوای بە گۆڕسپاردنی ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، کاک ئەحمەدی باوکی پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ ئەو حیزبە دامەزراند و، دوو کامیۆنی شارەداریی وەک دەسکەوت تەحویلی حیزب دان و بە بنەماڵەوە کە دایک و باوک و سێ خوشک و دوو برا بوون تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات بوون و شاریان بەجێهێشت. کاک ئەحمەد خۆی و دوو کیژی ڕووسووری بە ناوەکانی فەریدە و شوعلە و خاتوو ئامینەی خێزانی چەکی پێشمەرگەیان کردە شان و تێکەڵ بە کۆڕی دیفاعی چەکدارانە بوون.

سوهەیلا پۆلەکانی خوێندنی لە سێیەمی سەرەتاییەوە تا کۆتایی یەکەمی دەبیرستان لە خوێندنگەکانی حیزبدا گەیاندنە کۆتایی. ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦ز) لەگەڵ پۆلێک لە کیژ و لاوانی بنەماڵەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ حیزبەکەیان دامەزراند. هەر ئەو ساڵە پێوەندیی لەگەڵ یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان دامەزراند و، وەک ئەندامێکی چالاک و هەڵسووڕ ئەرکی وەئەستۆ گرت. سوهەیلا لە ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨ز) تەوە بەردەوام بەرپرسایەتیی شانەی تەشکیلاتیی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لە ئەستۆ بوو.

خاتو سوهەیلا ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩ز) پاش دیتنی دەورەی مامۆستایی لە کۆڕی پەروەردەی حیزبی دێموکڕاتدا وەک مامۆستای گەورە ساڵان دیاری کرا و، دڵسۆزانە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی دژی نەخوێندەواریی دا. ساڵی ١٣٦٩ (١٩٩٠ز) بە هۆی ئەوە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دوو دەورە لە پۆلەکەی بە سەرکەوتنەوە بڕیبوون، لە لایەن کۆڕی پەروەردەوە بە نووسراوە تەشویق کرا.

ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩١ز) لەگەڵ کادری تێکۆشەر و ماندوویی نەناسی حیزب کاک مەنسووری خوسرەوی ژیانی هاوبەشیی پێک هێنا و، بەرهەمی ئەو ژیانە سەربەرزانەیە کیژ و لاوێک بە ناوەکانی نەمام و ئارامن.

خاتو سوهەیلا ساڵی ١٣٧٤ (١٩٩٥ز) دوای دەورەیەکی دیکە و دوو ساڵ مامۆستایی، لە دەورەیەکی دیکەی مامۆستاییدا بەشداریی کرد و بە ماوەی چوار ساڵی دیکە دەرسی گەورە ساڵانی گوتەوە.

ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩٧ز) کە لەگەڵ کۆمیسیۆنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بۆ کەرکووک نەقڵ کران، وەک سەرشانەی ژنانی بنەماڵەکانی ڕادیۆ ئەرکی وە ئەستۆ گرت و، دوای ساڵێک لەگەڵ گوێگرانی ڕادیۆ لە پێوەندیدا بووکە لە ڕێگای بێتەل و تەلەفوونەوە تێکۆشانی بەردەوام بوو.

بە دوای گەڕانەوەمان لە کەرکووکەوە بۆ ناوچەی کۆیە، خاتو سوهەیلا ئەرکی مامۆستایی وە ئەستۆ گرتەوە و، ساڵی ١٣٨٢ (٢٠٠٣ز) لە سێیەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستاندا دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنفرانسی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە هەڵبژێرا. ساڵی ١٣٨٤(٢٠٠٥ز) لە دیتنی دەورەیەکی دەرمانیدا لە نەخۆشخانەی ئازادی پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. هەر لەو ساڵە لە فێرگەی سیاسی - نیزامی وەک مامۆستا دەرسی مافی ژنانی گوتۆتەوە. ساڵی ١٣٨٥ (٢٠٠٦ز) لە یەکەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژناندا بۆ جارێکی دیکە بە ئەندامی بەڕێوەبەریی هەڵبژێرایەوە.

خاتو سوهەیلا لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٨٠ تا ١٣٨١ (٢٠٠١ تا ٢٠٠٢ز) لە دەورەی سیاسیدا بەشدار بووە کە یەکەمیان لە لایەن یەکیەتیی ژنان و دووهەمیان لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە بەڕێوە چووە.

پاییزی ساڵی ١٣٨٥(٢٠٠٦ز) تەواو وەخت و بە کردەوە بەرگی پڕ لە سەروەریی پێشمەرگەی پۆشی و بۆ دیتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی - نیزامی کرا. دوای دیتنی دەورەکەی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا وەک وێژەر و ئامادەکاری بەرنامە و، وەرگێڕانی هەواڵەکان ئەرکی وە ئەستۆ گرت. لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبدا کە ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦

(٦ی مارسی ٢٠٠٨ ز) لە شاری کۆیە کە دووهەمین کۆنگرە بوو بەشداریی تێدا دەکرد، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراو، دوای کۆنگرە بە جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ دیاری کرا.

خاتو سوهەیلا لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٥ و ١٣٨٦ (٢٠٠٦ - ٢٠٠٧ز) دا سێ لەوحەی ڕێز لێنانی پێ بەخشراوە کە یەکەمیان لە لایەن دەفتەری سیاسی لە ساڵرۆژی ڕادیۆدا و، لە لایەن کۆمیسیۆنی ئامووزش بۆ وەدەست هێنانی پلەی یەکەم، لە فستیڤاڵی پێشمەرگەدا لە بواری شیعر و ٢٥ ساڵەی فێرگەی سیاسی - نیزامی بە بۆنەی کاری بەردەوامی لەگەڵیاندا. ساڵی ١٣٨٧ (٢٠٠٨ز) لە کاناڵی ئاسمانیی کوردکاناڵدا وەک وێژەری هەواڵ و لە هەمان کاتدا ئامادەکاری بەرنامە ئەرکی وە ئەستۆ گرت.

لە کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ (٦ی مارچی ٢٠٠٨ز) لە شاری کۆیە وەک ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

لە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٨٧ (١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ز) پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان. بە دەنگی زۆرینەی بەشداران بە سکرتێری گشتیی ئەو یەکیەتیە هەڵبژێرا. لەم دواییانەشدا وەک ئەندامی هەیئەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دیاری کرا و لە چەند کۆبوونەوەی ئەو پێنج حیزبەی ڕۆژهەڵاتدا بەشداریی چالاکانەی کرد. هەروەها لە بەشی تەشکیلاتیشدا ئاڵقەی پێوەندیی نێوان بەشێک لە ژنانی ئەندام لە نێوخۆ و کۆمیسیۆنی تەشکیلات بوو.

خاتوو سوهەیلا لە بواری ئەدەبیشدا ئۆگریەکی لە ڕادەبەدەری بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی هەبوو. ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی (٢٠٠٦ز) یەکەمین کۆمەڵە شیعری لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە لە وڵاتی سوئێد چاپ و بڵاو کرایەوە، هەروەها ساڵی ١٣٨٧ (٢٠٠٨ز) لە تاقی کردنەوەی بواری ئەدەبیدا بە شێوەی موتەفەریقە لە شاری هەولێر بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا.

خاتوو سوهەیلا کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢ی جوزەردانی ١٣٨٠ (٢٣ی مای ٢٠١١ز) لە شاری کویە بۆ جاری دووهەم وەک ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خاتوو سوهەیلا کە لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگە و پێشمەرگە پەروەردا باوخۆش ببوو ئەوە

بوو کە لە کار نەدەترسا، لە تێکۆشاندا ماندوویی نەناس و پشوو درێژ بوو. هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک لە لایەن حیزبەوە بۆی دیاری کرابایە بە گیان و بە دڵ قەبووڵی دەکرد. بەڵام بە داخەوە ئەویش بەو ئاواتە نەگەیشت کە هەوڵی بۆ دا و بە جوانەمەرگی سەری نایەوە. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨) زایینی شەهید کرا و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو.

رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.

## شەهید هاشم عەزیزی: ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە




شەهید هاشم عەزیزی کوڕی محەممەد ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی (١٩٦٠ز) لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە حوجرەی فەقێیاندا وەبەر خوێندنیان نا. دواتر لە یەکێک لە خوێندنگەکانی شاری بانە درێژەی بە فێربوونی زانست دا و، قۆناغەکانی خوێندنی تا پۆلی سێهەمی نەزەری بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٨٩ز) ی گەلانی ئێراندا بە دژی ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتی، کاک هاشمیش یەکێک لەو لاوە خوێنگەرمانە بوو کە بێ ڕاوەستان تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕازیانی بوو. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی پیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دامەزراند و تێکۆشانی تەشکیلاتی لەو ڕێکخارەوەیەدا دەست پێدەکا. دواتر لە ئاخیری ساڵی ١٣٥٩(١٩٨١ز)ی هەتاویدا بە هۆی شەهید کاک عومەری ڕەحیمی ڕووی کردە بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو و لە بەشی چاپەمەنی کومیتە شارستانی بانەدا ئەرکی بۆ دیاری کرا.

کاک هاشم دواتر لە بەشەکانی دەرمانی، تەداروکات، حیسابداریی، بەشی ئامووزشی سیاسی، چاپەمەنی و تەبلیغاتدا درێژەی بە ڕاپەڕینی ئەرکی پێ سپێردراو، بۆ ماوەیەکیش وەک، مامۆستای شۆڕشی ئەرکی خوێندەوارکردنی پیشمەرگەکانی وەئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤ز) بۆ بنکەی پێوەندیەکانی دەرەوە لە شاری سلێمانی نەقڵ کرا، هەر بەو ئیمان و ئیرادەیەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێردراوی دا.

کاک هاشم بە هۆی چالاکی و هەڵسووڕی و باوەڕی پتەوی بە ڕێبازەکەی زۆر زوو سەرنجی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و گەیشتە پلەی کادری سیاسی و بە ئەندامی کومیتەی شارستانی شاری بانە هەڵبژێردرا. وئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە گۆڕەپانێکی تاقیکردنەوەی دیکە بوو کە لێهاتوویی و کارامەیی خۆی زیاتر تێدا سەلماند و بە کردەوە نیشانی دا کە لە توانای دایە ئەرکی قورستریش وە ئەستۆ بگرێ و خزمەتی زۆرتر بە خەباتی نەتەوەیی نەتەوە مافخوازەکەی بکا. لە خۆڕا نەبوو کە پاش ماوەیەک متمانەی زیاتری هاوڕێیانی وەدەست هێنا و بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانی بانە هەڵبژێردرا کە بەحەق هاوڕێیانی لەو هەڵبژاردنەدا بەهەڵە نەچوون و کاریان بە کارزان سپارد. لە ماوەی ئەو پۆستە گرینگەدا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وە ئەستۆ گرتن و لە هەموویاندا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا.

کاک هاشم ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦ز) کە سەر داوای خۆی بۆ کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت نەقڵ کرا و لەوێش لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی سەداقەت و ڕاستی و پاکی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای بەڕێوەبردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی لەو کومیتەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا بۆ خوێندەوار کردنی پێشمەرگەکان بە هەموو توانایەوە تێکۆشا.

ساڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨ز) لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بۆ بەشی پیوەندییەکان لە شاری بەغدا نەقڵ کرا و ئەرکی پێڕاگەیشتن بە نەخۆش و بریندارەکانی وە ئەستۆ گرت. هەروەها خاتوو سورەیای هاوژینیشی لە بواری ئاشپەزی و پێڕاگەیشتن بە کار و باری بنکە و خزمەت بە کادر و پێشمەرگەکان ئەوپەڕی فیداکاری لە خۆی نیشاندا و ماندووییەناسانە هەوڵی دا.

کاک هاشم ساڵی ١٣٨١ (٢٠٠٢ز) بۆ کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی نەقڵ کرا و لە بەشی قەزاییدا ئەرکی وەئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٨٢ بۆ کۆمیتەی ئەمنییەت بەڕێ کرا و بەو پەڕی لێهاتووییەوە لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ سپێراوی دابوو. دواتر لە کۆمیسۆینی سیاسی - نیزامیدا ئەرکی وەئەستۆ گرت و بە هۆی کارامەیی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ سپێردراویدا گەیشتە پلەی ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە.

کاک هاشم یەکێک لەو کادرە باوەڕ بەخۆبووانە بوو کە لە یەکەم سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە دەستی پێکرد و پلەی تەشکیلاتییەکانی یەک لە دوای یەک بەسەرکەوتنەوە بڕین. لە کۆنگرەی ١٥یەمی حیزبدا کە لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٨٠ (٢٣ ی مای ٢٠١١ز) و کۆنگرەی ١٦یەمی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ (٦ی فێبریوێری ٢٠١٦ز) لە شاری کویە بەڕێوەچوو، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەکانی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا.

لە دابەشکردنی ئەرکەکانی وەدوای کۆنگرە بەرپرسایەتی بەشی خەدەماتی پێسپێرا بەو پەڕی لێهاتووییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزیدا دوایین بەرپرسایەتی کاک هاشم لە بەشی پیوەندییەکانی کۆیە بوو کە لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەشدا سەرەکەوتنی وەدەست هێنا بە هەموو توانایەوە لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی حیزبەکەیدا بوو ئەوەی زۆرتر کاک هاشمی کردە جێی بڕوا و متمانەی هاوڕێیانی ئیمان و باوەڕی پتەو بە ڕێبازەکەی، نەزم و دیسپلینی پیداگر لەسەر بەڕیوەدردنی ئەو ئەرکە بڕیارەکانی حیزب بوو. بەڵام بەداخەوە ئەویش وەک هەزاران شەهیدی ناکامی گەلەکەمان چێژی لە بەری داری ڕەنج و تێکۆشانی وەرنەگرت و بە نامرادی سەری نایەوە. لە مووشەکبارانەکەی قەڵای دێموکرات لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨) گیانی بە نیشتمان بەخشی و تێکەڵ بە کاروانی سوورنیشانی گەلەکەمان بوو.

رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید محەممەد حەسەن پوور: ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەم




شەهید محەممەدی حەسەن پوور کوڕی کاک حاجی حەمەدەمین دووهەمین شەهیدی بنەماڵە. ساڵی ۱۳۳۰ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕ و ناوبەدەرەوە و پێشمەرگەپەروەری شاری سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە باوەشی دایکی دڵسۆزیدا، وێڕای منداڵانی گەڕەک ڕووی کردە خوێندنگە و لەگەڵ دنیای عیلم و زانست ئاشنا بوو. وەک قوتابییەکی زیرەک و پیتۆڵ دەرسی خوێند و قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بەسەرکەوتنەوە بڕین و بڕوانامەی دیپلۆمی وەدەست هێنا. دواتر لە ئیدارەی پۆست و تەلەگراف و تەلەفووندا وەک کارمەند دامەزرا و، لەو ڕێگایەوە جیا لەوەی کە بە ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕادەگەیشت، لەو سەردەمەدا کە پێوەندی گرتن بە شوێنە دوورەکانەوە دژوار بوو خزمەتێکی بەرچاو بە خەڵکی شارەکە و دەور و بەری بوو.

ساڵی ۱۳۳۸ی هەتاوی محەممەد کە هێشتا لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بوو، حاجی حەمەدەمینی باوکی کە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەرانی دێموکڕات لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە چۆڵەپێچەن دران و ڕاپێچی ئەشکەنجەگاکان دران و، بە ماوەی ۳۱ مانگ لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی جەللادەکانی ئەو ڕێژیمەدا بوون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لەو تەمەنە کەمەدا شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر هەستی بێ خەوشی دانا و، قینێکی پیرۆزی لە ناخیدا بەرانبەر ئەو ڕێژیمە دژ بەکوردە جێگر کرد و، دژایەتیی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە شوومەی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانی.

محەممەد بەرەبەرە بە خۆدا هات و باوخۆش بوو. دۆست و دوژمنی خۆی بە تەواوی ناسین و بەدوای ڕێگای ڕزگاربوون لە

ستەم و چەوسانەوەدا گەڕا. بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی چل و شەش و چل و حەوتی تێکۆشەرانی دێموکڕات و، هەروەها خوێندنەوەی ئەو نووسراونامانە کە لە لایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتەوە بە باوکی دڵسۆزی دەگەیشتن، هەستی ئازادیخوازی و نیشتمان خۆشەویستیی کاک محەممەدیان ئەوەندەی دیکەش وروژاند و، بەرەو ڕێبازی پڕ لە سەروەریی ئەو حیزبە خاوەن مێژووە ڕێگای بۆ دەست نیشان کرد.

ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە ڕێگای کاک حەمەڕەسووڵی حەسەنپوورەوە کە ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە بوو، پێوەندیی تەشکیلاتیی دامەزراند و، وەک ئەندامێکی چالاک و هەڵسووڕ ئەرکی ڕوونکردنەوەی گەلەکەی بە تایبەت لاوەکانی وە ئەستۆ گرت.

وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان تێکۆشەرانی حیزب کە لە گەرمێن بوون و ئەندامانی نێوخۆ بەردەوام لە هەڵسووڕان و تێکۆشاندا بوو، هەر بۆیە سیخوڕەکانی ساواکی شا، لێی وەگومان کەوتن و بە بیانووی جۆراوجۆر بانگ دەکرا و لێ پرسینەوەی لەگەڵ دەکرا.

کاتێک خۆپیشاندان و ڕێپێوان بە دژی ڕێژیم دەستی پێ کرد، هەلی تێکۆشان بۆ کاک محەممەد باشتر ڕەخسا و توند و تۆڵتر لە پێشوو درێژەی بە تێکۆشان دا. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕات، بێ ڕاوەستان پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێیانی نوێ کردەوە و، چەکی دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی کردە شان و، ئامادەیی خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک دەربڕی.

کاک محەممەد بە هۆی ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوو پاشەکەوتی کردبوون و ئەو باوەڕە پتەوەی بە ڕێبازەکەی بووی، لە یەکەم هەنگاوەکانییەوە گەیشتە پلەی کادری سیاسی و، ساڵی ١٣٥٨ بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێرا و، بەرپرسایەتیی بەشی ماڵیی کۆمیتەی شارستان و هێزی شەهید موعینیی وە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٣٥٩ بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی سەرسنووریی لە سوونێ پێ سپێرا و هاوکاریی بەشی ماڵیی کۆمیتەی شارستانیشی لە ئەستۆ بوو. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری قەڵادزێ، سلێمانی، هەولێر و تا کەرکووک بوو.

کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە هەڵسووڕ و ماندوویی نەناسانە بوو کە بە تەواوی جێی بڕوا و متمانەی بەرپرسانی

حیزبەکەی بوو. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٤ بەولاوە بۆ ماوەی ساڵێک لە لایەن حیزبەوە نێردرایە دەرەوەی وڵات و لە فەڕانسە مایەوە. دوای گەڕانەوەی، ساڵی ١٣٦٦ بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی دەرەوەی لە شاری بەغدایە پێ سپێرا و، هەر بەو ئیرادە و ئیمانە بەهێزەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێراوی حیزبەکەی دا.

کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە ئەمین و دەست پاک و نەهێنی پارێزانە بوو کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٥١ز) لە سکرتاریای حیزب ئەرکی بۆ دیاری کرا و هاوکاری سکرتێر بوو.

لە کۆنگرە یازدە یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١ی بەفرانباری ١٣٧٦ (٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩٧) لە شاری کەرکوک لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرا و ئەرکی پێوەندییەکانی بەڕێوە برد.

کۆنگرەی دوازدەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩ ( ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠) لە شاری کۆیە وەک جێگری کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزبی لە شاری بەغدا پێ سپێرا و بەو پەڕی لێهاتووییەوە لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئەرک و بڕیارەکانی حیزبدا بوو.

ساڵی ١٣٨٣ (٢٠٠٤ز) بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزبی لە شاری سلێمانی پێ سپێراو دواتر وەک کادری سکرتاریا لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزیدا بوو، هەروەها لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزبدا بەشداریی چالاکانەی هەبوو.

لە کۆنگرەی سیزدەیەمی حیزبدا کە لە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ (٣ی جوولای ٢٠٠٤) لە شاری کویە پێکهات بۆ جاری دووهەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

کاک محەممەد ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥ز) لەگەڵ خاتوو نەسرین حەدداد کە بە بنەماڵەوە حیزبی و پێشمەرگە بوون ژیانی هاوسەریی پێک هێنا، جێی سەرنجە خاتوو نەسرینیش یەکێک لەو کادرە تێکۆشەر و خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە گەیشتە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و، بە داخەوە ئەویش هەر لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا و گیانی بە نیشتمان بەخشی. کاک محەممەد یەکێک لەو کادرە پێگەیشتووانە بوو کە بە هەموو وجوودیەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و گەلەکەیدا بوو. تەنانەت بە شەهید کرانی کاک حەمەساڵحی براشی کە کادرێکی کارامەی حیزب و ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩ز) لە مەئمووریەتی حیزبیدا لە ناوچەی شنۆیە لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید کرا، ورە و ئیرادەی دانەبەزی و لە تێکۆشان هەنگاوی پێ شل نەبوو. بەڵام بە داخەوە ئەویش بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بارانەکەی قەڵای

دێموکڕاتدا لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی گیانی بە نیشتمان بەخشی.

رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت



سەرچاوە
Serchawe

## شەهید مووسا باباخانی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی کۆنگرەی حەڤدە




شەهید مووسا باباخانی کوڕی مێهدیخان و دایە فیروزە ساڵی١٣٦٠ی هەتاوی لە گوندی کوڵانی ناوچەی ئاژوانی سەر بە شاری کرماشان لەدایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە کرماشان تەواو کرد و ساڵی ١٣٧٨ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا هاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە.

دوای تەواوبوونی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە هێزی پارێزگاری سازمان درا و و دواتر لە ئۆرگانەکانی پارێزگاری، چاپەمەنی، تەشکیلات، ئاموزش، تیشک تیڤی و کوردکاناڵدا ئەرکی پێشمەرگانەی گرتە ئەستۆ. شەهید مووسا وێڕای خەباتی پێشمەرگانە، هۆگری هونەری فۆتۆگرافی بووە و ئەو تایبەتمەندییە لە کارە مێدیاییەکانیدا بەڕوونی دیار بوو. شەهید مووسا باباخانی ماوەی ٥ ساڵ لە هێزی پارێزگاری، ٣ ساڵ لە چاپەمەنی، ٢ ساڵ لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات، ساڵێک لە کۆمیسیۆنی پەروەردە، ٦ ساڵ لە تیشک تی ڤی و بۆ ماوەی ٦ ساڵیش لە کوردکاناڵ ئەرکی پێشمەرگانەی ڕاپەڕاندووە و لەگەڵ هەر ئەرکێکی جیاوازی حیزبی هاوکات هاوکاریی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی کردووە.

شەهید مووسا لە ژیانی پێشمەرگایەتیی‌دا چەند جار لە بەر لێهاتوویی و باش بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا تەشویق کراوە و ڕێزنامەی دراوەتێ.

شەهید مووسا ساڵی ١٣٨٣بەشداریی لە دەورەی سەرەتایی سیاسی و ساڵی ١٣٨٩ دەورەی نێوەنجی سیاسی و دواتر دەورەی کادری دەرەجە ٣ی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و لە چەند دەورەی نیزامی و هەروەها ڕاگەیاندندا بەشداریی کردووە.

هاوڕێ شەهید مووسا باباخانی، لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بووەتە ئەندامی ڕێبەری و لە یەکەمین پلینۆمی دوای کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

شەهید مووسا لە ماوەی ژیانی پێشمەرگانەیدا لە چەندین مەئموورییەت و جەولەی پێشمەرگانە بۆ نێوخۆی وڵات ئامادە بووە و لەکاتی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ بە سەختی بریندار بوو کە تا شەهید بوونیشی ئاسەواری بە سەر جەستەیەوە دیار بوو.

شەهید مووسا لە ماوەی کاری لە بەشی ڕاگەیاندندا ئامادەکار و پێشکەشکاری چەندین بەرنامە بوو و دوایین بەرنامەشی "بانتر لە هەواڵ" و بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری ناتەواو لەسەر ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەو لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و، کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە دەوری ئامانجەکانی حیزب بەتایبەت لە ناوچەی کرماشان، ماندوویینەناسانە کاری دەکرد و هەر ئەو چالاکییە بەرچاو و هەڵسووڕانە دیار و شوێندانەرەی مووسا باباخانی بوو کە ئەوی بۆ دەزگای ئەمنیەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبووە ئامانج و دواجار توانییان لە پیلانێکدا، خۆی لێ نیزیک بکەنەوە و زەفەری پێ ببەن.

بەداخەوە هاوڕێی تێکۆشەر مووسا باباخانی، شەوی پێنجشەممە ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی لە هۆتێل "گوڵی سلێمانی" لە شاری هەولێر لەلایەن چەند تێرۆریستێکی نێردراوی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی تێرۆر کرا و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کرد.

بەرەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ١٩ی گەلاوێژی ١٣٤٠٠ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی پیرۆزی شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و دڵسۆزان و دۆستانی حیزب لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا، بەڕێوەچوو.

یاد و ڕێبازی هەمیشە زیندوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

**بەداخەوە هیچ ژیاننامەیەکم لە تێکۆشەرانە نەدۆزیەوە تەنیا ئەو چەند دێرە خوارەوە نەبێ:**

**١- ١١ی ئاگۆستی ١٩٨٨ی زایینی = ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ شەهید کردنی عوسمان فەتاحی ئەندامی راویژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکرات رێبەرایەتی شۆرشگێر. بەهۆی شەڕی ناوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.**

---

**٢- ٦ی جوولای ١٩٩٦ی زایینی = ١٦ی جۆزەردانی ١٣٧٥ی هەتاوی؛ تیرۆری کردنی ئەبووبەکر هیدایەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم، بەرپرسی کۆمیتەی سویدی حیزبی دێموکرات بە هۆی نامەی بۆمبی کە لە لایەن تیرۆرسیتەکانی نیزامی ئاخوندی ئێرانەوە بۆی ناردرا بە توندی بریندار بوو و کۆچی دوایی کرد.**

---

# ڕێبەرانی کۆچکردووی حیزب

## بەهۆیٚ نەخۆشی و تەمەن درێژی

**عەزیز یوسفی: ئەندامی ڕێبەری کۆنگرە دوو**




عەزیز یوسفی ناوێکی ئاشنایە بۆ ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ ئازادیی لێیداوە و بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە ستەمی داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان تێکۆشاون. کاک عەزیز یەکێک بوو لەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕانەی کە بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستاندا لەگەڵ بەڕێزان غەنی بلوریان و سەدیق خاتەمی و گرووپێکی تر لە هەڤاڵانی، لە ساڵی ١٣٢٧ - ١٩٤٨ز دا بە تاوانی ئەندام بوون لە حیزبی دیموکرات و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ڕێگا)دا، چوار ساڵ زیندانی کرا و دواتر سێ جاری تریش گیراو و بە گشتی ٢٥ ساڵ لە زیندانەکانی بنەماڵەی پەهلەویدا ڕاگیرا.

ساڵی ١٣٣٢ - ١٩٥٣ز، بە دوای کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی شا و زاهیدی و لە دەسەڵات کەوتنی دوکتۆر محەمەد موسەدیق، لەگەڵ غەنی بلوریان، سەدیق خاتەمی، شەهید هاشم حەق تەلەب (قادر شەریف)، محەمەد ئەمین ڕاتبی و ژمارەیەکی تر، مهابادی بەجێهێشت و پەنای بۆ گوندی چوارگا برد و لە لای قادر ئاغای چوارگا کە ئەویش ئەندامێکی چالاکی حیزبی دیموکرات بوو، درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

ساڵی ١٣٣٣ - ١٩٥٤ز لەگەڵ شەهید دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، شەهید سەدیق ئەنجیری و بەڕێز غەنی بلوریان و بە هاوکاریی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان و حیزبی تودەی ئێران خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بە نووسینی غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٣ی ئاڵەکۆک دا، چاپخانەی فیرقەی دیموکرات ئاشکرا بوو و جەعفەر قەوسی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئازربایجان و عەزیز یوسفی دەستگیر کران و سەرلەنوێ یوسفی خرایە زیندانەوە.

نزیکەی سێ ساڵ لە زینداندا ڕاگیرا و ساڵی ١٣٣٦ - ١٩٥٧ز ئازادیان کرد، بەڵام بەهۆی گوشاری پۆلیس، مهابادی بەجێهێشت و چووە تاران و لەوێ بە هاوکاریی دۆست و ئاشنایانی لە بەشی ئەرشیوی زانکۆی کشتوکاڵی کەرەج دامەزرا. بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت بۆ عێراق، لە ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ز دا، عەزیز یوسفی و عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" لەسەر گەڵاڵەیەک بۆ دوارۆژی حیزبی دیموکرات ناکۆکی پەیدا دەکەن. بە ڕووخانی ڕژێمی فەیسەڵ لە عێراق، عەزیز یوسفی دەرفەت پەیدا دەکات کە بچێتە باشوری کوردستان و دەقی گەڵاڵەکەی خۆی ئاراستەی هەڤاڵانی لە باشوری کوردستان بکات و ڕای ئەوانی بۆ ڕاکێشێت. بەو ئومێدەوە لە کەرەج سواری ئوتوبوس دەبێت، بێخەبەر لەوە کە ساواک بە شوێنییەوە، بەرەو ورمێ دەچێت. لە ورمێ بەرگەکانی دەگۆڕێ و بەرگی کوردیی دەپۆشێت، تا بە شێوەیەکی نەناس بچێتەوە مهاباد و لەوێوە دەربازی باشوری کوردستان بێت کە لە پاسگای "باڵانیش" لە بیست کیلۆمەتری جادەی ورمێ بۆ مهاباد دەیگرن. عەزیز بە پەلە گەڵاڵەی پرۆگرامەکە دەخاتە ناو زاری و دەیەوێت قوتی بدات کە ژاندارمەکان دەگەنە سەری و بە مستەکۆڵان لە زار و ئەوکی دەردێننەوە و قۆڵبەست دەیبەن بۆ ژاندارمەریی ورمێ. لەوێوە بەرێیدەکەنە تاران و سەرهەنگ زالتاش و سەرهەنگ عیسا پژمان کە هەردوو کورد و خەڵکی سنە بوون، دەکرێن بە مەئموری پشکنینی و سەرئەنجام بە لێدان و شکەنجە ناچاری دەکەن ڕاستییەکان بدرکێنێت.

ساڵی ١٣٤٢ - ١٩٦٣ز لەگەڵ بەڕێزان غەنی بلوریان و جەلیل گادانی لە زیندانی قەسری تارانەوە بۆ زیندانی بەرازجان دوور دەخرێتەوە و لەوێ بەهۆی خراپیی هەوا و نەبوونی ئاوی خاوێن و خۆراکی خراپ، گەلێک ئازار دەبینێت و توشی نەخۆشیی گورچیلە و دڵ دەبێت.

ساڵی ١٣٤٦ - ١٩٦٧ز لە زیندانی بەرازجانەوە ڕەوانەی زیندانی "ئامل"ی دەکەن و لە زیندانی ئامل بەهۆی پێڕانەگەیشتن بە باری تەندروستیی و ڕەوانە نەکردنی نامەکەکانی بۆ براکەی، شکات لە بەرپرسانی زیندان دەکات. بۆ پێڕاگەیشتن بە شکاتەکەی ڕۆژی ١٦ - ٢ - ١٣٥١ - ١٩٧٢ز لە ئاملەوە دەیبەنە ساری کە چاوی بە دادیاری سەربازیی بکەوێت. وەک بۆخۆی لە نامەیەکدا ئاماژەی بۆ دەکات بۆ ئەو دیدارەی دوو کاتژمێر لە ژورێکی چوار مەترەوە دەیبەن بۆ ساری و دوای گەڕانەوەی

بۆ زیندان دیتنەکانی لەو نامەیەدا بۆ کاک عوسمانی برای دەنووسێت کە وەک بیرەوەرییەک بمێنێتەوە. ئەو نامەیە نزیکەی ٣٧ ساڵە لە لایەن برادەرێکەوە ڕاگیراوە و ئەوە بۆ یەکەم جارە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران. بەرلە بڵاوکردنەوەی، پڕبە دڵ سوپاسی ئەو برا خۆشەویستەم دەکەم کە نامەکەی داومێ کە بڵاوی بکەمەوە.

دەزگای هەواڵگریی شا "ساواک" دواتر کاک عەزیزی لە ئاملەوە گواستەوە زیندانی قەسری تاران و ساڵی ١٣٥٦ - ١٩٧٧ز کە حکوومەتی شا بەرەو ئاڵۆزیی و ڕووخان دەچوو، شا ئیزنی بە ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ (ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانیی) دا کە نوێنەریان بێت سەردانی زیندانە سیاسییەکان بکەن، ئەوە لە کاتێکدابوو کە پێشتر ڕایدەگەیاند: لە ئێراندا زیندانیی سیاسی نییە.

بەرلەوەی کە نوێنەرانی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ سەردانی زیندانی قەسر بکەن و هەندێک بەرلە ئازادبوونی کاک عەزیز لە زیندان هەواڵنێرێکی بلژیکی بۆ وتوویژ کردن لەگەڵ عەزیز یوسفی سەردانی زیندانی کرد. بەرلە چوونی ئەو هەواڵنێرە بۆ زیندان، بەرپرسانی زیندان لە عەزیزیان وێست کە لە درکاندنی شکەنجە و ڕاستییەکانی ناو زیندان بۆ هەواڵنێری بلژیکی خۆبپارێزێت و شتێک بە زماندا نەهێنێت، بەڵام کاک عەزیز دەڵێت:

- (مەگەر ئێوە زیندانییەکان شکەنجە ناکەن؟ کاتێک ئێوە بە هەموو بێ بەزەیی خۆتان، شێتانە منداڵانی خەڵک و نیشتمان قەسابیی دەکەن، حەقتانە لە ئاشکرا بوونی بترسن.) بەرپرسی زیندان پێی دەڵێت: ئاخر ئابڕووی وڵات لە مەترسیی دایە. یوسفی لە وەڵامیدا دەڵێت:

- (کام وڵات؟ وڵاتی تۆ یان وڵاتی ئێمە؟ وڵاتی زیندان سازان، زاڵمان، درۆزنان، ڕێگران، یان وڵاتی زیندانییەکان، خەباتکاران، زەحمەتکێشان؟ بەرێزان، وڵاتی ئێمە و ئێوە جیاوازییان پێکەوە هەیە. لە زەوییەوە تا ئاسمان پێکەوە جیاوازن. ئێمە بۆ نیشتمانی خۆمان لە شکەنجە و زیندان و مەرگ ناترسین، بەڵام ئێوە ئەو نیشتمانە دیلکراوەتان تەنیا بۆ دۆشینی پتر، مژینی پتر و مژتنی پتری شیرەی دەرونی ئەو دەوێت. هەر ڕۆژێک کە هەست بە مەترسییەکی بچوک بکەن، لەو نیشتمانە ڕادەکەن! نیشتمانی ڕاستینی ئێوە لە گیرفان و هەگبەکانتاندا لەگەڵ خۆتان دەبەن.)

بەرپرسانی زیندان هەرەشەیان لێکرد، بەڵام سودی نەبوو، ئەو لە بەرامبەر هەواڵنێری بلژیکی دا هەموو تاوانە سامناکەکانی زیندانەکانی شای ئاشکرا کرد.

کاک عەزیز یوسفی لە زینداندا دوو کتێبی بەو ناوانە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی. کتێبی یەکەم: (یادداشتهای یک معلم مدرسه) لە نووسینی ف. ڤیگدورڤوا کە ساڵی ١٣٣٦ - ١٩٥٧ز بە دوای ئازادبوونی لە زیندان چاپی کردووە و کتێبی دووەم: (سرزمین کف) لە نووسینی یڤۆن یفریمۆڤ کە ساڵی ١٣٤٧ - ١٩٦٨ز، چاپخانەی روز "ڕۆژ" بۆی چاپ کردووە.

سەرئەنجام کاک عەزیز یوسفی دوای نزیکەی ١٩ ساڵ زیندانیی لەسەر داوای ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٦ – ١٩٧٧ز لە زیندان ئازادکرا و گەڕایەوە مهاباد. ناوبراو کە سەرجەم ٢٥ ساڵی ژیانی خۆی لە زیندانەکانی شادا بەسەر بردبوو، دوای ئازادبوونی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵیدەدا بزووتنەوەیەکی ئارام و هێمنی لاوان لە کوردستاندا بەڕێبخات، بەڵام مەرگ مەودای پێنەدا و ڕۆژی ١٥ - ٣ - ١٣٥٧ (٥ - ٦ - ١٩٧٨ز) بە نەخۆشیی دڵ لە تاران کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی ٦ - ٦ - ١٩٧٨ز کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێ و نووسەر و خەباتگێڕی کورد و ئێرانیی، تەرمی کاک عەزیزیان لەناو ئاپۆرەی خەڵکدا گەڕاندەوە مهاباد. هەزاران کەس لە مهابادەوە بەرەوپیری تەرمەکەی چوونە میاندواو و "مەلیک کەندی" و پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد و دوای گەیشتنەوەی، ڕۆژی ٧ - ٦ - ١٩٧٨ز لە گۆڕستانی مهاباد بە خاکیان سپارد. بەخاکسپاردنی تەرمی کاک عەزیز بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مهاباد و بەشداریی ئایەتوڵا مکارمی شیرازی کە لەو سەردەمەدا حکومەتی شا دوریخستبووەوە بۆ مهاباد، بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەچوو. مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی تەلقینی دادا و پۆلیس و ساواک ڕێگر نەبوون لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکەدا، بەڵام ڕۆژی ١٠ - ٦ - ١٩٧٨ز دوای سێ ڕۆژ ماتەمینیی لە خانەقای سەید نیزام کە لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغای بوو، خەڵک بە خۆپێشاندانێکی ئارام کە چەند تاجە گوڵ و وێنەی کاک عەزیزیان لەسەر شان بوو، بە شەقامی شاپووردا بەرەو "گومبەزان" واتە گۆڕستانی مهاباد کەوتینەڕێ. لە دەوری گڵکۆی کاک عەزیز کۆبوینەوە. کاک جەلیل گادانی وتارێکی لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی کاک عەزیز پێشکەش کرد.

لەو ڕۆژەدا یەکەم خۆپێشاندانی جەماوەریی بە دروشمی "مەرگ بەر شا"، "بژی کورد - بژی کوردستان"، "یان کوردستان یان کورد نەمان" و "بمرێ شا" لە گۆڕستانی مهاباد سەریهەڵدا و دواتر شاری ورمێ و سنە و شارەکانیتری کوردستان و ئازەربایجانی گرتەوە. ڕۆژانی هەینی ژمارەیەک تورک بە ناوی یەکیەتی کورد و تورکانەوە لە ورمێ و میاندواو و نەغەدەوە دەهاتنە مهاباد و دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی، بەشداریی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی مهابادیان دەکرد.



سەرچاوە Serchawe

## ئەمیر قادری ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەم




کاک (ئەمیر قادری) لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە گوندی "سەروکانی" سەر بەناوچەی "لاجانی پیرانشار" لە بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەر لە دایک بووە، بنەماڵەی قادری لە عەشیرەتی (مامەش)ـە. ئەو بنەماڵەیە لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی رۆژهەلات دا بە نیشتیمان پەروەر بەناوبانگن. مامەکانی کاک ئەمیر لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا نەخشی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، ئێستاش زۆر لە رۆڵەکانی ئەم عەشیرەتە لەڕیزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردان.. کاک ئەمیر قادری ساڵی شەشەمی سەرەتایی لە گوندی "سەروکانی" تەواو کردوەو خوێندنی ناوەندی لە شاری "ورمێ" تەواو کردووە. دوای ساڵێک دیتنی دەورەی تەربیەت موعەلیمی لە شاری "شنۆ" بووە بە مامۆستا. پاشان چووە بۆ زانستگای تەربیەت موعەلیمی "تاران" لەوێ دەورەی لیسانس و ریازی ـ فیزیکی تەواو کردووە و وەکوو کەسێکی کارامەو لێزان و زانا لە شارەکانی "تاران - نەغەدە - پیرانشار." لە قوتابخانەکانی ناوەندی دەرسی دەگووتەوە،

لە بەهاری ساڵی ١٣٥٧ بووە بە ئەندامی "حزبی دیموکراتی کوردستان و لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئەم ئەرکە حزبیانەی لە ئەستۆدا بووە، (ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار، ئەندامی کۆڕی پەروەردەی سەرتاسەری کوردستان، بەرپرسی نەخۆشخانەی حزب لە گوندی قالوێ، بەرپرسی ماڵی نەخۆشخانەی ٢٥ ی گەلاوێژ، ئەندامی کۆمسیۆنی ماڵی) لە کۆنفرانسی چوارەم لە ساڵی ١٣٦٧ دا بوو بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی حزب،، هەروەها لە کۆنگرەی ٩ لەساڵی ١٣٦٩ دا بوو بە ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حزب.

کاک ئەمیر لە تەواوی ئەو مەسئولیەتانەی کە پێی دراوە بەوپەڕی فیداکاری و دڵســـۆزی و ماندوو نەناسانە ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە. هەموو کات و ساتێکی خۆی بۆ خزمەتی حزب و گەلەکەی تەرخان کـرد کاک ئەمیر قـادری هەم لەناو ڕیزەکانی حزب دا، هەم لەناوخۆی وڵات دا کەسێکی ئاشناو خۆشەویست بوو، هەرکەسێک جارێک کاک ئەمیری دیبێ هەرگیز یادو یادگارەکانی و قسە خۆشەکانی لەبیر ناکات، کەسێکی دڵ ساف ،، بەباوەڕ شۆڕشگێڕ، کوردو کوردپەروەر،، سادق و دڵسۆز. لە ڕاستیدا کاک ئەمیر لەباری زمانەوە شارەزایی تەواوی بەسەر زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و تورکی دا هەبوو. چەندین جار لە حزب دا کلاسی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ کادرو پێشمەرگەکان دادەناو زۆرکەس لەسەر دەستی کاک ئەمیر زمانیان بۆ ئینگلیزی پژا.


زۆر بەداخەوە لەرێکەووتی ١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی = ٧ی جوونی ١٩٩٤ی زایینی بەهۆی ڕاوەستانی دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە کۆڕی خەبات و هاوەڵان و خۆشەویستانی بەجێهێشت و چاوەکانی وەسەر یەک ناو هیواو ئاوات و ئامانجەکانی بۆ پاشماوەکانی دوای خۆی بەجێهێشت کاک ئەمیر بەم کۆچە نابەوەختەی غەم و پەژارەیەکی گەورەی خستە دڵی ئازیزان و هاوڕێیانی،، یادو یادگارەکانت زیندوو بن و ڕێگاکەت پڕ لە ڕێبوار، کاک ئەمیر لە گۆڕستانی شاری "ڕانیە"ی باشووری کوردستان لە لای پۆلێک لە شەهیدانی حزب بە خاک ئەسپێردراوە.

سڵاو لەهەموو شەهیدانی حزب و گەل بەتایبەتی شەهید ئەمیر قادری.

شۆرش ئەسەدزادە

ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ١٩٩٤ی زایینی

## نەبی قادری: ئەندامی دەفتەری سیاسیی گۆنگرە دەیەم (ڕێبەرایەتی)




کاک نەبی قادری. لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی(١٩٤١ز) لە گوندی سوفیان - ی سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی مامەش لە دایک بوو لە باوەشی گەرم و پر لە هەستی کوردایەتی دا گەورە بوو و هەست و بیری بە ئاوی پاکی نیشتمانپەروەری و گەل دۆستی پەروەردە بوو.

خوێندنی سەرەتایی لە شاری شنۆ تەواو کردو لە ساڵی ١٣٤٠(١٩٦١ز) چوو بۆ (دانشسرای مقدماتی) لە شاری ورمێ و، دوای تەواو کردنی سەرکەوتوانەی ئەو ناوەندە ئامووزشی یە لە شنۆ بوو بە مامۆستای قوتابخانە و، هەر لەو شارەش لە ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢ز) دا بە نهێنی بۆ بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. پاش ماوەیەک بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ تاران و لە زانستگەی گەورەی ئەو شارە دەرجەی لیسانسی لە رشتەی جوغرافی دا وەرگرت و، سەرلە نوێ گەرایەوە بۆ شارەکەی و، کاری فەرهەنگیی خۆی لە تاکە دەبیرستانی ئەو شارە درێژە دا.

لەساڵی ١٣٥٥(١٩٧٦ز) دا شوورای شاری شنۆ ئەو رۆڵە پاک و ئەمەگناسەی وەک شارەداری شار هەڵبژارد، بەڵام کاک نەبی کە لە شێوەی بەرێوە چوونی دام و دەزگا دەوڵەتی یەکان بە تەواوی بێزار بوو زۆر زوو لەو کار خۆی کێشایەوە و بۆ خزمەت بە منداڵانی کورد گەرایەوە سەر کاری پەروەردە و فیرکردن. بەدەست پێی کردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کارو تێکۆشانی حیزبی کاک نەبی لە شێوەی نهێنی هاتەدەر و گورو تینێکی بەرچاوی پەیدا کرد.ئیمانی پتەو بە خەباتی رزگاریخوازانەی حیزب و هەوڵ تێکۆشانی بێ وچانی لە لایەک و پاکی و دروستی و فیداکاری و لە خۆبردوویی بێ هەر چەشنە چاوەروانی یەکی ئەو رۆڵە هەڵکەوتووەی گەل و حیزب لە لایەکی دیکەوە بوون بە هۆی ئەوە کە لە کۆنگرەکانی

پێنجەم، شەشەم و حەوتەم لە ساڵەکانی (١٣٦٠ - ١٣٦٢ - ١٣٦٤ هەتاوی بەرامبەر (١٩٨١ - ١٩٨٤ - ١٩٨٥) زایینی بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ.

لە کۆنگرەی هەشتەم ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ی ژانویەی ١٩٨٨ز) لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو بە هۆی ناکۆکییەکانی نێو خۆی حیزب و دواتر لەت بوونی حیزب لە گەڵ بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر پێک هێنا و لە کۆنفرانسی چوارەم (١٣٦٧ (١٩٨٨ز) لە شاری رانیە، کۆنگرەی نۆیەم (١٣٦٩ (١٩٩٠ز) بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرە دەیەم (١٣٧٣ (١٩٩٤ز) دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی گشتیی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەریەتیی شۆڕشگێر لە دەرەوەی وڵات دیاری کرا.

کاک نەبی لە ماوەی نزیک بە هەژدە ساڵ بەشداری چالاکانەی لە بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردو، دەکرێ بڵێین لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە باکوور کوردستانەوە هەت باشوور مەئموورییەتی حیزبی بەڕێوە برد و لە هەموو ئەو ماوەیە دا سەرەڕای گیروگرفتی بێ ئەژمار، ئەرکی حیزبی و مەئموریەتی پێ سپێردراوی بە دڵسۆزیی تەواو و بە ئیمانی پتەوەوە بەڕێوە برد و لە زۆربەی نزیک بە تەواویان دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

کاک نەبی، بێجگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی ئازاو تێکۆشەرێکی بەجەرگ بوو، ئینسانێکی پێشکەوتنخواز، دێموکراتێکی راستەقینە و کەسایەتی یەکی مرۆڤ دۆست و لایەنگر و پارێزەری مافی چین و توێژە چەوساوەکان و پیاوێکی ئازادیخواز و خەباتگێرێکی بە ئیمانی رێگای رزگاریی ئیسان لە هەر چەشنە چەوسانەوەیەک بوو.

بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە کاک نەبی قادری بە هۆی نەخۆشیی سەرەتانەوە کات ژمێر شەشی ئێوارەی دووشەممە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٧٥ (٢ی دێسەمبەری ١٩٩٦ز)لە شاری کۆپنهاگ پایتەختی دانمارک دڵی پڕ لە ئاواتی بۆ سەرکەوتنی گەلی کوردی بەشخوارو و دابەشکراو لە لێدان کەوت و بەم جۆرە هاورێیان و هاوسەنگەرانی خەفەتبار و دۆسان و ئاشنایان و ئەندامی بنەماڵەی کورد پەروەر و وڵاتپارێزی قادری، تازیەدار کرد.

رووحی شاد و رێگای پڕ ریبوار بێ.

ئامادە کردنی رەحمان نەقشی

سەرچاوە: نووسراوەکان هاوڕێیان

## سەید سەلام عەزیزی: ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی یازدەهەم




کاک سەلام عەزیزی ساڵی ١٣٤٥هەتاوی (١٩٦٦ لە گوندی "دونگوز"ی بۆکان دەرسی خوێند. دوای ئەو ماوەیە سێ ساڵ لەلای ماموستایانی ئایینی درێژەی بە خوێندن دا.

پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن رووی کردە مەدرەسەی عولوومی دینی لەشاری مەهابادو هاوکات لەگەڵ خوێندن لەو شوێنە دەورەی دەبیرستانیشی تەواو کردو لە شاری ورمێ بوو بە ماموستای قوتابخانە. ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١ز) لە رشتەی حقووقی زانستگەی تاران وەرگیراو پاش تەواوکردنی دەورەی زانستگە، لە دادگوستەری ورمێ بوو بە قازی و دوای ماوەیەک بوو بە سەرۆکی دادگوستەری بۆکان.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی و هەستی بەهێزی کوردایەتی لە کاک سەلام دا، بوون بەهۆی ئەوە کە ساڵی ١٩٧٨ هەموو پلە و پایەیەکی ئیداری و هەر جۆرە مەقام و بەرپرسایەتییەکی حکوومەتی بەجێ بهێڵێ و پاشماوەی ژیانی لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی رزگاری هاونیشتمانانی لە بێ مافی و ژێرچەپۆکی و دیکتاتۆری تەرخان بکا.

بەرێز سەلام عەزیزی لەژیانی حیزبایەتی دا بەهەموو هەست و تواناو فیداکاری یەوە تێکۆشاو بە لێهاتوویی‌یەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبی‌یەکانی دا یەک لەدوای یەک بڕی.

ساڵەکانی ١٩٨١ (١٩٨٢ز) ئەندامی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی حیزب بوو. لەدوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب بەرپرسایەتی کومیتەی شارستانی سەردەشتی وەئەستۆوە گرت.

ئەمر سەلام عزیزی لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤(١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ز) لە گوندی کانیە مێو، باشووری کوردستان پێکهات دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەدوای ئەو کۆنگرەیەدا، لەساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦ز) وە تا بەهاری ١٣٦٨ (١٩٨٩ز)، بەرپرسی پێوەندی یەکانی دەرەوەی حیزب لە بەغدا بوو.

ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩ز) بەرپرسایەتی فێرگەی سیاسی - نیزامی پێ ئەسپێردرا.

لە کۆنگرەی هەشتەم و نۆهەم حیزب بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرەی دەیەم و یازدەهەم بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.

لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتی کومیسیونی کۆمەڵایەتی و دواتر بەرپرسایەتی کومیسیونی ماڵی حیزبی لەسەر شان بوو. لەساڵی ١٣٧٤(١٩٩٥ز) یشەوە تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری لەگەڵ و هاوسەنگەرانی وەک بەرپرسی کومیسیونی سیاسی - نیزامی لە خزمەت حیزبەکەی دابوو. هاوڕێ سەلام عەزیزی لەماوەی دوو دەیە تێکۆشانی حیزبایەتیدا هەموو تواناو زانستی خۆی بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکانی حیزب تەرخان کرد.

ئەو کوڕی ڕۆژانی تەنگانەی حیزب بوو بەرامبەر بە حیزب و ڕێبازەکەی ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕی دا ناهومێدی و لەرزۆک بوون بەدی نەکرا.

کاک سەلام ئینسانێکی خەڵکی و خاکی، دڵپاک و مەجلیس خۆش و کادرو بەرپرسێکی لێوەشاوەو خۆشەویست بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەدەست دانی کاک سەلام عزیزی بەرێوەبەرێکی بە ئەزموونی لەدەست داو گەلی کوردیش تێکۆشەرێکی وەفاداری ڕێگای ئازادی و دێموکراسی لە دەست چوو.

هاوڕێی تێکۆشەر سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٧٨هەتاوی (١٢ی جوونی ١٩٩٩ز) لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە کۆیە تووشی نەخۆشی یەکی کوتوپڕ هاتبوو. لەسەر پێشنیاری دوکتورەکانی نەخۆشخانەی حیزب دەست بەجێ بۆ عیلاج کردن ڕەوانەی بەغدا کرا. بەڵام هەموو هەوڵ و

تێکۆشانی دوکتورەکان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی کە سەکتەی مەغزی بوو، بەداخەوە بێ ئاکام مایەوەو ئەو هاوڕێ خۆشەویستەمان سەعات ٩ی شەوی هەینی بە کاتی هەولێر ڕێکەوتی ٢٤ - ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٧٨ (١٥ - ١٦ی جوولای ١٩٩٩ز) بۆ هەمیشە چاوی لەسەریەک داناو ماڵئاوایی یەکجاری لە بنەماڵەو هاوسەنگەران و کوردستانی خۆشەویستی کردو درێژەدانی ڕێگای دوورو درێژی تێکۆشان لەپێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەیدا، بۆ تێکۆشانی حیزبەکەی بەجێ هێشت.

نەمری بۆ ناو و یادی کاک سەلام و سەرکەوتن بۆ حیزبەکەی و ڕێگاو ڕێبازەکەی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شەهید

---



سەرچاوە
Serchawe

## عوسمان رەحیمی: ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسیی




کاک عوسمان رەحیمی، کوڕی حەمە ساڵە، ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی(١٩٥٦ز) لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دا لە شاری بانە دایک بوو. باوکی کاک عوسمان یەک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بووو، هەتا دوا ساتی ژیانی بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان وەفادار مایەوە. برایەکی کاک عوسمانیش بە ناوی عومەری رەحیمی کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣ز) لە کاتی تۆپبارانی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیانی لەدەست دا. عوسمان رەحیمی خوێندکاری ساڵی پێنجی دام پزیشکیی زانکۆی تاران بوو کە شۆرشی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتی سەرانسەری وڵاتی داگرت. بە هۆی رابردووی سیاسیی بنەماڵەکەیو تێکەڵاوی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە خوێندکاریو خەباتگێرەکان، وەک خوێندکارێکی شۆرشگێڕو ئاگای کورد، رۆڵێکی چالاکی لەرێکخستنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی(١٩٧٨ز) شاری بانە دا گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵەش بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لەو کاتەوە تا کاتی کۆچی بێوەختو لە ناکاوی هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەیو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد.

ئاگایی بەرزی سیاسی، خەڵکدۆستی، خاکەڕایی، ماندوویی نەناسیو ئامادەیی بۆ بەرێوە بردنی ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی، زۆر زوو عوسمان رەحیمی کرد بە سیمایەکی ناسراوو خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لە شارستانی بانە. هەر بۆیە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتیو ئاموزشیی لە ئاستی کۆمیتەی شارستانو هەیئەتی ئیجرایی دا پێ سپێردرا. کاک عوسمان لە ئاکامی نیشاندانی لێوەشاوەیی لە خۆیو سەرکەوتنی لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی دا، لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ز) لە گوندی کانیە

مێو، باشووری کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی بانەی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی هەشتەم بە هۆی ناکۆکییەکانی نێو حیزب و دواتر هەڵویست گرتنی بەشیک لە کادری ریبەری و ئەندامانی حیزب و راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی دێموکراتی کوردستانی ئێران (رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) لە ١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ (٢١ی مارچی ١٩٨٨) زایینی، کاک عوسمان رەحیمی یەک لەوان بوو کە تێکەل بە ریزەکانی ئەم حیزب بوو،

کاک عوسمان کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران(رێبەرایەتی شۆرشگێر) کە لە ٨ی پووشپەری ١٣٦٧ (٢٩ی جوونی ١٩٨٨) لە شاری رانیە بەسترا بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێردرا.

هەروەها بەهۆی لێهاتوویی لەم کۆنگرەکان دا متمانەی بەشداری کۆنکرەکانی بە دەست هێنا:

* کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران (رێبەرایەتی شۆرشگێر) ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٩(١٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠) لە گوندی قەڵاسەیدەی دۆلی شاوری شاری رانیە باشووری کوردستان.

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران( رێبەرایەتی شۆرشگێر) ١١ی بانەمەڕی ١٣٧٣(١ی مای ١٩٩٤)لە گوندی قەڵاسەیدەی دۆلی شاوری شاری رانیەی باشووری کوردستان

* کۆنگرە یازدە یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١ی بەفرانباری ١٣٧٦ (٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩٧) لە شاری کەرکوک باشووری کوردستان.

* کۆنگرەی دوازدەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩ (٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠) لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان.

کاک عوسمان تا کۆچی دوایی لە هەموو کۆنگرەکان بەشداری کردوە؛ لە هەموو کۆنگرەکان متمانەی بەشدارانی کۆنگرە بەدەست هیناوە و بە ئەندامی ڕێبەری حیزب هەڵبژێردراوە.

هاورێی بە نرخ عوسمان رەحیمی لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ تێکۆشانی شێلگیرانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا،



سەرچاوە Serchawe

هەموو کات یەک لە بەڕێوەبەرانو بەرپرسە بەتواناو بە خزمەتەکانی حیزبەکەی بووو، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کادری ڕێبەریی حیزب دا، بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ. ئەگەر لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانی دا، بەرپرسێکی فیداکار، مودیرێکی سەرکەوتوو، سیاسی‌یەکی ئاگاو فەرماندەیەکی بە توانا بوو، لە بەڕێوە بردنی تەشکیلاتی نهێنی، گرتنە ئەستۆی کاروباری پێوەندییەکان، بەرپرسایەتیی سکرتاریای حیزب، ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"و ئیدارە کردنی رادیۆی دەنگی کوردستانیش دا، سەرکەوتووو سەربەرز بوو. ئەو خزمەتانەی عوسمان رەحیمی لە بواری فکرو نووسینو فێر کردنو راگەیاندن دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانو خەباتی شۆرشگێرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوون، لە خزمەتەکانی دیکەی کەمتر نین.


عوسمان رەحیمی وەک رووناکبیرێکی شۆرشگێر دڵی لەگەڵ ڕووداوەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا لێی دەداو، تێکۆشانی راستەوخۆ لە نێو جەرگەی ئەم بزوتنەوەیەی دا بە ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای خۆی دەزانی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکانی گیرسانەوە لە ئورووپای بۆ دابین ببوو، کاتێک دوای ٣ ساڵ لە ئەڵمان گەڕایەوە کوردستان، لە نێو تێکۆشەرانی خۆراگری حیزبەکەیو نەتەوەکەی دا مایەوە تا ڕۆڵێکی کاریگەرتری لە بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی حیزبەکەیو خەباتی گەلەکەی دا هەبێ.

عوسمان رەحیمی ساڵی ١٣٧٣ (١٩٩٤ز) لەگەڵ خاتوو پەخشان کچی تێکۆشەری دێرین مامۆستا ئەبووبەکر فەلسەفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە ٢ کوڕو کچێکن بە ناوەکانی سامان، سوورکێوو سنوور. ژیانی تایبەتیو بنەماڵەیی کاک عوسمانو هاوژیانە رووسوورەکەی، پێشاندەری لایەنێکی دیکە لە کەسایەتیی بەرزی ئەو دوو تێکۆشەرە بوو. چونکە ژیانی هاوبەشو ئەرکە بنەماڵەیی‌یەکان هیچ کات نەبوون بە ڕێگر لەبەردەم خزمەتی بێوچانی عوسمان رەحیمی بە حیزبی دێموکرات. لە لایەکی دیکەوە ماڵی کاک عوسمان هەموو کات شوێنێک بووە بۆ داڵدەدانو خزمەتی تێکۆشەرانو هەڵۆدایانی کوردایەتیو ئازادی.

بەداخو کەسەرێکی گرانەوە هاوڕێ عوسمان رەحیمی ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسیو تێکۆشەری دێرینو ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک دوانیوەرۆی رۆژی سێ شەممە ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦(١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧ز) لە تەمەن ٥١ سالی کۆچی دوایی کرد.

رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.

## مەلا خدر عومەرزادە ناسراو بە مەلا خدری دۆڵەگەرمی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە دەهەم (ڕێبەرایەتی)




مامۆستا مەلا خدر ڕۆژی ١١ی بەفرانباری ١٣٢٨هەتاوی (١ی جانێویری ١٩٥٠ز) لە گوندی دۆڵەگەرمی سەر بە ناوچەی سەردەشت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دایک بووە. هەر لە سەردەمی لاوەتییەوە و لە کاتی خوێندنی لە حوجرەکانی کوردستان دا، لە گەڵ بیر و باوەڕی کوردایەتی ئاشنا بووە و لە تەمەنێکی زۆر لاو دا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

مامۆستا مەلاخدر دۆڵەگەرمی یەکێک لە چالاکانی جووڵانەوەی ساڵە کانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بووە. لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە و هاوڕێکانی هاوکارییەکی کاریگەری هە بووە و لە دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەکان و شاردنەوە و حاواندنەوەیان دا دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە. لە قۆناخی نوێی خەباتی نەتەوەکەمان لە بەرامبەر ڕێژیمی ستەمکاری کۆماری ئیسلامی دا، ناوبراو یەکێک لەو کادرە تێکۆشەر و چالاکانە بووە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی بەربەرەکانیی ڕەوای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانەوە چالاک بووە و لە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری حیزبی دا، لە کادری سیاسییەوە تا ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب، تێکۆشاوە و بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی نەتەوەکەی هەوڵی داوە.

مامۆستا مەلاخدر دۆڵەگەرمی لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) کە لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٩(١٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠) لە گوندی قەڵاسەیدەی دۆڵی شاوری شاری ڕانیەی باشووری کوردستان بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

مامۆستا لە کۆنگرە دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران(ڕێبەرایەتی شۆرشگێر) کە لە ١١ی بانەمەڕی ١٣٧٣ (١ی مای ١٩٩٤ز) لە گوندی قەڵاسەیدەی دۆلی شاوری شاری رانیەی باشووری کوردستان پێکهات دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرە بەدەست هێنا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

مامۆستا مەلا خدر زیاتر لە ٤٠ ساڵی تەمەنی خۆی بێپسانەوە بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکە ی تەرخان کردوە و لەو پێناوە دا چ لە سەردەمی حەمە ڕەزشا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا ڕەنج و ئاوارەییەکی زۆری دیوە و خزمەتێکی گەورەی کردوە. ئەو یەکێک لە کادرە بە وەجەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەت لە ناوچەی سەردەشت بوو.

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە مامۆستا مەلا خدری عومەرزادە، ناسراو بە مەلا خدری دۆڵەگەرمی، لە ڕۆژی ١٦ی جۆزەردانی ١٣٨٧ هەتاوی (٥ی جوونی ٢٠٠٨ز) کاتژمێر ١٢,٣٠ دەقیقەی نیوەشەو، لە نەخۆشخانەی گشتیی پارێزگای "ئاکیش هوس" ی لە وڵاتی نۆرویژ، یەکێک لە ماندویی نەناسترین و خەباتگێرترین ڕۆڵەکانی حیزب و گەلەکەمان، بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە، لە دوورە وڵاتی دا کۆچی دوایی کرد و ماڵاوایی لە هاوڕێیانی ڕێبواری کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی کرد.

ڕوحی مامۆستا مەلا خدر شاد و ڕێگاکەی پڕ ڕێبوار بێ.

کوردستان و کورد ٦ی جوونی ٢٠٠٨

---

## جەعفەر زەمانی: ئەندامی جیگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چاردەهەم




جەعفەر زەمانی لە بنەماڵەیەکی ئازەری زمانی شاری نەغەدە لە دایک بوو و هەر لە سەرەتایی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز) وەک گەنجێکی بە توانا و هەڵسوور هاتە مەیدان و دوای دەست بەکار بوونی کارو تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١ز) دا هاتە نێو ریزەکانی حیزب و بۆ ماوەی زیاتر لە چارەگە سەدەیەک وەک پێشمەرگە، فەرماندە، کادری سیاسی و مامۆستا و لە کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە ١٦ی رەشەمەی ١٣٨٦ (٦ی مارچی ٢٠٠٨ز) لە شاری کۆیە بە جێگری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرا. و ریزەکانی حیزبدا خزمەتی بە نەتەوەی کورد کرد و لە سەر ئامانجەکانی گەلی کورد و ئازادی وڵاتەکەی ئازار و شەونخونییەکی زۆری کێشا.

کاک جەعفەر زەمانی وەک کادرو پێشمەرگە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەراوە و لە زۆربەی شەرەکانی ناوچەکانی مەهاباد، سەردەشت، رەبەت، بانە، پیرانشار، شنۆ، نەغەدە و ورمێ دا بەشداری چالاکانەی کردوە و لە شەر بە دژی داگیرکەران دا ٢ جار بریندار ببوو. ئەو مرۆڤێکی مەندو لەسەرخۆ، کورێکی شیرین و لەبەردڵان بوو. زۆر جوان فێری زمانی کوردی ببوو و بە زاراوەیەکی شیرین و جوانی کوردی قسەی دەکرد. تابڵێی بە هەست و شۆرشگێر بوو، لە کاتی بەرنگار بوونەوە لەگەڵ دوژمنان دا ئازاو بە جەرگ و خۆراگر بوو، لە باری سیاسییەوە کادرێکی بە ئەزموون و لێوەشاوە بوو. لە زۆربەی کومیسیۆنەکانی حیزبدا کاری کرد بوو، کۆمەڵێک تایبەتمەندی جوان و شۆرشگێرانەی هەبوون و لەگەڵ خەڵک و هاورێیانی دا بە جوانترین شێوە دەجوڵایەوە. کاک جەعفەر زۆری کەیف بە خوێندنەوە دەکرد و لە هەر دەرفەتێک دا بۆی گونجا با خەریکی خوێندنەوە دەبوو، هەر ئەو تایبەتمەندیەیەش ببوو هۆی ئەوە کە جەعفەر ببێتە کادرێکی باش و قسەکەرێکی بە توانا و نەترس. کاک جەعفەر کورێکی شەرم بەخۆ و راستگۆ بوو، لە کاتی قسە کردن دا نان بەقەرز دانی

نەدەزانی و زۆر بە سەراحەت و بەشەفافی قسەکانی خۆی لە بەرامبەر بەرپرسان و لێپرسراوان و هاوڕێیانی دادەردەبری. لە نێو کوری هاوڕێیانی دا بە مرۆڤێکی مشوورخۆر و چاو نەترس و جێگای متمانە دەناسراو هەمیشە هەوڵی دەدا بۆ برایەتی و یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە ریزەکانی حیزبدا و بە چاوی چاکسازی‌یەوە دەیروانییە هەموو ئەو گیروگرفتانەی دەهاتنە سەر ڕێگای کارو تێکۆشانی حیزب و هاوڕێیانی حیزبی دا.

بەداخەوە جەعفەر زەمانی ١٠ مانگ پێش ئێستا لە پشکنینێکی پزیشکی دا نەخۆشی شێرپەنجەی مێعدەی لێ دەرکەوت و دوای ئەوە کە چەند جارێک سەردانی دوکتوری پسپۆر و شارەزای لە کوردستان کرد، دوکتورەکان نەیانتوانی کە چارەسەری نەخۆشی‌یەکەی بکەن. هەر بۆیە ڕێگای دەرەوەی وڵاتی هەڵبژارد و پاش چەند مانگ مانەوە و سەردانی دوکتور کردن و نەگەیشتن بە مەبەستی سەرەکی خۆی واتە چاک بوونەوە، ڕێگای گەرانەوەی کوردستانی گرتە بەر و بۆ جارێکی‌تر گەرایەوە نێو کۆڕی بنەماڵە شۆرشگێرەکەی و هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و پاش بەربەرەکانی‌یەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەی مێعدە بەداخەوە ڕۆژی ١٧ی بانەمەری ١٣٨٨ (٧ی مای ٢٠٠٩)ی زائینی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە بنەماڵە و لە هاوڕێیان و کەس و کاری کرد و هەموو لایەکی تووشی خەفەت و خەمباری کرد.

کۆچی دوایی کاک جەعفەر زەمانی خەسارێکی گەورەیە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و بە تایبەت بنەماڵە شۆرشگێر و خۆراگرەکەی، کاک جەعفەر ٣ کۆرپەی چاوگەشی بە ناوەکانی ڕێناس، بەناز و شەهریار لە پاش بەجێ ماون و هیوادارم کە منداڵە چاوگەشەکانی لە باوەشی گەرمی دایکیان و خزمانی دا فێری وانەی خۆراگری و نیشتمان‌پەروەری بکرێن و ژیانێکی باشیان بۆ دابین بکرێ.

سەرچاوە :ماڵپەری گیارەنگ



سەرچاوە
Serchawe

## تەها عەتیقی: ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم




**کورتەیەک لە ژیاننامەی نەمر کاک تەها لە نووسینی خۆی**

ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی (١١ی فێبریوێری ١٩٤٩ز) لە شاری سابڵاخ لە دایک بووە. باوکم مووچە خۆری ئیدارەی سجیل بوو. خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی فیردەوسی و خوێندنی ناوەندیم لە قوتابخانەی ئیبنی سینای ئەم شارە تەواو کردووە.

ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨ز) چوومە زانستگای تەورێز و لە جۆزەردانی ١٣٥٢ (جوونی ١٩٧٣ز) لە لقی جوغرافیای ئابووری و ئینسانی لیسانسم وەرگرت. خزمەتی ئیجباریم وەک ماموستا لە قوتابخانە ناوەندی یەکانی،

کورشی کەبیری، بۆکان، و ڕەزاشای سابڵاخ تێپەر کرد. پاشان بەرەسمی بوومە مامۆستا و تا جۆزەردانی ١٣٥٩ (جوونی ١٩٨٠ز) ماموستای قوتابخانەکانی سابڵاخ و هەروەها وەک نووسەری بەرنامەی، خاو وخێزانی ڕادیۆ مەهاباد خەریکی ئیش و کار بووم.

لە بانەمەری ١٣٥٨ (مای ١٩٧٩ز) بوومە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. لە جەنگەی شەڕی سێ مانگە دا وەک کادری بەشی ماڵی لە ناو شار دا خەریکی تێکۆشانی حیزبایەتی بووم. پاش دەرچوونی پەیامی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ (١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ز) و گەڕانەوەی تێکۆشەران لە شاخەوە بۆ شار ماوەیەک لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و پاشان لە ئینتشاراتی دەفتەری سیاسی لە نێو

شار دا درێژەم بە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکان دا.

لە دەست پێکی بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران. لە شەوی ١٩ لە سەر ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٥٩ هەتاوی ( ٩ و ١٠ی جوونی ١٩٨٠ز) لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگوڕانی سابڵاخ لە زێدو ئەندامانی بنەماڵە ماڵئاواییم کردو سەنگەری خەباتم لە شارەوە بۆ شاخ گوێزتەوە.

بە پێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حدکا لە ٢٠ی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٠ هەتاوی (٨ی ئەپریلی ١٩٨١ز) بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی ئەم حیزبە دیاری کرام. لە کۆنگرەکانی ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ دا بەشداریم بووە بەڵام لە هیچیان دا خۆم بۆ ئەندامەتی لە ڕێبەرایەتی حیزب لە هەر پلەیەک دا بووبێ نەپاڵاوتووە. وام بە باش زانیوە وەک کادرێک لە دەنگی کوردستانی ئێران دا درێژە بە کارو تێکۆشانم بدەم.

سەرەنجام لە بارودۆخێکی بەراستی نەخوازراو دا لە ٥ی پوشپەری ١٣٧٣ی هەتاوی (٢٦ی جوونی ١٩٩٤ز) بارگەوبنەم پێچرایەوە و ماڵئاواییم لە هەموو خوشیی و ناخۆشییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و هەموو حەز و هیوا و ئاواتە وەدی نەهاتووەکان کردو بەرە و تاراوگە داگەرام.

ئێستا لە وڵاتی سویس بە هیوای شنەبای ئازادی و هیوا بە دوا ڕۆژێکی گەش بۆ نەتەوەکەمان و کۆتایی هاتن بە دیکتاتۆری ڕەش و وەدی هاتنی ئامانجی بەرزی ئەم گیانە پاکانەی لە پێناوی کوردو کوردستان دا فیدا بوون دەژیم.

بە هیوای سەرکەوتن تەها عەتیقی

١٠ی پوشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی - ١ی جوولای ٢٠٠٥

تێبینیی:

## ماڵئاوایی و بە خاکسپاردن:

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆژی دووشەممە ٧ی بەفرانباری ١٣٨٨ (٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٠٩) تێکۆشەری دێرین

کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس لە تەمەنی ٦١ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

بەیانی ڕۆژی ١٠ی بەفرانباری ١٣٨٨ هەتاوی (٣١ی دێسەمبەریٚ ٢٠٠٩ز) بە بەشداری سەدان کەس لە دۆست و هاوڕێ و کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەندامان و لایەنگرانی چەندین حیزبی کوردی تەرمی تێکۆشەری ناسراو و ماندوو نەناسی گەلی کورد و بێژەری راستبێژ و حەقویژی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک تەها عەتیقی لە نێو دەریای خەمی هاوڕێیانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دا لە یەکێک لە گۆرستانەکانی شاری بییل بە خاک سپێردرا.

## بەرهەم و وەرگێران

کاک تەها وێڕای سەرقاڵبوون بە کاری ڕۆژانەی رادیۆوە، لە وەرگێڕانیش غافڵ نەبوو. وەرگێڕانی کتێبی بەناوبانگی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو بۆ سەر زمانی فارسی، بەرهەمی سەردەمێکە کە تەها عەتیقی لەچیاسەرکەشەکانی کوردستان لە سەنگەری ڕادیۆدا خزمەتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی دەکرد.

کاک تەها لە دەرەوەی وڵاتیش لە سەر خزمەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلەکەی بەردەوام بوو. وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێبی "کورتە مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد" لە فارسی یەوە بۆ کوردی کە دوکتور سادق شەرەفکەندی نووسیوێتی، یادگاری ساڵانی ژیان لە دەرەوەی وڵاتیی ئەم تێکۆشەرەیە.

## پێک هێنانی ژیانی هاوبەش

کاک تەها، هاوینی ١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩٤ی زایینی) وەک پەنابەر رووی کردە وڵاتی سوئێدو لەوێ گیرسایەوە. چەند ساڵێک دواتر لە وڵاتی سویس نیشتەجێ بوو و لەگەڵ خاتوونی سەربەرزو ڕووسوور ئەسمەر ئیبراهیمزادە هاوسەری شەهید عەبدوڵڵا شەریفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا.

ڕەحمان نەقشی

## محەمەد ئەمین موعینی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم




محەمەد ئەمین کوڕی حاجی عەبدوڵڵا، کوڕی موعینودەولە، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سە عید، کوڕی حاجی محەمەد ئەمین، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سە عید، کوڕی موعین، کوڕی حاجی مەولانا، لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی(١٢٨٨ی هەتاوی) لە شاری سابڵاغ لەدایکبووە. تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت کە باوکی لە نزیک ماوەت، دەکوژرێت. قۆناغی منداڵی و لاوێتیی ئەو بە دەستکورتی تێدەپەڕێت. دوای چەندێک دەکەوێتە بواری بازرگانی و سەرو سامانێک پێکەوەدەنێت. ساڵی ١٩٣١ز (١٣١٠هەتاوی) دەگەڵ خاتوو «زارا قادری» خێزان پێکەوەدەنێن. پاش ساڵێک کوڕێکیان دەبێت و ناوی «سولەیمان»ی لێدەنێن. دوای سولەیمان، سێ کچیان بە دوای یەکتردا دەبێت بە ناوەکانی: «فاتمە، پەریزاد و ئامین». دوای سێ کچەکان کوڕێکی تریان دەبێت کە ناوی دەنێن «سەعید»، کە زیاتر بە «خانە«ی بانگدەکەن.

محەمەد ئەمین لە سەفەر بۆ تەورێز و بەردەوامبوونی لە کاری بازرگانی دا، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری تەورێز، دووەمین هاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێت کە خاتوو «زەری خانمی» تەورێزی دەبێ. لەو خانمەیش چوار کوڕ و سێ کچی دەبێ بەناوەکانی: «عەبدوڵلا، جەعفەر، نەوید، مستەفا، سورەییا، ڕەعنا، فەریبا».

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بەهۆی ناسراویی کەسایەتیی ئەو لە کۆمەڵگای کوردستانی ئەو سەردەمەدا و هەروەها چالاکی سیاسی، لە کابینەی حکومەتی کۆماری کوردستاندا پلەی وەزیری ناوخۆی کوردستانی پێدەدرێت و لە پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان و ڕوسەکان، بەڕێوەبەرایەتیی کاری میوانداری و پێڕاگەیشتن



سەرچاوە
Serchawe

وەئەستۆ دەگرێت. لە ڕاستیدا قورسایی پێڕاگەیشتنی میوانانی دەرەکی دەکەوێتە سەرشانی بنەماڵەی ئەو. لەم پەیوەندییەشدا ئەرکی سەرشان و خزمەت بە کوردستان کردنی خێزانی میرزا محەممەد ئەمین، واتە زاراخانمی خێزانی لە هی مێردەکەی نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ ئەو شێرەژنە چەشنی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەر شان تێکۆشاوە.

کاری میوانداریی بنەماڵەی موعینی وەک ئەڤینێکی ڕاستەقینە بووە بۆ کوردستان. چونکە لە بری میوانداریتی و خزمەت بە دیپلۆماتەکانی ئازەر و ڕووس، هەر نەک هەرگیز هیچ جیرە و پاداشێکی لە حکومەتی کوردستان وەرنەگرتووە، بەڵکە لە باری ئابوورییەوە یارمەتیدەری حکومەتی کوردستانیش بووە. میرزا محەممەد ئەمین خۆی گوتەنی، بۆ بەرەوپێشبردنی کار و باری وڵات و بۆ خزمەت بە کوردستان و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی، خۆی و بنەماڵەکەی هەموو هەنگاوێکی پێویستیان هەڵێناوەتەوە بەبێ چاوەڕوانیی باری مادی. ئەوەی کە لە حکومەتی کوردستان وەری گرتووە، تەنیا یەک «تمەن»ی کاغەزی بووە کە لە دەستی پێشەوای وەرگرتووە و لە هەموو تەمەنی دواییشیدا ئەو تاک «تمەن»ەی پاراستووە. جار جاریش بە شانازییەوە ئەو تاک تمەنەی بە ماڵ و منداڵەکانی نیشانداوە و فەخری پێوە کردووە. گەلێک جاران خۆی بە ژن و منداڵانی خۆی گوتووە کە ئەو تمەنە لە هەموو گەنج و سامانی دنیا بەرزترە و وەک متفەڕک و بەرەکەتێکی پیرۆز بەلای منەوە هەر دەبێ بمێنێت، چونکە ئەوە پاداشی خزمەتەی خۆمە و یادگاری دەستی پێشەوای نەمرمانە.

لە دانیشتنەکانی خۆماڵیدا گەلێک جار بە منداڵەکانی دەگوت:

«ڕۆڵەکانم! هەتا لە دەستتان دێت و دەتوانن، بەبێ چاوەڕوانی لە مزی و موچەخۆری، خزمەت بە وڵاتەکەتان بکەن و هەردەمیش هەوڵبدەن گەل و وڵاتەکەتان پێشکەوێ و ئەوەندەی لە دەستتان دێت لە دووبەرەکیی خۆ بپارێزن. پێشکەوتووتن و یەکگرتنی خەڵک،

سەربەستی و سەربەخۆیی وەدیدێنێ. ئەمەش بزانن کە دوژمنانتان فێڵبازن و لە نەزانی ئێوە کەڵک وەردەگرن بۆ گوراندنی دوژمنایەتیی ناوخۆ و پێکەوە بەشەڕدانتان ...».

محەممەد ئەمین موعینی لە سەرەتای گەنجی و لاوییدا تێکەڵ بە چالاکیی کۆمەڵەی (ژ. ک) دەبێت و بەپێی گوتەی خۆی و باسکردنی زانایی «حوسێنێ زێڕینگەران»، دەبێ لە ژێر کاریگەریی ئەو کەسایەتییەوە ڕاکێشرابێتە نێو هەڵسووڕانی سیاسییەوە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، محەمەد ئەمین موعینی وەک زۆربەی لێپرسراوان و کاربەدەستانی کۆمار، بۆ ڕاگرتنی یادگارەکانی کۆمار و بۆ پاراستنی گیان، خۆ حەشاردەدەن، بەڵام بە بیستنی لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕابەرەکانی دیکەی کۆمار، لە پەناگا دێنەدەر و بوێرانە دەچنەوە ماڵ. ڕژێمی پاشایەتی هەموو بگێڕان و کاربەدەستانی کۆمار دەگرێت و زۆربە یان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت. بەڵام چونکە ئەوان گەندەڵیی حکومەتی ئێرانیان لەمێژ بوو ناسیبوو، بە ڕازی کردنی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران و دانی پارە و بەرتیل، حوکمی لەسێدارەدانیان شکاند و کەوتنە بەندیخانە و بە زیندانیی هەتا مردن مەحکوم کران. محەمەد ئەمین موعینی سێ ساڵ لە بەندیخانەکانی مەهاباد، ورمێ و تەورێزدا مایەوە و دواییش بۆ شاری شیراز دوور خرایەوە. دیسان توانی ئەو حوکمەش بکڕێتەوە و لە بری چوونی بۆ شیراز، لە تاران نیشتەجێبوو. لە تاران دوکانێکی کوتاڵفرۆشتنی کردەوە، بەڵام بەهۆی تاسەی زاراخانم و ئارەزووی منداڵەکانیان بۆ گەڕانەوە، ناچار لە ساڵی ١٩٥٠ دا گەڕانەوە مەهاباد. لەوێ بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵانی، دەستی بە کار کردەوە، بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێریی کاربەدەستانی حکومەتی حەمە ڕەزاشادا بووە.

بە گوتەی خۆی، هەتا کەمێک بار و دۆخی سیاسی تووشی نالەباری دەهات، ئەو یەکەم کەس بووە کە کەوتوەتە ژێر چاودێری و جار جاریش کەوتوەتەوە بەندیخانە.

ساڵی ١٩٧٨ کاتێک ڕژێمی حەمە ڕەزاشا بەرەو ڕوخان و مەرگ دەچوو. محەمەد ئەمینی موعینی ئەگەرچی پیاوێکی بە جەرگ و بوێر و دڵگەرم بە شۆڕش بوو، بەڵام زۆرجاران بە کوڕان و کچانی دەور و بەری دەگوت کە چەک و چۆڵ و شەڕ و نا ئارامی، سەرکەوتن بە گەل نابەخشێت، بەڵکو شێوەکاری شۆڕشگێڕان لەم سەردەمەدا دەبێ لە ڕێگای بەرزکردنەوەی پلەی ڕامیاری و زانیاری فەرهەنگیی کۆمەڵگا بێت. تەنانەت زۆرجاران دەیگوت: «ئێمەی کورد دەبێ بە دۆست و دوژمن ڕابگەیەنین و پێیان ئیسبات بکەین کە کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئازادیخوازە و بەرابەریی مافی هەموو گەلان ستراتیژیی خەباتەکەیەتی».

شایانی باسە محەمەد موعینی خاوەن سێ کوڕی شەهیدە بە ناوەکانی سولەیمان، عەبدوڵڵا و سەعید(خانە) موعینی بوو کە لە پێناو خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد گیانی خۆیان فیدای خاک و نیشتمان کرد.

محەمەد ئەمین موعینی لە ڕۆژی چوارشەممە ٤ بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی (٢٥ی دێسەمبەری ١٩٩١ی زایینی) ماڵاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و ئاواتی وەدی نەهاتووی بردە ژێر گڵ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شەهید

## عەبدولڕەحمان ڕەحیمی: ناسراو بە چەکۆ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی پانزدەهەم  حدکا




کاک عەبدولڕەحمان ڕەحیمی ناسراو بە چەکۆ، ئەندامی خەمخۆر و تێگەیشتوو و لەمێژینەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی، ١٩٥٤ی زایینی لە شاری شۆڕشگێڕانی دێموکرات، لە مەهاباد لەدایک بوو.

بنەماڵەی هاوڕێی شەهیدمان کاک چەکۆ، بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و خاوەن جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و ناسراوی شاری مەهاباد بوون و هەر بۆیەش، عەبدولڕەحمان بە بڕوایەکی نەتەوەیی و پەروەردەیەکی کوردپەروەرانەوە، تا دوایین قۆناغەکانی خوێندنی لە مەهاباد تەواو کرد و بۆ درێژەدان بە خوێندن، لە زانکۆی ئەفسەریی تاران وەرگیرا و بڕوانامەی لیسانسی لەو زانکۆیە وەرگرت و لە ئەرتەشدا بە پلەی ئەفسەری دەستی بە کار کرد.

هاوڕێی شۆڕشگێڕ و بە ورە، سەروان عەبدولڕەحمان ڕەحیمی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، ١٣٥٧(١٩٧٩ز) بە ئاشکرا بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دوای فەرمانی جەهادی خومەینی بە دژی کوردستان، وەکوو ئەفسەرێکی نیشتمانپەروەر و بەهەڵوێست، لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا دەستی دایە چەکی بەرگری لە مان و کەرامەتی نەتەوەکەی و وەکوو مامۆستایەکی نیزامی دەورەی تایبەتی بۆ پێشمەرگەکان دادەنا. هەر لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا ناوبانگی چەکۆی دەرکرد و بوو بە کاک چەکۆی خۆشەویستی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان.

هاوڕێ کاک چەکۆ لە بەر خۆنەویستی و قارەمانەتی و گیانبازی، لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەند جار بەهۆی تەقینەوەی مینەوە، بە توندی بریندار بوو وکاریگەریی ئەو تەقینەوە لە سەر لەشی مابوویەوە.

کاک چەکۆی ڕەحیمی، لە ریزی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا، هەڵسووڕ و ماندوویی نەناس بوو و بەردەوام لەهەوڵی پێگەیاندن و بارهێنانی هەرچی باشتری پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی نیشتماندا بوو. بۆ ماوەیەک فەرماندەی هێزی سمکۆ، هێزی شەریفزادە و هێزی پێشەوا بوو و دوای دامەزرانی زانکۆی نیزامی لە حیزبدا کە دوایە گۆڕدرا بە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی، لە یەکەم مامۆستایانی ئەو زانکۆیە بوو و دوای ماوەیەک وەک جێگری بەرپرس و دواتریش وەک بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامی خزمەتی بە خەباتە ڕەواکەی نەتەوەکەی کرد.

هاوڕێی خەباتکارمان، بەهۆی شایستەیی و پێگەیشتوویی و خۆبەختکەرییەوە، لە ساڵی ١٣٦٢دا، لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢(٢٢ی جانیۆیری١٩٨٤ز) لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان گیرا وەکوو ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی دەنگی متمانەی کۆنگرەی پێ درا، لەو کاتەوە هەتا ساتی شەهید بوونی، لە ماوەی ٣٣ ساڵدا چ وەک ڕاوێژکار و چ وەک جێگر و چ وەکوو ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی، بەردەوام لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا بوو و چەندین بەرپرسیارەتیی قورس و شیاوی حیزبیی وەکوو بەرپرسی فێرگە، ئەندامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە و بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنیەتی لە ئەستۆ بووە و بە شایەتیی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، بەوپەڕی لێوەشاوەیی و خەمخۆری و دیسیپلینەوە، ئەرکەکانی بەجێ گەیاندووە.

هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک چەکۆ ڕەحیمی کەسێکی دڵسۆز بۆ حیزب و گەلە بەشخوراوەکەی و ڕۆڵەیەکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و وەفاداری مەکتەبی دێموکرات بوو کە لە ریزی کادر و پێشمەرگەکاندا خۆشەویست و لە ریزی ڕێبەرایەتیی حیزبدا کەسێکی خاوەن هەڵوێست و خاوەن پرەنسیپ و دیسیپلین بوو.

نیشتمانپەروەریی بنەماڵەکەی و تێگەیشتوویی تاکی خۆی و دیسیپلینی ئەفسەری و وەفاداری بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهید، خاکی بوون و لەگەڵ پێشمەرگە بوونی، بەتێکڕا کەسایەتییەکی مێژوویی و بەئەمەگ و بەناوبانگیان لە کاک چەکۆ دروست کردبوو کە پیت بە پیتی وشەکانی ناوەکەی، وانەیەکی خەباتکاری و شۆڕشگێری بۆ قوتابیان و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بوون.

بەداخەوە؛ کاک چەکۆ، دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی،(١١ی مای ٢٠١٦ز) بە هۆی ڕاوەستانی

دڵەوە، بەجێی هێشتین و هەواڵی مەرگی لەناکاوی هەموو دۆستان و دڵسۆزانی تاساند. بەڵام حیزبی دێموکرات لە مێژە ڕاهاتووە بە لەدەستدانی ئازیزان و تێکۆشەرە ماندوونەناسەکانی و بەردەوام سوورتر بووە لە سەر درێژەدان بە ڕێبازەکەیان.

تێکۆشەر و ماندوونەناسمان کاک چەکۆ ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ماڵئاوایی یەکجاریی لێ کردین و پەیوەست بوو بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و درێژەی خەبات و تێکۆشانی بە دۆستان و هاوسەنگەرانی ئەسپارد.

رووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

## حەمەرەسووڵ حەسەنپوور: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە سێهەم




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی ١٩٦٥ی هەتاوی (٣١ی مای ٢٠١٦)ی زایینی یەکێک لە سیما خۆشناو و ناسراوەکانی شاری سەردەشت و یەکیک لە کادرە دیار و بەرچاوەکانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێز حەمەرەسووڵ حەسەنپوور دوای ماوەیەک نەخۆشی و ناسازی لە نێو کۆڕی ئەندامانی بنەماڵەی لە ئازادی کۆیە لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا چاوەگەش و پڕ لە هیواکانی لە سەریەک دانان و کۆچی دوایی کرد.

کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپور ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢ز) لە باوەشی بنەماڵەیەکی دیارو ناسراوی شاری سەردەشت دا لە دایک بوو، ئەو هەر لە منداڵیەوە ڕێگای قوتابخانەی گرتۆتەبەر و هەموو قۆناخەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و دواتر بۆتە مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە و لە ژیانداو ئەوەی لە توانای دابوو وەک مرۆڤێکی دیارو بەرچاو بۆ باشتر کردنی بنەماڵە و کۆمەڵگا و قوتابخانە و قوتابیەکان درێغی نەکردووە. کاک حەمەرەسووڵ وەک لاوێکی بە هەست و نیشتمانپەروەر لە بنەماڵەیەکی تەواو شۆڕشگێر و تێکۆشەردا چاوی بە دونیا نابەرابەری و ستەم کراوەتەوە و هەر بۆیە لە هەڕەتی لاوەتی دا خولیای وەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلەکەی دەبێ.

باب و مامەکانی لە کەسە شۆڕشگێر و دیارەکانی حیزب و سەردەمی کۆمار دەبن و کاک حاجی برایم حەسەنپوور باوکی کاک حەمەرەسووڵ لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف و سوێندخۆری کۆمەڵە و کۆماری کوردستان و پێشمەرگەی کۆمار بووە. نەمر حاجی حەمەدەمین مامی یەکێک لە ئەندامە هەڵسوورێنەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەشت دەبێ و ناوبراو بە

هۆی هەڵسووڕانی بەردەوامی و هەروەها ئاشکرابوونی بەشێک لە ئەندامانی حدک لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٤٣ز) لەگەڵ پۆلێک لە تێکۆشەران دەکەوێتە زیندان. شۆڕش و شۆڕشگێری و ئازادیخوازی زۆر زوو دەکەوێتە بیرو فکری کاک حەمەرەسووڵی تازە لاو و ئەو ڕووداوە دەبێتە هەنگاوێکی دیکە بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر لە سەر شۆڕش و هەروەها ناسینی دیکتاتۆری حەمەرەزا شای پەهلەوی.

هەموو ئەو کەسانەی کە کاک حەمەرەسووڵیان دەناسی، هەستیان بە دڵپاکی و ڕاستگۆیی و ئەمینداریی ئەو لاوە خوێن گەرمە دەکرد و وەک کەسێکی جێگای باوەر وەک مرۆڤێکی بە هەست و شۆڕشگێر، وەک گەنجێکی لێزان و چاوکراوە سەیریان دەکرد بە گشتی لە ئەزموونی ژیانی مامۆستایەتی و دواتریش ئەزموونی کاری سیاسی کەڵکیان وەردەگرت. کاک حەمەرەسووڵ بە هۆی ئەوە کە بنەماڵەکەیان وەک یەکێک لە بنەماڵە شۆڕشگێرەکانی دژ بە حکوومەتی پەهلەوی و ئاخووندی ناسرا بوو لە هەر دوو حکوومەت دا زۆر لێبڕاوانە و نەترسانە کاری سیاسی کردووە و بە گشتی بۆتە یەکێک لە سیما دیار و ناسراوەکانی شاری سەردەشت.

دوای تەواو کردنی خوێندن وەک مامۆستای قوتابخانە وانەی بە قوتابیان گوتووتەوە و ساڵی ١٣٤٢(١٩٦٣ز) موعەلیمی ئاوایی دیوالانی سەردەشت و ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤ز)موعەلیمی شڵماش و ساڵی ١٣٤٤ (١٩٦٥ز)موعەلیمی ژاژۆکە و باساوەی سەردەشت بووە و زۆرجار کادرەکانی حیزبی دیوە و لە کۆبوونەوە یەک دوو کەسی‌یەکاندا بەشداری کردووە و زیاتر باری سیاسی خۆی بردۆتە سەر و لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی(١٩٦٣ز) دا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨ز) دا کاتێک ڕژێمی پەهلەوی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک پەنا بۆ تەبعید و دوورخستنەوەی سیما دیارەکانی ناوچەی سەردەشت و دەوروبەری دەکات، کاک حەمەرەسووڵ حەسەن‌پوور یەکێک لە دوورخراوەکان دەبێ و جارێک بۆ دەوروبەری شاری گورگان لە باکووری ئێران و پاش ئەوە بۆ شاری تەفریشی نزیک شاری قوم دوور خرابۆوە، کاک حەمەرەسووڵ لەو ماوەیەشدا هەوڵی دابوو کە جوانترین ڕەوشتی ئینسانی لە خۆی نیشان بدا بۆ ئەوەی سیمای کورد لەو شوێنانە وەک مرۆڤێکی سەردەمیانە و بە مشوور و خەمخۆر نیشان بدات. جێگای ئاماژەیە کە هەر لە کاتی دوورخرانەوەی دا جیا لەم دوو شوێنەی ئاماژەی پێکراوە، دوو ساڵیش بۆ شاری بانە دوورخراوەتەوە. ئەم دوورخستنەوەیەش دەبێتە قوتابخانەی ناسینی شوناسی نەتەوەیی و وەک بۆ خۆی دەیگووت ئەگەرچی زۆرم ئازاری دووری چێشت، بەڵام ئەم دوورخستنەوەیەش قوتابخانەیەک بوو بۆ لێ فێربوون و ڕێزگرتن لە خۆم و لە سرووشت و خەڵکی ناوچەی سەردەشت و کوردستان.

دوای گەرانەوەی بۆ سەردەشت لە لایەن خەڵکەوە ڕێزی تایبەتی لێ گیراوە و بە هۆی ژیری و وشیارییەوە توانیویەتی خۆی لە دڵی چینی وەرزێر و کاسبکار و فەرهەنگیان و بازاریان دا جێ بکاتەوە و لەگەڵ ئەواندا بۆ بووژانەوەی شۆڕش کاری زۆر نەترسانە بکات. جیالەوانە کاک حەمەرەسووڵ کەسێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ و مرۆڤێکی خاکی و قسەخۆش و مامۆستایەکی شارەزا و بەرێوەبەرێکی لێهاتوو بوو.

کاک حەمەرەسووڵ بە هۆی شارەزایی لە سەر کولتور و جوغرافیای ناوچە و بە هۆی خوێندەواری دیارو بەرچاویی و هەروەها خوێندنەوە و نووسینی جۆراوجۆر، پسپۆرییەکی زۆری لە کار لەگەڵ خەڵکی گوندنشین و لادێیەکانی ناوچە و هەروەها کاسبکار و بازاریان و لەوەش گرینگتر فەرهەنگیان و ڕووناکبیرانی سەردەمی خۆی و قوتابخانەکان هەبوو. بە هۆی هەڵسووڕانی بێ وچانی و بە هۆی ئیمانی پتەوی بە ئازادی گەلەکەی زۆر زوو خولیای شۆڕش و کاری سیاسی دەبێ و لە ڕێگای کاک کەریم حەدداد و شەهید مەلا ئاوارەوە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی(١٩٦٣ز) دا دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش دەبێتە یەکێک لە کادرە هەرە دیار و هەڵسورەکانی حیزبی دێموکرات. بە هۆی خۆشناوی و شارەزایی و بوێرییەوە لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ١ی ڕەزبەری ١٣٥٢ هەتاوی (٢٢ی سێتەمبەری ١٩٧٣)ی زایینی کە لە شاری بەغدای عێراق پێکهات، لە گەڵ ئەوەدا لە کۆنگرەش دا حزووری نەبووە لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیوخۆی وڵات هەڵدەبژێردرێ و متمانەی گشتی بۆ کارو ئەرکی سیاسی و حیزبی لە نێوخۆی پێدەدرێ و ناوبراو بە حەق یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانە و کۆمیتەکانی حیزبی لەو ناوچەیە دەبێ و هەروەها یەکێک لەو کادرە هەڵسووڕاوانەی حیزب دەبێ کە چاونەترسانە نامە و راسپاردە و وتەکانی حیزب دەگەیێنێتە تاران و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و دەبێتە بەرپرسی تەشکیلاتی سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەری و تا گرتنی کۆنگرەی ٤ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٨٩ز) دا بەوپەری لێزانی و شارەزاییەوە لە نێو شەوەزەنگ و زەبروزەنگی ساواک و ژاندارمی پەهلەوی دا نەترسانە کاری سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە دەبا.

لە ڕاپەرینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران دا لە سەردەشت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو، زۆر پێش ڕاپەرین، لە ڕێگای کاک حەمەرەسوڵەوە، شەهید دوکتور قاسملوو و چەند هاوڕێیەک دەگەیێندرێنە مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئەوەی لە ڕاپەرین دا بەشدار بن.

دوای دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی موعینی و کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک حەمەرەسووڵ وەک کادر و بەرپرسی تەشکیلاتی سەردەشت و دواتریش لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوو دا وەک بەرپرسی کۆڕی

پەروەردە و فێرکردنی خوێندن، بەرپرسی بنکەی تداروکات و تەقەمەنی گشتی حیزب، ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و بەشی دارایی و هەروەها لە ئۆرگانە جۆراجۆرەکانی دیکەدا خزمەتی زۆری بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد بە گشتی کردووە و لە نێو شۆڕشیش دا بە سەدان قوتابی فێری وانەی خوێندن و وانەی شۆڕشگێری کردووە. لە ریزەکانی پێشمەرگایەتی دا کەسێکی ساحەب ئیرادە و بە هەڵوێست و شۆڕشگێر بوو، مرۆڤێکی دەست و داوێن پاک و خوو ڕەوشتی ئینسانی و ئەخلاقی شۆڕشگێری هەر هەموویان بۆ لێ فێربوون دەبون، جیالەوە لە هیچ مەئموریەتێکی حیزبی دریغی نەکردووە و هاوکاتیش هەمیشە هەوڵی بۆ یەکبوون و یەکریزی دەدا و تا بڵێی جێگای متمانەی ڕێبەری حیزب و هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بووە و کەسێکی شەرم بەخۆ و جێی متمانەی گشتی بوو.

بە هۆی ڕاوەستاوی و شۆڕشگێربوون و بوێری و چاونەترسی کاک حەمەرەسوڵ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە حیسابی زۆری لەسەردەکرا و حکومەتیش بۆ ئەوەی کاک حەمەرەسووڵ بە چۆک دابێنێ. خانوو و سەروەت و سامانی ناوبراوی بە تەواوی دەست بە سەرداگرت. بەڵام کاک حەمەرەسووڵ کێوی ورە و ئیمان و ئیرادە بوو و هیچ کات گوێی بەوە نەدەدا کە سەروەت و سامان و ملک و ماڵی بە دەست حکوومەت و جاشەکانەوە بە تاڵان چووە.

لە شۆڕشدا هەم شەهیدی داوە (شەهید حەمەساڵح حەسەنپوور و شەهید کاوە حەکیمزادە) و هەمیش نرخی زۆر و سەرمایەی ژیان و لاوەتی بۆ ئازادی گەلەکەی داوە، هەرچەند پێشمەرگە بووە، بەڵام منداڵەکانی لە خوێندن بێ بەش نەکردووە و هاوکاتیش هەمیشە هاوکاری ئەو کەسانەی کردووە کە ویستوویانە درێژە بە خوێندن بدەن.

لەگەڵ ئەوەدا ڕیزەکانی شۆڕش واتە نەبوونی و کەم و کوڕی بەڵام هەمیشە هەوڵی داوە کە بە باشترین شێوە یارمەتی بە دەوروبەری خۆی بکا و بۆ خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە لە خزمەتی دا کاری سیاسی و کاری بەرێوەبەریم لە تەنیشت کردووە و کەسێکی سادق و خۆنەویست و دڵفراوان و خاکی بوو.

بە هۆی ئەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیان لە شاری قەڵادزێ ژیاوە، لە ناوچەی پشدەر و بتوێن و بە گشتی خەڵکی شاری کۆیە و ئەو شوێنانەی دیکەی کە بە هۆی شۆڕشەوە لێی ژیاوە ناسیاوی زۆری لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان هەبوە و لە شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارە بوونی خەڵکی قەڵادزێ دوای بوردوومانی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی دا لە کەسە دیارەکانی سەردەشت بووە کە یارمەتی بە ئاوارەکانی دەڤەری قەڵادزێ داوە و بە هۆی شارەزایی و مەئموریەتی حیزبی لەگەڵ شۆڕشی باشووری کوردستان تێکەڵ بووە و ماڵەکەی هەمیشە شوێنی حاوانەوە و حەسانەوەی کوردەکانی باشووری کوردستان بووە و بێ شک مێژووی شۆڕشی باشووری کوردستان قەرزداری کاک حەمەرەسووڵ و بنەماڵە شۆڕشگێرەکەیەتی.

کاک حەمەرەسووڵ خەمخۆری بنەماڵەی شەهیدان و زینندانیانی سیاسی و خەڵکی کەم داهات و هەژار بوو، خۆشەویستی شەهیدانی ڕێبەر دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بوو، کەسێک بوو کە بەرگری لە سیاسەتە درووستەکانی حیزب دەکرد و هاوکاتیش کەسێکی قسەورگر بوو، ڕەخنەی دەگرت و ڕەخنەی قەبووڵ دەکرد و بۆ گەورەیی حیزب و بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی حیزبی کەسێکی تا بڵێی بەکار و بە هیممەت بوو، ڕۆڵی کاریگەری لە شوێنی کار و بەرپرسایەتییەکانی دا هەبوو و هەمیشە بە چاوی کراوەوە دەیروانیە کەم و کوڕییەکان و بۆ نەهێشتنی کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا هەوڵی بێوچانی دەدا.

لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە و بەردەوام لە هەڵسوورانی حیزبی دابووە، هاوکات لە نووسین و وەرگێرانیش دوور نەکەوتبۆوە و چەند کتێب و نوسراوەی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کتێبخانەی کوردی پێشکەش بە گەلەکەی کردووە، کە چەند دانەیان بریتین لە: مێژووی سەردەشت، (یادی یاران١) ساتێک لەگەڵ مەلا ئەحمەد شەڵماشی (مەلا ئاوارە) دا، (یادی یاران٢) بەسەر کردنەوەیەکی سەرپێیی لە هەڵبەستەکانی مەلا غەفوور دەبباغی (حافزی مەهابادی)، لە بارەگای سوڵتاندا (مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی حەوتەم) و هەروەها چەند کتێبی ئامادەی چاپن کە بەداخەوە بۆ خۆی چاوی پێ نەکەوتن، جیا لەوە لە بۆنەی جۆراوجۆردا نووسین و تەنانەت هەڵبەست و نووسراوەی کورت و پڕ مانای نووسیون و بەشێک لەوان لە ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەرەکان دا چاپ و بڵاو بوونەوە.

زۆر بەداخەوە کاک حەمەرەسووڵ ماوەی ساڵێک دەبوو تووشی نەخۆشی و ناسازی ببوو، وێرای ئەوە کە بەردەوام لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دابوو بەڵام مخابن لەوە زیاتر نەژیا کە ئازادی ئەو بەشەی کوردستان بە چاوی خۆی ببینێ و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ جارێکی دیکە لە تەنیشت خۆی کۆبکاتەوە و زامی ئازاری دووریەکان بە دیتنەوەی کوڕو کچ و نەوەو برازا و هەموو خزمانی دیکە سارێژ بکاتەوە. بێشک ماڵئاوایی یەکجاریی کاک حەمەرەسووڵ کۆستێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و تێکرای دۆستو ئاشنایانی و هەروەها بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کاک حەمەرەسووڵ لە نێو ڕیزەکانی حدک دا زیاتر لە ٥٠ ساڵ تەمەنی خۆی بۆ خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان تێپەر کرد و لە نێو ئەو حیزبەدا وەک قەڵای خۆراگری سەیری دەکرا. بە هیوای ئەوە کە گەلی کورد مرۆڤی تێکۆشەر و ماندوویینەناس و خۆشناوی وەک کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپووری هەر زۆر بن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێری وانەی چاونەترسی و مافپارێزی بکەن.

کۆچی نابەوەختی کاک حەمەرەسووڵ بۆ من و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەمانناسی زۆر دژوارە و هەرچی لە سەر ناوبراو بینووسین، ئێستا قەڵەم هەر کەمی دێنێ و تەنیا ئەوەندە دەڵێم بنوو و بە ئاسوودە سەر بنێوە کە ئێمە هەر قوتابی جەنابت دەبین و لە دڵمان دا هەموو کات زیندووی و تا هەین وانە و دڵفراوانی و خۆشەویستی تۆی تاجی سەرمان لە بیر

ناچێتەوە. بە ئاسودەیی سەر بنێەوە کە ئێمە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانت، ئـازادی گەل و نیشتمان هەر بە ڕێگـای خەبـاتی تۆی نموونەی وەفاداری دا دەڕۆین و تا سەر هەنگاوەکانمان بە جێی هەنگاوی بە جێماوی تۆی ئازیزدا هەڵدێنینەوە.

رووحی شاد.

سەرچاوە: چەند دڵۆپ فرمێسک بۆ یارە بە وەفاکەی شەهید مەلا ئاوارە بەڕێز کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور
نووسینی: حەمەرەسووڵ کەریمی

١ی جوونی ٢٠١٦

---

## سەید ڕەزای درووگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەم



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆژی هەینی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٦ی مەی ٢٠١٦ی زایینی کادری بەوەجی حیزبی دێموکرات، سەید ڕەزای درووگەر ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزب، بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی لە شاری بێرگن لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کردووە.

مەرگی سەید ڕەزای درووگەر خەسارێکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چوونکە حیزب و خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە توانا و وره و تێکۆشانی بەردەوامی یەکێک لە کادره دڵسۆزەکانی بێبەش بوو.
سەید ڕەزای درووگەر، ڕۆڵەیەکی تێگەیشتوو و خاوەن بڕوای پۆڵایین بە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی بوو کە لە ڕۆژی یەکەمی دەسپێکی تێکۆشان و خەباتی لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئارمانجەکانی نەتەوە چەوساوەکەیدا تاکوو دوایین ساتەکانی ژیانی، بە ئیراده و وره‌یەکی شۆڕشگێرانە و کۆڵنەدەرانەوە، لە سەر ڕێگەی درووستی خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوو و نەک ورەی بەرنەدەدا، بەڵکوو ورەبەخش بوو بۆ هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی.

کاک سەید ڕەزا ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە شاری پاوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە نێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر وبەناوبانگ و خاوەن پێگەی دیاری کۆمەڵایەتی لەدایک بوو. بنەماڵەی نیشتمانپەروەری درووگەر، جیا لە سەید ڕەزا دوو کوڕی دیکەی بەناوەکانی سید مەنسوور و سەید ڕەئووف درووگەر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا گیانیان

پێشکەشی ڕێبازی پڕ سەروەری کردووە و شەهیدبوون. کاک سەید ڕەزا تاکوو قۆناخی "فەوق دیپلۆم" لە بواری "حەسابداریدا لە قوتابخانە و زانکۆدا خوێندی و لە شارەکەی خۆیدا خەرمانی کەسایەتیی بەپیتتر کرد.

لە سەرهەڵدانی گەلانی ئێراندا لە ساڵی ١٣٥٧دا، لە ڕێکخەران و کەسانی چالاکی شۆڕش لە شاری پاوە بوو و وەکوو دێموکراتێکی بەباوەڕ کار و خەباتی دەکرد و لە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکرات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشدار بوو و لە سەرتاسەری دەورانی خەباتی حیزبی دێموکرات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا، بێ دوودڵی و بە باوەڕ بە ئارمانەکانی حیزبی دێموکرات، لە سەر ڕێگای خەبات بەردەوام بوو و بەوپەڕی لێبڕاوەییەوە خۆنەویستانە و ڕاستگۆیانە بۆ سەرکەوتنی باوەڕ و پرەنسیپە گشتیەکانی تێ دەکۆشا.

هاوڕێی کۆچکردوو، سەید ڕەزا دروودگەر لە ساڵی ١٣٦٦، لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبەوە هەتاکوو ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی کە بۆ دەرمانی نەخۆشی چووە دەرەوەی وڵات، چ وەکوو ئەندامی ئەسڵی و چ وەکوو جێگر و چ وەکوو ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوو.

ساڵی ١٣٨٨، بەناچاری و دوور لە ویست و حەزی خۆی، ئیجازەی پێ درا کە بۆ چارەسەری نەخۆشی بڕواتە دەرەوەی وڵات. هاوڕێ سەید ڕەزا لە ماوەی تێکۆشانی حیزبیدا، بەوپەڕی ڕاستگۆیی و لێوەشاویی و پێگەیشتووییەوە ئەرک و بەرپرسیارەتییە حیزبییەکانی بەجێ گەیاند و بەدرێژایی ساڵانی ئەندامەتیی لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا، چەندین بەرپرسیارەتیی گرنگی لە ئەستۆ گرت، کە لە بڕگەی جیاوازی خەبات و تێکۆشانی لە ڕیزی کادر و پێشمەرگەی حیزبدا جێگەی باوەڕ و متمانەی ڕێبەریی و کادر و پێشمەرگەی حیزب بوو. هەندێک لەو بەرپرسیارەتییانە بریتین لە:

- جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی و بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنی
- بەرپرسی کۆمیتەی هەورامان
- بەرپرسی مەڵبەندی سپیسەنگ (پیرانشار و نەغەدە)
- بەرپرسی حیسابداری و ماڵی و هەروەها جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵیی حیزب
- جێگری کۆمیتەی ئەمنیەت

هاوڕێ سەید ڕەزا دروودگەر لە سەرتاسەری تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهید، پێداگر و وەفادار بوو و لە هەموو بڕگە و قۆناغە سەختەکانی خەباتدا هەردەم ئامادەی وەئەستۆگرتنی ئەرکی قورستر لە پێناوی لەنگی

پێکنەهاتن لەکارەکان و دڵخۆش نەبوونی دوژمنان و نەیاراندا بوو و بۆ چرکە ساتێکیش،بیرو باوەڕی لە کزی نەدا و دوودڵی لە ڕێگا دروستەکەیدا بۆ پێکنەهات.

لەم ساڵانەی دواییشدا بە ناچاری بۆ چارەسەریی نەخۆشی ڕووی لە وڵاتانی سکاندیناوی کرد و لە وڵاتی نۆرویژ دەژیا، بە دڵ و بە باوەڕ هەر لەگەڵ هاوسەنگەرانی و هاوڕێیانی خەباتی بوو و بە نەخۆشی و خراپیی باری تەندروستیشەوە، هەردەم ڕێنوێن و پاڵنەری هاوڕێیانی بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان بوو.

بەداخەوە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی، ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە، ماڵئاوایی یەکجاری لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کرد و ئەرکی خەبات و تێکۆشانی بە دۆستان و هاوبیرانی ئەسپارد.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ئەو کۆچە ناوەختە و ئەو خەسارە لە ڕیزی خەباتی حیزب، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری هاوڕێی کۆچکردوو سەید ڕەزا درووودگەر و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات و هەروەها خەڵکی تێکۆشەر و دێموکراتپەروەری پاوە دەکات و خۆی لە خەمی لەدەستدانی هاوڕێیەکی دێرین و بەوەفادا بەشدار دەزانێ.

ڕۆحی شاد و ڕێبازی پڕ سەروەریی پڕڕێبوار بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**١٨ی ٢ی ١٣٩٥**

**٧ی ٥ی ٢٠١٦**

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی کۆچی دوایی کادرێکی پێگەیشتوو و تێکۆشەری حیزب

کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

## فەتاح کاویان: ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی




کاک فەتاح کاویان، ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦ز) لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی لە شاری مەهاباد تەواو کرد. بە هۆی بارودۆخی بنەماڵەیی و گیرسانەوە لە شاری سنە، چەند ساڵێک لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنی لەو شارە تێپەڕاند. لە پۆلی چوارەمی ناوەندی لەگەڵ دایکی لە سنەوە گەڕانەوە بۆ مەهاباد و دوای تەواو کردنی پۆلی پێنجەمی زانستی، وەک مامۆستای وەرزش لە شاری مەهاباد دامەزرا. ساڵی ١٣٣٦(١٩٥٧ز) بوو بە ئەندامی شانەی نهێنیی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩ز) بە دوای پەلاماری سەرانسەریی ساواک بۆ سەر ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزب، کە لە کرماشانەوە هەتا سەڵماسی گرتەوە و بوو بە هۆی گرتنی نزیک بە ٢٥٠ کەس، فەتاح کاویانیش گیراو کەوتە زیندان. دوای بەڕێکرانیان بۆ تاران و بە ناو دادگایی کرانیان لە گەڵ چەندین کەسی دیکە لە ئەندامانی حیزب بە زیندانی هەتا هەتایی( حبس ابد) مەحکووم کران. بەڵام شای ئێران لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسیی ئێران فەرمانی "لێخۆشبوون"ی دەرکرد و بێجگە لە ژمارەیەکی کەم لە بەندییە سیاسییەکان ئەوانی دیکە ئازاد کران.

کاک فەتاح دوای ئازاد بوون لە زیندان، دیپلۆمی وەرگرت و چووە زانستگەی تاران و لیسانسی زمانی ئینگلیزیی وەرگرت و بۆ ماوەی ١٢ ساڵان(تا ساڵێک پێش ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی) لە دامەزراوەی نەتەوەیی زمان(مؤسسه ملی زبان) وەک مامۆستاو بەڕێوەبەری وانەوتنەوە کاری کرد. دواتر بە ماڵ و منداڵەوە گەڕایەوە مەهاباد. فەتاحی کاویان بە هۆی خۆشناوی، رابردووپاکی و تواناکانی، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی لاواز بوونی دەسەڵاتی ڕێژیمی شایەتی، پۆستی شارەداریی شاری مەهابادی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨ز) چالاکانە ڕۆڵی گێرا لە وەڕێخستنی خۆپێشاندانەکانی دژ بە

ڕێژیمی پاشایەتی لە شاری مەهابادو کاتێکیش خەباتی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران بووە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی، تێکەڵ بە کاروتێکۆشانی حیزبەکەی بۆوە.

بەم جۆرە کاک فەتاح لە زستانی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) ەوە جارێکی دیکە چارەنووسی خۆی لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرێ دایەوە و هەتا ئێوارەی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ (١٨ی جانێوێری ٢٠١٧ز) بە هەموو توانای خۆیەوە لە خزمەت حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا بوو. فەتاحی کاویان بە هۆی بڕینی پلەکانی بەرزی خوێندن، شارەزایی بە سەر زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی، هەر وەها توانای ئەدەبی و لێهاتوویی لە نووسینو وەرگێڕان دا، هەر زۆر زوو بوو بە هاوکار و یاریدەدەرێکی بە نرخ بۆ ڕێبەریی حیزب.

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩ی فێبریویری ١٩٨٠) کە لە شاری مەهاباد بەسترا بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی بازرەسیی(لێکۆڵینەوە)ی حیزبی پێ سپێردرا و ئەم بەرپرسایەتییەی شانبەشانی ئەنجامدانی کۆمەڵێک کارو ئەرکی ڕۆژانەی دیکەی حیزبی، هەتا ساڵی ١٣٦٠ بەڕێوە برد.

لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) کە لە گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت پێکهات وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و، لە کۆمیتەی ناوەندییش دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا و لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، ئەرکی گرتە ئەستۆ.

کاک فەتاح لە کۆنگرەی پێنجی حیزبەوە هەتا کۆنگرەی ١٣ (١٣ی پووشپەری ١٣٨٣ - ٣ی جوولای ٢٠٠٤ زایینی لە شاری کویە)، بەردەوام یەکێک لە هەڵبژێراوانی کۆنگرەکانی حیزب بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی بووە و بەتایبەتی لە کۆمیسیۆنەکانی ڕاگەیاندن و سکرتاریای حیزب، ئەرک و بەرپرسایەتیی بەڕێوە بردوە. ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دیموکرات لە زۆر قۆناغ دا، جێ پەنجەی ئەو مرۆڤە فازڵ و فەرزانەیەی پێوە دیارە. ئەو، هەر لەو کاتە دا کە بە زانیاری و بەهرە و تواناکانی خۆی لە بواری نووسین و ئەدەبیات و وەرگێڕاندا خزمەتی بە نرخی بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەی دەکرد، بۆ هاوکارەکانیشی مامۆستاو فێرگەیەک بووو بەرە بەرە پێی دەگەیاندن.

سەرەڕای سەرقاڵبوونی بە ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبییەوە، بەردەوام بەشێک لە کاتی خۆی بۆ کارکردن لە یەک یا چەند لە مەجالەکانی وەرزش، فەرهەنگنووسی، وەرگێڕانی کتێب، نووسینی بابەتی ئەدەبی و کاری فەرهەنگیی دیکە، دەهێشتەوە. ئامادە کردنی فەرهەنگی بە ناوبانگی "حەوتەوانە" و وەرگێڕانی کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" لە ئینگلیزییەوە بۆ

سەر زمانەکانی کوردیو هێندێک کتێب و بەرهەمی دیکە کە بە داخەوە هەتا ئێستا چاپ و بڵاو نەبوونەوە، نموونەیەک لە خزمەتە فەرهەنگییەکانی ئەو کەسایەتییە پڕکارە بوون. کاک فەتاح، پیاوێکی بە فەرهەنگ، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤێکی قسەخۆش و خۆش مەجلیس، خەباتکارو سیاسییەکی مرۆڤدۆست بوو. بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە لە نێو پێشمەرگەکان، بنەماڵە حیزبییەکان و لە نیو هیز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا خۆشەویست و جێگای ڕێز بوو. لە هاوسۆزیو خەمخۆری لە ئاست گیروگرفت و کێشەکانی تێکۆشەرانو بنەماڵەکانیان، هاوکاریی پەناخوازان و هەر هاورێ و ناسیاوێکی لێقەوماو دا سنووری نەدەناسی و هەر هاوکارییەکی لە دەستی هاتبا، درێغی نەدەکرد.

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە کەسایەتیی پڕ خزمەت و تێکۆشەری دێرین و ناودار، کاک فەتاح کاویان، ئێوارە درەنگانی ڕۆژی چوارشەمە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ (١٨ی جانێویری ٢٠١٧)، لە تەمەنی هەشتا ساڵی و لە شوێنی ژیان و تێکۆشانی خۆی لە قەڵای دیموکرات لە نزیک شاری کۆیە، دڵی لە لێدان وەستا و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە خۆشەویستان، هاوخەباتان و هاوسەنگەرانی کرد.

بە کۆچی دوایی هاوڕێ فەتاحی کاویان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێکۆشەرێکی بە وەفا، بە نرخ و ماندوویی نەناسی لە دەست دا. تێکۆشەرێک کە ٦٠ ساڵ لە ٨٠ ساڵ تەمەنی خۆی لە ئەندامەتیی ئەم حیزبە وخزمەتی بیروباوەر و ئامانجەکانی دا تێپەڕ کرد. بزووتنەوەی نەتەوەی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان و گەلی کوردیش بە مەرگی ئەو کەسایەتییە خەباتکارە، یەک لە سیما پڕشنگدارەکانی خۆیان لە دەست دا.

کاک فەتاح، بۆ تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، بۆ ڕێبەریی ئەم حیزبەش حوکمی مامۆستایەکی بە ئەزموونی هەبوو، بۆیە گیانی ئەو دڵنیا دەکەین کە خزمەتە بە نرخەکانی، ئەزموون و وانەکانی دەپارێزین و لە خەبات و تێکۆشان هەتا وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی، ناوەستین.

سڵاو لە گیانی پاکی فەتاحی کاویان،

ماڵپەری کوردستان و کورد

## عەبدولڕەزا کەریمی: ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی



هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی کوڕی "محەممەدعەلی" لەدایکبووی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە شاری کرماشان بوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تا ڕادەی دیپلۆم لە پارێزگای کرماشان تەواو کرد و دواتر بۆ درێژەی خوێندن چووە شاری ئیسفەهان و لە بەشی مێژوودا لیسانسی وەرگرت و کاری دەبیری و مامۆستایەتی لە شاری مەریوان دەست پێکرد. لە پەنای ئەرکی مامۆستایەتیدا دەوری شیاوی لە ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتی و قوتابیان و زیاتر ئاشناکردنیان بە ماف و ئازادییەکانیان و خەبات دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی گێڕا و بە ڕاشکاوی تێکەڵاوی کار و چالاکیی سیاسی بوو.

سەرەتا تێکۆشانی لە ریزی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران دەستپێکرد و پاش ئینشعاب لەو ڕێکخراوەیەدا، کاک عەبدولڕەزا کەریمی بەرپرسایەتی لقی کوردستانی بەشی ئەقەلییەتی ئەو ڕێکخراوەیەی وەئەستۆ گرت و هەر لەو کاتەشدا بۆ پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی کورد دەوری بەرچاوی گێڕا. تا سەرئەنجام ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ئاستی ئەندامەتی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی حیزب لە ناوچەکانی هەورامان و جوانڕۆ ئەرکی وەئەستۆ گرت و پاشان وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی حیزب لە داڵاهۆ دەوری بەرچاوی گێڕا.

بەهۆی ئەو کار و تێکۆشانە لێبڕاوانەیەی هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی بوو کە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی وەک ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی بەهۆی باری نالەباری جەستەیی، بە موافقەتی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە ئاڵمان درێژەی بە ژیان و تێکۆشانی دا و وەک نوێنەری پێوەندییەکانی حیزب و ڕاوێژکاری سکرتێری گشتی لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری ئۆپۆزیسیونی ئێرانی درێژەی بە بەجێهێنانی ئەرکەکانی دا، و لە زۆربەی



سەرچاوە
Serchawe

کۆڕوکۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانیدا بەشدار و لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب پێداگر بوو.

جیا لەوە هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی لە بواری کاری ڕاگەیاندندا و بەتایبەت لە بەرنامەکانی تەلەویزیۆنی تیشکدا بە زاراوەی کوردیی کەلهوڕی و بە زمانی فارسی، سەرچاوەی خزمەتێکی بەرچاو بوو.

هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی تێکۆشەری ناوداری کرماشان بوو کە لە سەردەمی مەشروتییەت باب و مامەکانی دەوری شوێندانەریان هەبووە، هەر بۆیەش هاوڕێ عەبدولڕەزا سەرەڕای هەموو تێکۆشەری و چالاکییە سیاسییەکانی خۆی وەک سیمای ناسراوی بنەماڵەیەکی ناوداری کرماشان و درێژەپێدەری ڕێبازە سیاسییەکەی ئەو بنەماڵە لە کرماشان سەیری دەکرا.

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٣ی فوریەی ٢٠١٧ی زایینی هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی تێکۆشەری دێرین و کادری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دوای نەخۆشییەکی درێژخایەن، لە ئەیالەتی بادن بادن لە شاری هایدێلبێرگ لە وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی و ماڵئاوایی لە هاوڕێ و خزم و دۆستانی کرد و خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی کورددا بە هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی ئەسپارد.

کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر کاک عەبدولڕەزا کەریمی ناسراو بە "کاک ئەبوو" بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێگای داخ و کەسەرێکی گەورە و بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران بە گشتی و بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی خەسارێکی گەورە بوو.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک عەبدولڕەزا کەریمی و هەموو شەهیدانی کوردستان و ڕێگا و ڕێبازی ئازادیخوازانەیان پڕ ڕێبوار بێ.

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک عەبدولڕەزا کەریمی

٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی = ١٣ی فوریەی ٢٠١٧ی زایینی

کوردستان مێدیا

## کاک سەعید کوێستانی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حدکا



کاک سەعید کوێستانی کادری فیداکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی ئاڵیاوی شێخان، لە نێزێک شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بنەماڵەیەکی مەلازادە، لە ساڵی ١٩٣٩ چاوی بەدونیا پشکووتوە. ٦ مانگانە بووە باوکی کۆچی کردوە و وێرای دایک و برای گەورە و دوو خۆشکی رویان کردوتە شاری نەغەدە. کاک سەعید هەر لە تەمەنی مێرمنداڵی بە هۆی برا گەورەکەیەوە، کە خەباتکارو سیاسی بوو، ڕەوانشاد کاک سادق کاوە، لە گەڵ خەباتکارانی ئەو سەردەمە ئاشنا دەبێ. لە تەمەنی ١٢ ساڵاندا لە لای خەباتکاری گەورەی نەتەوەکەمان، ڕەوانشاد کاک کەریم حیسامی خەریکی ڕۆژنامە فروشتن دەبێ. بەهۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆژنامەکان کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبن کاک سەعید چەندین جار لە لایەن ژاندەرمەکانی شا، توشی لێدان و ڕەپێنان دەبێ.

ڕەنگە ئەمانە هەوەلین گەرای، بوون بە خەباتکار و تێکۆشەری ڕێگای ئازادی, بووبێ کە لە ناخی کاک سەعیددا دەپشکوێ. دەورانی منداڵی و مێرمنداڵی کاک سەعید، بە دیتنی دەستەڵاتی ڕەشی پەهلەویەکان و شەری دوهەمی عالەمی و دەستەلاتی کۆماری کوردستان و هاتنە سەرکاری دوکتور موسەدیق لە ئێران تێپەریوە، کە هەمووی ئەم ڕوداوانە لە سەر پێگەیاندن و پوختەکردن و دەوڵەمەند کردنی هزرو بیری کاک سەعید کاریگەر بوونە. پاش گیرانی براکەی و قەپات کردنی چایخانەکەیان، دەگەرێنەوە گوندی ئاڵیاوە. کاک سەعێد هەر هەتا پۆلی دووهەمی سەرەتایی توانیویەتی بخوێنێ. خۆی دەڵێ: ئاواتی گەورەی من خوێندن بوو، بەڵام دایکم بۆی نەدەکرا لە شار بمێنێتەوە و ژیانمان دابین بکا و من بخوێنم. کاک سەعید بە هیمەت و تێکۆشانی خۆی دەبێتە خوێندەوار و نوسەر.

لە دێی ئالیاوێ ماڵەکەیان دەبێتە بنکەیەک بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات. خۆی دەڵی هەر یەک دەهات و یەک دەڕۆیشت. سەرەرای ئەوەی تەمەنم کەم بوو، کاتێک کادرەکان دەهاتنەوە ناوچە، مینان لە گەڵ خۆیان دەگێرا. کاک سەعید هەر زۆر زوو دەبێتە جێگای باور و متمانەی کادرەکانی دێمۆکرات. لە تەمەنی ١٦ ساڵانەدا، لە کۆبوونەوەی سەرکردەکانی باڵای ئەودەمی دێمۆکرات لە گوندی ئالیاوێ ، وەک ئەندام و باوەرپێکراو ئاگادار بووە و کاری بۆ راپەراندوون. لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا، کاتێک زۆربەی کادیرانی حیزبی لە لایەن حکۆمەتەوە دەگیرین، کاک سەعید دەرفەت پەیدا دەکا و دەرباز دەبێ بۆ باشوری کوردستان، ژیانی دوری لە خێزان و کەسو کار و تێکەڵاوی لە گەڵ شۆرش و خەباتی شاخ، هەر لەو کاتەوە بۆ کاک سەعید دەست پێدەکا. لە باشوری کوردستان و عێراق، کاک سەعید وەک پەنابەر لە هەولێر، شاهیدی ئالوگۆرەکانی عیراق و هاتنەوەی نەمر مەلا مستەفای بارزانی و بوژانەوەی خەباتی پارتی و حیزبی شیوعی و هەوالانی دێمۆکرات دەبێ. بە هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول، کاک سەعید شاری هەولێر بەجێدێڵی و کاری رێخستنی خۆی لە گەل هەوالانی دێمۆکرات دەستپێدەکاتەوە. کاتێک دەبێنی رێکخستنی حیزبی دێمۆکرات توشی بێئوسولی و سەرەرۆیی و پەرشوبلاوی بۆە، لە گەل چەند لە هەوالانی خۆی، بۆ دەربازبوون لەو وەزعە،

لە هاوینی ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) لە زینوێ شێخی کۆمیتەی ساغکەرەوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان رادەگەینن. کاک سەعید یەکێک لە ئەندامی ئەم کۆمیتەیە بوو. لەبەر هەولمەرجی شەری ناوخۆیی لە باشوریی کوردستان و دەستتێوەردانی ئێران، ژیان و تێکۆشانی کادیرە بوێرەکانی حیزب لە رادەبەدر تاقەتپروکێن دەبێ.

پاش ماوەیەک کار کردن، بێتوانایی رێبەری تازەیی پاش کۆنگرەی دووهەمی حیزب دەردەکەوێ و ئەوجار کاک سەعید لە گەل هەوالانی، کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەگەێنن و بۆ بووژانەوە و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری خەبات و تێکۆشانی حیزبی لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا، دەگەرێنەوە رۆژهەلاتی کوردستان، کە بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری هەوالانیان لە تێکهەڵچوون لە گەل ژاندەرمەکانی شا و دەستوپێوەندەکانیان لە باشوری کوردستان شەهید دەبن. جولانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧(١٩٦٧ - ١٩٦٨ز)، بە ئەستێرەی پرشەنگداری مێژووی کوردایەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەژمێردرێ.

پاش شەهید بوونی هەوالانی، کاک سەعید بەناچاری دەگەرێتەوە ئێران. پاش ماوەیەک گیران و سجنکێشان، دووکانێکی وێنەگری لە شاری نەغەدە دەکاتەوە. لەو ماوەیەدا کاک سەعێد لە پەنا ژیانی ئاسایی خۆی، لە چاوپێکەوتن و دیدار لە گەڵ دۆستانی سیاسی و جێگای متمانەی خۆی، دەست هەڵناگرێ. یەکێک لەو کەسانە، بەرێز کاک مستەفای هیجری، کە ئەوکات دەبیری دەبیرستانەکانی شاری نەغەدە بووە، دەبێ.



سەرچاوە Serchawe

بە روخانی حکومەتی شا، کاک سەعید دیسان وەک کادیرێکی بە ئەزموونی رۆژانی سەختی خەبات دێتەوە مەیدان. کاک سەعید بە پێشنیاری شەهید دوکتور قاسملوو، کە دەفەرموێ، کاک سەعید دووجار حیزبی لە هەڵدێر رزگارکردوە، کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز) لە گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدبژێردرێ و گەلێک بەرپرسایەتی بالای حیزبی هەبووە. کاک سەعید لە خەباتی دورودرێژی خۆیدا لە گەل زۆرێک لە سەرکردەکانی بەناوبانگی وەک نەمران جەلال تالەبانی و مەلا مستەفا بارزانی و زۆرێکی دیکە هەم کاری کوردوە و هەم دۆست و ئاشنا بووە.

کاک سەعید لە سیاسەتدا لایەنگری نەرمو نیانی نواندن و حاوانەوە و لەسەرخۆیی بوو. لە سەر کێشە و ناکۆکێکانی ناو خوی رێکخستن، هەم لە کوردستان و هەم لە تاراوگە، ئەهلی وتووێژو ئاخافتن و سازان و پێکهاتن و یەکیەتی بوو. لە هەمان کاتدا لە گوتنی راستیەکان و رەخنەی کاریگەر و بەوەج، قەت خۆی نەدەبوارد. کاک سەعید لە ژیانیدا، بە شاهیدی ئەو کەسانەی کاریان لەگەل کردوە، قەد چاوی لەوە نەبووە کە بۆ پاراستن یان وەدەستخستنی پلەوپایەی سەروی حیزبی، پرینسیپەکانی ئەخلاقی و حیزبی بێنێتە ژێر پێ. کاک سەعید لە ساڵی ١٩٨٦ کوردستان بە نەخۆشی بەجێدێڵێ و لە وڵاتی سوئێد لە گەل بنەماڵەی خۆی نیشتەجێ دەبێ. کاک سەعێد لە وڵاتی سوئێدیش لە کارو چالاکی لە پێناو سەروەری گەلی کورد رانەوەستا. بێجگە لە نوسێنی پەرتووک و مەقالەو بیرەوەری و وتووێژی رادیوویی و تلویزیونی، لە بەشداری لە کۆروکۆبوونەوەکانی کوردانی تاراوگە، بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان رانەدەوەستا. ساڵی ٢٠٠٧ بە نەخۆشێکی کوتوپڕ هاوسەر و هاورێی ٥٠ ساڵەی دەورانی سەختی ژیانی خۆی، واتە رەحمەتی زارا خانم، لە دەستدەدا، کە بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر کاریگەری زۆر خەراپی لە سەر سەلامەتی دەرونی کاک سەعید دانا.

بە دوایین هەڵمەتی گەورەی کوردان، لە سەر رێفراندومی باشوری کوردستان، یەکجار زۆر دڵخۆش و خۆشحال بوو. دوای سەرکەوتنی رێفراندوم بە بەشداری رێژەیەکی یەکجار زۆری خەڵک، دیفەرموو، داخوا ئەم جارە، پێش مردنم، بڵەی ئاواتە گەورەکەم کە دەوڵەتی کوردیە بێتەدی؟ ئەگەر چی کاک سەعید لە باری ئابووریەوە، بازنشەستە یان تەقاویدێکی فەقیر بوو بەلام هەمیشە دڵ ودەرونی باش بوو و یارمەتی بۆ پێشمەرگە و کەسانی بێ بەزاعەت لە کوردستان دەناردەوە.

کاک سەعید لە ناو بنەماڵەشدا، سەرەڕای راگرتنی دابوو نەریتی کوردەواری، کەسێکی ویشک و توند و ناحالی لە کۆمەڵگای سوئێدی نەبوو. کاک سەعید کوێستانی بە بەشداری چالاکانە و ماوە درێژی خۆی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، بە کردەوە ببوو بە مێژوی زێندوی ئەم دەورانە، زۆرێک لە راستی و دروستی رووداوەکانی لە لا بوو. بەخۆشیەوە بیرەوەریەکانی وەک سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو و جێگای متمانە کەڵکی لێوەردەگیرێ. کاک سەعید سیاسەت و ئەخلاق و

ویژدانـی ئینسـانی لێکنەدەکـردوە و هەر بـۆیە لە لایەن ئەوانەی کە تەنـانەت هـاوبیری سیاسیشـی نەبـوون، خۆشەویسـت و جێگای متمانە بوو.

پێویست بە ئاماژەیەکە کاک سەعید کوێستانی لە تێکۆشەرانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨ز)، بووە و دوو دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بووە و لە چەند ئۆرگانی حیزبی دا کار و تێکۆشـانی هەبـووە و لە کەسە دیارەکـانی بزووتنەوەی کورد بووە.

کاک سەعید مرۆڤێکی خـاکی و تێکۆشەرێکی ڕێبـازی کوردایەتی و دێموکرات بـوو، لەگەڵ ئەنـدامانی بنەماڵەکەی بەوپەری دڵسۆزیەوە خەبـاتیان بۆ ڕزگاری کورد دەکرد و هاوسەری ژیـانی وەک کەسێکی نزیک بە کـاک سەعید لەو ژنە تێکۆشەرانەی کـورد بـوو کە خزمەتـی زۆریـان بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان و دێمـوکرات کـردووە، کـاک سەعید مرۆڤێکـی جێگـای متمـانە و کەسێکی دڵسۆز بە گەل و نیشتمان بوو و لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش شاگەشکە بـووە و لە گەڵ نسکۆی شۆڕش ئەژنـۆی خەمی لە باوەش گرتووە، بەڵام وەک خۆی نووسیوتەی هیچ کـات لە شۆڕش دا نائومێد نەبـووە و بە چـاوی ئومێـدەوە ڕووانیـویەتی ئاسۆ و دوورە دیمەنی خەبات.

کـاک سـەعید دوای چەنـد دەیە خەبـات و تێکۆشـان بەداخەوە ڕۆژی ٣ی ئاگۆسـتی ٢٠١٨ بە هـۆی نەخۆشـی لە تەمەنـی ٧٩ سـاڵیدا ماڵئـاوایی و کـۆچی دوایـی کـرد و ڕۆژی ١٠ی ئاگۆسـتی ٢٠١٨ لە نێـو ئـاپۆرای هـاورێ و هاوسـەنگەر و ئەنـدامانی بنەماڵەکەیدا لە گۆرستانی لینگدبروو شیرکا لە شاری ئۆرێبرووی وڵاتی سوئید بە خاک سپێردرا.

ڕوحی کاک سەعید شادو ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا و ماڵپەڕی پێشمەرگەکان

ڕێکەوتی ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٨

## کەریم حەدداد: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگری سێهەمی حدکا




کاک کەریم حەدداد هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بە هۆی ئەوە کە باوک و خاڵەکانی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ سیاسەت و نیشتمانپەروەری ئاشنا بووە هەر لەو کاتانەدا کە تەمەنی تەنیا پازدە ساڵ بووە لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاو تەمەنەکانی لە شاری سەردەشت یەکییەتی لاوانی دێموکڕاتیان دامەزراندوە و خۆشی بوو بە یەکێک لە ئەندامانی چالاکی یەکیەتییەکە.

پاش تێپەڕینی چەند ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان و بووژانەوەی حیزبی دێموکڕات بوو بە ئەندامی حیزب و وەک ئەندامێکی کارا و چالاک دەستی بە تێکۆشانی نهێنی کرد، هەر بەو هۆیەوە وەک نوێنەر بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە لە گوندی "سونێ"ی باشووری کوردستان پێک هات، هەڵبژێردرا.

دوای کۆنگرەی دووهەم و گیرانی بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە ساڵەکانی ٣٧ و ٣٨ (١٩٥٨ - ١٩٥٩) کاک کەریم وەک بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەی سەردەشت دیاری کرا و، لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانی لە ژێر زەبر و زەنگی ڕێژیمی پاشایەتیدا دەستیان بە تێکۆشان کرد.

کاک کەریم یەکێک لەو کەسانە بوو کە جیا لە ئەرکی خزمەت لە ناو حیزبەکەی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە جووڵانەوەی باشووری کوردستان کرد، ئەو بە ناوی تیجارەتی جلوبەرگ و پێڵاو و پێداویستییەکانی بەشێکی پێشمەرگەکانی باشووری دابین دەکرد.

لە جەریانی جووڵانەوەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨ز) دا یەکێک لە هاوکارانی نیزیکی شەهیدان مەلا ئاوارە و سولەیمان موعینی بوو، هەر بەو هۆیەشەوە لە پاش دەستگیرکرانی مەلا ئاوارە بە ناچاری لە بەر ئەوەی نەکەوێتە مەترسیی دەستگیرکرانی لە لایەن ڕێژیمی شاوە، ئاوارەی باشووری کوردستان بووە.

لە باشوور لە گەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە پاش تێک شکانی جووڵانەوەی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨)زایینی گەڕابوونەوە باشووری کوردستان یەک دەگرنەوە و تێکۆشانی حیزبی دەست پێدەکەنەوە.

هەر لەو سەردەمانەدا کە ماڵی لە قەڵادزێ بووە دەکەوێتە بەر هێرشی پیاوەکانی ڕێژیمی شا و نارنجۆکی دە ماڵەکەی دەهاوێن کە بە خۆشییەوە زیانی گیانی لێ ناکەوێتەوە.

لە دوای نسکۆی ١٣٤٧(١٩٦٨) کە ئەندامانی حیزب بە هۆی ناکۆکی لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیدا لێک هەڵبڕابوون بە هیممەتی بەشێک لە کادرە سەرەکییەکانی حیزب یەک دەگرنەوە و کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی ٣١ی جۆزەردانی ١٣٥٠(٢١ی جوونی ١٩٧١ز) لە شاری کۆیە باشووری کوردستان دەگرن، لەو کۆنفرانسەدا کاک کەریم وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا و ئەو ئەرکەی تا گیرانی کۆنگری سێهەم بە ئەستۆوە بوو.

لە کۆنگرەی سێهەمیشدا کە لە ١ی ڕەزبەری ١٣٥٢ (٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣) لە شاری بەغدا لە عێراق بەسترا کاک کەریم بۆ جارێکی دیکە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێتەوە، لەو کۆنگرەیەدا کاک کەریم بە هۆی لێهاتوویی و خۆشەویستییەوە زۆرترین ژمارەی دەنگی بەشدارانی کۆنگرە وەدەست دێنێ.

لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و گەڕانەوەی کادر و ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ ناوخۆی وڵات کاک کەریم وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەردەشت دیاری دەکرێ و ڕێکخراوی شارستانی سەردەشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکاتەوە. لە دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزب، کاک کەریم وەک ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

لە پاش دامەزراندنی ستادی پێشمەرگە (شووڕای نیزامی) کاک کەریم وەک ئەندامی ئەو ستادە دیاری دەکرێ، دوای گیرانەوەی شاری مەهاباد لە لایەن ڕێژیمەوە کاک کەریم ئەرکی فەرماندەیی هێزی شەهید موعینی پێ دەسپێردرێ و هاوڕێ لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە فەرماندەکانی ناوچەی سەردەشت وەک کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی دەستبەکار دەبن و بۆ چەند ساڵ ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە.

کاک کەریم پاش کۆنگرەی پێنجەمی حیزب وەک بەرپرسی بەشی تەداروکاتی نیزامیی حیزب دیاری کرا و هەتا دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب و تەمەنی ٦٥ ساڵی ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد.

کاک کەریم لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی خانەنشین دەبێ و وەک ئەندامێکی بەوەفا و باوەڕپێکراوی حیزب لەگەڵ خەت و ڕێبازی حیزبەکەی مایەوە.

لە کونگرەی حەوتەم و نۆهەمی حیزبدا بە هۆی باوەڕپێکراوی و خۆشەویستییەوە وەک میوان بەشداری کۆنگرە بووە.

لە کۆتاییەکانی هاوینی ساڵی ١٩٩٢ی زایینی(١٣٧١ هەتاوی) وەک پەنابەر کوردستانی بەرەو هەندەران بەجێ هێشتووە و لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینی ڕووی لە وڵاتی سوئێد کرد و هەتا دواماڵاوایی هەر لەو وڵاتە مایەوە.

لە ماوەی ساڵانی نیشتەجێ بوونی لە سوئێد وەک ئەندامێکی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبواری ڕێگای شەهیدان پێشەوا قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی درێژەی بە خەبات، دا و هەر بەو هۆیەوە خۆشەویست و باوەڕپێکراوی دۆستان و هاوڕێیانی بوو و ڕێز و حورمەتێکی زۆری لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە لێدەگیرا.

شیاوی باسە کاک کەریم حەداد باوکی شەهید نەسرین حەداد ناسراو بە مامۆستا "نەسرین"ە و خاڵۆزای شەهید محەممەد حەسەنپوورە، کە لە ئاکامی مووشەکبارانی سپای پاسداران لە قەڵای دێموکرات لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧(٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز) شەهید کران. هەروەها برای حاجی حوسین حەدداد کەسایەتی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆروێژ کۆچی دوایی کرد.

کاک کەریم حەداد تێکۆشەری دێرین و ناوێکی ئاشنا بۆسەرجەم خەباتکارانی دێموکرات ڕۆژی ١ی سەرماوەزی ١٣٩٧ بەرانبەر بە ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٨ ساڵەیدا لە وڵاتی سوید دڵە پڕ لە هیواو ئاواتەکەی لە لێدان کەوت ماڵاوایی لە ژیان کرد.

رووحی شاد و ڕێگای خەباتی و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێت.

سەرچاوە: کوردستان و کورد و کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

**جەلیل گادانی**: **راوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**.




جەلیل گادانی لە ڕێکەوتی ١٢ - ١٢ - ١٣١٢ی هەتاوی(٣ی مارچی ١٩٣٤ی زایینی) لەشاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی و تا کلاسی پێنجی دواناوەندی لە شاری مەهاباد خوێندوە.

لە زەمانی کۆمەڵەی ژ - ک و لە تەمەنی ١١ ساڵی دا بە کوردایەتی گۆشکراوە، لە قوتابخابیەکانی مەدرەسەی گەلاوێژی شەوانە بووە کە هەر لە زەمانی ژ - ک دا بۆ گوتنەوەی دەرسی کوردی لە ماڵی باوکی واتە حاجی ئەحمەدی گادانی دامەزراوە. دواتر ئەو قوتابخانە بووتە رۆژانە و هەر بەناوی گەلاوێژ چالاکی بەر چاوی هەبوو. هەر لەو قوتابخانە دوو جار جایزەی لەدەستی پێشەوا قازی وەرگرتووە.

هەر چەند تازە لاو بووە بەڵام لەو کاتەوە تەرمی پیرۆزی پێشەوای بە سێدارەوە دیوە، وە ویجدانی خۆیدا بەڵێنی داوە ڕێگەی پێشەوا و باقی شەهیدانی ئەو سەردەم ون ناکا.

دوای خوێندنەوە ئیحلامیەی(بەیاننامە)ی دەستنووسەکانی حیزب حەوداڵی دۆزینەوەی رچەی خەبات دەبێ و لە رێگەی عەبدوڵلا ئیسحاقی کە لە ناوەندی هاوپۆل دەبن دەست دەکاتەوە بە خەبات.
لەساڵی ١٣٢٧(١٩٤٨ز) هەر چەند تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە بەڵام بەهۆی تێکۆشانی بەرچاوی بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەردەگیرێ و لەو کاتەوە تا ئێستا بێ پسانەوە بەکار و چالاکی جۆی درێژەی داوە. لە ئەندامی سادە



سەرچاوە
Serchawe

را تا پێشمەرگایەتی و گەیشتن بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و سکرتێری، هەموو قوناغەکانی پیواون.

لە پێناو ئەو خەباتە دا پێنج جار لە زەمانی شا دا گیراوە، ساڵی ۱۳۳۲،(۱۹۵۳ز) ساڵی ۱۳۳۳،(۱۹۵٤ز) ساڵی ۱۳۳۷،(۱۹۵۸ز) ساڵی ۱۳٤۷ (۱۹٦۸ز) و ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی. (۱۹۷۸ز) سەرجەم نیزیکەی ۱۳ ساڵ لە بەندیخانە دا بووە، لە زیندانەکانی مەهاباد. ورمێ. تەوریز، تاران(قزلقەلعە و قەسری قاج) خۆرەم ئاباد - شیرازو برازجان دا ماوەتەوە. دوو جار داوای ئیعدامی بۆ کراوە، جاریکیان دوو ساڵ لە ژێر ئیعدام ماوەتەوە و دواتر رزگاری بووە.

لە بەندیخانە دا هەوڵی داوە مەتالا بکا و زمان فێر بێ. لەگەڵ زمانی رووسی و فەرانسەوی و عەرەبی ئاشنا بووە. هەر لە بەندیخانە ۳ی کتێبی لە فەرانسە ویرا وەرگیراوەتە سەر فارسی کە دوای ئازاد بوونی چاپ بوون. کتێبێکی لە فارسیەوە کردوتە کوردی کە بەداخەوە سەری تێداچوو. هەرگیز چاپ نەکرا.

جەلیل گادانی شەشی دەبیرستان لە بەندیخانەی برازجان بێ مامۆستا دەخوێنێ و لە تاقیکاریدا بەباشی دەردەچی.

لە ساڵی ۱۳٤٦ (۱۹٦۷ز) دوای شازدە ساڵ دووری لە زیدەی خۆی گەراوتەوە مەهاباد کە هەستی بەوەی کردوە شارەکەی کۆدەکستان (رەوەز)ی نی یە بەقەرز و قۆڵە و پارەی ئەو کتێبانەی وەرگیرانەوە و چاپی کردوە کۆدەکستانێکی مۆدیرنی داناوە بەڵام پاش دوو مانگ دەگیریتەوە دەبرێتە جەلدیان و فلک الافلاکی خرم آباد و ساڵێک لە بەندیخانە دا دەمێنیتەوە، کە هاتمەوە بەسەر هەواری خاڵی دا کەوت کودەستان نەما بوون.

ناوبراو لە زیندانەکاندا هەم بۆخۆی خوێندویەتی، هەم لە قەسرو هەم لە برازجان کلاسی دەرسی بۆ نەخوێندەوار و کەم سەوادان داناوە.

حەوتویک دوای ئازاد بوونی دوور دەخریتە بۆ تاران بۆ ماوەی ۹ ساڵ لەوێ دەگیرسیتەوە لەوێ دۆستان زەختی دەخەنە سەر بخوینی، لە کونکور دا بەشداری دەکا لە بەشی زمانی فەرانسە وەک خوێندکاری مەدرەسەی عالی تەرجەمە و وەرگیرای بە سێ ساڵان لیسانس وەردەگرێ.

هەر چەند لە تەبعید دا دەبێ هاوسەرگیری دەکا و دەگەڵ ئەسمەر خانم بەدری ٦ منداڵ واتە سێ کۆرِو سێ کچیان هەیە بە ناوەکانی شیرکۆ، دیاکۆ، گۆران و گلارە، ئاشتی و ژوان.



سەرچاوە
Serchawe

دەگەڵ ئەوەی هەوڵی داوە لە هەموو حاڵێکدا پەیوەندی دەگەڵ حیزب نەپچڕێ دەگەڵ خەڵک تێکەڵاو بووە.

لەساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨ز) دا کە هەوای سیاسی بەرەو گۆڕان ڕویشت بە هاوکاری یارانی حیزبی توانی جەمعیەتی کوردانی دانیشتووی تاران پێک بێنێ کە ڕۆلی زۆر بەرچاوی لە خۆپیشاندان و میتنگەکان دا هەبووە.

هەر لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) دا بێ ئەوەی بۆخۆی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا بەشدار بێ کراوەتە راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

بەر لە گەرانەوەی هاوڕێیان دا بۆ ئێران، لە تاران و سنە و کرماشان پایەی حیزبی دامەزراندوەتەوە و دواتریش بە دڵ و گیان هاوکاری کردوون هەتا راگەیاندی جیهادی خومەینی بە دژی کورد، بە گویرەی پیویستی کاری حیزبی هەر لە تاران بووە، بەدوای ساز بوونی شەڕ هاتووتەوە کوردستان، لەشەڕی سێ مانگە دا بووتە بەرپرسی تەشکیلاتی گشتی حیزب و هەتا دوای کۆنگرەی پێنج لەو بەرپرسایەتی یە دا ماوەتەوە.

ئەو کات کە بەرپرسایەتی لە تاران بووە. سێ جار بۆ کاری حیزبی دەگەڵ هەئیەت چووتە لای خومەینی و بازرکانی سەرۆک وەزیری کاتی.

لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) را تا ئێستا کادری تەواو وەختی حیزبی دێموکڕاتە.

لەساڵ ١٣٦٧ (١٩٨٨ز) دەگەڵ پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب جیابوونەوە و بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، خەریکی تێکۆشان بوو، ٨ ساڵ لەو حیزبە دا سکرتێر بوو.

لە بواری فەرهەنگیشەوە ئەوەندی لە دەستی هاتووە خزمەتی کردوە، تا ئێستا بیزیکەی ٢٠ بابەتی لە وەرگیران و نووسین و ئامادە کران و بڵاو بوونەتەوە کە زیاتریان پەیوەندیان بە حیزبی دێموکڕانی کوردستان و شۆرش و پێشمەرگەوە هەیە.

ئێستاش سەرەرای ئەوەی بازنشتەم(خانەنشینم) و بنەماڵەشم لە دەرەوەی دەژین، بۆخۆم هەر لە کوردستان ماومەوە و ئەوەندەی لە دەستم بێ خزمەت بە حیزب و نەتەوەکەم دەکەم و تازە نە دەستم پێ لە سیاسەت هەلدەگیری و نەدەتوانم لە خزمەت بە گەل و نیشتمان غافل (کەمتەرخەم)بم و هەتاهەم درێژەدەری ئەو ریگایە دەبم کە لە تازە لاویەوە

گرتوومەتەبەر. ئاواتی بنەرەتیشم رزگاری گەل و نیشتمان و سەربەخۆیی کوردستانە.

بەخەت و دەست نووسی هاوڕێ جەلیل گادانی لەسەر داوای من

------------------------------------

## کۆچی دوایی



* هاوڕێ جەلیل گادانی ماوەی حەوتوویەک بوو بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رۆژی پێنجشەممە، ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی = ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی، هاوڕێ جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار، کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد، پاش حەوت دەیە تێکۆشانی سیاسی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیدا کۆچی دوایی کرد. چووە ریزی کاروانی نەمرانەوە.

* رۆژی پێنجشەممە، ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی(٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی)، لە ڕێوڕەسمێکی شایستە دا و سەرەڕای مەترسییەکانی پەتای کۆرۆنا، تەرمی کاک جەلیل گادانی بە ئامادە بوونی جێگری سکرتێر، ئەندامانی ڕێبەری و کۆمەڵێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دیموکرات و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە گۆڕستانی شەهیدانی دیموکرات لە شاری کۆیە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

## تەیفوور بەتحایی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب



تەیفور بەتحایی (لەدایکبووی ٨ی ئازاری ١٩٤٧) نووسەر، فیلمساز، چالاکی سیاسی. لە سنە هاتووەتە دنیا و خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە. دوای تەواو کردنی خوێندن لە چوارچێوەی گەڵاڵەی سوپای دانێشدا ساڵێک مامۆستایی کردووە. لە ساڵەکانی ١٩٦٩ هەتا ١٩٧٢ لە «مەدرەسەی سینەما و تلەڤزیۆنی تاراندا» لە بەشی وێنەگرتندا خوێندوویەتی. لە سەرەتای دەیەی ٧٠ م (پەنجای شەمسی) بە هۆی لایەنگری ئایدۆلۆژی چەپ و ئەندامەتی لە گرووپی ناونراو بە «گرووپی دوازدە» لە گەڵاڵەی بەبارمتەگرتنی «فەرەح پەهلەوی» دا، دادگایی کرا و زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو. لە کاتی شۆڕشی ١٩٧٩دا لەگەڵ باقی زیندانییە سیاسییەکاندا ئازاد بوو و گەڕایەوە کوردستان و خەباتی سیاسی خۆی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژە پێدا. لە ساڵی ١٩٨٥ حیزبی بە جێ هێشت، بەڵام چالاکی سیاسی خۆی لە تەبعیددا و پاش نیشتەجێ بوون لە سوید درێژە پێداوە. هاوکات کە لە یەکێک لە مەدرەسەکانی سویددا مامۆستای فیلمی دێکۆمێنتار و سینەما بووە، وەکوو نووسەر و پەیکەرساز چالاک بووە.

### ژیان

تەیفور بەتحایی منداڵی پێنجەمی بنەماڵەیەکی هەشت منداڵی دانیشتووی گەڕەکی جۆرئاوای سنە بوو. بابی مامۆستای مەدرەسەکانی سەرەتایی سنە و دایکی بنەوانی ماڵبووە. خوێندنی سەرەتایی لە مەدرەسەی ١٥ بەهمەندا و سیکلی یەکەمی دەبیرستان لە بوعەلی و سیکلی دووهەم لە دەبیرستانی شاپوردا (رشتەی سروشت) خوێندووە. دوایە چووەتە سەربازی و پاش دەورەی راهێنانی سەربازی، وەکوو مامۆستای سوپای دانش چووەتە تورکەمەن سەحرا (گوندی حەکیم ئاوا، سەر بە پارێزگای گونبەد کاووس). بەتحایی دوای گەڕانەوە بۆ سنە بە مۆژیاری برا گەورەکەی لە تاقیکردنەوەکانی کونکوردا



سەرچاوە
Serchawe

بەشداری دەکا و لە «مەدرەسەی عالی سینەما و تلەڤیزیۆن» دا وەردەگیری و ڕشتەی وێنەگرتن هەڵدەبژێرێ. پاش تەواو بوونی خوێندن بۆ کار لە تلەڤزیۆندا دەچێتە شاری شیراز و لەوێ لەگەڵ «کەرامەتی دانشیان» دا ئاشنا دەبێ. کەرامەت کە ئەویش پێشتر هەر لەو مەدرەسەدا خوێندوویە باوەڕی بە خەباتی چەکداری هەبووە و ئاشنایەتی تەیفور لەگەڵ ئەو دەستپێکی قۆناخێکی تازە لە ژیانیدایە.

## خەبات

گەڵاڵەی بارمتەگرتن بریتی بوو لە بەبارمتەگرتنی شاژنی ئێران و کوڕەکەی لە جێژنێکدا کە بۆ دانی خەڵاتی سینەمایی پێکدەهات. بە مەبەستی ئازادی زیندانییە سیاسییەکان لە لایەن «عەباس سەماکار و ڕەزا عەلامەزادەوە». ئەم گەڵاڵە درایە گروپی دانشیان و بەتحایی.(١) کە لە لایەن ئەوانە پێشوازی لێی کرا و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی گەڵاڵەکە کاری لەسەر کرا، بەڵام بەر لە ئەنجام لە لایەن "ئەمیر فەتانەتەوە کە لەپەیوەندی لەگەڵ کەرامەتدا بوو و بەدەست هێنانی چەکی بە ئەستۆ گرتبوو، ڕاپۆرتی درایە ساواک.(٢) هەموو ئەندامانی گروپەکە جگە لە ئەمیر فەتانەت لە مانگی خەرمانانی ١٩٧٣دا دەستەبەر کران.(٣) لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکاندا دوو کەسیتر کە ئەندامی گەڵاڵەی تێرۆری شا بوون و سەر بە گروپێکی دیکە بوون لە لایەن یەکێک لە گیراوەکانەوە، ئاشکرا کرا و بە بێ ئەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەم گروپەدا هەبووبێ، لە لایەن ساواکەوە تێکەڵ کران و لە یەک دادگادا، دادگایی کران.(٤) ئەم پەروەندە بە هۆی ژمارەی دادگایی کراوەکانە بە گروپی دوازدە ناسران. کە بریتی بوون لە:

«تەیفور بەتحایی، خەسرەو گوڵسورخی، مەنوچێهر موقەددەم سەلیمی، کەرامەت دانشیان، عەباس سەماکار، ڕەزا عەلامەزادە، ئیرەج جەمشیدی، شکوە میرزادەگی، مورتەزا سیاپۆش، مەریەم ئیتحادییە، ئیبراهیم فەرهەنگ، فەرهاد قەیسەری». لە دادگای یەکەمدا تەیفور، خەسرەو، کەرامەت، عەباس، ڕەزا، ئیرەج، مەنوچهر. حوکمی ئێعدامیان وەرگرت و لە دادگای دووهەمدا ئەو حوکمە بۆ پێنج کەسی یەکەم وەکوو خۆی مایەوە. لە قۆناخی فەرجامدا حوکمی تەیفور بەتحایی و عەباس سەماکار و ڕەزا عەلامەزادە کرا بە زیندانی هەتا هەتایی، بەڵام حوکمی کەرامەت دانشیان و خەسرەو گولسورخی بە هۆی بەرگری ئایدۆلۆژی لە دادگادا هەر بە ئێعدام مایەوە.

## گەڕانەوە بۆ کوردستان

تەیفور بەتحایی دوای پێنج ساڵ زیندان لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە لە ٣ی خەزەڵوەری ١٩٧٨دا ئازاد بوون و گەڕایەوە سنە. پاش ماوەیەک (لە سەروبەندی شەڕی سنەدا) چووە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و لە کۆنگرەی

پێنجەمی حێزبدا (زستانی ١٩٨٢) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حێزب هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتی یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی بە ئەستۆ گرت. تەیفور لە ماوەی چوارساڵدا چوار فیلمی دێکومێناری لە سەر ژیان و خەباتی کوردانی رۆهەلات ساز کرد کە ناسراوترینیان نان و ئازادییە.(٥) ئەم فیلمانە لە فستیواڵەکاندا (فستیواڵی نانت و سینەما لە تەبعید)(٦) و لە بۆنە جۆراجۆرەکاندا پیشان دراون. دواتر بە هۆی شەڕی نێوان حێزبی دێمۆکرات و حێزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە ساڵی ١٩٨٥ دا ماڵاوایی لە حێزب کرد. دوای ئازاد بوون لە ئەندامەتی حیزب کۆچی کرد بۆ سوید و ئێستا زۆربەی چالاکی لە بواری نووسیندایە.

## کۆچی دوایی

زۆر بەداخەوە خەباتکاری دێرین و ناسراو، تەیفوور بەتحایی، پاش نیوەڕۆی پێنج شەممە،٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی = ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی، دوای تەمەنێک خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەی و ئامانجە بەرزەکانی دیکەیدا، لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە شاری یوتۆبووریی لە وڵاتی سوئێد دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

## بەرهەم

### فیلم

ئازار - دێکومێنتار ١٩٧٩

نان و ئازادی - دێکومێنتار ١٩٨١ هەتا ٨٣

هەوار - دێکومێنتار ١٩٨١ هتا ٨٣

شاخە سەربەزەکان - دێکومێنتار ١٩٨١ هتا ٨٣

روناکایی شەمەکان - دێکومێنتار ١٩٨١ هتا ٨٣

گەلە گورگ  دراما ١٩٩٠

دێبلیاچا - دێکومێنت سەبارەت بە قەرەجەکان ٢٠٠٢

پیلانی رەش - دێکومینتار ٢٠٠٦

### کتێب

## فارسی

ئاغەی چۆخ بەخت یۆخ ١٩٩٠

ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان) ١٩٩٣

چوار ڕەوایەت (چوار وتووێژ) ١٩٩٨

دارا و نەدار لە دنیادا (وەرگێڕان لە سویدییەوە)٢٠٠١

## کوردی

گەلاوێژ (سەناریۆ - چیرۆک) ١٩٩٢

ژیان بەدەم زریانەوە (ڕۆمان) ١٩٩٣

مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەوارید (کاری هاوبەشی ژیلا فەرجی و تەیفور بەتحایی)٢٠٠٠

نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم (وەرگێڕان لە سویدییەوە) ٢٠١٢

سەفەری خەیاڵ (ژیاننامە) ٢٠١٣

ژیان وەکوو خۆی (ڕۆمان) ٢٠١٥

### پەراوێزەکان

١- دو نقد عباس سماکار و طیفور بطحایی بر رضا علامە زادە
http://www.peykeiran.com/Content.aspx?ID=46718

٢- یک فنجان چای بی موقع، سایت تاریخ شفاهی ایران، گزرش :محمود فاضلی

٣- بطحایی، طیفور، سفر خیال (از کرسان تا کردستان)، چاپ اول گوتنبرگ، ناشر:خانه هنر و ادبیات، ٢٠١٢

٤- خاطرات عزت شاهی(٣٠)"وەشانی ئەرشیڤکراو". لە ڕەسەنەوە ئەرشیڤ کراوە لە ١٣ی ئازاری ٢٠١٦. لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئاياری ٢٠١٦ هێنراوە.

٥- ٣٢ سال پس از آزادی هزار زندانی سیاسی، عصر نو، یدالە بلدی
http://asr-nou.net/php/view_print_version.php?objnr=11994

٦- بە پیشواز هشتمین دورە جشنوارە جهانی سینمای در تبعید، اکتبر ٢٠٠٧، سوئد،

گـوتنبرگ Archived http://www.cinemaye-azad.com/views&news/views&news01.html ۱۳ی تەممـووزی ۲۰۱٤, لە وەیبەک مەشین.

سەرچاوەکان:


https://web.archive.org/web/20160414235201/http://taifor.nu/start.htm
https://archive.is/20160403220357/http://www.lajvar.se/ketab/shoreshi/shoreshi-samakar.ht

بطحایی، طیفور، سفر خیال (از کرسان تا کردستان)، چاپ اول گوتنبرگ، ناشر:خانه هنر و ادبیات، ۲۰۱۲

خاطرات عزت شاهی(۳۰)

https://web.archive.org/web/20160313071716/http://irandidban.com/master.asp?id=13144
،http://asre-nou.net/php/view_print_version.php?objnr=11994

بی بی سی فارسی،
http://www.bbc.com/persian/arts/2014/04/140425_l41_book_fetanat_interview

سماکار، عباس، من یک شورشی هستم، شرکت کتاب لس انجلس، چاپ دوم ۱۳۸۵

یک فنجان چای بی موقع، سایت تاریخ شفاهی ایران، گزارش: محمود فاضلی
http://www.oral-history.ir/?page=post&id=2123

دستی بر هنر چشمی بر سیاست، سایت تاریخ شفاهی ایران، گزارش: محمود فاضلی
http://www.oral-history.ir/?page=post&id=1946

۳۲ سال پس از آزادی هزار زندانی سیاسی، عصر نو، ید اله بلدی


http://asre-nou.net/php/view_print_version.php?objnr=119

به پیشواز هشتمین دوره جشنواره جهانی سینمای در تبعید، اکتبر ۲۰۰۷، سوئد، گوتنبرگ
https://web.archive.org/web/20140713030505/http://www.cinemaye-azad.com/views%26news/views%26news01.html




سەرچاوە Serchawe

**لوقمان مێهفەر: ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی**



بەوپەڕی داخ و پەژارەوە ڕادەگەیەنین کە هاوڕێی ماندوونەناس و دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک لوقمان مێهفەر ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی پاش مانگێک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی کۆرۆنا، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٠ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی لەگەڵ خەمێکی قووڵ و حیزبەکەمانی لەگەڵ خەسارێکی نوێ بەرەوڕوو کرد و درێژەی خەبات و خۆڕاگری بە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ئەسپارد. لەدەست چوونی ئەم تێکۆشەرە تەنیا خەسارێکی نوێ بۆ حیزبەکەمان نەبوو بەڵکوو زامێکی تازەیە کە کەوتۆتە سەر جەستەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

شەهید کاک لوقمان مێهفەر کوڕی خورشید ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە ئاوایی مەلا عیسا لە ناوچەی دەشتەبێڵی شنۆ لەدایک بووە. لەتەمەنی مێرمنداڵیدا ئۆگری بە بزووتنەوەی کوردستانەوە گرت و لەپێناو ئازادی کورد و ڕزگاری کوردستاندا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات و دواتر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا جێی گرت و تا دواهەناسەکانی ژیانی لە هەوڵ و تێکۆشان و بەڕێوەبردنی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەردەوام و شوێندانەر بوو.

هاوڕێی لەدەست چوومان کاک لوقمان مێهفەر لەڕەوتی تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرا دا چەندین بەرپرسایەتیی لە ئەستۆ بووە کە لە هەموو ئەو بەرپرسایەتییانەدا بەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارییەوە تێکۆشاوە و

لێهاتوویی خۆی نیشان داوە.

شەهیدی نوێمان کاک لوقمان لە کۆنگرەکانی ٩، ١١ و ١٢دا وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و لە کۆنگرەکانی ١٠، ١٣، ١٤ و ١٥دا وەک ئەندامی ئەسڵی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

هاوڕێی لەدەست چوومان لە ڕێبەرایەتی حیزب و لە ڕەوتی تێکۆشانیدا چەند بەرپرسیارەتی بەرچاوی لە ئەستۆ بووە وەک:

بەرپرسی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی، جێگری بەرپرسی کومیسیۆنی سیاسی- نیزامی، بەرپرسی کومیسیۆنی ڕادیۆ، بەرپرسی ناوەندی ٢ی کوردستان و لە کۆنگرەی ١٦ی حیزبدا وەک ئەندامی ناوەندی سیاسیی هەڵبژێردرا و دوایین بەرپرسایەتیی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی بوو.

شەهید لوقمان هەر لە پەنا کار و تێکۆشانی حیزبیدا درێژەی بە خوێندن دا و لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر لیسانسی حقووقی وەرگرت و بوو بە پارێزەر بە پلەی ڕاوێژکاری. شەهید لوقمان کەسایەتییەکی ناسراو و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەرزی ئینسانی بوو؛ لە تێکۆشاندا جیددی لە کاردا ماندوویی نەناس و لە کۆمەڵدا ئۆگری پێوەندی گەرم لەگەڵ خزمان، دۆستان و هاوڕێیانی بوو؛ باوەڕی قووڵی بە ڕێبازی حیزب و ئازادی کورد و کوردستان هەبوو، هەربۆیەش لای هەمووان خۆشەویست و جێگای ڕێز بوو.

ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ئەم خەسارە تازەوە وێڕای دەربڕینی ئەوپەڕی داخ و پەژارەی خۆی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز هاوڕێی شەهیدمان کاک لوقمان مێهفەر، هەموو خزم و دۆست و ئاشنایان، ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب و گشت لایەنگران، ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی دەکا و داوای سەبوری بۆ هەموو خەمهەڵگرتووەکانی ئەم خەسارە تازەیە دەکا.

ڕۆحی هاوڕێی شەهیدمان شاد و ڕێبازی پڕ ڕێبوار و ئاواتەکانی بێنەدی

ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی = ١٠ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی

## عەبدوڵڵا عیزەتپوور: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمی حیزب




کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور خەرمانانی ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی (١٩٣٤ی ز) لە گوندی حاجی بەرکەولیی گەڵی قاسملوو لەدایک بوو. ئەو لە بنەماڵەی گەورەی قاسملوو بوو. کاک عەبدوڵڵا، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە تەمەنی ١٤ ساڵید لەژێر ڕێنوێنیی شەهید د. قاسملوو پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و سەرەڕای تەمەنی کەمی، شانی وەبەر ئەرک و بەرپرسایەتیی گرینگ و هەستیاری حیزبی نا. ئەو یەکێک لە بەشدارانی کۆنفڕانسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٣٤) بوو کە لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات و گڕوتین بەخشینەوە بە خەباتی نەتەوەییدا خاڵەوەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدایە. ناوبراو پێشتر لە ڕەوتی کودەتای ١٣٣٢ و پاشان ڕەشبگیری دەزگای سەرکوتی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا کەوتبووە زیندان و لەسۆنگەی بیروباوەڕە سیاسی و نەتەوەییەکانیەوە خرابووە ژێر ئەشکەنجە و گوشاری قورسەوە. کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور لە دەیەی ٥٠ی هەتاویشدا جارێکی دیکە کەوتەوە بەر ڕقی ساواک و خرایەوە بەندیخانە و، ماوەی پێنج ساڵ لەگەڵ زیندانییە بەناوبانگەکانی وەک عەلی عەموویی بەند کرا؛ دوای ئازادبوونیشی لە زیندان لە ساڵی ١٣٥٦دا، لەسەر داوای شەهید دوکتور قاسملوو بۆ کاروباری پێوەندیگرتن بە کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە هەتا دوای سەرکەوتنی شۆڕشێ گەلانی ئێران لە شاری تاران مایەوە.

کاک عەبدوڵڵا یەکێک لە تێکۆشەرانی بە بیروباوەڕی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات بوو کە تەواوی تەمەنی لە سەنگەری خەباتی نەتەوایەتیی گەلەکەیدا بەسەر برد. ئەو مرۆڤێکی خەباتکار، خاکەڕا، بەئیرادە، خاوەن بۆچوونی سەربەخۆ، بەورە و دڵسۆزی دۆزی مافخوازیی ڕەوای نەتەوەکەی بوو. کاک عەبدوڵڵا هاوکات کادرێکی سیاسیی بەوەجی حیزب بوو کە لەسۆنگەی لێهاتوویی، شارەزایی و ئەرکوەخۆگرییەوە لە کۆنگرەی شەشەمدا وەک ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبیشدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەنگی متمانەی کۆنگرەی پێ درا.

نەمر عەبدوڵلا عیزەتپوور کەسی جێگەی متمانەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوو. بەرپرسایەتیی کۆمیتەی حیزب لە ورمێ، کادری سیاسی لە هێزی باپیر (نحۆ شکاک)، بەرپرسایەتیی نەخۆشخانەی حیزب، بەرپرسایەتیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزب، کادری ڕاگەیاندن، بەرپرس لە بەشی کۆمەڵایەتیی حیزب بەشێک لەو ئەرک و بەرپرسایەتییانە بوو کە نەمر عەبدوڵڵا عیزەتپوور لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشمەرگانەیدا وەئەستۆی گرتبوو و بە سەرکەوتووییەوە ڕاییەڕاندبوون.

کاک عەبدوڵلا عیزەتپوور ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشی و لەسەر بڕیاری د. شەرەفکەندی نێردرایە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێ بوو؛ بەڵام ئەوە بە مانای لەکاروەستان و کۆتایی خزمەتە سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەمر عیزەتپوور نەبوو. ئەو تا دواهەناسەی ژیانی لە سەنگەری حیزبی دێموکراتدا درێژەی بە خەبات و پێگەیاندنی لاوانی وشیاری نەتەوەکەی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرگی کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور، کادرێکی سیاسیی بەوەج و کەسایەتییەکی شوێندانەری خۆی لەدەست دا. هاوکات بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری نەمر عەبدوڵلا عیزەتپوور، خەڵکی ناوچەی ورمێ و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەکات.

بەداخەوە ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکانی جووڵانەوەی کورد لە ئێران، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا لە وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی کرد.

ڕاگەیەندراو ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٧ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

**بەداخەوە هیچ ژیاننامەیەکم لە تێکۆشەرانە نەدۆزیەوە تەنیا ئەو چەند دێرە خوارەوە نەبێ:**

**١- ساڵی ١٩٨٨ی زایینی = ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ کۆچی دوایی رەحیم بەغدادی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەم و کادری پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمان.**

---

**٢٢- کۆچی دوایی عەزیز لەحیمی ئەندامانی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب لە وڵاتی فەرانسە.**
**بەداخەوە هیچ زانیارێک لە رێکەوتی ماڵئاوایی دەست نەکەوت.**
**رۆژ و مانگ و ساڵی دیار نییە**

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەرانی کۆچکردۆ:

**کە بە هۆی جیاواز حیزبیان جێ هێشتوو، یان لە دوور خراونەتەوە**

---

### عەبدولڕەحمان زەبیحی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە یەکەم



عەلی کەریمی خوشکەزای عەبدولڕەحمان زەبیحی دەڵێ: ئەوەی من بیستوومە و ئەوەی کە ئێمە لە خانەوادە دا ئاگامان لێیە زەبیحی کورە گەورەی پیاوێکی موسوڵمانی، قورئان خوێنی، دەنگخۆش بە ناوی سۆفی مینە بووە. سۆفی مینە ماڵی لە سابڵاغ بووە هەر لە کۆنەوە و ئەوەی کە لە دایکم بیستووە باب و باپیرانیش هەر لە مەهاباد بوون، زەبیحی کورە گەورە بووە، سۆفی مینە چەند کوڕی هەبووە، زەبیحی هەبووە، عەبدوڵای هەبووە، محەممەدی هەبووە، فاتمی هەبووە، ڕەعنای هەبووە، هاجەری هەبووە وەکوو کچ. ئەوەندەی کە مابن.

* لەو سیجیلەیدا کە بە دەست عەلی کەریمی خوشکەزای و لە لای دایکی بوو تاریخێکی تێدایە ١٩١٨، بەڵام ئەو دەڵێ کەمن لە ئێسیکلۆپیدیای ڕووسی دا دیتوومە و دواتر بەراوەردی دەکەی لەگەڵ خەبات و دەسپێکردنی حیزبی ئازادیی کوردستان و کۆمەڵە ژێکاف و تەحسیلاتی ٣ی دەبیرستانی، بە قسەی دۆستەکانی کە ئەمن دەو ئاخرانە دا بە حزووری زۆریان گەیشتووم دەبێ لە ١٩١٨ کەمتر بێ بەرەو ١٩١٦ - ١٩١٧ چونکە ئەوەیکە من لە خۆییم بیستووە، لە دایکم بیستووە، زەبیحی هەبووە و گەورە بووە کە ڕەزا شا ئیدارەی سیجیلی داناوە، یانی پێش ئەو سەردەمە شۆڕەت و شتی ئاوا نەبووە.

* زەبیحی بە شێوەیەک لە شێوەکان تەحتی تەئسیری فراماسۆنەکان، یان ئەو شێوەیە لە کاری نهێنی، خەباتی ژێر زەمینی بووە. چونکە هەر کەسێک لە ڕەفیقەکانی بە تایبەت لە باشووری کوردستان و لە ڕۆژاوای کوردستان کە ئەمن دیومن وەکوو حەمید دەرویش و کۆمەڵێک برادەری دیکە، جەلال تاڵەبانی هەموو باسی ئەوە دەکەن کە ئەو پیاوە هەموو شتێکی نهێنی بووە، خوای کاری نهێنی و کاری ڕێکخستن بووە، بۆیە ئەوەی کە سیستمی کۆمەڵەی ژێکافیش،

ئەوەی کە لە موساحەبەی زۆر کەسان وەک میرزا مەنافی کەریمی ، مەلا قادری مودەڕەسی، کاک سەعیدی هومایوون، دواتر دوکتور شیرازی، دواتر محەممەدی شاپەسند هاتووەتە گۆڕێ، هەمویان لە سەر ئەو خاڵە کۆکن کە مۆتۆر و مەرکەز و رووحی کۆمەڵەی ژێکاف لە باری کاروباری ڕێکخستنەوە، لە باری ئیعلام و گۆڤار و نووسین و پێوەندی دیپلۆماتیک بەولا و بەولا و بە باشوورەوە مۆتۆڕەکە زەبیحی بووە،

* زەبیحی ئەو هەستە، ئەو فیلینگە بە قەولی ئینگلیسی دەڵێ، هەیبووە و ڕۆژگار، یانی حەقیقەت پێی نیشان داوە. ئەوە کە توانیویەتی بنووسێ، توانیویەتی کوردی شرۆڤە بکات، توانیویەتی زۆر زوو، حەتتا دوکتور هاشمی شیرازی دەڵێ، دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ کە لە سووریا لەگەڵی بووە دەڵێ زۆر زوو ئەو گیوی موکریانی بە جێ هێشتووە لە فێر بوونی زمانی فەڕانسەیی دا. وە ئەوە بۆ ئەو دەمی کە خەرێکی خوێندنی ئەلفوبێی زمانی فەڕانسەیی بووە لە لای گیوی موکریانی ئەو کەلکەلەی قامووسێکی وەکوو لاڕووسی فەڕانسەیی بە کوردی چووە دە مێشکییەوە.

* حەقیقەت ئەوەیە زەبیحی کە هەر دوای ژێکافیش، دوای کۆماریش ئیدامە کاری خۆی داوە، کاری کردووە و لە سەر ئەو بیروباوەڕەی سوور بووە و هەتا مردنیش لە سەر ڕێبازی چوار پارچەی کوردستان و کوردستان وولاتێکە و دابەش کراوە لای نەداوە، و ئەوانی دیکە ئەڵئان مەسەلەن لەگەڵ کاک سەدیقی حەیدەری کە دۆستێکی نزیکی زەبیحی بووە یەکجار لێک نزیک بوون لە زەمانی ژێکاف و کۆمار، و یان ئاغای مەحمودی وەلیزادە، ئاغای نەجمەدینی تەوحیدی، ئاغای میرزا ڕەحمانی ئیمامی ئایا لە کوێی سیاسەتی کوردی دا بوون؟ دوای کۆمار زۆربەی هەرە زۆریان وازیان سیاسەت هێنا.

* یەک قۆناغی پچووک بە دێڕێک. لە ١٩٧٦ دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول و ئەو شکانە گەورەیە، زەبیحی سەفەرێکی لوبنان دەکا لە لوبنان، یان لە سووریا لە دیمیشق بۆ ماوەی مانگێک لەگەڵ هێرۆ خان و مام جەلالی دەبێ. کە دێتەوە بەغدا سیخوڕ لەگەڵیان بووە لە بەغدا دەگیرێ ساڵی ١٩٧٦، حوکمی ئێعدامی دەردەچێ. بە هۆی ئەو وەزیرانەی کە لە دەوڵەتی بەعس دا بوون و شەخسی وەکوو مەلا ماتۆر و شێخ ستار و ئەو جۆرە خەڵکە هەموو شەفاعەتی بۆ دەکەن و هەموو دەچن بۆ بەر بارەگای بەعس و بۆ لای شەخسی سەدام حوسێن و حەسەن ئەلبەکری. کە بابە ئەوە موناژلێکە خەڵکی

ئێرانە، لە ئێعدامی دەگێڕنەوە.

* زەبیحی لە ١٩٧٩ی گەڕاوەتەوە مەهاباد، خەریکی ساز کردنی دانیشگای ئازاد بوو لە مەهاباد خەڵک دەهات پێوەندی پێوە دەکرد زانکۆیەک لە سابڵاغ دابنێن. بەڵام یەک جێ لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدینی کەوتنە دەفتەر دروست کردن، وەکوو باشووری کوردستان یەکێتییەکی نیشتمانییەک و خەتی گشتییەک و دەبێ کۆمەڵە هەبێت، دێمۆکڕات هەبێت خەتی گشتی بێ مامۆستا سەرپەرشتی بکات. زەبیحی لە بنەوە مۆتۆڕی حەرەکەتە و بەڕێوەبەری دەفتەرەکە بێ. کە زۆر زوو، بەڵام دواتر زۆر زوو لەوە پەشیمان بووەوە، زۆر زوو، دوو سێ مانگ، دوومانگ، سێ مانگ. لە "تووژەڵ" و لە "شێنێ" و لە "ئالان" ێ ئیتر لە ئالانێ تەقریبەن مامۆستا زەبیحی شێخ عێزەدینی بەجێ هێشت.

* زەبیحی ساڵی ١٩٧٨ ئەوە پێش هاتنی بۆ کوردستان، چوو بووە ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد لە لەندەن، و هەروەها کاک نەوشیروانیشی دیبوو ئەمە پێش هاتنیەتی بۆ مەهاباد.

* لە ساڵی ١٩٨١ زەبیحی لە بەغدا شرت و گوم بووە.

ڕوانگە

**عەبدولڕەحمانی زەبیحی [بێژەن] گەڕێنەندەی " نیشتمان"**

بێ ئەملاو و ئەولا عەبدولڕەحمانی زەبیحی (بێژەن)، گەڕێنەندەی "نیشتمان" و بەرپرسی چاپەمەنی ژ - ک (مطبوعات مدیری) یەک لە ڕووناکبیرە هەرە هەڵکەوتووەکانی ساڵانی چلەکانی زایینی کوردستان بووە. لە تەمەنێکی کەمدا کاروباری چاپەمەنی "کۆمەڵەی ژیانی کورد"ی وەستایانە هەڵسووڕاندووە. هەژار لە بیرەوەرییەکانی دا "چێشتی مجێور" دامەزرێنەرانی کۆمەڵە ئاوا دەناسێنێ:

"لە پاش قەومانی شەهریوەر (مەبەست ٢١ی خەرمانی ١٣٢٠ی هەتاوی و لە سەر تەخت لاچوونی ڕەزاشای پەهلەوییە) و هاتنی ڕووس بۆ مەڵبەندی موکوریان، ئەفسەرێک لە لایەن کۆمەڵی هیوای کوردستانی بەر دەستی عێراقەوە هاتۆتە سابڵاغ و دەیەوێ کەسێک پەیدا کا کە گوێ لە ئامۆژگاری بگرێ. چەند ڕۆژێک لەو و لەم پرسیار دەکا، پێی دەڵێن زەبیحی دەم لەو مەسەلانە وەردەدا. زەبیحی و حوسێنی (مەبەست حوسێنی زێڕینگەرانە) پێ دەناسێنێ و چەند کەسێکیش ساز دەدەن کە

گوێ لەو ئەفسەرە کە ناوی میرحاجە بگرن. یازدە کەس لە باغی سیسەی دەگەڵ میرحاج کۆ دەبنەوە. لە سەر ئامۆژگاری ئەو، حیزبی "ژ.ک" دادەمەزرێنن، سوێندنامەکەی دەنووسنەوە، پرۆگرامی حیزبی هیوا بە تۆزێک دەسکاریەوە دەکەنە پرۆگرامی "ژ.ک". حوسێن فرووهەر (حوسێنی زێڕینگەران)، زەبیحی (عەبدولرەحمان)، تەوحیدی مەلا نەجمە (نەجمەی تەوحیدی)، ئیمامی (عەبدولرەحمان)، محەمەدی نانەوا (زادە)، قادری مودەرسی، محەمەدی یاهو، شاپەسەندی (محەمەد)، محەمەد سەلیمی، قاسم قادری (قازی)، خاڵە مەلای داودی بناغە دانەر بون. جا کە زەبیحی منی بردە سوێند دان، بە منەوە بوینە بیست ئەندام. حوسێن ئەندامی ژمارە یەک و زەبیحی ژمارە دو بو و حوسێن سەرۆکی کۆمەڵەی "ژ.ک" بوو."

زەبیحی لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار لە مهاباد نەبوو. لەگەڵ قاسمی قادری قازی و دڵشادی ڕەسووڵی لە لایەن مەئمووورانی حکوومەتی نێوەندی لە نزیک ورمێ دەگیرێن، ڕادەگوێزرێن بۆ تاران.بە هەول و تێکۆشانی قاسمی سەدری قازی کە ئەو سەروبەندی لە تاران لە خولی ١٤ی مەجلیسی شوورای میللی (پارلمانی ئێران) نوێنەری مهاباد بوو و تەنانەت دوای تەواو بوونی ئەوخولەی مەجلیسیش هەر لە تاران مابووەوە و نوێنەری قازی محەمەد بوو، لە زیندان بەردەدرێن و دێنەوە مهاباد.

ڕۆژنامەی کوردوستان لە ژمارەی ١٣ی خۆیدا (چوارشەممۆ ٢٤ ڕێبەندان ١٣٢٤ = ١٣ی فیوریە ١٩٤٦) خەبەری بەربوونی زەبیحی و هاواڵانی ئاوا باس دەکا: "مزگینی!! وەڵام گەیشتوە کە سی (سێ) کەسی آزادیخوازی ئێمە: عبدالرحمن ذبیحی و دلشاد و قاسم قادری کە هەشت مانگ لەمەوبەر لە لاین کاربەدەستانی فاشیست مابی ایرانی بە ناحەق بە دیل گیران و یەکسەر بردنیانە تاران لە حمدی خودا دەگەل آزادی ئێمە ئەوانیش آزاد کراون و ئەم ڕوژانە خزم و کەس و برایان بەوان شاد دەبن.

زەبیحی لە دوای بەربوون لە زیندان، هەر وەک ڕابردوو هەڵسووڕاوە، لە ڕۆژنامەی کوردستان دا وتار و نووسراوە بڵاو کردووتەوە، هەروەها لە پێوەندییەکانی دیپلۆماتیکی کۆمار دا وەک لە چەند وێنەیەکدا کە دواتر بڵاوی دەکەینەوە دەسەلمێ بەشداری کردووە، ئیگلتن دەڵێ لە سەردەمی کۆمار دا وەکوو پشکنێری حکوومەت کاری کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی: وێنەی کۆماری کوردستان (حەسەنی قازی)

## **مامۆستا هێمن**: ئەندامی کۆنگرەی سێیەم و شاعری ناوداری کورد




**مامۆستا هێمن-ی شاعری ناوداری کورد ناوی تەواوی محەممەدئەمین، کوڕی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکرییە، دایکی ناوی زەینەب، کچی شێخی بورهانە.**

**هێمن لە شەوی ٤ لەسەر ٥ی مانگی مەیی ساڵی ١٩٢١ لە گوندی لاچین-ی نزیک شاری مەهاباد لەدایکبووە.**

**هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندنو چەند ساڵ لە قوتابخانەی سەعادەت لە شاری مەهاباد دەخوێنێت. پاشان باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێتو دەینێرێت بۆ خانەقای شێخی بورهان، بە مەبەستی ئەوەی کە لە دوارۆژدا ببێتە مەلاو جێی مەلا جامی، باپیرە گەورەی، بگرێتەوە.**

**چوار ساڵ لە خانەقا دەخوێنێت، لەوێ چاو و گوێی دەکرێتەوە. لەگەڵ زۆر کەس دەبێتە دۆستو ئاشناو گەلێک کەسی ڕووناکبیرو تێکۆشەرو شاعیر دەناسێتو بە دیداریان شاد دەبێت.**

**پاشان باوکی دەینێرێت بۆ گوندی کولیجەو لەوێ لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی درێژە بە خوێندن دەدات. ساڵ و نیوێکیش لای فەوزی دەخوێنێت و لەوەوە شارەزایی لە زمانو ئەدەبی کوردیدا پەیدا دەکاتو هەستی شاعیریی چەکەرە دەکات. فەوزی خۆشەویستیی نیشتمانو نەتەوە لە ناخیدا دەچێنێت.**

ساڵی ١٩٣٨ کە تەمەنی دەگاتە ١٧ ساڵی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێتو دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شیلاناوێ. بە ڕۆژ لەگەڵ باوکیدا بە کشتوکاڵ و شەوانیش خۆ بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسییەوە خەریک دەکات.

وردەوردە هاتوچۆی مەهاباد دەکاتو لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی هوشیارو ئازادیخواز دەبێتە هاوڕێ. ئەو لاوانە کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردییان گیردەکەوێتو بۆ خوێندنەوە دەیاندەن بە هێمن-یش.

ساڵی ١٩٤١ لە پاڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییدا دەست بە شیعرنووسین دەکاتو هێدی هێدی شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا دەنووسێتەوە. بەڵام باوکی پێی خۆش نابێت کە کوڕەکەی بە شیعر نووسینەوە خەریکبێتو ببێتە شاعیر، بۆیە کاتێک دەفتەری شیعرەکانی هێمن-ی دەکەوێتە دەست، دەمودەست دەیسوتێنێتو لێی زویر دەبێتو سەرزەنشتی دەکات.

ڕۆژی پێنج شەممە، ٢٤ - ٨ - ١٩٤١ لە کێڵگەکەی خۆیان دەبێت لەپڕێکدا دوو فڕۆکە پەیدا دەبنو بەیاننامە فڕێدەدەنە خوارێ. کاتێک هێمن دانەیەکی لەو بەیاننامەیە دەستدەکەوێتو دەیخوێنێتەوە، دەبینێت بە زمانی کوردی نووسراوە. ئیدی لەخۆشییاندا شاگەشکە دەبێت. لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەوە ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە کە فڕۆکەکان هی دەوڵەتی سۆڤییەت بوونو مەبەستیشیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە ئەوەیە کە بە خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنن لەشکری سوور هاتوەتە خاکی ئێرانەوەو وا بەرەو ناوچەکانی کوردستان بەڕێوەیەو با خەڵکی کوردستان بە هێزی داگیرکەریان نەزانن و وەک هێزێکی ڕزگارکەر پێشوازییان لێبکەن.

ئیدی یەکێتی سۆڤێت ناوچەکانی سەرووی ئێرانو دەوڵەتی بریتانیاش ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی ئێران دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٦ - ٨ - ١٩٤٢ دەستەیەک لە کەسە ڕووناکبیرو چالاکەکانی شاری مەهاباد کۆمەڵەی "ژ. ک"، (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دادەمەزرێننو حسێن فروهەر بە سەرۆکی کۆمەڵە هەڵدەبژێرن.

لەو ڕۆژانەدا هێمن لە تەورێز دەبێت. کاتێک بۆ مەهاباد دەگەڕێتەوە، لە ڕێگای مامۆستاعەبدولڕەحمان زەبیحی-یەوە و لە ماڵی حسێن فروهەر پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ژ. ک. ـەوە دەکاتو ناوی نهێنیی "هێمن" بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و ژمارەی ئەندامێتیشی ٥٥ دەبێت.

لە کۆبوونەوەی ئاپریلی ١٩٤٣ دا کە لە بناری چیای خواپەرست سازدەدرێت، کۆمەڵەی ژ. ک. بڕیاردەدات کە ئۆرگانی خۆی بە ناوی نیشتمان دەربکات. هێمن وەک ئەندامێکی بەدیسیپلین و وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر لە دووەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمانەوە هەتاکو دواژمارەی بە شیعرو وتار بەشداریدەکات. کاتێکیش لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک. حزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنرێت،

هێمن لە ڕیزەکانی ئەو حزبەدا تێکۆشانی خۆی درێژەپێدەدات. دواتریش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا وتارو شیعر دەنووسێتو ئەرکە حزبییەکانی خۆیشی ئەنجامدەدات.

هەروەها لە بۆنە و کۆبوونەوەکاندا بەردەوام شیعر دەخوێنێتەوەو جۆشو خرۆش دەخاتە ئەو بۆنانەوە.

هێمن لە ١٦ - ١١ - ١٩٤٦ دا لەگەڵ کچی خاڵی خۆی بە ناوی ئایشە زەماوەند دەکاتو خێزان پێکدێنێت. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کوڕێک دەبێتو ناوی دەنێن سەلاح.

مانگێک دوای زەماوەندی هێمن، کۆماری کوردستان دەڕوخێت. بەوەش نائومێدی باڵ بەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ژێرسایەی کۆماردا بەتایبەتی دەکێشێت.

ڕۆژی ١٧ - ١٢ - ١٩٤٦ سوپای داگیرکەری ئێران دەگەڕێتەوە شاری مەهابادو شارو گوندە ئازادکراوەکانی دیکەو وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی دەست بە گرتنو ڕاونانی تێکۆشەرانو ڕوناکبیران دەکاتەوە.

هێمن لەو دەمەدا خۆ دەگەیەنێتە لای خاڵی، شێخ محەممەدی کوڕی شێخی بورهان،و لە خانەقای شێخی بورهان دەمێنێتەوە. بەو جۆرە لە گرتنو زیندان ڕزگاری دەبێت.

لە خانەقا تووشی نەخۆشی گرانەتا دەبێتو دوو مانگ لە جێدا دەکەوێت. دوایی تاڕادەیەک باش دەبێتو دەچێتەوە گوندەکەی خۆیانو لەنێو خێزانو کەسوکاریدا ماوەیەک دەگوزەرێنێت.

ڕۆژی ٣١ - ٣ - ١٩٤٧ لە کاتێکدا کە هێمن لە ماڵی خۆی خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبێت، هەواڵ لە گوندەکەیاندا بڵاودەبێتەوە کە قازی محەممەدو سەدری برایو محەممەد حسێن-ی ئامۆزای، لە مەهاباد لەسێدارە دراون. ئەو ڕووداوە

دڵتەزێنە کار لە ناخی هێمن دەکاتو ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروستدەکات. سێ ڕۆژ دواتر لە ٣ - ٤ - ١٩٤٧ دا هێمن لەگەڵ کەسێکی هەژار و تێکۆشەری هاوڕێیدا بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ بەڕێدەکەون. کاتێک هێمن دەگاتە ناو قەڵادزێ، دەمودەست پۆلیس دەیگرێت. دوو کەس بەبێ ئەوەی هێمن بناسن بۆی تێدەکەونو لەچنگی پۆلیس ڕزگاریدەکەن. یەکێک لەو دوو کەسانە مەلایەک دەبێت، هێمن دەباتە لای خۆیو ماوەیەک وانەی پێدەڵێتەوەو لای خۆی دەیپارێزێت.

دوای ماوەیەک بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تارادەیەک ئارام دەبێتەوە. ئیتر هێمن-یش دەگەڕێتەوە بۆناو کەسوکاری خۆیو دەست بە کشتوکاڵو ئاژەڵداریی دەکاتەوە.

لەو دەمەدا حزبی تودەی ئێران بە ئاشکرا خەبات دەکاتو گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاودەکاتەوە. هێمن لە پاڵ ئیشوکاری ڕۆژانەیدا بە خوێندنەوەی ئەو چەشنە بڵاوکراوانەوە خۆی سەرگەرم دەکات. هاوکات دەستە لاوێک بە هاوکاریو ڕێنوێنیی حزبی تودەی ئێران، وردەوردە حیزبی دیموکراتی کوردستان زیندوودەکەنەوە. هێمنیش ئەوەندەی دەرفەتی دەبێت هاوکارو هاوبیری ئەو لاوانە دەبێتو پشتیوانیی خۆی بۆیان دوپات دەکاتەوە.

ڕۆژی ٤ - ٢ - ١٩٤٩ حەمەڕەزا شا بەشداریی لە یادی دامەزراندنی دانشگای حقوق لە تاران دەکات. لە ناوەختێکدا لاوێک بە ناوی ناسر فەخرارایی شا دەداتە بەر گوللەو بریندار ی دەکات. هاوکات پاسەوانەکانی شا دەستڕێژ لەو لاوە دەکەنو بە سەختیی برینداری دەکەنو پاش چەند سەعات دەمرێت. هەر ئەو ڕۆژە بە ئاشکرا حزبی تودەی ئێران تاوانبار دەکرێتو شاڵاوی گرتنو ڕاونانی ڕابەرانو ئەندامانی ئەو حزبە لە سەرتاسەری ئێراندا دەستپێدەکات.

گرتن و زیندانیکردنی ڕووناکبیرانو تێکۆشەران کوردستان-یش دەگرێتەوە. گەلێک کەس دەگیرێنو هەندێکیش دیسان ئاوارە دەبنەوە. هێمن وەک سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی کورد ماوەیەک خۆی دەشارێتەوە.

لەو سەروەختەدا لە ئێراندا گرانی دادەکەوێتو ژیانی هەزارەها خێزان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەبرسامردن. هێمن بە چاوی خۆی زۆر دیمەنی تراژیدیو دڵتەزێنی ئەو ڕۆژانە دەبینێتو ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروستدەکات. خۆی و کەسوکارەکەی ئەوەندەی لە توانایاندا دەبێت بە پیر ئەو خەڵکە برسییانەوە دەچن کە ڕوو لە گوندەکەیان دەکەن؛ فریایان دەکەون و تێریان دەکەن.

ساڵی ١٩٥١ بزوتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بە ڕابەریی دکتۆر موسەدیق پەرەدەستێنێتو پەل بۆ گشت شار و

شارۆچکەیەکی ئێران دەهاوێت. لە ٢٢ - ٧ - ١٩٥٢ دا دکتۆر موسەدیق دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێرانو خەڵک پشتیوانیی خۆیان لە حکومەتەکەی دەردەبڕن. بەوەیش جێ بە شا و داروودەستەکەی لەق دەبێت. وردەوردە هەلومەرجێکی تارادەیەک ئازاد و دیموکرات لە ئێراندا جێگیر دەبێت. لە کوردستانیش هێدی هێدی چالاکیی سیاسیو رۆشنبیریی دەستپێدەکاتەوەو لاوانو ڕووناکبیرانی کورد بە نهێنیو نیمچە ئاشکرا دەکەونە کارکردن. هێمن هەمیشە لەگەڵ ئەو ڕووناکبیرو تێکۆشەرانە هاودەمو هاوبیر دەبێت. بەڵام ئەو لەوەدا لەگەڵیان ناکۆک دەبێت کە ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە بە زمانی کوردی گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوە دەربکەنو لەو هەلومەرجەدا بە کارێکی گرنگی نازانن. هێمن ڕێنوێنییان دەکاتو هانیاندەدات هەرچی زووە گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەربکەنو لەنێو خەڵکی کوردستاندا بڵاویانبکەنەوە.

سەرەنجام دەستەیەک لەو لاوە تێکۆشەرانە بۆچوونەکەی هێمن دەسەلمێننو بڕیاردەدەن کە دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بکەن. بەڵام بەر لەوەی کە ئەوان یەکەم هەنگاو بنێن، ڕۆژی ١٩ - ٨ - ١٩٥٣ کۆمەڵێک ئەفسەر بە پاڵپشتیی ئەمریکا و بریتانیا کودەتایەک لە دژی حکومەتی دوکتۆر موسەدیق بەرپادەکەن و جارێکی دیکە حەمەڕەزا شا بۆسەر حوکم دەگێڕنەوە. بە گەڕانەوەی حکومەتی شا، گرتنو ڕاونانی ئازادیخوازان دەستپێدەکاتەوە. هێمن وەک سەدان لاوی تێکۆشەری کورد جارێکی دیکە خۆی دەشارێتەوە. پاشان هەر چۆنێک بێت دەچێتەوە نێو ماڵومنداڵی خۆی. بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێریی پۆلیسدا دەبێتو گەلێک جار ئەمسەرو ئەوسەری پێدەکەن. هەر لەو ساڵانەدا دوچاری نائومێدیو ڕەشبینیی دەبێتو ماوەی چەند ساڵ پێوەی دەتلێتەوە. ئەوەش وای لێدەکات کە هێز و توانای دەربڕین و شیعر نووسینی نەمێنێتو ژیانێکی گۆشەگیرانە بۆخۆی هەڵبژێرێت.

ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێو دەستەیەک لاوی شۆڕشگێڕ خەباتی سیاسیو چەکداریی پێکەوە گرێدەدەنو لەبەرامبەر لەشکری داگیرکەری دەوڵەتی شادا دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەن. لە هەندێک لەو شەڕ و پێکدادانانەدا چەند لاوێکی ئازا و ڕووناکبیر شەهید دەبنو تەرمەکانیان دەکەونە دەست ژاندارمەکانی ڕێژیمی شا و بەسەر جادەو شەقامەکاندا ڕایاندەکێشنو بێحورمەتییان پێدەکەن. ئەم چەشنە دیمەنە جەرگبڕانە لە چەند ناوچەو شوێنی کوردستان دوبارە دەبنەوەو لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕق و بێزاریی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی.

هێمن وەک هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کورد بەو هەواڵانە خەمو پەژارە دایدەگرێت. هاوکات کۆمەڵێک لاوی هۆشیار خۆ لە هێمنو گەلێک ڕووناکبیری دیکە نزیک دەکەنەوەو هێزو تین بە بەریاندا دەکەنەوەو بەرەو تێکۆشان هانیاندەدەنەوە. هێمن زوو دێتەوە سەر خۆ و لە جاران شێلگیرتر دەستبە تێکۆشان دەکاتەوە. سەرنجام ماڵومنداڵی خۆی جێدەهێڵێتو ڕوو لە

چیاکانی کوردستان دەکات.

ماوەیەک لەگەڵ" هەژار" پێکەوە دەژین. پاشان بڕیاردەدات کە لەنێو ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداتەوە. کادیر و ئەندامانی ئەو حزبە بە سنگفراوانییەوە پێشوازیی لێدەکەن.

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩ دا کۆنفرانسی دووەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندێکی نزیک قەڵادزێ دەبەسترێت. هێمن یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە دەبێتو لەگەڵ چەند کەسی تێکۆشەری دیکەدا تێدەکۆشێت بۆ وەلانانی کێشە شەخسیو لاوەکییەکانو وەگەڕخستنەوەی حزبەکە.

هەر لەوێیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. پاش چەند مانگ لە کارکردنو چالاکی، دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەنەوەو لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠دا یەکەم ژمارەی دەردەکەن. هەر لەو کاتەدا لە باشووری کوردستان-یش "یەکێتیی نووسەرانی کورد" دادەمەزرێت. هێمن وەک شاعیر و نووسەرێکی خاوەن هەڵوێستو کوردپەروەر بە ئەندام وەردەگیرێتو لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەو بۆنەکانی ئەو ڕێکخراوەدا هەڵدەسووڕێتو لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانیشیدا شیعر و وتاری ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.

ڕۆژانی ٢١ - ٢٤ - ٦ - ١٩٧١ لە شاری کۆیە کۆنفرانسی سێیەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبەسترێت. لەو کۆنفرانسەدا هێمن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسیی حیزبەکە هەڵدەبژێردرێت. هاوکات کۆمیتەی ڕاگەیاندنی حزب پێکدەهێنرێت کە هێمن یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی دەبێت.

ساڵی ١٩٧٣ هێمن دەبێتە ئەندامی "کۆڕی زانیاریی کورد"و چەند کاری بەنرخ ئەنجام دەدات کە یەکێکیان ساغکردنەوەی تێکستەکانی کتێبی "تحفه مظفریه" دەبێت کە کاتی خۆی ئۆسکارمان کۆیکردبۆوە.

ڕۆژی ٢٢ - ٩ - ١٩٧٣ کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات لە شاری بەغداد دەبەسترێت. سەرەتا هێمن وەک بەتەمەنترین ئەندامی بەشدار لەو کۆنگرەیەدا وتارێکی بەنرخ دەخوێنێتەوە. پاشتریش لە کاروبارەکانی کۆنگرەکەدا چالاکانە بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و بەشێکی لێدەخاتە سەر کاغەز. لە ٢٤ - ١ - ١٩٧٤ دا

لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەبێتەوە. پاشان دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو شیعرەکانی دەخوێنێتەوەو لێکۆڵینەوەیەکی کورتو شایستە دەربارەی ناوەرۆکی شیعرەکانی دەنووسێت. ئیتر هەموو ئەمانە پێکەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ دا لە کتێبێکدا بە ناوی "تاریک و ڕوون" چاپدەکرێن و دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد. کتێبی تاریک و ڕوون لەلایەن لاوان و ڕووناکبیرانەوە دەقۆزرێتەوەو وەک دیارییەکی بەنرخ دەیخوێننەوەو وتووێژی لەسەر دەکەن. هاوکات چەند نووسەر و شاعیر بیروڕای خۆیان دەربارەی دەنووسنو مشتومڕێکی گەرم دەخولقێنێت.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ جووڵانەوەی جەماوەریی دژ بە ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا دەستپێدەکاتو زۆر بە خێرایی سەرانسەری ئێران دەگرێتەوەو مەرگی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە نزیک دەبێتەوە. هێمن وەک هەر تێکۆشەرێکی کوردی ئاوارە، حەزی گەڕانەوە بۆنێو کەسوکارو خێزانی خۆی دەکەوێتە سەری. هەر لەو دەمانەیشدا حزبی دیموکرات دەستە دەستە ئەندامەکانی خۆی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە. هەربۆیە هێمن-یش بڕیاری خۆی دەداتو لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەڕێدەکەون.

ڕۆژی ١٨ - ٢ - ١٩٧٩ لە ئۆردوگای بەستەسێنی نزیک قەڵادزێ لە ماڵی دۆستێک دەمێننەوە. بۆ شەوەکەی بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ. ڕۆژی ٢٠ - ٢ - ١٩٧٩ دەگەنە سەردەشتو لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمدا لە ماڵی چەند دۆست و ناسیاو دەمێنێتەوە. هاوکات تەلەفۆن بۆ مەهاباد دەکەنو هەواڵی گەڕانەوەی هێمن بە کەسوکاریو خەڵکی مەهاباد ڕادەگەیەنن.

ئەو هەواڵە خۆشە لەو دەمەدا زۆر بە خێرایی لەنێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. دەستە دەستە لاوانو ڕووناکبیرانو خەڵک خۆ سازدەدەن بۆ پێشوازیکردن لە هێمن. دەمودەست سەلاح-ی کوڕی لەگەڵ کۆمەڵێک خزمو دۆست بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢١ - ٢ - ١٩٧٩ هێمن لەگەڵ خزمو کەسەکانیو کۆمەڵێک لە خەڵکی سەردەشت بەرەو مەهاباد بەڕێدەکەوێت. کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک بە ئوتومبێل دێن بەپیریەوەو دەیکەنە ڕۆژی شاییو ئاهەنگ. دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە کاتێک کەژاوەی ئوتومبێلەکان دەگەنە "تاقەدار"ی نزیک مەهاباد، تێکەڵ بە کۆڕی شیعرخوێندنەوەو شاییو هەڵپەڕکێ دەبنو هەموو بە چاوی پڕ لە فرمێسکی شادییەوە پێشوازیی لە هێمن دەکەنو بۆنێو مەهابادی دەبەنەوە.

چەند ڕۆژ کۆمەڵ کۆمەڵو دەستە دەستە خەڵک لە شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستانەوە بۆ سەردانی هێمن بەرەو مەهاباد دەچن و بەردەوام ماڵی هێمن پڕ لە میوان و دۆستان دەبێت. ئیدی لەو ساتەوە ماڵەکەی وەک بنکەیەکی ئەدەبیی لێدێتو دەبێتە جێی شیعرو باسی ئەدەبیو شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەدیبانو ڕووناکبیران.

ڕۆژی ١٩ - ٢ - ١٩٨٠ لە شاری مەهاباد چوارەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی دەبەسترێت. هێمن لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی حزب هەڵدەبژێردرێت، زۆر نابات هێمن بڕیار دەدات کە خۆ لە کاری حزبایەتی بدزێتەوەو لە بواری ئەدەبە و نووسیندا خزمەتی نەتەوەکەی بکات.


بەدرێژایی ساڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨٦ هێمن لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە و بۆنەکاندا لە شارەکانی سنە، کرماشان، ورمێ‌و مەهاباد...دا چالاکانە بەشداریی دەکاتو بە شیعرو وتاری جوان ئەو بۆنانە ڕازاوە دەکات. سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ چەند شاعیرو نووسەردا وتووێژ دەکاتو پێیان دەڵێت با بە هەموومان هەوڵبدەین دەزگایەکی چاپەمەنی ساز بکەینو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی کوردیی تیا چاپبکەین.

هەر بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەندین کاربەدەستی حکومەتی ئێراندا قسەوباس دەکاتو هەوڵدەدات کە ڕەزامەندیی ئەوان بەدەستبێنێت. ئەم وتووێژو هەوڵانە درێژە دەکێشێن و حکومەتی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەتدەکاتەوە. بەڵام هێمنو هاوکارەکانی کۆڵنادەن تا سەرەنجام بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بنکەیەک بە ناوی "ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی" لە ورمێ دادەمەزرێنن و گۆڤارێک بە ناوی سروە دەردەکەن. هەتاکو هێمن خۆی لە ژیاندا دەبێت، چوار ژمارە لەو گۆڤارە دەردەکەن.

پاشتریش کەریمی قەیومیو چەند نووسەرو شاعیری دڵسۆز لەسەر دەرکردنی سروە بەردەوام دەبن. ئینجا دەست بە چاپکردنی هەندێک کتێب دەکەنو وردەوردە کارەکانیان گەشەپێدەدەنو بەنیاز دەبن زیاتریش گەورەو فراوانی بکەن. بەڵام لەگەرمەی کارکردنیاندا مامۆستا هێمن: ئەندامی کۆنگرەی سێیەم و شاعری ناوداری کورد شەوی ١٨ لەسەر ١٩ - ٤ - ١٩٨٦ لە شاری ورمێ هێمن کۆچی دوایی دەکات.

بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٩ - ٤ - ١٩٨٦ تەرمەکەی بەرەو مەهاباد بەڕێدەکرێت. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە مەراسیمێکی پڕشکۆداو لەنێو ئاپۆرەی جەماوەردا لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان بەخاک دەسپێردێت.

## دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی: ئەندامی کۆنگرەی چوارەم



* دوکتور ڕەحیمی سەیفی قازی لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینی لە گوندی گوێگجەلی لە ناوچەی کوردنشینی شاری میاندواو لە دایک بووە.

* لە دووەم ساڵی دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانی کورد" لە کۆمەڵە دا بە ئەندام وەرگیراوە و نێوی نهێنی لە کۆمەڵە دا "هۆگر" بووە.

* لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان (خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی (ئۆکتۆبەری ١٩٤٥) دا بەشداری کردووە.

* ڕەحیمی سەیفی قازی بە پێی حوکمێک لە " تەڕەف وەزیری هێزی جمهووریيەتی کوردستان و بە ئیمزای سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە" دەرەجەی "سەربەرز"ی دەدرێتە و دەکرێ بە فەرماندەی چڵی ٢، لە پۆلی ٣ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

* ڕەحیمی سەیفی قازی لە پەیامێکدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ژمارە ٩، شەمۆ ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢ی فێبریوێری ١٩٤٦) دا بڵاو کراوەتەوە دەنووسێ:

## سڵاو لەتۆ ئەی کوردستان

ساڵەهایە کە تەواوی نەتەوەی کورد چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژە بوو کە خەت و زبانی شیرینی کوردی لە لاپەڕەی ڕۆژنامە چاو پێ بکەوێ، وە ئەمن کە یێکێکم لە پێش مەرگەکانی مهاباد ئەوەڵ ڕۆژ کە چاوم بە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردوستان کەوت چاوم ڕوون بۆ وە وە سوپاسی خودای بەرز و بێ هاوتا ئەکەم کە چرای کوردان هەڵ کراوە،ئێستا دەتوانن بە زمانی کوردی ڕۆژنامە و گۆوار لە تەواوی دونیا دا بڵاو بکەنەوە،بە تەواوی دنیا ڕابگەیێنن کە کورد لایقی ژیانە و لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانێ لە گەورەترین نەتەوەی دنیا حیساب بکرێ و بە دڵێکی بەهێز دەڵێم خودایا هەتا ڕۆژ لە ڕۆژهەڵات سەر وەدەر دەنێ وە لە ڕۆژئاوا ئاوا دەبێ چرای کوردان ڕووناک کەیەوە وە ئالای موقەدەسی کوردان سەربڵند کەی. وەک شاعیری بە ناوبانگ دەفەرموێ:

چەند خۆشە ئەو دەورە بۆ دینی محەمەدی، بژی دەوڵەتی کوردی ڕەبی تا دەورەی مەهدی.
لە پاش ئیحساساتێکی زۆر بە دەنگێکی بەرز دەڵێم: بژی بە ژیانێکی بە ئەبەد ڕەئیس جمهوری کوردوستان و پایەدار بێ هێزی کوردوستان.

پێشمەرگە ڕەحیمی سەیفی قازی"

* لە مانگی ئاوریلی ١٩٤٦ لە گەڵ نزیک ٥٠ کەسی دی بۆ خوێندنی عەسکەری ناردراوەتە باکۆ.

* دوای ڕووخانی کۆمار، پاشملە حوکمی ئیعدامی دراوە. لە ئازەربایجان تەشکیلاتێکی کوردی وەک درێژەدەری کۆمار دامەزراوە، مەلا مستەفای بارزانی سەرۆک و ڕەحیمی قازی جێگری بووە. ئەو تەشکیلاتە دوای ماوەیەک هەڵوەشاوە.

* ڕەحیمی قازی و چەند کەسێک لە کوردەکان لە فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دا وەخۆ کراون. ڕەحیمی قازی بۆ چەند دەورە معاونی سەدری فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان بووە، دواتر وازی هێناوە.

* لە ساڵی ١٩٥٤ لە زانکۆی باکۆ لە بواری مێژوو دا دەرەجەی دوکتورای وەرگرتووە.

* لە ساڵی ١٩٥٨ ڕۆمانی پێشمەرگەی نووسیوە کە لە پێشدا لە ئەرمەنستان و دواتر لە بەغدا چاپ کراوە و بە یەکەم



سەرچاوە Serchawe

ڕۆمانی چاپکراوی کوردیی سۆرانی دەژمێردرێ.

* لە ساڵی ١٩٤٧ تا ساڵی ١٩٦٢ لە گەڵ عەلی گەلاوێژ ڕۆژنامەی "کوردستان" یان لە باکۆ بڵاو کردووەتەوە.

* لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ پاشملە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

* لە مانگی مارسی ١٩٧٩ دوای ٣٣ ساڵ گەڕاوەتەوە زێدی خۆی.

* لە کۆنگرەی چوارەم ساڵی ١٩٨٠ وەک ئەندامی کونگرە هەڵبژێردراوە، دوای چەند مانگ لە گەڵ غەنی بلووریان و چەند کەسی دی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمیان پێک هێنا و لە حدک جویێ بوونەوە. ئەو تەشکیلاتە دوای چەند مانگ هەڵوەشا.

* دوکتور ڕەحیمی سەیفی قازی لە ساڵی ١٩٨١ گەڕاوەتەوە باکۆ و لە ٩ی مانگی مای ١٩٩١ لە نەخۆشخانەیەکی باکۆ وەفاتی کردووە و هەر لەو شارە نێژراوە.


* دوکتور ڕەحیمی قازی جگە لە ڕۆمانی پێشمەرگە بە کوردی، فارسی، ئازەربایجانی چەند کتێبی نووسیوە. یەکێک لە کارەکانی " قازیی محەمەد و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد" کە بە کوردی و فارسییە، وەک دەستخەت ماوەتەوە و هێشتا چاپ نەکراوە.

حەسەن قازی



سەرچاوە
Serchawe

## کەریم حسامی: ئەندامی دەفتەی سیاسی کۆنگرەی سێهەم




عبدللکریم حیسامی، کە بە کەریم حسامی ناسراوە، ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی (بەیرەم) ناوچەی مەنگوری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی وەرزێر و دیندار چاوی بە دنیا هەڵێناوە.

بە منداڵی لە لای میرزا رەسوی گوندی و لە لای بابی خوێندوویە. پاشان لەبەر دەست تەنگی و نەداری بنەماڵەی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بداو بە کارو کوێرەوەری کشت و کالەوە خەریک بوە. ساڵی ١٩٤٤ چۆتە نێورێکخراوی کۆمەڵەی ژک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد). هەر لەم ساڵەدا بە هۆی لەداست دانی برا گەورەکەی و دەست تەنگی ماڵەوە کاری سیاسی بۆ ماوەیەک وەلا دەنی.

دووای تێکچونی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٩ دەبێتە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی تیران، و چالاکانە بەردەوام دەبێ لە تێکۆشان. ساڵی ١٩٥٣ بە نوێنەرایەتی لاوانی کورد لە کوردستانی تیران لە ڤیستیواڵی چواردەمی لاوانی جیهاندا لە بوخارست پێتەختی رۆمانیا بەشداری کردووە.

چەند جار بە تاوانی خەباتی سیاسی کەوتۆتە بەندیخانەو، تاخرجار بە ٣ ساڵ حوکم دراوە. کاتێ لە بەندیخانەدا بووە، باوکی و خێزانی و منداڵەکەی مردوون و لە دیداریان بەشبراو بووە. دووای تازادی لە زیندان ساڵی ١٩٥٧ لە مەهاباد لە ژێر تێقامەتی تیجباریدا بووە. ساڵی ١٩٥٨ ڕایکردووە چۆتە کوردستانی غێراق و لە بەغدا داوای پەنابەریسیاسی کردووە. سالی ١٩٦٠ دووای تەنگەژەی سیاسی لە باشووری کوردستان چۆتە چێکوسلڤاکیا. لەوی چۆتە زانستگاو، لیسانسی زانستی کۆمەلایەتی لە زانستگای پراگ وەرگرتووە. پاشان چۆتە بولغاریاو تا ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی کوردی رادیۆی پەیکی تێراندا

کاری کردووە. دوا بە دووای بەیانی ١١ی ئادار چۆتە وە غێراق و لە ڕێکخستنەوە و بوژانەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا چالاکانە بەشداری کردووە، تا سالی ١٩٧٨ جێگری سکرتێرو ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی ئیران بووە. دووای روخانی رژێمی پاشایەتی گەراوەتەوە بۆ ئیران و تا سالی ١٩٨٤ لە حیزبدا تێکۆشاوەو بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بووە. سالّی ١٩٨٤ کاتێکی بە ئیجازەی دەفتەری سیاسی بۆ سەردانی منداڵەکانی بە سەفەر هاتۆتە ئوروپا، لە لایەن بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب بە نووسراوەیەکی سێ چوار دێری لە حیزبی دێمۆکرات بە یەکجاری وەلا دەنرێ.

کەریمی حسامی جگە لە تێکۆشانی سیاسی لە مەیدانی نووسین و وەرگێرانیشدا دەستی بالای هەبووە.

پێنج سالّ سەرنووسەری رۆژنامەی سەردەمی نوێ بووە کە لە سوید دەرچوە. جگە لە ١١ بەرگی بیرەوەریەکانی خۆیی، تا ئیستا ٢١ کتێبی دیکەی نووسیوەو ١٧ کتێبیشی لە زمانی بێگانەوە کردوون بە کوردی. لە چەندەها سێمینارو کۆنفرانسی جۆراوجۆردا سەبارەت بە مەسەڵەی کورد بەشداری کردووە.

کەریم حسامی: ئەندامی دەفتەی سیاسی کۆنگرەی سێهەم نووسەر تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بووە لە نووسین و خزمەت بە نەتەوەی کورد بەردەوام بووە. لە ٦ - ١٠ - ٢٠٠١ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

-----------------------------------

١٩٢٦ زایینی لە گوندی (بەیرەم) لە ناوچەیی مهاباد لە دایک بووە.

١٩٤٩ هاتووەتە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

١٩٥٣ بەشداری فێستیڤاڵی لاوان لە بوخارستی کردووە.

١٩٥٤ لە لایەن ڕێژێمی پەهلەوییەوە دەستگیر کراوە.

١٩٥٧ لە زیندان ئازاد کراوە.

١٩٥٩ ڕوو لە باشووری کوردستان دەکات.

١٩٦٠ ڕوو لە چیکوسلۆڤاکیای دەکات.

١٩٦٤ دەچێتە بولغارستان و دەبێتە وێژەر لە ڕادیۆ پەیکی ئێران.

١٩٦٧ سەردانی باشووری کوردستان دەکاتەوە.

**١٩٧١ لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرێت.**

**١٩٧٢ لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبدا دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئەرکی جێگری سکرتێری حیزب بەڕێوە دەبات.**

**١٩٧٩ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**١٩٨٠ لە لایەن ڕێژێمی عێراقەوە دەستگیر دەکرێ.**

**١٩٨٤ کاتی سەردانی بنەماڵەکەی لە بلغارستان، لە حیزبی دێموکرات وەلا دەنرێ.**


**١٩٨٦ لە بەلغارستانەوە کۆچ دەکا بۆ سوئێد.**

**١٩٨٦ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ و .....**

**- جگە لە نووسینی سەدان ووتار، ٣١ کتێبی نووسیوە.**

**- ٦ - ١٠ - ٢٠٠١ دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.**

## سەننار مامەندی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم



بەداخێکی زۆررەوە سەناری مامەدی لە رۆژی ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩ دوای ماوەیەکی دوور و درێژ ی ناسازی و نەخۆشی لە شاری ستوکهۆلمی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

سەنار مامەدی کوڕی حاجی قۆتاز مامەدی لە مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٠٤ هەتاوی بەرابەر بە ١٩٢٧ زایینی لە ناوچەی سەڵماسی کوردستانی ئێران لە دایک بوو.

سەنار هەر لە سەرەتای رۆژانی جەوانی کە هاوکات بوو لە گەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی و پێک هاتنی هەوەڵین کۆماری کوردستان لە مهاباد، لە گەڵ کێشەی سیاسی و تێکۆشانی بۆ ئازادی گەڵی کورد ئاشنایی پەیدا کرد و بە عەلاقەوە بەشداری تێدا کرد. ناو براو لە درێژەی موخالفەتەکانی خۆی لە گەڵ رژیمی شاهەنشای لە گەڵ عدەیەک لە کەسایەتی عەشایری ناوچەی شیمالی کوردستان لە وانە شەهید نجۆ پاشایی و تاهر خانی سمکۆ لە ساڵی ١٣٢٨ بۆ یەزد تەبعید کرا و بۆماوەی یەک ساڵ لە تەبعید دا بوو.

ناوبراو دوای ئازاد بوونی لە تەبعید گەڕایەوە بۆ کوردستان وەهەر وەک پێشوو لە بەرانبەر ئستبدادی رژیمی شاهەنشاهی و بە تایبەت لە ژێر گوشاری هێزەکانی ژاندەرمەری و ئەرتش بۆ سەر خەڵکی کوردستان درێژەی بە دژایەتی و بەربەرەکانی خۆی دە دا.

سەنار لە ساڵی ١٩٦٥ لە ژێر هەرەشەکانی رژێمی شاهەنشاهی رووی لە کوردستانی عێراق کرد و چوو ناو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک بوو لە ئەندامانی کۆمیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨ز)

سەنار دوای نسکوی جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨ز) گەڕایەوە ئێران و ماوەیەک قاچاغ بوو و دوایی کەوتە زیندان.

سەنار لە ساڵی ١٩٧١ زایینی بۆ جاری دووهەم گەڕایەوە کوردستانی عێراق و بە دوای ماوەیەک خۆ ئامادە کردن و تەدارکات بۆ شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی ئێران لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاورێکانی ئەم ناوچەیەیان بە جێ هێشت و بەرەو کوردستانی ئێران رۆیشتن کە بە داخەوە لە سنووری ئێران بە برینداری دەکەویتە دەستی ساواکی ئیران و دوای ماوەیەک موجازاتێکی قورسیان بۆ بڕیەوە کە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرنگوونی رژیمی شاهەنشاهی لە زیندان بەسەر دەبات و لە ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی بەرابەر بە ١٩٧٨ زایینی لە گەڵ باقی زیندانیانی سیاسی لە زیندان ئازاد دەکرێت.

سەنار مامەدی لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێران کە لە ٣٠ی رێبەندانی ١٣٥٨(١٩ی فێبریوێری ١٩٨٠ز) لە شاری مەهاباد پێکهات بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێردرا.

سەنار مامەدی بە دوای سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستپێکردنی شەڕی تەحمیلی لە کوردستان رووی کردە شاخەکانی کوردستان و تێکۆشانی خۆی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست پێکرد، و تا ساڵی ١٩٨٤ لە شیمالی کوردستان ماندوویی نەناسانە تێکۆشانی بێوچانی خۆی بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە پێدا و لە رێبەری کردنی تێکۆشان و رێکخستنی گشتی خەڵکی ناوچەیەکەدا نەخشی بەرچاوی گێرا. سەنار لە ساڵی ١٩٨٤ بە هۆی ناسازی و نەخۆشی کوردستانی بە جێ هێشت و تا کۆتایی ساڵەکانی ژیانی لە وڵاتی سوئێد مایەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی سەنار مامەدی ئەم تێکۆشەرە نەمرە کە هیچ کات هیوا و ئاواتی گەڕانەوەی بۆ کێوەکانی پڕ لە شانازی کوردستان تا ئاخرین هەناسەکانی ژیانی خۆی لە دەست نەدا سەرەخۆشی دەکەین لە هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو بە تایبەتی دەکەین و رێز لە خۆڕاگری خوالێخۆشبوو دەگرین.

جێگای سرنجە کە رژێمی کۆماری ئیسلامی بە دوای بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی سەناری مامەدی بە بنەماڵەکەی راگەیاندووە کەنابی هیچ چەشنە رێوڕەسمێک بەم بۆنەیەوە نە لە مزگەوت نە لە شوێنی دیکە بەڕێوەبەرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ورمێ - تیمور مرادی



سەرچاوە
Serchawe

## حەمەدەمین سیراجی (م. ا. ڕەوەند): ئەندامی درفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەم



هەتاکو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم،
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

هێمن

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی ٢٩ی مانگی مای ٢٠١٠ دڵی پڕ لە هەست و خۆشەویستیی کاک حەمەدەمین، پاش ململانییەکی چەند مانگە لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە، لە شاری ستۆکهۆلمی سوێد، وەستا. کۆچی دوایی کاک حەمەدەمین بوو بە هۆی ماتم و پەژارەیەکی زۆری دۆستان و کەسوکار و تێکرای کومەڵگای کوردی پەروەزە.

کاک حەمەدەمین لە ساڵی ١٩٣٤، لە شاری مەهاباد، لەدایکبوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مەهاباد تەواو کرد.

لەسەرەتا مامۆستایی فۆتابخانەی کردە پیشە و پاشان لە زانکۆی تاران بەردەوام بوو لە خوێندنی حقوق (ماف).

لەسەرەتای هەرەتی لاوێتی، بە هۆی دیتنی دەرد و پەژارەی ژیانی نەتەوەی بندەست و باری گرانی ژیانی چینی هەژار و چەوساوە، بڕیاری هەڵبژاردنی ڕێگای خەباتی دا و بوو بە ئەندام لە ڕێکخراوی لاوانی ئەو سەردەمی حیزبی دێمۆکرات. لە هەموو خۆپێشاندانەکانی ساڵانی ١٩٥٢ - ١٩٥٣ی شاری مەهاباددا، یەک لەوان میتینگی باخی میکائیل، بەشداری هەبوو. لە سەردەمی خوێندکاریدا لە تاران، چالاکی بێوینەی لە کاروباری سیاسیدا هەبوو. لە ساڵی ١٩٦٣، بەهۆی ئاشکرابوونی چالاکییەکانی، وێڕای هاوڕییانی وەک سمایل شەریفزادە، سالار حەیدەری و.. ڕووی کردە چیاکانی کوردستان و بە هیوایەکی زۆرەوە بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکانی باشووری کوردستان پەنایان برد.

دوای ڕووداوەکانی پێش کونگرەی دووهەمی حیزب و لادانی بەڕێوەبەری لە پەیرەویکردن لە بیروڕای گشتی و داسەپاندنی تاکڕەوی، سەرەڕای ئەوەی کە سکرتێری ئەوکات، ئەحمەد تۆفیق (عەبدولا ئیسحاقی) بۆ کۆنگرە بانگی کردبوو، ئامادە نەبوو هاوڕییانی بەجێهێڵێ و بەشداریی کۆنگرەی نەکرد.

وێڕای سمایل شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سەنار مامیدی، مەلا ڕەسول، سالار حەیدەری، مەلا سمایل... کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیرانیان پێکهێنا و لەم ڕێکخراوەیەدا دەوری سەرەکی و چالاکی هەبوو. پاشان کاتێک شەهید سولەیمان موعینی کە لە کۆنگرەی دوهەمدا وەک جێگری سکرتێر هەلبژێردرا بوو، وێڕای گەلێک کادیر و پێشمەرگە لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی یەکیان گرتەوە، لەسەر پێشنیاری کاک حەمەدەمین، شەهید سولەیمان دەبێتە ووتەبێژی کۆمیتە.

لە سالەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨، و پاش شەهید بوونی گەلێک کادیر و ئەندام و پێشمەرگە، بارودۆخێکی شپرزە بە سەر هەر دوو باڵی ح.د.ک.ا دا دادەسەپێ. کاک حەمەدەمین وێڕای هاوڕێیانی هەول دەدەن بۆ بوژاندنەوەی حیزب.

داوای یارمەتی لە هەموو لایەک دەکەن. لە کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارە ئێرانییەکانەوە هەتا حیزبی تودەی ئێران.

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانەوە بە هەوڵێکی زۆر، وێڕای کاک کەریم حیسامی و دوکتور قاسملو کە کادێری حیزبی تودەی ئێران بوون و بۆ یارمەتی بەوان ناردرابوونەوە باشووری کوردستان، گەمێی تێکشکاوی دێموکرات ساز دەکرێتەوە و بە سازدانی کۆنفرانسی سێهەم و پاشان کۆنگرەی سێهەم، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەبووژێننەوە (ساڵی ١٩٧١.) لەسەر پێشنیاری کاک حەمەدەمین، دوکتور قاسملو دەکەنە سکرتێر.

لەو کاتەوە هەتا ساڵی ١٩٨٠، کاک حەمەدەمین وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی چالاکانە بە هەر ئەرکێک هەلدەستێ، لە پاش کۆنگرەی چوار، دیسان هەمان نەخۆشی کۆنی تاکڕەوی دەبێتە هۆی جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاوی ڕووناکبیرەکان لە حیزب بە ناوی لایەنگرانی کۆنگرەی چوارەم.

کاک حەمەدەمین، مامە غەنی بلوریان، مامۆستا هێمن، وێڕای سەدان کادێر، لە حیزبی دێمۆکرات پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمدا، درێژە بە خەبات دەدەن.

لە ساڵی ١٩٨٣، پاش هێرشی هەمەلایەنەی ڕژێمی ئێران بو سەر ڕێکخراوەکانی نائایینی، هەمدیسان کاک حەمەدەمین و

برادەرانی روو دەکەنەوە چیاکانی کوردستان. بە یارمەتی پارتی و حیزبی شیوعی عێراق لە ناوچە رزگارکراوەکانی باشووردا خۆدەگرنەوە.

لە ساڵی ١٩٨٥دا، وێڕای هاوڕێیانی تێکەڵاوی حیزبی تودەی ئێران دەبن و لە کۆنفرانسی بەرفراوانی ئەم حیزبەدا لە کابۆل پایتەختی ئەفغانستان، بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.

ماوەیەک لە پراگ نوێنەری ئەو حیزبە لە گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم و ماوەیەک نوێنەری حیزب لە ئەفغانستان دەبێ.

لە ساڵی ١٩٨٨ەوە، وێڕای کوردەکانیتری ئەندامی حیزبی تودەی ئێران، بە روانگەی نوێی ڕەخنەگرانە بەرەوڕووی بەرێوەبەرایەتی ئەو حیزبە دەبنەوە و لە ئەنجامدا بە هیوای پێکهێنانی رێکخراوەیەکی کوردی چەپی سەربەخۆ، بەیانییەی دابڕانی زۆربەی کادیر و ئەندامانی کورد لە حیزبی تودە بڵاودەکەنەوە.

کاک حەمەدەمین وەک پەنابەر روودەکاتە سوێد و لەوی دەمێنێتەوە.

ئاواتی پێکهاتنی حیزبێکی چەپی کوردی سەربەخۆ نەهاتە دی.

لە سوید دەبێتە ئەندامی فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستاییەکان و یانەی ساڵمەندانی کورد دادەمەزرێنی کە هەتا کاتی کۆچی دوایی بەرێوەی دەبرد.

بەرهەمی نووسینی کاک حەمەدەمین زۆر بوون. لە رۆژنامەی کوردستان، تیشک، رادیۆ دەنگی نەجاتی کوردستان، دنیا، کوردستان ئۆرگانی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار و لە دەیان بڵاوکراوەی تردا بلاوکراونەتەوە. مانیفێستی کۆمۆنیستی، لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێراوەتە سەر کوردی. چەند وەرگێڕانێکیتری هەیە کە لە چاپ نەدراون، وەک شەری پارتیزانی مائۆ.

کاک حەمەدەمین بەر لە چالاکێکی سیاسی، مرۆڤێکی بەنرخ، راستبێژ، روح سوک، لێو بەخەندە و لەسەرەخۆ بوو. تەنانەت لە ئاست دژبەرەکانیشیدا قین هەڵگر نەبوو.

بە کۆچی دوایی کاک حەمەدەمین، نەتەوەی کورد یەکێک لە رۆلە هەرە پاک و نەترس و کۆڵنەدەرەکانی خۆی لەدەست دا.

یادی هەمیشە زیندوو و ناوی هەمیشە بەرز بێت.


------------------------

* حەسەن ماوەڕانی وەک خۆارزای کاک حەمەدمین، لە نزیکەوە ئاگادارییەکی باشی لەسەر قۆناخەکانی ژیانی سیاسیی و کەسێتی ئەو تێکوشەرە کوچکردووە هەیە



سەرچاوە
Serchawe

## غەنی بلوریان: ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی چوارەم



غەنی بلوریان ساڵی ١٣٠٣ هەتاوی (١٩٢٤ز) لە ناو بنەماڵەیەکی ساماندداری شاری مهاباد چاوی بە ژین کردووەتەوە. خوێندنی سەرەتایی لە مهاباد و دواناوەندیی لە مهاباد و تاران خوێندووە. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا، بەهۆی کاکە مینەی خزمەتکاریانەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ بەشێک لە مێژووی بزووتنەوەکانی کوردستان پەیدا کردووە.

ساڵی ١٣٢١ (١٩٤٢ز) لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی (سازمانی جەوانانی کورد)ی لە مهاباد دامەزراندووە. بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەیەی لاوان بریتیی بوون لە: غەنی بلوریان، عەلی مەولەوی، محەمەد ساڵحیان، قادر مەحمودزاد و عەزیزی فەرهادی.

ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤ز)سازمانی جەوانان بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥ز) یەکێک بوو لە ئەکتەرەکانی شانۆی (دایکی نیشتمان) کە لەلایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە خرایە سەر شانۆ.

ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥ز) لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێکهاتنی کۆماری کوردستاندا بەشدار بوو و ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦ز) لەگەڵ ٥٠ کەسی تر لە لایەن کۆماری کوردستانەوە ڕەوانەی باکۆ (ئازەربایجانی سۆڤیەت) کرا کە دوای مەشقی سەربازیی وەک ئەفسەر لە کۆماردا خزمەت بکات.

دوای هەرەسهێنانی کۆمار لە سۆڤیەتەوە گەڕایەوە بۆ ئێران و لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٧ (١٩٤٨ز) دا هەوڵی زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکراتیدا و بۆ ئەو مەبەستە چووە باشوری کوردستان و لە ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بە

هاوکاریی حەسەن قزڵجی و عەبدولرەحمان زەبیحی ڕۆژنامەی ڕێگای بڵاوکردەوە.

بە دوای هێنانەوەی ڕۆژنامەکە بۆ مهاباد و بڵاوکردنەوەی، حکومەتی ئێران نزیکەی ٣٠٠ کەسی دەستگیر کرد کە یەکێک لە دەستگیرکراوەکان غەنی بلوریان بوو.

دوای ئازابوونی لە زیندان بەرگی سەربازیی دەپۆشێت و دوای کۆتاییهاتنی سەربازیی بەهۆی گوشاری حکومەت بڕیاردەدات کە بگەڕێتەوە بۆ سۆڤیەت کەچی لە (بیلەسەواری) ئەردەوێل دەستگیری دەکەن.

ساڵی ١٣٣١ و ١٣٣٢ (١٩٥٢ - ١٩٥٣ز) لە پەیوەندیی لەگەڵ خۆماڵی کردنی نەوتی ئێران، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، چالاکانە هاوکاریی نوێنەری حیزبی تودەی ئێران کاک سارەمەدین سادق وەزیری بۆ خولی ١٧ پەرلەمانی ئێرانی کردووە.

ساڵی ١٣٣٣ (١٩٥٤ز) لەگەڵ عەزیز یوسفی و عەبدولرحمان قاسملوو و سەدیق ئەنجیری ئازەر و سادق وەزیری لە چاپخانەی ئەرمەنییەکانی تەورێز چوار ژمارەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بڵاوکردووەتەوە.

دواتر بەرپرسایەتی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سنە لە ئەستۆ دەگرێت و هەر لەو ساڵەدا سەرلەنوێ دەکەوێتە دەست پیاوانی حکومەت و تا ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨ز) لە زینداندا دەمێنێتەوە.

لە هەمان ساڵدا لەگەڵ مەرزیە خانمی سەدیقی ژیانی هاوسەریی پێکدەهێنێت و ئەم جارەیان تا ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩ز) ژیانی نهێنی هەڵدەبژێرێت، بەڵام دەکەوێتەوە دەست پۆلیس و تا ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە زیندان ڕایدەگرن و بە سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٧،(١٩٧٨ز) ئەویش لە زیندان ئازاد دەبێت.

ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩ز) لەگەڵ عەزیز یوسفی و ڕەحمەت شەریعەتی، دادگای سەربازیی ئێران حوکمی ئیعدامیان بەسەردا دەسەپێنێت، بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و جەمال عەبدولناسر، ژەنەڕاڵ دوگۆل، سۆکارنۆ و ئەندرە مۆرۆ حوکمەکەی بۆ زیندانی هەمیشەیی دادەبەزێت.

ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩ز) کە لە زینداندا دەبێت، ئاگاداری دەکەنەوە کە مەرزیە خانمی خێزانی دوو کچی دووانەی بە سکێک

بوو.

بلوریان سەرەتا لە زیندانی تەورێزەوە دەگواسترێتەوە بۆ قزل قەلعە و دواتر دەیبەن بۆ زیندانی قەسری قاجار و لەوێوە بۆ زیندانی بەرازجانی دوور دەخەنەوە و دوای پێنج ساڵ دەیگەڕێننەوە بۆ زیندانی قەسر و دواتر دەیبەن بۆ زیندانی عادل ئابادی شیراز.

ساڵی ١٣٤٣ (١٩ کە لە زیندانی بەرازجان بووە، بۆ یەکەم جار چاوی بە خێزانی و مناڵەکانی کەوتووە.

دوای ئازادبوونی لە زیندانی عادل ئاباد، بلوریان ساڵی ١٣٥٧ دەگەڕێتەوە بۆ مهاباد و چونکە لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتدا بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرابوو، سەرلەنوێ بەرپرسایەتی دەدرێتەوە.

یەکێک بوو لە وتووێژکەران کە بە نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی وتووێژی کرد. لە هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی ئێراندا، بە نوێنەرایەتی خەڵکی مهاباد هەڵبژێردرا، بەڵام بەهۆی فەرمانی خەزای خومەینی بۆ سەر گەلی کوردستان، وەک نوێنەرەکانی تر، بەشداریی پەرلەمانی نەکرد.

ساڵی ١٣٣٨ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتدا بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردرا و ساڵی ١٣٥٩ بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێبەرایەتی حیزبی ، لەو حیزبە جیا بووە و لەگەڵ کەمایەتییەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم)ی دامەزراند.

ساڵی ١٣٦٣ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم) هەڵدەوەشێتەوە و ساڵی ١٣٦٥، حیزبی توده کۆنفراسی میللی پێکهێنا و غەنی بلوریانی بە ئەندامی هەیئەتی سیاسیی حیزبی توده هەڵبژارد.

ساڵی ١٣٦٨ لەگەڵ زۆربەی کوردەکانی ناو حیزبی توده، دژی سیاسەتەکانی حیزبی توده سەبارەت بە نەتەوەی کورد ئەو حیزبەی بەجێهێشت و ئەوەش کۆتاییهاتن بوو بە خەباتی حیزبایەتیی مامە غەنی بلوریان.

ساڵی ١٣٧٦ بیرەوەرییەکانی لە بەرگێکدا لەژێر ناوەی (ئاڵەکۆک) بە هاوکاریی حامید گەوهەری بڵاوکردووەتەوە.

لەو ساڵانەی دواییدا بە بەشداریی کردن لە کۆمەڵە کوردییەکاندا، وتاری پێشکەش دەکرد و بۆ چارەسەریی کێشەی کورد بە شێوی مەدەنی هەوڵی دەدا و ساڵی ١٣٨٤ لەسەر بانگهێشتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیی سەردانی کوردستانی کورد کە لەوێ بمێنێتەوە کەچی دوای ماوەیەک بەهۆی نەخۆشیی گەڕایەوە ئەڵمانیا.

کاتژمێر ١٤:٤٥ ی ڕۆژی ٩ - ٣ - ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی (ئالسباخ) لە ئەڵمانیا دڵی لە لێدان کەوت.

تەرمەکەی لەناو پێشوازییکردنێکی گەرمدا بە بەشداریی سەرۆک مەسعود بارزانیی گەیشتەوە کوردستان و هەرلەو ڕۆژەدا لە هەولێر لە گوردستانی نوێی (کەسنەزان) بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپاردرا.

ڕوحی شاد و یادی پیرۆز

ئەم بەشە لە کۆڕی ڕێزلێنان لە خەباتی غەنی بلوریان لە کۆڵن خوێندرایەوە



سەرچاوە
Serchawe

# بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان.




**مستەفا شڵماشی**

بەهاری کوردستانی من شادی هێنە، ڕەنگاوڕەنگ و هەست بزوێنە، دەماری گشت گیاندارەکان دەکاتەوە، خەمان لە بیر دەباتەوە - خاکەلێوە، هەموو ساڵێ لە گوڵان لێواولێوە. بەڵام داخی گرانم، یەک پەڵەی سووری وا پێوە.

ڕۆژی دەیەم لەم مانگەدا، هەموو ساڵێ لە تاوان هەنیسکان دەدا. خۆی زۆر بە مەغدوور دەزانێ و شیوەنی شەهیدان دەکا. بیری مەیدانی چوارچرا، ئەو سێدارەی کە هەڵخرا - سێ ئاڵقەی پەتی سێدارە، هەر دەم لە چوارچرا دیارە. سەردارانی گەردەن بەرز، دێن بە بێ خۆف و بێ لەرزە - بە هەنگاوی شێرانە، شەهادەت هەر لەوان جوانە، پێشەوای نێوچاوان ڕووناک، پێشمەرگەی دڵسۆز و بێباک، هیچ ترسی لە مردن نییە، هەروا بزانە شایییە، بە چوار دەوری دا دەروانێ، دوا دیداری نیشتمانی، بە زەردەخەنە جوان دەکا، دوژمنان هەراسان دەکا، هاوار دەکا ئەی دوژمنان! تینوو بە خوێنی گشت کوردان! بەم کارەش کۆتایی نایە، قازیی، سەد قازی لە دوایە، ڕۆڵەکانی ئاو و خاکم، ئەم داستانە دەنووسنەوە، بە خوێنی گەش و ئاڵی من، ڕێچکەی خەبات دەدۆزنەوە. حوسێن خان مەردی مەردانێ، سەردار بۆ وی وەک سەربانە، پەت خۆی لە بەر وی ناگرێ، مل کەچ دەکا و ڕادەبرێ، ڕێوی ترسیان لێ دەنیشێ، شێر ڕاساوە، هەروا بە دەستی بەستراوە، نەرەی دێ ئەو شێرە پیاو، ئێمە لە مردن بێباکین، شەهیدی ڕێی گەل و خاکین، ڕوومان لە لای گەلمان سوورە، لەرزۆکی لە ئێمە دوورە.

دوژمن بزانە ڕۆژێک دێ، بۆ تۆش سێدارە هەڵدەخرێ . بەڵام هی تۆ لە سەر تاوان، لە سەر کوشت و بڕی لاوان، ئێمە لە سەر مافی ڕەوا، ئێوە بە تۆڵەی پێشەوا، ئێمە لە ڕێی گەل و وڵات، ئێوە لە پێناو دەسەڵات، ئێمە ڕێمان بۆ زنوێرە، ڕێگای وە بەرەو هەڵدێرە. لەو لاوە سەدری قازی هات، بەرەو خەزنەی مێژووی وڵات، بێباک لە گیان بەخت کردن، سوور لە سەر



سەرچاوە
Serchawe

بۆ وڵات مردن، هەروا هێمن و بە ویقار، بێ ترس دەچێتە سەر دار، مێژوو بە خوێن دەرەنگێنێ، ڕێچکەی شەهیدان دەشکێنێ.

کاروانێکە بێ ڕانەوە، تا قاسملوو بێ پسانەوە، شەرفکەندیش بە دوای دا دێ، ئەو کاروانە هەر ناوەستێ.

دزە دەکەم بەرەو مێژوو، شێست ساڵ لە ئێستا ڕابردوو . لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، بۆ مەهاباد وام بەرێوە . لە گەڵ کازیوەی بەیانی، لە چوارچرایە دەمڕوانی، سێ لامپا هەڵاوەسرا بوون، لە نووری خۆیان دا مابوون، لەزگەی تیشکیان بڵاو دەبۆوە، بە ئاسمانێ دا دەچۆوە، هەتا بارەگای کردگار، لەوێرا دەهاتەوە خوار. دەرژا سەر هەموو کوردستان، هەر چوار پارچە بو چراخان، تیشکاوێژ بۆ ئەو ڕووداوە، هەر چەند پەژارەی بە دواوە، خەڵکی مەهاباد خرۆشا، کوردستان بە دوای دا جۆشا، گەورە و بچووک لە ژن و پیاو، بۆ کۆستی سەروەران داماو، ڕۆژێکی مێژوویی ناخۆش، هەمو کەس مات و بە پەرۆش، هەموو کوردستان ڕەشپۆشە، تا بڵێی ڕۆژێکی ناخۆشە.

من خۆی تێدا ڕاناگرم، لە مێژوو را باڵان دەگرم، دێمەوە نێو ئەو زەمانە، کەچی لێرەش خەم میوانە، حیزبەکەی پێشەوا قازی، هەروا بەو ڕۆژە دەنازی، کراوە بە ڕۆژی شەهیدان، بۆ زیندوو مانی هەموویان، بۆ سەردارانی چوارچرا، بۆ یازدە سوارەی فەیزوڵلا، شەهیدانی چل و شەش و چل و حەوت، ئەوە نۆرەیان بەرکەوت، ئیدی فەرامۆش ناکرێن، لە کاروانێ هەڵنابڕێن، موعینییەکان، شەریفزادە، باپیر شکاک و زەنگەنە، مراد شێرێژ و لاجانی، مینە شەم و سەید فەتاح لە گەڵ کاوە مارەغانی، هەموویان لە گەڵ ئاوارە، بێشک جێگای خۆیان دیارە. وێردییەکان سەر وەدەردەنێن، کاروان دوارۆژن هەروا دێن . تا دەگەنە عەبباسی شێر، سەرگوردی ژیر، زانا و دلێر، هەژار و حاتەم و عەلیپیار، ئێقباڵ، ئەفشین، سەعید کاڵ کاڵ، حەکیم، بەهرامی و دەباغی. کاروان درێژەو بێ کۆتایی . سەر قافڵەی تازە دوو دەستەن، یەک لە بەرلین، یەک لە وییەن، قادری لە گەڵ قاسملوو، خۆیان فیدا کرد دووبەدوو، عەبدولی و ئەردەڵان لە کوێن، لە گەڵ شەرەفکەندی دەدوێن. تاکەی بژمێرم نەمامان، هێندە زۆرن لە نیشتمان . بەرد بە بەردی ئەم وڵاتە، کفنی شەهیدی خەڵاتە. با لەم ڕۆدا یادیان بکەین، خوێنی وان بەفیرۆ نەدەین . ڕووحیان شاد کەین، بە یەکگرتن، ڕێگایان بگرین تا مردن.

---

**سەرچاوە:**


* نێوسەدە تێکۆشان نووسینی: ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە.
* ٥٠ ساڵ خەبات نووسینی: ڕێزدار جەلیل گادانی.
* ماڵپەری شەهید. کوردستان و کورد و کوردستان میدیا
* ڕۆژنامەی کوردستان.




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی - مارچی ٢٠٢٣ی زایینی